# وتارگەلێکی ڕەخنەیی مێژوویی



دکتۆر یاسین سەردەشتی

زانکۆی سلێمانی 2019

وتارگەلێکی ڕەخنەیی مێژوویی
دکتۆر یاسین سەردەشتی

## پێشەکیی:

خوێنەری ئازیز، ئەم نووسینەی بەردەست وتارگەلێکی رەخنەیی مێژووییە سەبارەت بە رووداوەکانی پێشووی ناوچەکە بەگشتیی و کوردستان بەتایبەتی، کە هەندێکیان پێشتر لە سایتی کوردستانپۆست و سبەیدا لەنێوان سالآنی ۲۰۰۹-۲۰۱۲دا، بڵاوکراونەتەوەو چەندەی بۆم کرابێت لەکاتی دابەزاندنەوەیاندا ئاماژەم بۆ کردووە.

لەراستییدا، کۆکردنەوەی ئەم وتارانە بەدوو هۆکار بوو، یەکەمیان بۆ ئەوەی لەفەوتان رزگاربن و بەتێپەڕینی رۆژگار ون نەبن و لەبیرنەچنەوە، دووەمیشیان پێم وایە کە بەشێك لەم وتارانە لەڕووی سەرنجی مێژوویی و رەخنەییەوە گرنگن و کۆکردنەوەیان لەدووتوێی ئەم نووسراوەو خوێندنەوەیان پێکەوە لەلایەن خوێنەرەوە، بایەخ و سوودی تایبەتی خۆی دەبێت، لەلایەکی ترەوە، دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم نووسراوەشەوە تێڕوانین و بۆچوونەکانی ئێمە سەبارەت بە رووداوەکانی زیاتر لە سێ چارەکە سەدەی رابردوو بەباشیی تێبگات.

شایەنی باسە، ئەم وتارانە قسەکردنی سەرپێی نین لەو رووداوانە، بەڵکو زادەو هەڵهێنجانی دەیەها توێژینەوەی زانستیی و خوێندنەوەیەکی بەردەوام و درێژخایەنەو بەوپەڕی راشکاویی و تێفکریین و راستگۆییەوە نووسراون. هەڵبەت لەگەڵ ئەم وتارانەدا، چەند چاوپێکەوتن و بیرەوەریش پێشکەشکراون کە هاوشێوەی وتارەکان بابەخ و بەهای مێژوویی خۆیان هەیە. لەگەل هیوای سەرکەوتن بۆ هەمووان..

پرۆفیسۆر دکتۆر یاسین سەردەشتی
زانکۆی سلێمانی

## کورته سەرنجێك لەمەڕ بایەخی سەفەرنامەی گەشتیاره ئەوروپییەکان سەبارەت بە مێژووی ئێران لەقۆناغی سەفەوییدا

دەتوانرێت بوترێت، کە سەفەرنامەکانی گەشتیارانی ئەوروپیی، بایەخێکی گرنگو تایبەتی خۆیان هەیە بەو هۆیەی کە لەنووسینو بیرەوەریەکانیاندا، هەوڵیانداوە ئاماژە بە لایەنی کۆمەڵایەتییو فەرهەنگیی کۆمەڵگای ئێرانیی بکەن لە قۆناغی سەفەوییو قاجارییدا. دیارە ئامانجی سەردانی ئەوانە بۆ ناوچەکە جیاوازبوو، بەشێك لەوانە ئامانجیان ئەوەبووە، کە وەك نوێنەری وڵاتانی ئەوروپایی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوانیان هەڵسوڕێن، یان وەك بازرگان، یان بە ئامانجی بینینی ئێرانو تێگەیشتن لە بارودۆخی ژیانی خەڵکەکەی، یاخود وەك گەشتیار، یان بەئامانجی ئاینییو ئاگاداربوونی دۆخی ژیانی مەسیحییەکان، یان سەردانی مەزارە پیرۆزە ئاینییەکانی ڕۆژهەڵات، یان بەئامانجی زانستییو وەرگرتنی زانیاری زانستیی سەبارەت بە وڵاتانی ڕۆژهەڵات هاتوون. بەتایبەت، لەسەردەمی سەفەوییدا، کە لەقۆناغەکانی سەرەتای سەردەمی "شاعەبباس ١٥٨٨-١٦٢٩"دا، هەلومەرجی ئابووری گەشەی کرد، زەمینەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپاو بازرگانییکردن لەگەڵیان، ڕێگەی بۆ گەشتیاران خۆشکردو ئەمەش وایکرد گەشتیارەکان پەیوەندی بە چینوتوێژی کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ئێرانەوە بکەنو لە بیرەوەریەکانیاندا ئەو ڕووداوو سەرنجانەمان سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئێرانیی بۆ ڕابگوێزن، کە مێژوونووسە ئێرانییەکان ئاماژەیان پێ نەداوە، چونکە نووسراوە مێژووییەکانی ئێرانیی، زیاتر ڕووداوە سیاسییەکانیان ڕادەگواستو لەژێر چاودێرییو ئاگایی دەوڵەتو دەرباری شاهەنشاهییدا بوون، کە زیاتر بەشێوازێکی لایەنگرانەو پیاهەڵدەرانە و زێدەڕۆییەوە، بێ لێکدانەوە و شرۆڤەکاریی وردی ڕووداوەکان، مێژوویان نووسیووەتەوە. جگە لەوەی هێندێك لەم گەشتیارانە، نوێنەری سیاسییو کەسانی ووردو خاوەن سەرنجو تێگەیشتوو بوون، هەر بۆیە بەشێوەیەکی قووڵ، لە بارودۆخی



ئابووریو کۆمەڵایەتیی ئێرانیان ڕوانیوەو پەییان بە لایەنە شاراوەکانی ژیانی خەڵك بردووەو سەرنج و تێبینی وردیان کۆکردۆتەوەو لە نووسینەکانیاندا ئاماژەیان پێداوە.

لەڕاستییدا، گەشتیارە ئەوروپییەکان، ئامانجیان نووسینەوەی مێژووی ئێران نەبوو، بەڵکو گواستنەوەی وێنەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای ئێرانییو ئاشنابوون بە: ستراکتۆری سیاسیی حکومەت، ڕۆڵی شاو دەربار لەکۆمەڵگای ئێرانیی، لایەنی کارگێڕیی و دامەزراوەکان، سیستمی دادوەریی کۆمەڵگای ئێران، مەزهەب و بیروبڕوا ئاینییەکان، یاساکانو چۆنێتی جێبەجێکردنیان،چینە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەوشی ژنان، سزاکان و چۆنێتی جێبەجێکردنیان، هونەرو دابونەریتو شێوەی ژیانی کۆمەڵگاو گواستنەوەی ئەو وێنەیە بوو بۆ وڵاتەکانی خۆیان، جگەلەوەی هەندێکیان زۆر بە وردیی بایەخیان بە دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێرانییو لاوازییەکانی دەسەڵاتو پەیوەندی دەسەڵات لەگەڵ خەڵكو تەنانەت بارودۆخی وردی (جیۆگرافی و جیۆپۆلەتیكو ئابوری) داوە، پاشترو لەقۆناغێکی درەنگتر، هەموو ئەو زانیاریانە لەبەرچاو گیراون لەلایەن ئەو دەوڵەتانە، بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، بەتایبەت لە پرۆسەی داگیرکاریی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)و هاتنی سوپاو لەشکرکێشییەکانیان بۆ ئێران وناوچەکە.

نموونەی هێندێك لەو گەشتیارە ئەوروپیانە (تاورنیە)و (شاردن)ن کە بەرهەمی زۆر بایەخداریان سەبارەت بە بارودۆخی "ئابووریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی) نووسیووەو بەوردی ئاماژەیان بەزنجیرەی پلەبەندییو سیستەمی دیوانسالاری داوەو زانیاری زۆر گرنگیان سەبارەت بە مێژووی کۆمەڵایەتیی بۆ جێهێشتووین. یەکەمین سەفەرنامەی سەردەمی سەفەوی، بریتیە لەوەکەی (کلاویخۆی) ئیسپانیی، لەساڵی ٨٠٦ی کۆچی بەرامبەر ١٤٠٢ی زاینی هاتۆتە ناوچەکە، ئامانجی هاتنی بۆ ئەوەبوو، کە لەنزیکەوە ئاگاداری ململانێی نێوان "تەیموری لەنگو سوڵتان بایەزیدی عوسمانی" بێت، بۆ ئەوەی کام لەم دوو سەرکردەیە سەرکەوتوو بێت،

پەیوەندی لەگەڵ ئەوەیان ببەستن، بەڵام کاتێك هاتە ناوچەکە، ساڵێك بوو شەڕی "ئەنقەرە" ڕوویدابوو، تەیمور بایەزیدی تێکشکاندبوو، هەروەها بەدیلی گرتبوو. کلاویخۆی، لە گەشتەکەیدا لە ئەنەدۆڵەوە چووە بۆ ئێرانو لەوێشەوە بۆ سەمەرقەندو پاشان هەر لە ئێرانەوە چۆتەوە بۆ ئیسپانیا، لەسەفەرەیەکەیدا بیروڕای خۆی سەبارەت بە هەلومەرجی ئابوریو کۆمەڵایەتییو فەرهەنگیی نووسیووەو چەندین جاریش چاپکراوەتەوە، پاشتر گەشتیارە ئەوروپیەکان ئەو سەفەرنامەیان لەبەرچاو گرتووەو زۆر سوودیان لێ بینیوە. لەسەردەمی سەفەوییەکان زەمینەی هاتنی گەشتیارانی ئەوروپییو نووسینی سەفەرنامە لەبارتر بوو، چ بەو هۆیەوە بێت کە وڵاتانی ئەوروپا دەیانویست سەبارەت بەو هێزەی ڕۆژهەڵات پەیوەندییان هەبێتو بەمەبەستی بەستنی هاوپەیمانیی دژی عوسمانییەکان، نوێنەر بنێرنو پاش گرتنی (قوستەنتینیە)و داخستنی ڕێگەی بازرگانییەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە بەڕووی ڕۆژئاواییەکان، هەنگاوێك بێت بۆ گەیشتن بە ڕێگەی بازرگانی لەلایەن ڕۆژئاواوە. هەروەها "ڕوسیای تزاریش" بەهۆی سیاسەتی فراوانخوازیی خۆی، پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاریی هەبوو لەسەر دراوسێکەی باشووری (مەبەست ئێران)ە، هەربۆیە زانیاری بەدەستهێنا، (ویلنسکیو گیلانتس) ڕۆڵێکی زێدەیان لە دیاریکردنی سیاسەتی ڕوسیا سەبارەت بەناوچەی (قەفقازو گەیلان) بینی، بەتایبەتی پاش هێرشی ئەفغان بۆسەر ئێران. لەبەرامبەردا یەکەم سەفیری ئێرانی کە سەفەرنامەی نووسیووە، (میرزا ئەبولحەسەن خانی شیرازی)بوو، لە سەردەمی (فەتح عەلی شا ١٧٩٧-١٨٣٤)دا کە باوکی (ناسرەدین شا) بوو، سەفەرنامەکە ناوی (حیرەتنامە) بوو. شایەنی باسە، نووسینی ئێرانییەکان، تاکو سەردەمی (مالکوم خان) دەربارەی ڕۆژئاوا زیاتر لە چوارچێوەی ئاماژەدان بە ژیانی ڕابواردنو خۆشگوزەرانی ئەوروپییەکان بووەو کەمتر گرنگیان داوە بەلایەنی کارو بایەخەکانی ڕۆژئاوا لە بواری فیکرو فەلسەفەو










فەرهەنگو زانستدا. مالکوم خان، خۆی لەفەرەنسا خوێندویەتیو کاریگەر بووە بە نووسیەنەکانی "ڕۆسۆ و مۆنتسکیۆو ڤۆڵتێر." سەفەرنامە ئەوروپیەکان، جگەلەوەی لەڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتییو فەرهەنگیی، زانیاریان پێداوین، لەڕووی سیاسیو سەربازییشەوە زانیاریان بۆ ڕاگواستووینو بێبایەخ نەبوون لەم ڕووەوە، ئەم سەفەرنامانە خۆیان بە یاساو ڕێسایەکی تایبەت نەبەستۆتەوە، ئەو زانیاریانەی لەنووسینی گەشتیارە ئەوروپییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە کە جێی بایەخو ئامانجی خودی گەشتکەرەکە بوون، هەربۆیە دەبینین زانیاریەکان لەناو سەفەرنامەکاندا جۆراوجۆرو هەمەڕەنگن، بۆنمونە (پولاك)ی فەرەنسی زۆر بەوردیی لە کۆمەڵگەی ئێرانی سەردەمی قاجاری تۆژیوەتەوەو بایەخێکی زۆری بە کۆمەڵگەی ئێرانیی داوە، (سولتکیف)ی ڕوسیی، لە سەفەرنامەکەیدا ئاماژەیەکی کەمتری بەژیانی کۆمەڵایەتیی ئێرانیی داوە، لەکاتێکدا (ئێدوارد براون) بەبیرو زهنیەتێکی فەرهەنگییەوە، قسە لە کۆمەڵگای ئێرانی دەکاتو لەبارودۆخی فەرهەنگیی ئێرانی کۆڵیوەتەوە، هێندێکیشیان وەك (لەیدی شیل)ی ئینگلیزی بە ئامانجی داگیرکاریی هاتووەو لەسەفەرنامەکەیدا ئەم لایەنەی وێناکردووە، هێندێکیش وەکو (هنری لایارد) بەهۆی پەیوەندی خۆی بەژیانی کۆمەڵایەتییو بایەخدانی بە ژیانی خێڵەکانو عەشیرەتەکان زۆرترین زانیاریی لەبارەی خیڵەکانەوە بۆ ڕاگواستووین.

(جاکسن) لەسەفەرنامەکەی خۆیدا ئاماژەی بە شوێنەواری مێژوویيو ناوچە کۆنەکانی ئێران داوە، (ماری پتی)ی فەرەنسی بە ئامانجی بەدەستهێنانی جیاوگی ئابووری هاتووەو هەوڵیداوە لاوازی کەسانی دەربار بدۆزێتەوەو لەو لایەنەی کۆڵیوەتەوە، هەندێکیش وەکو (گۆبینۆ) خۆی عاشقی مێژووو فەرهەنگی ئێران بوو، تا ئەو ڕادەیەی لە بۆنەو چەژنەکانی خۆیاندا لە پاریس، جلو بەرگی ئێراینی دەپۆشیو، هەندێکیش وەکو (پیرلوتی) تێڕوانینێکی قووڵیان بۆ کۆمەڵگەی ئێرانی هەبوو، کەسانی وەکو (برادەرانی شیرلیو پیترۆ دلاوالا) بەمەبەستێکی سیاسی ڕووت هاتوونەتە ئێرانو بەئامانجی هاندانی

ئێران بۆ دژایەتیکردنی دەوڵەتی عوسمانیی هەڵسوڕاون، جگەلە بایەخدان بە بازرگانیو ڕێگەی بازرگانی. هێندێکیش وەکو (سانسۆن) و (رافائیل دۆمان) بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحییو بایەخدان بە مەسیحییەکانی ئێران کاریانکردووەو شتیان نووسیووە، جگەلەوەی هێندێکیان لە ئێراندا وەك (فۆریە) لەنێو دەرباری شادا، شوێنی خۆیان کردۆتەوەو توانیویەتی ببێتە پزیشکی تایبەتی ناسرەدین شاو هێندێکیشیان وەکو ڕاوێژکار لەدەربااردا کاریانکردووە.
لەراستییدا، هێندێك لەو ئەوروپییانە سەرنجیان لەو نەریتانەی خەڵك دەدا کە لای خودی خەڵکەکەو مێژوونووسە خۆماڵییەکانیش ئاسایی دەهاتە پێش چاو وەك شێوازی چوارمەشقی دانیشتن و نانخواردن ، میوانپەروەری، رێزگرتنی بچووك لە بەتەمەنەکان، زمانلوسی و خۆبەرەپێشی و دووڕوویی لەکاتی یەکترناسین بەشێوەیەك کە زمانیان شتێکەو لەدڵیاندا شتێکی تر هەیە، ژنوژنخوازیی، نێربازەکان و پێگەیان لەکۆمەڵگای ئێرانیدا، جەژنەکان وەك (سیازدەبەدەر، قوربان، غەدیر و جەژنی زوحاك لای زەردەشتییەکان)، خورافات و باوەڕە ئاینییەکان، پێگەی ئیمامی عەلی لای ئێرانییەکان، خانەقاکان، قاوەخانە و چایخانە و زۆرخانەو بازاڕەکان و کاروانسەراکان.
بۆ نموونە (پولاك) دەنووسێت:" هیچ شتێك لەوە ناخۆشتر نییە بۆ ئێرانییەك کە ناچاربکرێت بەتەنیا خواردنەکەی خۆی بخوات، ئێرانییەکان لە کاتی میوانداریيدا ئیسرافێکی زۆر دەکەن بەشێوەیەك خواردنی سەد کەس لەبەردەم چەند کەسێکی کەمدا دادەنێن." هەروەها سەبارەت بە دووڕوویی و درۆزنی ئێرانییەکان دەڵێت :" ئێرانییەکان قسەی زمانیان و دڵیان جیاوازەو زۆر زیرەکن لە گوفتارو لێکدانەوەی قسەی بەرامبەریاندا، لەکاتێکدا ئەوان چەند قسەیەك دووبارە دەکەنەوە بڕوایان بەنێوەرۆکەکەی نییەو بەوبیانوەی کە (سەعدی شیرازی) وتویەتی :درۆی مەسلەحەت ئامێز باشترە لە راستی فیتنەئەنگێز، ئەوان خۆیان لەهیچ درۆو دەغەڵییەك ناپارێزن".
هەروەها برایانی شرلی (ئەنتۆنی و رۆبەرتی برای) کە لەساڵی ١٥٩٨و لەسەردەمی شاعەباسی یەکەمدا، هاتوونەتە ئێران، هەواڵ و



زانیاریی وردیان سەبارەت بە بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران بۆ راگواستووین، ئەوان باسیان لە مەزهەبخواهی زێدەی شاعەباس کردووەو لەوسۆنگەیەوە کە زۆر جێگەی بایەخی شا بوون و ئەو قۆناغەی ئێرانیش لەترۆقیدا بوو هەربۆیە لەسەفەرنامەکەیاندا زۆر بە شانوباڵی شا و ئێرانییان هەڵداوەو تەنانەت لەگەڵ عوسمانییەکان بەراوردیان کردوون و ئێرانییەکانیان بە باشتر زانیوە.
ئەنتۆنی شرلی دەڵێت، کە رۆژێك لە کۆشك میوانی شاعەباس بووەو باڵیۆزی عوسمانیش لەوێ بووە، شا داوای لەئەنتۆنی کردووە وەژورکەوێت و لەشوێنێکدا سەروتر لەباڵیۆزی عوسمانی دایناوە!!
ئەنتۆنی نووسیویەتی : لەیەکێك لەدانیشتنەکانی دیکەدا کە ئامادەبووم شاعەباس داوای شەرابی کردو بەسەلامەتی من نای بەسەریوەو وتی :پێڵاوی پێی عیساییەك لای من لەباشترین کەسی عوسمانی لەپێشترە!.
هەروەها برایانی شرلی لەسەفەرنامەکەیاندا باس لەوە دەکەن کە لەئێراندا بەپێچەوانەی دەوڵەتی عوسمانییەوە کەس ناوێرێت بڵێت من سادات و نەوەی پێغەمبەرم چونکە لەجیاتی ئەوەی پاداشتی بکەن و موچەو بەراتی بر ببڕنەوە، دەیگرن و بەتەور دەیکوژن. هەروەها سەبارەت بەباری ژن و هاوسەرگیریی نووسیویانە: پیاوان تەنیا ژنێکیان هەیە بەلام هەر چەندەی مەیلیان لێ بێت دەتوانن ژنی سیغەییان هەبێت. ئەگەر ژنێکی مێرددار زنا بکات ئەوا دەستبەجێ دەسوتێنرێت.
(شوالیە ژان شاردن) یش، کە بەهەردوو جارەکەی، ماوەی ١٢ ساڵ لەئێراندا ماوەتەوە، پڕمایەترین سەفەرنامەی بۆ جێهێشتووین، ئەو لەسەفەرنامەکەیدا باس لە خوێنساردیی و بێباکیی ئێرانییان دەکات و پێی وایە زۆر باوەڕیان بە قەدەرو چارەنووسەو هەوڵ نادەن نەهەماتییەکانیان بۆ هۆکارە سەرەکییەکانی بگێڕنەوەو تەنیا بە دەستی قەدەری دەزانن.!!
پەیڕەوانی قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسی شورەویی هەوڵیانداوە بەرهەمی زۆر گرنگ دەربارەی مێژووی ئێران بنووسن، شورەوییەکان لەسەر ڕێبازو میتۆدۆلۆجی (ماتریالیزمی دیالێکتیك)

کۆڵینەوەی مێژووویان کردووە، لەسەر بنەمای پێنج قۆناغەکە (کۆیلایەتیی، دەرەبەگایەتیی، فیوداڵیی، سەرمایەداریی)، جگەلەوەش وەك ئێرانییەکان دەیبینن، ئەوان لەسەردەمی ستالینەوە بەرەو سەر، هەوڵیانداوە خۆیان نزیك بکەنەوە لە میللەتانی ژێردەستەو (بەدەر لەوەی کە جوولانەوەو نارەزایەتییە خۆجێیی و خێڵەکییەکانی دژ بەدەوڵەت، هەڵگری بیری ئازادیخوازیی یان نەتەوایەتیی بوون، بەجولانەوەی ئازادیخوازو نەتەوەییی وەسفیانکردوون و بەئاوازێکی ستایش و پیداهەڵدانەوە باسیان لێکردوون)!!.

رۆژهەلاتناسە شورەوییەکان، هەوڵیانداوە هێرش بکەنەسەر دەسەڵاتی وەختو بیانبەستنەوە بە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناکرێت بایەخی مێژوو نووسانی شورەوی بە هەند وەرنەگیرێت، چونکە گرنگیی زۆریان بەلایەنی (ئابووریو کۆمەڵایەتیی) داوە، بەرهەمی مێژوونووسە شورەوییەکان لەم ڕووەوە باشترین کۆڵینەوەمان دەخەنە بەردەست، توانیویانە بەشێوەیەکی زۆر ورد قسە لەو قەیرانە ئابووریو کۆمەڵایەتییانە بکەن کە لە کۆتایی دەسەڵاتی سەفەوییدا ڕوویانداوەو، هەروەها باسیان لە دواکەوتوویی ڕۆژهەڵاتیش کردووە لەڕووی گەشەکردنی سەرمایەدارییو سستی گەشەکردنی ئابووریو پەیدانەبوونی بۆرجوای نیشتیمانییو سەختی گوزەرانی زەحمەتکێشانی لادێو چەوساندنەوەیان لەژێر سایەی سیستمی فیوداڵیی، زانیاریی باشی و پڕبایەخیان جێهێشتووە.

دیارە رووخانی دەسەڵاتی سەفەویی بۆتە بایەخی مێژوونووسە رۆژئاواییەکانیش (مێژوونوسانی بۆرجوازیی)، بۆنموونە مێژوونووسی بەناوبانگی ئینگلیزیی (لۆرەنس لاکهارت) لەکتێبی "روخاندنی بنەماڵەی سەفەوی و داگیرکردنی ئێران لەلایەن ئەفغانەکانەوە" کە ساڵی ١٩٥٨ بڵاویکردۆتەوە، ئاماژەی بە لاوازیی لایەنی باری مەزهەبیو خراپی کەسایەتی شاهەکانی ئێران داوە. بەناوبانگترین مێژوونووسە شورەوییەکان کەلەبارەی ئێرانەوە نووسیویانە بریتین لە: (پترۆشڤسکی، میکلۆخۆ-ماکلای، کردلڤسکی، ئۆرۆنوا، پاپازیان، فیلروز، ئۆرتانیان، ڕیسنەر، زاخادەر).



گرنگترین کۆڵینەوە لەسەر مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، کۆڵینەوەی پرۆفیسۆر (زاخادەر( Zakhader B.N ە کە لەساڵی ١٩٤٤ بڵاویکردۆتەوە. سەبارەت بە بنەماڵەی فەرمانڕەوایانی سەفەوی، کتێبەکەی بەناوی "مێژووی ڕۆژهەڵاتی سەدەکانی ناوەڕاست)، ئەم کتێبە بەشێکی تەرخانکراوە بۆ کۆڵینەوەی وەرچەرخانە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لەسەردەمی دەوڵەتی سەفەوییدا، زاخادەر پێی وایە: پێشکەوتنی ئێرانو ئەکتیڤ بوونی ئابووریو یەکخستنی ناوچەو هەرێمە جیاوازەکانو بەهێزی سوپا بەتایبەتی لەسەردەمی شا عەبباسی یەکەمدا، قۆناغی شکۆفەو گەشەکردنی فیوداڵی بوو، هەروەها لاوازبوونی ئابووریو ئەو قەیرانەی ڕووی لە بازرگانانی ئێران کرد، لەگەڵ ئیفلیج بوونی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەهۆی ئەو چەوساندنەوەی کە لەسایەی سیستەمی دەرەبەگایەتیدا بەڕێوەدەچوو زەمەینەسازیان بۆ لاوازییو هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی سەفەوی کرد لەقۆناغەکانی داهاتوودا، لەپاش ئەوەی شۆڕشو جوولانەوە سەربەخۆیخوازە هەرێمییەکان لەناو دەوڵەتی سەفەوی بەتوندیی سەریهەڵدا.

هەروەها (پترۆشڤسکی ,Petrushvsci I.P) سەفەوییناسێکی تری شورەوی بوو، پرۆفیسۆری زانکۆی لینینگراد بوو، کتێبێکی هەیە بەناوی (ئیسلام لە ئێران سەدەکانی حەوتەم تاکو پانزەهەم)، هەروەها کۆڵینەوەیەکی تری هەیە سەبارەت بە (پەیوەندییەکانی فیوداڵی لە ئازربایجانو ئەرمەنستان لەسەدەکانی ١٤-١٦) و( کشتوکاڵ و پەیوەندییەکانی زەمینداریی لەئێران لەسەدەکانی ١٣-١٤دا)زۆر بەووردی بایەخی بەژیانی جوتیارانو سیستەمی دەرەبەگایەتیو تایبەتمەندێتی دەرەبەگایەتی لە ڕۆژهەڵات داوە، هەروەها لەم کۆڵینەوەدا ئاماژەیداوە بە شۆڕشو ڕاپەڕینی لادێنشینەکان دژ بە فیوداڵیزمو ستەمکاریی دەربەگە خۆماڵییەکان، باسی لەوە کردوە کە (ئەم جوولانەوانە کاردانەوەیی و بێ بەرنامە بوونو تەنها بۆ ڕزگاربوون بووە لە ستەم)، پترۆشڤسکی ئاڵۆزی ژیانی جوتیارو لاوازی ئابووریو دۆزینەوەی ڕێگەی بازرگانی نوێ لەلایەن

ئەوروپییەکانەوە (سەرەلوتکەی هیوا) بەهۆکارێکی گرنگ دەزانێت بۆ بەتاڵبوونەوەی خەزێنەی شاهەنشاهیی‌و سەپاندنی باجی قوورس بەسەر خەڵکدا، ئەوەش کاریگەری مەترسیداری هەبووە لەسەر دواقۆناغی دەوڵەتی سەفەوییو زەمینەسازی ڕووخانی. (ریسنەر Reysner I,M) یش، یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی بایەخیان بەدەوڵەتی سەفەوی داوە، ئەو لەوتارێکیدا سەبارەت بە (ڕووخانی دەسەڵاتی سەفەوی‌و تاڵانکاری ئەفغانەکان لەئێران )، بەوردیی ئاوابوونی خۆری دەوڵەتی سەفەوی خستۆتە بەرباس‌و ئاماژەی بە سەپاندنی باجی قوورس‌و گران و فشاری سەرشانی جوتیارنی سەفەوی داوە، هەروەها رۆڵی سووخۆرەکان‌و کاریگەرییان لەسەر تێکچوونی وەزعی ئابووری شرۆڤەکردووە، جگەلە نارەزایەتی‌و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی خێڵە کۆچ نشینەکان و خولیای جیاخوازییان لەئەسفەهان. کۆڵینەوە لم بارانەوە ئەو زەمینەیەی بۆ ریسنەر خۆشکردووە تاکو لەبارەی کاری گشتگیرترەوە کۆڵینەوە بکات، بەتایبەت پاشکەوتوویی وڵاتانی رۆژهەڵات بەگشتی کە ئەو لە ئیستیغلال و دادۆشینی لەرادەبەری جووتیاران دەبینێتەوە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە، ئەوەی بۆتە هۆی هێشتنەوەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان و لاوازیی بازاڕو ئەستەمی گواستنەوە بۆ سەرمایەداریی .

کۆلەری لینینگرادی (میکلۆخۆ-ماکلای Miclokhu maklay. N.D (کۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی لەسەر گرفتەکانی دەرەبەگایەتی لەئێران کردووە، بەناوی (حکومڕانی ئەفغانەکان لەئێران لە سەدەی ١٨) دا، جەختی لەوە کردۆتەوە کە کاتێك لەناکاو ئابووری دەوڵەت دادەڕمێ ئەوا دەوڵەتیش بەرەو دارمان‌و لەناوچوون دەچێت. بایەخدارترین لایەنی ئەم کۆڵینەوەیە بریتیە لە شرۆڤەکردنی ئەو شۆرش و راپەڕینانەی کە لەدەیەی یەکەمی سەدەی حەڤدەیەمدا نزیکەی لەتەواوی قەڵەمرەوی دەوڵەتی سەفەوی روویاندا کە خێڵە ئەفغانییەکان یەکیك بوون لەوان. هەروەها میکلۆخۆی-ماکلای ئاماژەی بە رۆڵی مەزهەبی شیعە وەك ئایدیۆلۆژییایەك لەدامەزراندنی دەولەتی سەفەوی



داوەو دواتریش دەمارگیریی مەزهەبی شیعەگەریی، بەفاکتەرێکی نەرێی داناوە لەسەر بەرەوپێشچوونی فەرهەنگی ئێران و بواری زانستی و فەلسەفی تووشی چەقبەستوویی کردۆتەو دوژمنایەتی لەگەڵ وڵاتانی هاوسێ لەسەدەی شازدەیەم و حەڤدەیەمدا بۆ هێناوەتەئارا. ئەوەی لەنێو ئێرانناسانی شورەوی راستەوخۆ سەبارەت بە دارمانی ئابووری کۆڵیوەتەوە (پاپازیان Papazian, A.D )ە، ئەو لەتێزی دکتۆرانامەکەیدا بەوردیی باس لە شێوازەکانی ئیستیغلال و دۆخی جووتیارانی ئێرانی و چۆنیتی بەهرەداریی لەزەوی کشتوکاڵی دەکات و جۆرەکانی باجوەرگرتن و سەرانەسەندن و جزیەستاندنی خستۆتە بەرباس، بەتایبەت ئەو فەرمانەی کە ساڵی ١٧١٠ لەلایەن شاسوڵتان حسێنەوە دەرچوو بووەی هۆی زیاتر بەستنەوەی جوتیاران بەزەوییەوە کە ئەمەش گرفتی گەورەی بۆ دۆخی کشتوکاڵی و دواتر ئاسایشی وڵات لێکەوتەوە.

روونکردنەوەی رەوشی شارەکان و شرۆڤەی ئاڵوگۆڕو لەمپەرەکانی بەردەم گەشەکردنی، فاکتەرێکی دیکەیە لە شرۆڤەکاریی رووخاندنی دەوڵەتی سەفەویدا، ئەوەی لەلایەن ئێرانناسی شورەوی (کوزنسف Kuznesov) ەوە بەوردیی لێی کۆڵراوەتەوەو ستراکتۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی شارە فیوداڵییەکانی بەباشیی شرۆڤەکردووە، ئەو پێی وایە کە وێڕای ئەوەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان هۆکاری ئەوە بووە پەیوەندیی نوێی سەرمایەداریی لەشارەکانی ئێراندا شکڵبگرن، بەڵام پرۆسەی دابەشبوونی کار بێ وەستان لەپێڤەچووندابوو. پەیوەندییە دەربەگایەتییەکانیش روویان لەلێکبەرهەڵوەشاندنەوە بوو. ئەم کارەی کوزنسف پاشتر بووە بنەما بۆ کۆڵینەوەی دیکەی زۆر جددیی سەبارەت بە پاشەکشەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان لەئێران و گەشەکردنی ستراکتۆری شارەکان و پەرەگرتنی بەرهەمە پیشەسازییەکان و رۆڵی ئەسنافەکان لەشارەکاندا لەسەدەی حەڤدەیەمدا، ئەوەی کە توێژەر (حەیدەرۆڤ Heidarov, M. KH) لەساڵی ١٩٦٨دا کۆڵینەوەیەکی ناوازەی لەبارەوە پێشکەشکرد. دیارە هەر لەم بارەوەیە ئێرانناسانی وەك (کوچیا Kuchia ,K.k)و (ئاگاجانف

(Agajanov)و (عەلیۆف A. Alyev ) بابەت و کۆڵینەوەی پڕبایەخیان پێشکەشکردووە. دواجار بابەتی جوڵانەوە ڕزگاریخوازییەکانی سەردەمی سەفەویی یەکێکە لەو بابەتانەی مێژووناسانی شورەویی بایەخیان پێداوە، کۆڵینەوەکەی (ئاروتانیان P.T Arutanian) بەناونیشانی " بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی گەلی ئەرمەن لەسەرەتای نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەم) جێگەی بایەخە.



## بەراوردکارییەکی مێژوویی لەنێوان تەوژمی ئیسلامیی لەئێران و تورکیا

مێژووی هاچەرخی ڕەوتی ئیسلامیی لەئێران و تورکیا، بۆ پێش دامەزراندنی ئەو دوو دەوڵەتە هاوچەرخە نەتەوەییە لەسەدەی بیستەمدا دەگەڕێتەوە، بەتایبەت بۆ ڕۆڵی ئیسلامی (شیعە و سونە) لە دامەزراندنی هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانییدا. لەئێران، بە رووخاندنی سەفەوییەکان، تاڕادەیەك دەزگای ئاینیی لەدەوڵەت جۆرە جیابونەوەو سەربەخۆییەکی خۆی وەرگرت و دواتر لەسەردەمی قاجارییەکان کەوتنە دژایەتیی شاکانی قاجار بەتۆمەتیی نزیکبوونەوە لە وڵاتانی خۆرئاوا، بەتایبەت روسیا، ئەوەبوو بەهاندانی پیاوانی ئاینی پەلاماری سەفارەتی روسیایان دا و قەتڵو عامی روسەکانی ناو سەفارەتەکەیان کرد بە گریبادۆڤیشەوە. لەقۆناغێکی دواتردا، بەهۆی هاتنەناوەوەی سەرمایەی بیانی و بەهۆی ئاراستەی دژە دەسەڵاتی فیقهی شیعیی، هەندێکیان وەك (نائینی و بەهبەهانی)، پشتگیریی جوڵانەوەی مەشرووتەیان کرد، بەڵام نەك لەپیناوی ئازادیی و دیموکراتی، بەڵکو بۆ گێڕانەوەی ڕۆڵی خۆیان لەبەرامبەر دەسەڵاتی پاشای قاجارو دەستێوەردانە دەرکییەکان. ئەوەی لەتورکیا بەهۆی پەیوەستبوونی دەزگای ئاینیی بەدەوڵەت و سیاسەتی پان ئیسلامییزمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، چ لایەنگرییەکیان لە دەستورخوازیی نەکردو دژی وەستان .

پاشتر لەدوای جەنگی جیهانیی و شکستی ئیمپراتۆریی عوسمانی و لاوازیی قاجارییەکان و بەهێزبوونی ڕەوتی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی بەهلەویی و تورکیای نەتەوەیی، ڕەوتی ئاینی بەتوندیی، لە ئێران و تورکیا پاشەکشەیان کرد، ڕۆحانییەکانی ئێران لەبەرامبەر پاشەکشەی ڕەزاخان لەدامەزراندنی سیستمی کۆماریی، چاوپۆشیی و بێدەنگیان لە کودەتاو تاج لەسەرنانەکەی کردو هەتا ڕەزاشا بە چاولێکەری تورکیا، خەلعی حیجابی نەکرد ، لێی نەهاتنە دەنگ، ئەو کاتەش ڕەزاشا بەهێزببوو، هەربۆیە لەمزگەوتی گوهەرشاد خەڵتانی

خوێنی کردن و تا روخاندنی دەسەڵاتەکەی لە جەنگی دووەمی جیهانی متقەی لێبڕین.

لەتورکیاش مستەفا کەمال بەهەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و سەڵتەنەت و سەپاندی سیاسەتی سێکولاری دژە ئاینی، تەنگی بە پیاوانی ئاینیی و شێخ و تەکێکان هەڵچنی و بەبیانوی شۆڕشەکەی شێخ سەعید و وەستانەوە دژی سەربەخۆیی و خەلافەتخوازیی، شمشێری لێ راکێشان و دەمکوتی کردن، بەجۆرێك تاکو دوای مردنی خۆی و کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی، لەسەر شانۆی سیاسی تورکیا پێچرانەوە.

پاش جەنگی دووەمی جیهانیی، هەلومەرجیکی نوێ بۆ رەوتی سیاسیی ئیسلامیی لەئێران و تورکیا هاتە مەیدان، لەئێراندا کاشانی و کۆمەلەی موجاهدینی ئیسلام دەرکەوتن، کاشانی پیاوێکی ناهاوسەنگی بێ ئۆقرە بوو، هەربۆیە لەپێشدا لایەنگری موسەدیق و جەبهەی میللی و دواتریش لایەنگری شای کردو پێشوازی لەکودەتاکەی ساڵی ١٩٥٣ دژی موسەدیق کرد، لەسایەی کاشانیدا، (نواب سەفەوی) رێکخراوێکی تیرۆریستی بەناوی فدائیانی ئیسلامی پیکهێناو ژمارەیەك کاری تیرۆریان ئەنجامدا کە زۆری نەخایاند پاش کودەتاکە گیران و لەنێوبران، بەمشێوەیە، لەئێراندا رەوتی ئیسلامی بەئاشکرا و هەرگیز لەسەردەمی بنەماڵەی پەهلەوییدا، نەیتوانی لەسەر شانۆی سیاسی هەڵسوڕێ و تاکو شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٧٩، جگە لە پێشاندانی نارەزایەتییەکانی خومەینی بە شۆرشی سپی شا و ئیسلاحاتی ئەرزی لەساڵی ١٩٦٣دا و گرتن و دوورخستنەوەی خومەینی، چ چالاکییەکی ئاشکرا نابینرێت، هەروەها دەبێت ئاماژەش بەو راستییە بکرێ، کە لەشەستەکانەوە هەندێ رێکخراو کەسایەتیی، روویان لە ئاراستەی ئاینیی کرد، وەك پاشماوەی جەبهەی میللی، کە نەهزەتی ئازادییان دامەزراند، هەروەها موجاهدینی خەلق و هەندی چالاکی رۆشەنبیری کەسانی وەك جەلالی ئال ئەحمەد و شەریعەتی.

لەتورکیا پاش دەرکەوتنی قۆناغی فرەحیزبیی و ململانێکانی پارتی گەل و پارتی دیموکرات، بازرگانیی بە دروشمی ئاینیی و هەوڵدان بۆ



کۆکردنەوەی دەنگ دەستیپێکرد، ئەوەش دەرفەتی خستە بەردەم ئەوانەی خولیای ئاینیان هەبوو لەکەلێنی ئەو پارتانەوە بۆ گێڕانەوەی بانگ بەعەرەبیی و خویندنی وانەی ئاین لە قوتابخانەکان و هەندی ئاسانکاری تر تێبکۆشن، هەروەها لەم قۆناغەدا فەوزی چەقماق کە ئەفسەریکی تورك بوو بۆ تێکەڵکردنی دین و نەتەوایەتی تورك لە حیزبی دیموکرات جیابۆوەو حیزبی ئومەتی دامەزراند کە پاش ماوەیەکی کەم بەفەرمانی دادگا داخرا. بەڵام دوای کودەتای ساڵی ١٩٦٠ و گۆڕینی دەستوور و کرانەوەیەکی زیاتر،رەوتی ئیسلامی بە دامەزراندنی پارتی نیزامی نەتەوەیی و دواتر سەلامەت و ئنجا سەعادەت و ئنجا رەفا و فەزیلەت باشتر دەرکەوت، ئەم رەوتە لەسایەی کەسایەتی سیاسەتکاری ئیسلامیی تورکییەوە (نەجمەدین ئەربەکان) هەنگاوی گەورەی بۆ پێشەوە نا، هەرچەندە تورکیا بەهۆی سیستمی فرەپارتی و تاکتیکی نەرمڕۆیی ئیسلامییەکانەوە، باشتر توانای کارکردن و مانەوەیان لەسەر شانۆی سیاسیی وڵات و هەروەها هەڵسوڕانی حیزبی هەبوو، جگە لەوەی قۆناغی جەنگی ساردو دژایەتی چەپ و مارکسیسیتەکانیش جۆرێك چاوپۆشیی نەرمە جوڵەی ئیسلامییەکانی گرتبۆ خۆ. بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە بەدرێژایی ئەو قۆناغە رێکخراوی رادیکال و توندوتیژی ئەوتۆ دەرنەکەوتبن کە داوای گەڕانەوەی حوکمی شەریعەت و تورڕدانی کەمالیزم و سیکولاریزمیان کردبێ ، وەك تیجانییەکان بە رێبەری (پلاو ئۆغڵو) یان بەرەی جەنگاوەرانی ئیسلامیی رۆژهەڵاتی مەزن ، بەڕێبەری (صالح میرزا بەگ ئۆغلو) کە ساڵی ١٩٨٣ بەرەکەی دامەزراند و پاشتر ١٦ ساڵ زیندان کراو دواتریش بەربوو کە کەسێکی داعشخوازو پەیوەندی بە ئۆردۆغانیشەوە هەبوو. ئاشکرایە کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی لەئێران پاش شۆڕشی ١٩٧٩، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر رەوتی ئیسلامیی سیاسیی لەتورکیا بەئاراستەی رادیکاڵیزم هەبوو، ئەوە جگە لەرووداوەکانی جیهانی عەرەبیی وەك توندبوونەوەو خوێناویی بوونی کێشەی عەرەب و جولەکە لەفەلەستین و هەروەها شەڕەکانی کەنداو و هاتنی

ئەمرکییەکان و سوپای هاوپەیمانی رۆژئاوا بۆ ناوچەکە و دەرکەوتنی شەڕی ئەفغانستان و دەرکەوتنی قاعیدە. بەڵام بەهۆی بەهێزی پایەکانی دەوڵەتی تورکیا و پشتگیری ناتۆوە، رێگرییەکی بەهیز لە خورتبونی رادیکاڵیزم بەئەندازەی تیۆکراتی لەتورکیا دەکرا، هەروەها ئیسلامییەکانی تورکیا، باشتر خۆیان لەگەڵ ناسیونالیزمدا هاوجووت کردبووو، جاروباریش پێکەوە هاوکاریی و بەڕێوەبەری وزارەتەکانیان پێ دەسپێردرا. هەرچەندە ئیسلامی شیعیش لەئێران کەمتر لەوانەی تورکیا گرێدراوی ناسیونالیزمی ئێرانیی نین و زۆرجار وەك رەوتیکی ناسیونالیزمی لە بەرگی مەزهەبدا دەردەکەون.

لێرەوە دەردەکەوێ ، کە هەردوو رەوتەکە ریشەیەکی قووڵی مێژوویییان هەیە و لەگەڵ گەشەکردنی مێژووی سیاسیشدا گۆڕانکارییان بەخۆوە بینیوە، بەتایبەت لەتورکیا، جگەلەوەی هەردوو رەوت لەقۆناغی سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا لەپاشەکشەدا بوون و دواتر زەمینەی هەستانەوەیان لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم بۆ رەخساو کاریگەرییان رووداوە دەرەکییەکایان لەسەر بووە، جگەلەوەی هەردوو رەوتەکە بەتوندیی کاریگەریی سەرکردەو سیمبولەکانیان پێوە دیاربوو، وەك ئەو رۆڵەی خومەینی لە رەوتی مەزهەبگەرایی شیعە و ئەربەکان و ئۆردوغان لە ئیسلامی سیاسیی تورکیادا گیڕاویانە. جگە لەوەی پاشەکشەی خەباتی سیاسی لیبراڵ دیموکرات و چەپەکان و فەسادی چینی دەسەڵاتداریی ئێران و تورکیا و شکستی پرۆسەی مۆدێرنە، دەرفەتی گەورەی بەم دوو رەوتە لەئێران و تورکیا بەخشی هەڵکشێنە سەر شانۆی سیاسیی و دەرفەتی بۆشاییەکە بۆ خۆیان بقۆزنەوە کە دیار نییە تا چەندی کە دەخایەنێت.

لێرەدا دەبێ ئەو راستییەش ئاماژەی بۆ بکرێ، کە ریفۆرمە روخسارییەکانی دەوڵەت و هێزە نەتەوەییە خۆبەهاوچەرخگەراکانی کەمالی و پەهلەوی لەسەرەوە نەیتوانیوە ریشەی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی بەشێوەیەك لەبار بکات کە پانتاییەکی فراوانی بەهیزی کۆمەڵایەتیی بۆ ئەو دوو رەوتە کۆنەپارێزە لەمێژووی کاری سیاسیی دەسەلاتخوازییاندا نەرەخسێ و ملیۆنان مرۆڤی برسیی و بێدەرەتان



لەدەوری وەعز و کۆڕی ئاخوند و سیمبولە ئیسلامییەکانی تورکیا کۆنەبنەوەو هیوای ژیانیکی باشتریان پێ هەڵنەواسن . ئەمڕۆ پێناچێ پاش زیاتر لە ٣٦ ساڵی حوکمی ئیسلامیی لە ئێران، پاشەکشەیەکی توند لەو رەوتەو ئەلتەرناتیڤیکی بەهیزی بۆ پەیدابووبێ کە بتوانی لە ئایندەیەکی نزیك رایماڵی، لەتورکیا تا دێت رەوتە میانەڕەوەکەی عەدالەت و تەنمیە بەرەو رادیکاڵیزم و توندو تیژیی و تۆتالیتاریزم و ئۆتۆریتەخوازیی هەنگاو دەنێ، هەرچەندە ئەو دوو رەوتە بەهۆی مێژووی ناکۆکیی درێژخایەن و تەقینەوەی مەسەلەکانی سوریا و شەڕی شیعەو سونەی جیهانی ئیسلامییەوە تادیت زیاتر ئەگەری پێکدادانیان هەیە و لەو ئەگەرەشدا دوور نییە هەردوولایان زیانی گەورە بەناوچەکە و ئنجا بەخۆشیان نەگەیەنن، بەڵام ئایا دەتوانن بەرنامەیەکی هاوبەش یان لیکنزیکبوونەوەیان هەبێ بۆ رووبەڕووبوونەوەی رۆژئاوا؟، ئایا ئۆردوغانیش دەبێتە خەلیفەی وەختی سونەکانی ناوچەکە؟چەند پرسیاری تر هەن کە دەکرێ بەخوێندنەوەی ئەم بابەتە بوروژێنرێن و وەڵامی پێویستیان بدرێتەوە.

## لێكدانەوەی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی پەهلەویی ئێرانیی لەچوارچێوەی "چەمكی سوڵتانیزم"لە تێگەی كۆمەڵناسی ئەڵمانی"ماكس ڤیبەر"

"چەمكی سوڵتانیزم" بۆ یەكەمجار لەلایەن ماكس ڤیبەرەوە بەكارهاتووە، مەبەستیش لەمە زۆرینەی ئەو ڕژێمە باوكسالارە هاوچەرخانەن patrimonial، كە لەڕۆژهەڵاتی نزیك بوونی هەیە، ئەمەش جیاوازە لەو سیستەمەی كە لەڕۆژهەڵاتی دووردا هەیە، لەبەرئەوە تایبەتمەندێتی سوڵتانیزم چەند بنەمایەكی هەیە، مەبەستیش لەوە ئەوەیە فەرمانڕەوایەك یان پادشایەك لەقۆناغێك لەقۆناغەكانی حوكمی باوكسالاری خۆیدا بگاتە ئاستێك بە "سوڵتانیست"یان " New patrimonial" ناودەبرێت.

گەر سەیری قۆناغی یەكەمو دووەمی دەسەڵاتدارێتی پەهلەوی لەئێراندا بكەین، دەبینین هەوڵیانداوە بۆ گەیشتن بەقۆناغی سیستەمی باوكسالاری، بەڵام "سیستەمی سوڵتانیزم" ئاڵۆزترە لەو سیستەمە سوڵتانیەتەی، كە لەسەردەمی پێشووتردا هەبووە، زیاتر لەسنوورە سوننەتیەكان "دینو خێڵ" خۆی ڕزگار دەكاتو، لەم جۆرە حوكمەدا فەرمانڕەوا دەسەڵاتی ڕەهاترو بێ سنوورە، هەربۆیە لەمێژووی هاوچەرخی ئێراندا، كەباس لەقۆناغی "سوڵتانیزم" دەكرێت، مەبەست لە دەسەڵاتی "ڕەزاشا ١٩٢١-١٩٤١"و "موحەمەد ڕەزاشا ١٩٤١-١٩٦٣"، كە دەتوانین بەهۆی ئەم تایبەتمەندیانەی لای خوارەوە "سیستەمی سوڵتانیزم" لەدەسەڵاتی پەهلەویدا دیاری بكەین:.

١ - پایەی كۆمەڵایەتی "سیستەمی سوڵتانیزم" سنووردارە: فەرمانڕەوایانی "سیستەمی سوڵتانیزم" یەكەمجار لەكاتی دەسەڵات گرتنەدەست بە پشتگیری هێندێ هێزو پێكهاتەی كۆمەڵایەتیو سیاسی دێنە سەرتەختو، بەپشتبەستن بەو هێزانە هەوڵ دەدەن بگەنە دەسەڵاتو، دواتریش وردەوردە بەرەو تاكڕەوی دەڕۆنو پشت لەو هێزو پێكهاتە كۆمەڵایەتیو سیاسییانە دەكەنو بەڕادەیەكی ئەوتۆ دابڕانێك لەنێوان هەردوولادا درووست دەبێت.



٢. یاسای ڕواڵەتی {یاسای ڕووكەشی}: "سیستەمی سوڵتانیزم"ی هاوچەرخ هەوڵیداوە یاسای بنەڕەتی دابنێتو سیستەمەكەی شێوەیەكی ڕواڵەتی هاوچەرخانەی هەبێت، دامەزراوەكانی وەكو پەرلەمانو ئەنجومەنو هەڵبژاردنو ڕێكخراوەكان بوونیان هەیە، بەڵام ئەوە تەنیا ڕووكەشە ئەوەی كە دەسەڵاتی یەكەمی هەیەو خاوەن بڕیارە حاكمی وڵاتە، لەڕاستیدا دەسەڵات لەدەستی حكومەتدایەو، حكومەتیش لەژێردەستی فەرمانڕەوادایە، كە ئەویش سەرۆك وەزیرانە ئەمیش لەژێر دەستی حاكمی وڵاتدایەو لەخزمەتی بەرژەوەندی حاكمی وڵاتدا كاردەكات نەوەك خەڵكی ئاسایی، گەر تەماشای ئێران بكەین دەبینین سوڵتانیزمی هاوچەرخ كاری لەسەرئەمە كردووە، واتە هەوڵیداوە پرۆڤەی دەسەڵاتدارێتی كۆن بكات لەبەرگێكی نوێدا، ئەمەش بەمانای گێڕانەوە بووە بۆ حوكمی كۆن بەڵام بە ستایلێكی نوێ.

{ماروین زونیز}دەڵێت:"لە ڕژێمی شاهەنشاهی ئێراندا دەسەڵاتی سیاسیو توانای سیاسی تەنیا لەدەستی شا دابووە، واتە شا سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەكان بووە، ئەمەش بەپشتبەستن بەنزیكەی ٣٠٠ كەس لە نوخبەی سیاسی نێو كۆمەڵگەی ئێرانی سیستەمەكەی بەڕێوەدەبات، ئەم ٣٠٠ كەسە هێڵی جیاكەرەوە بوون لەنێوان شاو چینی كۆمەڵایەتییداو بڕیارو فەرمانی شایان بەسەر ئەو چینە كۆمەڵایەتییەدا جێبەجێ دەكرد".

ئەركی ڕێكخراوە دەوڵەتییو سەربازییەكانیش، كۆنترۆڵكردنی چالاكی خەڵك بوو، كەئەمەش تواناو قابیلیەتی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی ئێرانی لاوازدەكرد، بەتایبەتی لەپرۆسەی گەشەكردنی ئابووریو سیاسییو كۆمەڵایەتییدا.

٣. پشتبەستن بەهێزی دەرەكیی: "سیستەمە سوڵتانیزمەكان" هەمیشە هەوڵدەدەن پشت بەهێزی دەرەكیی ببەستن، لەجیاتی ئەوەی پشت بەپێگەی كۆمەڵایەتیو هێزی خۆی ببەستێت، بۆنمونە پەیوەندی ڕەزاشا لەگەڵ بەریتانیاو پشتپێبەستنیو پاشان ڕوو وەرگێڕان لە ئینگلیزو كشان بەرەو ئەڵمانیاو، موحەمەد ڕەزاشای كوڕیشی پشتبەستنی بەئەمەریكاو بوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریكا زۆر

بەڕوونی دەبینرێت، کەمجار دەبینرێت لەمێژووی ئێراندا دەسەڵاتداران پشتیان بەهێزی دەرەکی نەبەستبێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە سیستەمە نەریتە کۆنەکان بەشێوەیەکی مۆدێرن زیندودەکاتەوە، وەکو ئامرازێك بۆ خۆ سەپاندن، بەڵام هەر پشتئەستوورە بەهێزی دەرەکیی.

٤. پشتبەستن بە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم: بۆ بەدەستهێنانی مەشروعیەتو پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لەسەردەمی قۆناغی هاوچەرخدا "سیستەمی سوڵتانیزم" خۆی بە ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیکی دەبەستێتەوە، ئەویش "بە چەپڵەلێدانو بۆ مێژووی ڕابردوو و بانگەشەکردن بۆ پان ئێرانیزمو گەڕانەوە بۆ ئێرانی کۆنو دژایەتیکردنی ئاینی ئیسلامو زمانی عەرەبیو گرنگیدان بە ئاینی زەردەشتیو زیندوکردنەوەی جەژنە کۆنەکانی شاهەنشاییو گۆڕینی مانگە عەرەبییەکان بۆ مانگی ئێرانیو...هتد".

٥. باڵادەستی ڕەهبەرگەرایی{شەخسگەرایی}:

أ. هەوڵدان بۆ گەورەکردنی فەرمانڕەوا زیاتر لەقەبارەی خۆیو پێدانی نازناوی شاهەنشا.

ب. نیشاندانی ئەو کەسایەتیانە وەکو بیرمەندو کەسایەتی پیرۆزو ئازاو لێهاتوو ناساندنی وەکو کاوەی سەدەی بستەم.

ج. هەوڵدان بۆ سەپاندنی ناوی شاو فەرمانڕەوا بەسەر ناوی گەڕەكو شەقامو خوێندنگەو یاریگاو شوێنە گشتیەکانی تردا.

د. خزمچێتیو پشتبەستن بە ئەندامانی بنەماڵە وەکو "ئەشرەفو فەرەح" بەبێ ئەوەی ئەمانە هیچ پلەیەکیان لە حکومەتدا هەبێت بەشداری بڕیاردانو دەسەڵاتیان دەکرد.

ه. لە "سیستەمی سوڵتانیزم"دا فەرمانڕەوا لەگەڵ ئەوەی لەبنەماڵەی ناودار نەبوون، بەڵام لە هەوڵی گەورەکردنو پیرۆزکردنی ڕەچەڵەکی خۆیان بوونو لە هەوڵداندا بوون بۆ داتاشینی ناوی گەورە بۆ بنەماڵەکەیان، لەسیاسەتدا زیرەك و فێڵبازبوون، بەڵام کەسایەتیی نائەخلاقییو درۆزن بوونو جێگەی متمانە نەبوونو هەردوو سەرۆکیش "ڕەزاشاو موحەمەدی کوڕی"ئەو سیفەتانەیان تێدابوو.



٦. شێواندنی سنووری نێوان ڕژێمو خەڵك: لە "سیستەمی سوڵتانیزم"دا بەرپرسیاران زیاتر لەبەردەم سوڵتان بەرپرسیاربوون نەك لەبەرامبەر خەڵك، پاداشتو سزاش لەسەربنەمای گوێڕایەڵیو ملکەچیو نافەرمانییە بۆ خودی فەرمانڕەوا، هەربۆیە بەرپرسان هەموو هەوڵێکیان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی فەرمانڕەوایەو، نوێنەرایەتیی هیچ چینو توێژێکی کۆمەڵایەتیی ناکەنو لێیشی بێبەرین، ئەمەش لەسیستەمی پەهلەوییدا بەدیدەکرێت، بۆنمونە دوای ئەوەی ڕەزاشا بەهاوکاریی هەندێ لایەن دەسەڵاتی گرتەدەست دەستیکرد بەلەناوبردنی زۆرێك لەهاوکارەکانی خۆی وەکو لەناوبردنی "تەیمورتاش"، تەنانەت ئەوکەسانەی کە لەناو سیستەمەکەدا کەسانی لێهاتوو و شیاوبوون یان دەکوژران یان دەبوو ڕابکەن.

٧. پێکهێنانی تۆڕێك بۆمەبەستی بەرژەوەندیی مادیی: لە"سیستەمی سوڵتانیزم"دا بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایەتی مادیی هەوڵدەدرێت تەنها یەك لایەن نەگرێتەوە، بەڵکو سەرجەم لایەنەکان بگرێتەوەو لەڕێگەی دروستکردنی داموو دەزگاوە کۆنترۆڵی ئەوە دەکرێت، وەکو "دەزگای پەهلەویی" ئەمەش ڕێگرە لە پەرەپێدانو پێشکەوتنی وڵاتو ڕێگەگرتن لە گەشەکردنی ئامرازی پێشکەوتن.

٨. گەشەکردنی ئابووری ناوهاوسەنگ {سەرمایەی وێڵ}: هەرچەندە ڕژێمە سوڵتانییەکان دەگونجێ گەشەی ئابووری بەرچاوو ئەزموون بکەن، بەڵام بەدرێژایی کات شەخسگەراییو فەسادی نیزامی سیاسی زاڵدەبێت بەسەر ئەو گەشە ئابوورییەو شکستدەهێنێتو، دەستگرتن بەسەر موڵکدارێتیو دەستگرتن بەسەر پارەی بانكو زەوییە کشتوکاڵیەکانو بازرگانی دەرەکییو هۆکارەکانی خزمەتگوزارییو کۆنترۆڵکردنی بازاڕ بەقازانجی چینی دەسەڵاتدارو، ئەمەش کاریگەریی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، لەسەرەتادا هەریەك لە باوك و کوڕ "ڕەزاشاو موحەمەدی کوڕی" بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان هێندێ کاری چاکسازییان ئەنجامداوە، بەڵام لەدواییدا ئەم کارانەیان بوونەهۆی گەشەکردنی ئابووری ناهاوسەنگ، ئەو لەمپەرانەی کە ڕێگربوون لەگەشەکردنی وڵات وایکرد هێدی هێدی چینی

ناوەڕاستو بورژوا، کە لەقۆناغی دروستبووندا بوو گورزی گەورەیان بەربکەوێتو بەشێوەیەك دەوڵەتو فەرمانڕەوا لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بهێڵێتەوە.
٩. گەندەڵی {فەساد}: یەکێکە لەهەرە پایە سەرەکیەکانی سیستەمی سوڵتانیزم، بەپێی وتەی "هانگتینگتۆن" فەساد تایبەتمەندێتی هەرە سەرەکی "سیستەمی سوڵتانیزم"ە، واتە گەندەڵیو سوڵتانیزم دووڕووی یەك دراون، واتە گەر بتەوێت فەسادی نەهێڵیت دەبێ یەکەمجار سوڵتانییەت لەناوبەرێت، بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ قازانجی تایبەتی سوڵتانیزم، دانەنانی کەسی شیاوە بۆ شوێنی شیاو.
١٠. قەیرانی دەسەڵاتدارێتی: لەبەرئەوەی پشت بەپایە بەهێزەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتییو نابەستێتو دادپەروەریی تێدا نییەو وابەستەیە بە نوخبەیەکی دەسەڵات ڕەهای پەیوەندیدار بەبێگانەوە، ئەگەر پشتگیری هێزی دەرەکیی نەبێت قەیرانی ناوخۆ سەرهەڵدەداتو دەسەڵات تووشی قەیران دەبێت، ئەم دەسەڵاتانە لاوازن، هەرچەندە بەڕواڵەتیش خاونی هێزی سەربازی گەورەو دامو دەزگای داپڵۆسین بن، بۆ سەرکوتکردنی ناوخۆ بەکاردەهێنرێن، بەڵام ئەم ڕژێمانە بەرگەی یەك لەرزەی لەناکاوو ڕووبەڕووبوونەوەی فەرهەنگیو ئایدۆلۆژیی ناگرنو بەزوویی دادەڕمێن.
١١. ئایندەی تەمومژاوی چاوەڕێی ئەم ڕژێمانەیە: ئەم ڕژێمە کۆمەڵێ میراتی وێرانکاری لەدوای خۆیان بەجێدەهێڵن وەکوفەسادی کۆمەڵگاو نەبوونی مەشروعیەتی تاکەکانو نەبوونی دامو دەزگای بیرۆکراتی گونجاوو نەبوونی سیستەمێکی پشتبەخۆبەستوو، جگەلەوەش بڵاوبوونەوەی توندوتیژیو نەبوونی متمانەو هاوبەستەگی کۆمەڵایەتیو تەنانەت لەدوای ڕووخانی ڕژێمەکەش ئەم حاڵەتە بەردەوامەو ئایندەی کۆمەڵگە تەمومژاوییە.



## تێروانێکی ڕەخنەیی مێژوویی نەتەوەییمان

سەرەتا، پێمان باشە ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکەین، کە کورد یەکێکن لە گەلە کۆنەکانی ئاسیای بچووكو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شانبەشانی گەلانی دیکە، بەشداریيان لەو شارستانییەدا هەبووە کە پێگەکەی لەم ناوچەیەدا بووە. کۆڵینەوە مێژوویيو ئارکیۆلۆجییەکانیش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. ئەوەی گرنگە لە ڕووەوە ئەوەیە، کە لە ڕابردوودا، لە ئەنجامی بوونی فاکتەرە پێویستەکانی دامەزراندنی دەوڵەتو قەوارە ڕێکخراوە کارگێڕییەکان لە پێدەشتە بەرینەکان یاخود بانەکاندا، ناوەندی کوردستان لە دامەزراندنی دەوڵەتو قەوارەی سیاسیی بەرفراوان بێبەش بووە،ئەوەش بەهۆی سروشتی جیۆگرافیایی کوردستانو کاریگەرییەکانی جیۆسیاسیی لەو بارەیەوە. چونکە وەك دەزانرێت زۆربەی خاکی کوردستان لە ڕووی جیۆگرافییو تۆبۆگرافیاوە، ناوچەیەکی شاخاویی کیشوەریی سەختە، کە زنجیرە چیای بەرزو ڕووتەڵ هەرێمەکانی بە توندیی لە یەکتر جیادەکاتەوەو ڕێگەی پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ یەکتردا لێدەگرێت، تەنانەت دەوڵەتی میدیاش کە باپیرانی دانیشتووانی ئەمڕۆی کوردستان، حەوت سەدە پێش زاین پێکیانهێناوە، لەڕووی دابودەزگای دەوڵەتییو حوکمڕانییەوە، هاوتای سەردەمەی خۆی نەبووە، زێدەباری ئەوەی بنکەی دەوڵەتەکەیان لە نزیك شاری هەمەدان بووە، کە تاڕادەیەکی زور دوورە لە چەقی ئەمڕۆی کوردستانەوە. لێرەوە دەمەوێت بڵێم یەکەمین فاکتەر، کە مۆرکی خۆی لە مێژووو پێکهاتەو تایبەتمەندییەکانی گەلی کوردو کەسایەتیی تاکەکانی ئەم گەلە داوە بریتییە لە شوێنی جیۆگرافییو سروشتی تۆبۆگرافیای کوردستان.ئەوەی بەشێکی زۆر لە بایەخدارانو شارەزایانی مێژووی کورد بەردەوام جەختی لەسەر دەکەنەوەو ئەم فاکتەرە لە مێژووی کۆنو نوێی کورددا، بە ڕادەیەکی مەزن کاریگەریی هەبووە، چونکە وەك ئاشکرایە کۆبوونەوەی مرۆڤ و پێویستیی ڕێکخستنی کۆمەڵگا، هەروەها بوونی ئابوورییەکی بەهێز هەمیشە لە ڕۆژگاری کۆندا

بنەمای سەرەکی دامەزراندنی دەوڵەتیان پێکدەهێنا، ئەوەی لە چەقی کوردستاندا زۆر کەم لە قۆناغە مێژووییەکاندا ڕێکەوتووە کە بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێتو لە مێژووی نوێداو تا ئێستاش فرە ئەستەم بووە، بەتایبەت ئەگەر زانیمان، کە کوردستان لە سۆنگەی شوێنی جیۆگرافیی، زۆربەی جار بۆتە ڕێڕەوی هێزە کاولکارە داگیرکەرەکان کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا تێدەپەڕین وەك خوارەزمییەکان و تورکانی غوز، ئەمە جگە لە بیزەنتییەکان کە جاروبار پەلاماری ناوچەکەیان دەداو کاولکارییان تێدا دەکرد. سروشتییە دابڕینی تۆبۆگرافیی هەر خاکێك واتە دابڕینی دانیشتووانەکەشێتی، ئەوەی لە کوردستاندا بەدرێژایی مێژووی کۆنو نوێیو تەنانەت هاوچەرخیشدا بەسەر چەندین خێڵو تایفەو تیرەی جۆراوجۆردا دابەش بووە، کە زۆربەیان لە ناکۆکییو دژبەیەکیی سەختدا ژیاون، ئەم دیاردەیە ئەوەندە زەقو دزێوە تەنانەت لەنێو خودی بنەماڵەیەكو تیرەیەكو گوندێکدا دووبەرەکییەکی قووڵ هەبووە، ئەوەی وای لە مێژوونووسێك کردووە کە بڵێت:" کورد تەنیا لە شایەتوماندا یەکن". دیارە ئەم مێژوونووسە گەر ناکۆکییو کوشتاریی مێژینەی نێوان تایفە جیاوازە ئاینییەکانی کوردستانی بە باشی درك پێبکردایە، بە تایبەتیی ئەوەی دەرحەق بە ئێزیدییو عەلەویی..هتد کراوە، ئەو یەکبوونەی لە شایەتومانیشدا نەدەسەلەماند. هەربۆیە ئەو دژبەیەکییەو دیاردە وابەستەکانی وەك: تۆڵەسەندنەوە، دەمارگیریی خێڵەکیی، ژنومێردایەتیی ناوخۆیی، عەقڵییەتی ئاغایەتییو دیوەخان، پاتریارکییوکەلتووری وابەستەییو نەبوونی تاکایەتیی، جیهانبینی تەسكو دامەزراو لەسەر بنەمای توندوتیژییو خورافات، کۆچەرییو شڕەخۆریی..هتد، بەشێکی دانەبڕاو هاودەمی کۆمەڵی کوردو کەسێتیی تاکەکانێتی بە درێژایی قۆناغە جیاوازە مێژووییەکان، بە ئێستاشەوە. ئەوەی نەك هەر لە مێژووی هاوچەرخدا مەترسییدارترین لەمپەریان لەهەمبەر بوونی هۆشیاریی نەتەوەییو نیشتمانیی پێکهێناوە، بەڵکو ڕێگربووە لەبەردەم دەرکەوتنی کرداریی ڕەوتێکی عەقڵانییو ئینسانیی هاوچەرخ لە کۆمەڵی کوردییدا. ئێمە لێرەدا کە ئەو قسەیە



دەکەین مەبەستمان ئەوە نیە کە گەلانی دەوروبەر خاوەن بنیاتی شارستانیەتێکی مرۆڤدۆستانە بن، چونکە بە حوکمی بنیاتی دیسپۆتیزمی دەوڵەتو شارستانییەتیەکانی هاوسێی کوردستان وەك: ئاشوورییو فیرعەونییو تەنانەت دەوڵەتە تیۆکراتییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، توندوتیژیی دەسەڵات تاڕادەیەکی مەزن بەڕەوتێکی نائینسانییانە دژی کۆمەڵگا بەشێوەی سیستماتیك بەڕێوەدەبرا.شتێکی ئەوتۆ کە لە سۆنگەی نەبوونی کوردستان بە چەقی دەسەڵاتێکی دیسپۆتیزمی نەگەیشتۆتە ئەو رادە توندوتیژییە سیستماتیککراوە.هەر لێرەدا نابێت ئەوەش لەبیر بکەین، کە بە بۆچوونی یەکێك لە فەیلەسوفە ناودارەکان کە پێم وابێ "کانت"ە، مێژووی هەر نەتەوەیەك لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەیەوە دەستپێدەکات، ئەوەی کە پێگەو شوێنی دەوڵەت لە ژیانی ڕێکخراوو چۆنێتیو ژێرخانو سەرخانی ژیانی نەتەوەکان وێنا دەکات. دیارە ئەو تێروانینە زانستییە دروستە، کە دەڵێت مرۆڤ بە جیاوازیی ڕەگەزو زمان توانای تێگەیشتنو پێگەیشتنی هەیە گەر بێتو ئەو ژینگەوهەلومەرجە گونجاوەی بۆ بڕەخسێت کە تێیدا پەروەردە دەبێت، ئەوەش دروست پێچەوانەی ئەو دیدە ڕەگەزپەرستانەیەیە کە سەروەرییو مەزنییو شکۆ بۆ بەشێك لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی تایبەت دەکاتو وەك بژاردەی خوداوەند دەستنیشانیان دەکات، یاخود وەك ڕەواجپێدەرانو دەهۆڵژەنانی کۆلۆنیالیزم لەسەرەتای دەرکەوتنی بزاڤی کۆلۆنیالیزمو بۆ ڕەواییکردنی ئەو بزاڤەو پاساوهێنانەوە بۆ تاوانەکانی باسیان لە "شارستانییەتی پیاوی سپی" دەکرد. بەڵام ناکرێت لە هیچ کاتو بارێکدا مرۆ لە کاریگەریی ژینگەو سەپێنەرەکانی دەربازی بێت، ئەوەی ئەو پەیڤەمان بۆ دەسەلەمێنێت کە دەڵێت :"ماسی بە قەبارەی ئاوەکەی گەشە دەکات".ئەوەی لەم ڕووەوە بە کوردەوە پەیوەستە بریتییە لەو تایبەتمەندییەتییەی کە لە سەدەکانی رابردوودا بە کارەکتەری کوردەوە پەیوەست بووە کە "جەنگاوەرێتییە." سەلاحەدینی ئەیوبیی کە قارەمانێکی مێژوویی جیهانی ئیسلامو شکێنەری خاچهەڵگرانو پوچکەرەوەی خولیاکانیانە لە سەدەی

دوازدەیەمی زاینیی، کوردەوجێگەی شانازیی کوردوتەواوی گەلانی موسوڵمانە لە ناوچەکە. دیارە ئەم کەسایەتییە لە زۆر رووی دیکەی کارگێڕیی‌و دەوڵەتدارییەوە کەمبایەخ نیە، بەڵام زیاتر رۆڵە جەنگاوەریی‌و سوارچاکییەکەی زەقکراوەتەوەو زۆربەی جار کوردیش خۆی بۆ جەختکردنەوە لە کارەکتەریی ئازایەتیی‌و جوامێریی‌و دەرخستنی چاکەی خۆی شانازیی بەوەوە کردووە کە نەوەی سەلاحەدینە، وێڕای ئەوەی سەردەمە مێژووییەکەی سەلاحەدین نەك هەر رێگەی ئەوەی بەو قارەمانە سوارچاکە نەداوە لە چەقی کوردستاندا دەوڵەتەکەی دابمەزرێنێت، بەڵکو لەپێناوی کێشەیەکی تەواو جیاواز لە کێشەی بنەڕەتی ئەمڕۆی کورد کە کێشەی نەتەوایەتییە هەڵسوڕاوە، چونکە کێشە بنەڕەتییەکەی سەردەمی سەلاحەدین، بریتیی بوو لە کێشەی وەستان دژی هەڵمەتی داگیرکاریی ئەوروپای خاچپەرست بۆ سەر جیهانی ئیسلامیی، بە تایبەتیی ناوچە پیرۆزەکانی فەلەستین‌و بەیتولمەقدیس. هەروەها بەهێزکردنەوەی دەسەڵاتی لاوازی خەلافەت لە رۆژهەڵاتی ئیسلامییدا.
ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە پرسی جەنگاوەربوون هێندە لە نەستی کورددا بەهێزە، بەشێوەیەك وای لێکردووە سەرکردە جەنگاوەرەکانی کێشە نەتەوەییەکەی لە قۆناغی هاوچەرخدا بە سەلاحەدین لێکچوێنێت. هەرچەندە نە سەلاحەدین‌و نە غەیری ئەو هەرگیز بۆ بەکارهێنانی ئاین‌و خستنە راژەی دامەزراندنی دەوڵەت‌و دەسەڵاتێکی کوردیی سەربەخۆ لە نێو کوردستان خۆیدا تێنەکۆشاون، ئەوەش وێڕای فاکتەرە جیۆسیاسییەکە، دەگونجێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە کورد لە رووی مەزهەب‌و رێبازی ئاینییەوە لە چینی فەرمانڕەوای دەوڵەتی خەلافەت جیاواز نەبووە، چونکە لە سەدەکانی ناوەراستدا شەرعییەتی دامەزراندنی هەر دەسەڵاتێکی سەربەخۆ لە ئاینەوە وەرگیراوە. پاش لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەتی خەلافەت، لە کوردستاندا ژمارەیەك میرنشینی کورد پەیدابوون‌و بە شێوەیەکی ئۆتۆنۆم‌و پەرت‌وبڵاو فەرمانڕەوایی کوردستانیان کردووە وەك : شەدادییەکان، مەروانییەکان، حەسنەوەیهییەکان‌و عەنازییەکان. جگە



لەوەی کە بەشێکی کوردان کۆچیان بە ئاراستەی دەرەوەی زاگرۆس کردووەو تێکەڵ بە ژیانی دراوسێکانیان بوون.
دیارە یەك لە پارادۆکسەکانی ژیانی کورد ئەوەیە، کە پێش خۆیان خەڵکانێکی بیانیی هەوڵی ناساندنیان داون. سەیریش نیە کە هێندێك لەو رۆژئاواییانەی سەردانی ناوچەکەیان کردووەو لەبەردەم کارەکتەری جەنگاوەرێتی کورددا راچڵەکیون، چونکە خێڵە چەکدارەکان دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان لە کوردستاندا هەبووەو زۆربەی کات بە شێوەیەکی توندو دڵڕەقانە فەرمانڕەوایەتی دانیشتووانە نیشتەنییەکانیان کردووەو دەستیان لێ نەپاراستوون. ئەو گەڕیدە رۆژئاواییانە کاتی گەڕانەوەیان بە تین‌وتاوەوە سەرنجەکانی خۆیان یادداشت کردووەو ئەو بۆچوونەیان لەنێو خەڵکانی خۆیان بڵاوکردۆتەوە کە کوردستان وڵاتی خەڵکانێکی کێویلەی دڕندەیە کە جەردەسالاریی تێیدا بەرپایە، ئەو دیدەی تا ماوەیەکی زۆر سەرنجێکی نەرێنیی لەنێو ئەوروپییەکاندا سەبارەت بە کورد نەخشاند.
لێرەوە دەبێت بە وردیی لە هەر سەردەمێکدا لە کوردستان، هەلومەرجی مێژوویی هەڵسەنگێنرێت تاوەکو بتوانرێت داوەریی لەو بارەیەوە بکرێت. شایەنی باسە، لە پاش سەردەمی سەلاحەدینەوە هیچ سەردەمێك وەك سەردەمی جەنگی چاڵدێران‌و دەستپێکردنی ململانێ‌و جەنگی درێژخایەنی نێوان عوسمانییەکان‌و سەفەوییەکان جارێکی دیکە کارەکتەری جەنگاوەریی کوردی نەژیانەوە، بەڵام نەگبەتیی ئەم سەردەمەیان لەوەدا بوو کە مەیدانی پێکدادان‌و بەشێکی مەزنی هێزەکانی جەنگاوەر کوردستان‌و کورد بوون‌و سەرەتای سەردەمێك بوو کە توانای جەنگاوەریی کورد بۆ بەرژەوەندیی بیانیی‌و دەرەکیی بەکارهێنرا. ئەوەش بۆ هێزی مرۆیی‌و مادیی کوردستان داچۆڕینێکی زێدەو نەفرەتێکی رەش بوو، بەجۆرێك باجەکەی فرە قورس‌و گران بوو، جگە لەوەی ئەو جەنگە بەردەوامانە عەقڵییەتی کۆمەڵانی خەڵکی پوچەکردەوەو ریشەی رەگەزی توندوتیژیی قووڵتر دەکردەوە، چیدی دەرفەتێکیش بۆ ئارامیی‌و ژیانی ئاسایی بەشێکی مەزن لە کۆمەڵگای کوردیی لە کوردستان نەمایەوە.

هەرچەندە بەهۆی بوونی ژمارەیەك میرایەتیی لە بەشێك لە هەرێمەكانی كوردستاندا تاڕادەیەك ڕێگە لە تەقینەوەی نائارامیی سەرتاسەریی گیرابوو، ئەوەش لە پاش ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە بەتەواویی لەناوچوو، چونكە پاش هێنانە كایەی سیستمی ناوەندگەرایی لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدا لەسەردەمی سوڵتان مەحموودی دوومدا، ئەو میرنشینانە بە هێزی لەشكری تورك ڕووخێنران‌و بەوەش ئەو ڕێكخستنە سەرەتاییە سیاسییو كۆمەڵایەتییو ئابوورییەی كە بە سەدان ساڵ چەسپابوو لە ماوەیەكی كورتدا تێكوپێكدرا بێئەوەی هیچ ڕێكخستنێكی جێگرەوە لەبری دابنرێت‌و بەوەش قۆناغی پشێوییو لەگرێژنەدەرچوونی سەرتاسەریی دەستپێكرد.

دەتوانرێت بگوترێت، كە لەمێژووی دەوڵەتداریی ناوچەكە هیچ هێزێك وەك عوسمانییەكان سوودیان لە توانی مرۆییو جەنگاوەریی كورد بە قازانجی پاراستنی بەرژەوەندییەكانی دەوڵەتەكەیان نەبردووە، هاومەزهەبییش فاكتەرێكی دیارو ئاشكرای ئەو دادۆشینە بوو، كە نەك هەر كوردی لە دژی ڕووسە ئەرسەدۆكس‌و ئێرانییە شیعە مەزهەبەكان بەكاردەهێنا، بەڵكو لە دژی گەلانی كریستیانی ڕەعیەتی عوسمانی بەكاریدەهێنان. دیارە دامەزراندنی سوپای حەمیدیە لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوەو بەكارهێنانی لە دژی ئەرمەنەكان مەسەلەیەكە لە مێژوودا ئاشكرایەو ئاكامە نەرێنییەكانی بەسەر كۆمەڵگای كوردییەوە ئاشكراترە.

لە پاش ڕووخاندنی میرنشینی بۆتان‌و تێكشكاندنی جوڵانەوەكەی یەزدانشێر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، تاكو جوڵانەوەكەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی لە ساڵی ١٨٨٠، گۆڕانێكی مەزن بەسەر سیاسەتیی نێودەوڵەتییو هەلومەرجەكەی نێوخۆی گەلانی ئیمپرتۆریی عوسمانیی هات، لە هەمووی گرنگتر خزانی نفوزی زلهێزەكان بۆ كوردستان‌و سەربەخۆیی بەشێكی زۆر لە گەلانی بەلقان‌و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو. جوڵانەوەكەی شێخ عوبەیدوڵڵا



بۆ سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی كوردیی بوو، بەڵام نە ئامادەكاریی جوڵانەوەكە لە ئاستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا بوو، نە دەوڵەتانی بیانییش ئەو هەوڵەیان بە قازانجی خۆیان بینی، نەك هەر ئەوە بگرە باشترین هاوكارییان پێشكەش بە ئێران كردو فشاریان خستە سەر عوسمانییەكان تا ڕێگە لە شێخ بگرن‌و ناچاری بكەن دەست لە جوڵانەوەكەی هەڵگرێت. تێكشاندنی ئەم جوڵانەوەیە كارەساتێكی گەورەی بەسەر كۆمەڵگای كوردییدا هێنا بەشێوەیەك تا چل ساڵا پاشتر بژاردەی كوردی لە هەوڵێكی دیكەی سیاسییو چەكداریی بۆ بەدەستهێنانی مافەكانی كورد وەستاند. گەورەترین كارەسات كە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەسەر كورددا هات بریتییبوو لە جەنگی یەكەمی جیهانی، ئەوەی بەشێك لە توندترین شەڕەكانی لەسەر خاكی كوردستان ڕوویانداو وێرانكارییەكی بێوێنەی بەسەر ناوچەكەدا هێناو خەڵكی ناوچەكەی تووشی كۆمەڵكوژییو قڕبوونێكی مەزن كرد، ئاكامی نەرێنیی ئەم جەنگە زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە هەر زوو پاش كۆتاییهاتنی، كۆمەڵگای كوردیی دووچاری ڕیالیتەیەكی تاڵاو دژواركردەوە. زلهێزە كۆلۆنیالیزمەكانی جیهان كە ئەو جەنگەیان بۆ دابەشكردنەوەی جیهان‌و دەستبەسەرداگرتنی خاكی گەلانی دی هەڵگیرساندبووە، بە كۆتاییهاتنی جەنگ لەناو كوردستاندا تەراتێنیان بوو، خوازیاری ڕەنگڕێژكردنەوەی سنووری ناوچەكەو لە قاڵبدانی بوون بەشێوەیەك لەگەڵا بەرژەوەندییەكانی خۆیان نەك گەلانی ناوچەكەدا بێتەوە.هەربۆیە قۆناغێكی ئەوتۆ هاتە پێش كە كوردی ناچاركرد بێ هیچ ئامادەییەكی مادییو مەعنەویی، بە ژێرخانێكی وێرانەوە، بە نەبوونی بژاردەیەكی هۆشیاری تۆكمەو چالاكەوە، بە خەڵكێكی تێكشكاوو وڕو كاسەوە لەگەڵ پیلانی زلهێزەكانی جیهاندا، بەتایبەت بەریتانیای مەزن، ڕووبەڕووبێتەوە.

لێرەدا خاڵێكی گرنگ هەیە، كە پێویستە ئاماژەی بۆ بكرێت، ئەویش ئەوەیە كە تا جەنگی یەكەمی جیهانیی، ململانێی گەلی كورد ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتە نیمچە دەرەبەگایەتییەكانی ناوچەكەو

ناڕاستەوخۆش لەگەڵ وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندیی سەرمایەدارییدا بوو. بەڵام دوای جەنگ راستەوخۆ کورد کەوتە بەر لولەی تۆپ‌و بۆمبای فرۆکە جەنگییەکانی ئەو دەوڵەتانە. دیارە ماوەی پاش جەنگ لە سۆنگەی تێکشاندنی دەوڵەتی عوسمانیی‌و لاوازیی دەوڵەتی قاجاریی، بۆشاییەکی لە ناوچەکەدا هێنابووە کایە ، ئەو بۆشاییەی کە ئەگەر بهاتایە کورد ئامادەیی باشی بۆ پڕکردنەوەی هەبووایە، ئەو دەمە بناغەی دەوڵەتی نەتەوەیی پێکدەهات‌و ئەو سەدە دزێوەی لەکۆڵ گەلی کورد دەکردەوە کە دەگونجێت بە "سەدەی کارەسات" ناوی ببرێت. ماوەی نێوان ئۆکتۆبەری ١٩١٨-ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ مەزنترین دەرفەت بوو، بەڵام ئەو ئامادەبیە لەو کاتەدا لەسەر ئاستی کوردستان بە گشتی نەبوو، جگە لە جوڵانەوەکە شێخ مەحمود کە هەر زوو لە لایەن بەریتانییەکانەوە کۆنترۆڵ کراو شێخیان بە برینداریی بەرەو هیندستان دوور خستەوە، هەروەها جوڵانەوەکەی سمکۆ لە رۆژئاوای ورمێ، کە هێشتا بە تەواویی گەڵاڵە نەببوو، ئەو دوو جوڵانەوەیەی کە تا ئەو کاتە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نەبوو، نەیاندەتوانی بچووکترین کاری هاوبەش بکەن‌و گەورەترین خاڵی لاوازیان ئەوەبوو کە لەبنەمایەکی ماددی بەهێز بێبەش بوون‌و سەرکردایەتییەکی لاوازی سونەتییان هەبوو کە نەیدەتوانی بۆ نموونە وەك مستەفا کەمال لە تورکیا، بە ئاراستەی تەوژمە مێژووییە جیهانییەکە هەنگاو بنێت.ئەوەش دەمانخاتە بەردەم راستییەکی مێژوویی کە دەگونجێت مەزنترین لەمپەری لەبەردەم دەرکەوتنی جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی هاوچەرخ لە کوردستاندا پێکهێناوە، ئەویش لەئەستۆگرتن‌و گرتنەخۆی خواستە نەتەوەییەکانە لەلایەن خێڵ‌و سەرکردایەتیی خێڵەکییەوە کە بە درێژایی مێژوو دووفاقییەکی مەترسیداریی لە خودی جوڵانەوەکەدا پێکهێناو خێڵەکییەتی سیاسیی هێنایە ئارا کە تا ئێستا نەتەوایەتیی کوردیی پێوەی دەناڵێنێت.

دواتر داڕێژەرەوانی نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەپاش جەنگ‌و رووخانی خەلافەتی عوسمانیی، خوازیاربوون‌و ئەوەیان لە بەرژەوەندیی ئابووریی‌و ئایندەیی سیستمی سەرمایەداریی دەبینی کە



پاش دابەشکردنی ناوچەکە بەسەر خۆیاندا، سنوورەکان بە شێوەیەکی وا بکێشنەوە کە راژە بە پێکهێنانی بازاڕێکی یەکگرتووو دەوڵەتێکی هاوچەرخی بەوشێوەیە بکات کە ئاسانکاریی بۆ بەڕێوەبردنی سیاسیی‌و ئابووریی بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی ئەوان بکات. هەربۆیە ئەوان لە پاش جەنگ تەنیا لەگەڵا ئەو جوڵانەوەو هەوڵانەدا بە جدیی مامەڵەیان کرد کە ئامانجێکی ئەوتۆی بۆ بەدیدەهێنان، بە تایبەتی پاڵپشتی بەریتانییەکان بۆ کودەتاکەی رەزاخان لە ئێران‌و هێنانی فەیسەڵ‌و لقێکی بنەماڵەی هاشمیی بۆ میسۆپۆتامیا بە نیازی داتاشینی وڵاتێك بە ناوی "عێراق"، دواتریش ئاوڕدانەوەی لە جوڵانەوەی کەمالیی‌و گۆڕینی رێکەوتننامەی سیڤەر بە لۆزان، پاش ئەوەی مستەفا کەمال بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی سەرمایەداریی لە تورکیادا سەلماندو دەستی لە ناوچەی موسڵی دەوڵەمەند بە نەوت بۆ هەڵگرتن.ئەوەش وای لەو زلهێزە خاوەن قودرەتە جیهانییانە کرد لەو کاتەوە تا ئێستا راستەوخۆ سەنگەر لە هەر هەوڵێکی جددیی کوردانە بگرن کە بۆ گۆڕینی هاوکێشە نادادپەروەرانەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێبکۆشێت، ئەو سەنگەرەی کە تەنیا بەرژەوەندیی ماددیی و قازانج ئاراستەکەرێتیی‌و پابەندی هیچ بەهایەکی ئەخلاقیی‌و ئینسانیی نەبووە.ئەوەی بە پاکتاوی رەگەزیی کورد لە باشووری کوردستان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە بیستەکانەوە دەستپێکردو دەستی بە پشتی وڵاتانی وەك تورکیاو ئێرانیش هێنا، کە هەمان رێگە بگرنەبەر و ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم، ساڵانی کارکردن‌و جێبەجێکردنی پرۆسەی پاکتاوکردن‌و تاوانەوەی گەلی کوردو سڕینەوەی ناوی کوردستان بوو، ئەو پرۆسەیەی کە تاکو ئێستا لە تورکیاو ئێران درێژەی هەیەو لە ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستانیشدا،لە سایەی بێئیرادەیی‌و خۆپەرستیی‌ودەستەپاچەیی سەرکردایەتیی سیاسیی کورددا بەردەوامە.

پێویستە لێرەدا دان بەو راستییەدا بنرێت کە شکستی تێکڕای ئەو جوڵانەوە کوردییانەی ماوەی نێوان ساڵانی جەنگ‌و سەرکەوتنی پرۆسەی بۆرجوای نەتەوەیی تەنگەتیلەی گەلانی ناوچەکە لە

دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی رۆژئاواگەرای خۆیاندا، کە هەریەك لەوانە بەشێکی کوردستانی بۆخۆی دابڕیبووو بە هاوکاریی دەوڵەتانی سەرمایەداریی رۆژئاوا چنگۆڵەیان بەسەردا گیرکردبوو،کاریگەرییەکی قووڵی لە دابڕینو دوورخستنەوەی بەشەکانی کوردستانو رێگرتن لە خەباتێکی نێوکۆیی کوردان هەبوو. لەوەش زیاتر لە ئاکامی شەتەکدانی بەشە جیاوازەکانی کوردستانو هەوڵدانی بۆرجوای نەتەوەی سەردەستی داگیرکەر بۆ بەستنەوەی هەر یەك لەو بەشانە بە ناوەندەوەو دامەزراندنی دەزگاکانی کارگێڕییو سەربازیی لە شارەکانی کوردستانو لەئاکامدا پەیدابوونی توێژی لە رووی چەندایەتییو چۆنایەتییەوە لاوازی وردە بۆرجوای کورد لە لایەك، هەروەها لە سایەی شێوازی شورەوییانەی چارەسەری کێشەی نەتەوەکانەوە کە خۆی لە دابینکردنی مافی ئۆتۆنۆمییدا دەبێنێتەوە، لەلایەکی ترەوە، وردە بۆرجوای لاوازی بێمتمانە بەخۆ کە پاش پاشەکشەی رێبەرایەتیی کلاسیکی نارێکخراوی کوردایەتیی، هەڵپەی بەدەستەوە گرتنی جڵەوی بزاڤی کوردایەتیی دەکرد، دروشمی سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی، شوێنی خۆی بۆ ئۆتۆنۆمییو لامەرکەزییو خودگەردانیی..هتد چۆڵکرد. شایەنی باسە وردە بۆرجوای کورد تاڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەدا بوون کە کوردیان داگیرکردبوو، ئەو پارتانەی لە دیدێکی هەلپەرستانەی چینایەتیی نەتەوەی سەردەستی خۆیانەوەو دواتر لە کڵاورۆژنەی بەرژەوەندییەکانی رۆژی یەکێتی شورەوییەوە لە کێشەی نەتەوەیی کوردیان دەڕوانی. شایەنی باسە یەکەمجار پارتی کۆمۆنیستی عێراق، دواتر حیزبی تودەی ئێرانو پاش هەموویان پارتی کرێکاری تورکیا دانیان بە کێشەی کوردو وردە مافێك لە دەوڵەتەکانیاندا ناوە، بێئەوەی دان بەو راستییەدا بنێن کە بوونی سوپای وڵاتانی ئەوان لە خاکی کوردستاندا شێوازی سوپایەکی داگیرکەرانەیەو سەربەخۆیی کوردستان گوورزێکە لە بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداریی جیهانیی قۆرخکار کە وەك زەرو لە رێگەی دەوڵەتە رۆژئاواگەراکانی داگیرکەرانی کوردستان، نەوتو



سامانی زۆرو زەوەندی ئەو وڵاتە بۆ خۆیان دەدزن. توندوتیژبوونی ململانێی نێوان هێزە راستڕەوە فاشیستەکانو هێزە چەپەکانی ئەو وڵاتانە لە ماوەی جەنگی ساردا، وایکرد کە هەر نارەزایەتییەك لەو وڵاتانەدا بە دژی چینی بۆرجوای کۆمپرادۆری فەرمانڕەوا، بەدژی هاوپەیمانەکانی پەیمانی بەغداو دواتر سەنتۆ، خۆی لە بەرەی چەپدا ببینێتەوەو ئومێدی بە کەمپی سۆشیالیستی بێت تا چاوێکی خێری لێ بێت. نەك هەر ئەوە بەڵکو لە هێندێك بەشی کوردستاندا بەشێکی مەزن لە خوێندەوارانولاوانی کورد بوونە کۆمۆنیستی عەیارە بیستو یەكو نەك هەر خوازیاری ئەوە بوون چیاکانی کوردستان بکەن پنتێکی کۆمۆنیستیی شۆڕشگێڕانە بە رووی رژێمە فاشیستەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو قسەکردنیان لە مافی نەتەوایەتیی کوردو سەربەخۆییو دەوڵەتی کوردییان پێ کفرێك بوو پاکبوونەوەی نەبێت. ئەوەش ئەو راستییە تاڵە دەگەیەنێت کە کوردان وەك هەر وڵاتێکی دیکەی جیهانی سێیەم نەیانتوانی چەپگەراییو ململانێی نێوان کەمپە خاوەن قودرەتەکانی جیهان بۆ قازانجی کێشە نەتەوایەتییە رەسەنەکەی خۆیان بقۆزنەوەو لەسایەی بەرنامەیەکی نەتەوەییو دیموکراتیی شۆڕشگێڕانەدا قۆناغ بە قۆناغ تا بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە رزگاریی کوردستانو دامەزراندنی دەسەڵاتی نەتەوایەتیی کوردیی هەنگاوبنێن. وەك ئەوەی ئەتاتورك لە تورکیا، یان تیتۆ لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو، یاخود ماو لە چین ئەنجامیاندا.ئەوانەی نەك تەنیا لەسەر گیانی جەنگاوەریی، بەڵکو لەسەر بنەمای سیاسەتو دیپلۆماسییش جوڵانەوەکانیان رێبەرایەتیی کرد.خاڵێکی هەرە گرنگ لەم رووەوە ئەوەیە کە بە درێژایی مێژووی جوڵانەوەی چەکدارانەی کورد لە کوردستان(بە تایبەتی لە باشوور کە هەر لە ئەیلولی ساڵی ۱۹٦۱وە دژی رژێمەکەی قاسم لە بەغدا دەستپێکردووە) لە ئاکامی نەبوونی سەرکردایەتییەکی ژیروخاوەن ستراتیژی روونو هەروەها بنەمایەکی راستیینەی پتەوی شۆڕشی چەکداریی، هێزە هەرێمییەکان خواستوویانە جڵەوی ئەو جوڵانەوەیە بگرنەدەستوبۆ بەرژەوەندییو قازانجە تەسکەکانی خۆیان بەکاری

بهێنن. لەو مەیدانەشدا، ئێران لە هەموو لایەك سەركەوتوانەتر ئەو رۆڵەی گێڕاوە، ئەو دەوڵەتەی چ لە شەستەكانو چ لەناوەڕاستی حەفتاكانو چ لە كۆتایی هەشتاكانیشدا ئاشی بەرژەوەندیی سیاسەتەكانی خۆی لە ناوچەكە بە خوێنی كورد دەگێڕا. لێرەشدا دەبێت رەخنەیەكی زۆر توند ئاراستەی سەركردایەتیی سیاسییو چەكداریی كورد بكرێت كە بەهۆی نەبوونی جیهانبینییەكی هاوچەرخو دیموكراتخوازانەو بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیی تەسكی شەخسییو حیزبیی و بنەماڵەیی خۆیان، بە ئاسانی كەوتبوونە نێو ئەو گەمە چروك و بێڕەونەقەوەو لە پێناو یەكلاكردنەوەی بەرژەوەندییەكانی سوریاو ئێرانو لیبیادا دۆزەخێكیان بۆ لاوانی كورد بەناوی "شەڕی براكوژییەوە" هەڵگیرساندبوو، ئەوەی هیچ زەمینەیەكی نەك بۆ هیچ كارێكی هاوبەشو هاوپەیمانیەتییەكی شۆڕشگێڕانە دژی بەرەی داگیركەران نەهێشتبووە، بەڵكو بۆ ماوەی چەندین ساڵا لە كوردستاندا جەنگی هەمووان دژی هەمووان بەڕێوە دەچوو، ئەو جەنگانەی هەموو هێڵێكی سوورو ستاندەرێكی خەتای تێدا بەزێندراو كاولكارییومالوێرانییو دووبەرەكییەكی قووڵی لەنێو كۆمەڵگای كوردییدا هێنایە كایەوەو تەنیا ئاوی بە ئاشی دوژمناندا كردو دەیان نەریتی ناشرینو قێزەونی وەك بازرگانی سیاسییو دیماگۆجییو ئۆپۆرتۆنیستییو دروشمبازییو خۆخستنە باوەشی دەزگا موخابەراتییە هەرێمییو نێودەوڵەتییەكانی لەنێو كورددا خولقاندو شوێنێكی بۆ عەقلانییەتو مۆراڵییەتی سیاسیی نەهێشتەوە. بە بڕوای ئێمە هەر ئەوەشە وایكردووە لە پاش ١٩ ساڵ لە راپەرینەكەی بەهاری ١٩٩١ەوە گەلی كورد بە تەواوی مانا خاوەن دەسەڵاتێكی یەكگرتووی نەتەوایەتیی ستراتیژ روون نەبێتو گەندەڵیی سیاسییو ئابووریو كۆمەڵایەتییو ئەخلاقیی تا بینەقاقا هاتبێتو نەتوانرێت زەمینەی بەستنی كۆنفرانسێكی راستینەی نەتەوەیی لەسەر ئاستی تەواوی كوردستان فەراهەم بكرێت، ئەوەی لەمپەرێكی هەرە مەزنی بەردەم ئایندەی نەتەوەییمانە، ئەوەی تەنیا لە رێگەی پرۆسەیەكی ژیراندنو مەدەنیكردنو هۆشیاركردنەوەی بەرفراوانی جەماوەرییو هاتنەكایەی مۆدێلی رێبەرایەتییەكی دیموكراتیی هاوچەرخی ژیرودڵسۆز دەتوانرێت بەسەریدا زاڵ بین، كە ئەركێكی سەختو فرە ئاڵۆزە.



## ئێران و هەوڵێكی سەرنەكەوتوو بۆ دامەزراندنی حزبێكی ئیسلامی لە باشووری كوردستان

كاتێك لەساڵی ١٩٨٧ سوپای پاسداران و فەرماندەیی قەرارگای رەمەزان ویستیان لەباشووری كوردستان بەرەی شەڕ بەدژی دەوڵەتی عێراق گەرم بكەن و تینوتاوێك بە جەنگ بدەنەوەو هەوڵی پەرتەوازەكردن و راكێشانی چەند فیرقەیەكی لەشكری عێراق بدەن تاكو لەباشوورەوە بەرەو باكوور بكشێ و كەمێك فشار لەسەر بەرەی باشوور كەمبێتەوە، هەروەها شەڕی خۆیان لەدژی ئۆپۆزسیۆنی كوردی ئێران لەسنورەكانی سەردەشت-قەڵادزێ پەرە پێبدەن، پلانێكی نوێیان بۆ جەنگ لەكوردستان بەڕێوەبرد كە (جنگ غیر منظم ) ی پێدەگوترێت، ئەویش كردنەوەی بەرەی شەڕی پارتیزانییە بەچاوساغیی هێزە كوردییەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق، لەو رووەشەوە دەبوو بەرەیەك لەشەڕ لەناوچەی قەڵادزێ بكەنەوەو بۆئەوەش ویستیان سوود لەخەڵكی ناوچەكەش وەرگرن و هەستان پەیوەندییان كرد بەمەلایەكی بەناوبانگی شاری قەلادزێ، ئاغای جەعفەر رەحیمی فەرماندەی قەرارگاو نوێنەرێكی وەزارەتی بەرگریی لەگەڵ ئەو مەلایە دانیشتن و داوایان لێكرد ئەگەر لەو مەبەستەدا هاوكارییان بكات ئەوا لەبەرامبەردا ئامادەن پارتێكی ئیسلامیی بۆ دابمەزرێنن و هەموو پێویستییەكانی وەك چەك و جبەخانەو تەقەمەنی بۆ دابین بكەن و بڕی یەك ملیۆن ١٠٠٠٠٠٠ دیناری عێراقی پێشەكیی بدەنێ و شەش نوسینگەشی هەر لەمەریوانەوە تا خانێ بۆ بكەنەوەو ڤێلایەكی گەورەشی لە شاری ورمێ پێ بدەن و چەندین شتی تریش! ئەو مەلایە ئامادە نەبوو بچێتە ژێر بارو بیرۆكەی راپەرین و گرتنی قەڵادزەی رەتكردەوە! لێرەدا جگە لەوەی گرنگە كە ئەگەر قەڵادزە بكرایەتە ئامانجی پەلامارێكی ئێرانی-كوردیی چ كارەساتێك بەسەر خەڵكەكەیدا دەهات! ئەوەش گرنگە كە ئەگەر ئەو مەلایە ئامادەی هاوكاریی و دامەزراندنی پارتێكی ئیسلامیی بووایە، بێگومان ئێستا ژمارەیەكی زۆر كوڕی كوردی بەناوی پاراستنی ئیسلام و رێبازی محەمەدەوە، بەخۆڕایی و بۆ قازانجی ئێرانییەكان، بەكوشتدابوو! جگە لەوەی لەپەیڕەوی حیزبیشدا دەنووسرا : كە پارتی فلانی ئیسلامیی لەهەلومەرجێكی مێژوویی پێویست و پڕ زەرورەتدا بۆ گەیاندنی پەیامە پیرۆزەكەی ئیسلام دامەزراوەو دوور نییە لە لیستی خانەنشینانی (خەباتگێرانی شاخ) یشدا وەك ئەوانی تر سەدان كەسیان بە عەقید و فەریق بۆ بەخێوكردنایە!!

## با بەدەستی خۆمان دیکتاتۆر بۆ خۆمان دانەتاشین!•

نامانەوێت بەدرێژیی قسە لە گرنگیی و بایەخیی بوونی دەستوور لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی هەر وڵات و دەسەڵاتێكدا بكەین ، بە تایبەت بۆ دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان كە هەژدە ساڵە بێ دەستوورێكی دیموكراتیك و لە سایەی رژێمێكی دەبڵ ئۆتۆكراسییەوە، كیسەڵانە خۆی دەكێشێت. هێندە بەسە كە بەر لە دەیەیەك و لە توێژینەوەیەكماندا كە بە ناونیشانی " گەلی كوردو بزاڤی مەشرووتەخوازیی لە ئێران "كە كراوەتە كتێب ، گوتەیەكی (جۆن ئادەمز) مان كردۆتە دەستپێكی كتێبەكە كە دەڵێت " دەستوور تەنیا بنەما و سەرچاوەی دەسەڵاتە لە وڵاتە ئازادەكان دا " .

بۆ هەمووان ئاشكرایە، كە چۆن بە خواستی سەرۆكی تا ئەمڕۆی هەرێم، پەرلەمانە وادەبەسەرچووەكە لە سەر بنەمای ئەو پەندە كوردییەی كە دەڵێت " ئا بەم ناوەختە تەمەڵ بە جەختە"، بێ ئەوەی لە دەمی ماوەی شەرعیی و یاسایی خۆیدا بە شێوەیەكی شیاو و دروست كە شایەنی پرسێكی هەستیارو مەزنی وەك دەستوورە، بۆ بەدەستوورییكردنی دەسەڵاتی لا یوسئەلی هەرێمی كوردستان تێبكۆشێت ، كەچی لە ناوەختدا و هەموو چەند رۆژێكمان لەبەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێدا ماوە ، ئاوا بەو پەلەپروزێیە و لە ماوەی یەك دوو رۆژدا، دەستورێكی رەنگ زەرد و هەڵكرۆزاویان بێ ئاگاداریی وراوێژو گەنگەشەی نەك هەر خەڵك و چینوتوێژە جیاوازەكانی كوردستان ، بەڵكو تەنانەت ئەندام پەرلەمانەكان خۆشیان، بە شێوەیەكی چاوبەستەگیی و بروسكئاسا تێپەڕاند.
دیارە ئێمە وەك مێژوونووسێكی كورد و بایەخدار بەو پرسە هەستیار و مەترسیدارە ئەو جۆرە كارەی ئەنجومەنەكەی كوردستانمان كە زۆر درەنگ نێوی خۆی بۆ پەرلەمان گۆڕیی، پێ سەیرو سەمەرە نەبووە و نییە ، چونكە هەر لە چوار ساڵ لەمەوبەرەوە و بەر لە یەكەمین

• ئەم وتارە لە ٧ی ئوتی ٢٠٠٩دا لەساتی كوردستانپۆست دا، بڵاوكراوەتەوە.



كۆبوونەوەی ئەندامەكانی ئەو ئەنجوومەنە، لە ژمارە ٣ ی هەفتەنامەی دەنگ لە ٣ی مایۆی ٢٠٠٥ راشكاوانە رامانگەیاندبوو، كە ئەندامانی ئەنجوومەن لەگەڵ رێزم بۆ هەڵوێستی چەند دانەیەكیان- نوێنەری خەڵك نابن و ئەوانە كادرە پلە خوارەوەكانی هەردوو زلحیزبەكەی كوردستانن و چەپكە گوڵی دەستی مەكتەب سیاسیەكانن و بۆ بەڕێكردنی ویستی ئەوان نەك میللەت كۆدەكرێنەوە و دەستیان پێ بەرزو نەوی دەكەن ، هەر بۆیە ناتوانن نوێنەری راستینەی ماف و بەرژەوەندییەكانی گەلەكەیان بن (بۆ راست دەرچوونی ئەم پێشبینییە ئاسانە یەك لەو ئەندامانە رەپوراست ئەوەی راگەیاند كە نوێنەری حیزبە و هی گەل نیە ، ئەوی دیكەیان گوتی : نە ئاگام لە دەستوورە و نە لە هیچ مەسەلەیەكی دیكەی بایەخداری وەك گرێبەستە نەوتییەكان ئاگادارم، بەرێز كاك رێبین هەردیش بەو دواییە لە هەفتەنامەی ئاوێنەدا ،پەرلەمانی بە بوكە شوشە ناوبردووە ،بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدات كە بوكەشوشە لانی كەم دڵی منداڵان خۆشدەكات!!

هەروەها پێشمان عەنتیكە نییە، كە دەستوورەكە (وما ادراك ما الدستور) بەو هەڵكرۆزاوییە یان راستر ئەتككراوییە ، بەو شێوەیە لە غەفڵەتی هەرای دەستپێكردنی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنەكاندا، بروسكئاسا تێیپەڕێنن ، چونكە بەر لە سێ ساڵ لەمەوبەر لە چاوپێكەوتنێكماندا بۆ گۆڤاری لڤین گوتبوومان پێدەچێت ئەم دەستوورە حیسابی پاشەڕۆژی كوردو ئایندەیەكی رۆشن و پرشنگداری بۆ نەوەكانی داهاتوو نەكردبێت و لەبنەڕەتدا هەر كاڵایەك بێت بۆ بەری حەزرەتی سەرۆكی هەرێمی حازریی دورابێت !! هەروەها سەبارەت بە سەلاحییەتەكانی سەرۆكی هەرێم لە رەشنووسەكەی پێشوودا، گوتبوومان كە هەمان ئەو سەلاحییەتانەن كە دەستووری ئێرانی بۆ (وەلی فەقیە /نوێنەری ئیمامی زەمان عجل الله فرجه الشریف) ی داناوە و سەرۆكی حكومەتیش لە باشترین حاڵەتدا دەبێتە سكرتێری سەرۆكی هەرێم !! بەوەش ئەو رەشنووسە لەگەڵ دەستووری عێراق و سیستمە پەرلەمانییەكەیدا -كە هەرێمی كوردستان سەر بەوێیە- ناكۆك و ناتەبایە.

هەربۆیەپاش وردبوونەوەمان لە نێوەرۆکی دەستوورە هەڵکڕوزێنراوەکە ، دەبێت بگوترێت :" هەزار رەحمەت لە رەشنووسی دەستووری هەوەڵی " چونکە ئەمەی دواییان بە قودرەتی حیزبۆکراتەکان زێدەکاریی ئەوتۆی تێدا کراوە کە تایبەتمەندییەکی دواکەوتووانەتری پێبەخشیوە و رەنگ زەردتری کردووە ، دەرپەڕاندن و تێپەڕاندنەکەشی بەو شێوەیەی دیترا دەستوورەکەی لای زۆربەی چین و توێژەکانی خەڵك ناکام کرد، بەچەشنێك جگە لە بلوێربەدەستەکانی چینی دەسەڵاتدار، کەسمان نەبینی پیایدا هەڵبدات.
بەڕێزان ئێمە وەك بایەخدارێك رایدەگەیەنین کە ئەم تەرزە دەستوورە و دەنگدانی گشتیی بۆی، زەمینەخۆشکەرە تا رژێمی دەسەڵاتداریی لە کوردستان لە رژێمێکی دەبڵ ئۆتۆکراسیی نادەستوورییەوە بەرەو رژێمێکی (دیکتاکراسی) دەستووریی بەرێت ، ئەو رژێمەی دژی دیمۆکراسیی راستەقینە و حوکمی گەلە و رێگە لە هاتنەکایەی پەرلەمانێکی گەلیی بەهێز و خاوەن ئیرادە وبڕیار دەگرێت و وەك قۆناغی یەکەمی ژیانی دەوڵەتی تورکیا زەمینە بۆ تاکێك دەرەخسێنێت تا وەك ئەتاکوردێك خۆیمان بەسەردا بسەپێنێت و حوکمێکی رەها لە پشتی چەند دەزگایەکی بێ نێوەرۆکی بێئیرادەوە بەڕێوەبەرێت . ئەوجا پاش چەندساڵێك تاکی کورد پەنجەی پەشیمانی بگەزن و شاعیرێکی کوردیش (علم و دستور و مجلس امة كل عن المعنى الصحيح محرف) کەی جەواهرییمان بە کوردیی بۆ لێبداتەوە و سەردێڕەکەی بەوە دەستپێبکات (ئاڵا و دەستوور و پەرلەمان پوچ وچروك و بێمانان!! (
بە پێچەوانەی هێندێکەوە کە لە هەموو حاڵەتەکاندا دەستوور بە دەستکەوتێکی ئەرێنی دەبینن و دەیانەوێت خەڵکی بەم دەستوورە هەڵکڕوزاوە چەواشە بکەن ، ئەز پێم وایە نەبوونی دەستوور لەم هەرێمە، باشترە لە بوونی دەستوورێك، کە زەمینەخۆشکەری دیکتاکراسیی و خۆسەپێنی تاکێك بێت بە هەر ناوێکەوە ، نموونەشمان جیاوازیی نێوان بەریتانیایەکی دیموکراتیکی بێ دەستوور و رژێمی بەعسیی پێشووی خاوەن دەستووری کاتیی یاخود ئێرانێکی ئەمڕۆی جەمهوریی ئیسلامیی خاوەن دەستووری هەمیشەییە ، تکایە ئەگەر



بڕیارە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەستووریزە بکرێت با دەستوورێکمان هەبێت گەل بکاتە سەرچاوەی دەسەڵات و بڕیار ، با هەڵهێنجراوی نموونەی وڵاتە ئازاد و مرۆڤدۆستەکان بێت و لاسایی سۆماڵ و سودان و ئێران نەکەینەوە و چەواشەکارانە ئیرادە و بەرژەوەندیی تەواوی چین و توێژەکانی ئیستا و ئایندەی گەلەکەمان زیندەبەچاڵ نەکەین.
لە کۆتاییدا ئێمە وەك مێژوونووسێکی دیمۆکراتیکی کورد کە هیوامان ئایندەیەکی گەشاوەیە بۆ نەوەی داهاتوو و ئاسەوارە نەرێنییەکانی ملهوڕیی و خۆسەپێنی لە مێژوودا زۆر بە باشیی درك پێدەکەین ، وەك هەڵوێستێکی مێژوویی رایدەگەیەنیین کە هەرگیز ئەم دەستوورە هەڵکڕوزاوەمان لا پەسەند نیە کە نوێنەرانی لە مێژوو بێدەربەستی ئیرادەی حیزب لە ناوەخت و غەفڵەتدا دەریانپەڕاند و داواش لە هەر تاکێکی هۆشیارو دڵسۆزی کورد دەکەین نێوەرۆکی نادیمۆکراتی راستەقینەی ئەو دەستوورە درك بکەن و ئەو راستییە بزانن کەوا لە ئێران و تورکیا خەبات بۆ دیمۆکراتیزەکردنی راستەقینە و هەموارکردنی دەستوور و گسکلێدانی وەلی فەقیە و هەڵگرتنی پەیکەرەکانی ئەتاتورك لە گەرمەیدایە و سەردەمی کارێزمای نەتەوەیی و سەرکردەی پیرۆزی ئایینیی بەسەرچووە، داخۆ بۆچی ئێمە لەم کۆتایی دەیەی سەدەی بیستو یەکەدا بە دەستی خۆمان زەمینە بۆ سەپاندنی ئەبەد ئەلدەهری ئەتاکوردێکی تاکڕەو و روحوڵلایەکی مرۆڤچەپێن خۆشبکەین و پایەی دەستوور بەخواریی بنیادبنێین بە شێوەیەك راستکردنەوەی مەحاڵ بێت!! باشەئەوە هەر سەرۆکی هەریم خۆی نەبوو کە کاتێك سەردانی مامۆستایانی زانکۆی دهۆکی کرد و ژنەمامۆستایەك پێشنیاری ئەوەی خستە بەردەم بەرپرسانی زانکۆ کە بۆ رێزگرتن لە نووسینە مێژووییەکانی سەرۆك با بڕوانامەی دکتۆرای بدرێتێ! سەرۆکیش مەردانە دەمی دایەوە و جوانترین گوتەی تەمەنی خۆی راگەیاند و گوتی:"دانیشن ، بۆچی بەدەستی خۆتان دکتاتۆر بۆ خۆتان دروست دەکەن؟!" ئێستا چی قەوماوە وا بە پەلە دەستورێکی دکتاتۆرخولقێن بۆ بەردەم رای گەل فڕێ دەدەن! باشە هەر نەبن بە

دەسەڵاتدارە چاوڕەشەکانی بەغدا نەبن کە هاتنە شار بە شاری کوردستان و پرسی رەشنووسی دەستووریان لەگەڵ مامۆستایان و رۆشنبیران تاوتوێ کرد ، بەندە یەکێك بوو لەوانەی کە لە هۆڵی پارێزگاری سلێمانی و بە ئامادەبوونی پارێزگار خۆی ،یەکەمین کەس بووین چەند رەخنەیەکی توندمان لە دەستووری عێراقی گرت و ئەوانەی لەوێ بوون شایەتن و ئێستا دەزانن کە ئەو رەخنانەی ئەو دەمە چەندە راست و گونجاو بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەسەلەی دەستوورەکەی لەمەڕ خۆمان لە دوو ئەگەر تێناپەڕێت ، یان پیلانێکی دەسەڵاتدارانە بۆ سەپاندنی سیستمێکی دیکتاتۆریی و وەڵامدانەیەکی ملکەچانەیە بۆ خواستی سەرۆکی حازری! یاخود دەسەڵاتداران چینوتوێژەکانی کۆمەڵ بە مێگەل و قاسیر دەزانن و پێیان وایە شایەنی راوێژکاریی نین ! ئەوەش دەکاتە ئەوەی وەك دەڵێن کە عوزر لە تاوان قەباحەت تر بێت !

ئێستا لە ئەگەری رازیبوونی کۆمسیۆنی باڵا بۆئەوەی ئەم دەستوورە هەڵکوڕوزێنراوە لە ٢٥ی ئەم مانگەدا بخرێتە بەر راپرسیی تەنیا ئەوە ماوە کە تەواوی رۆشنبیران و دیمۆکراتخوازانی دڵسۆزی کورد کەمپینێکی دژایەتیی لە پێناو شکستپێهێنانیدا لەئاست راگەیەنن ، بەتایبەت ئەمڕۆ پاش هەژدە ساڵ لە راپەڕینە سورەکەی ساڵی ١٩٩١ کە دەستی رژێمی بەعسی لە کوردستان قرتاند ، رابوونێکی جەماوەریی دەستی پێکردووە و بەرە ئەوە هەنگاو دەنێت کە ببێتە (راپەڕینێکی سپیی) مەدەنیانە و شارستانییانە دژ بە گەندەڵیی و کەلتوری بەعسیانەی فەرمانڕەوایەتیی و لە پێناو هێنانەکایەی پەرلەمانێکی ئەکتیڤ و خاوەن ئیرادەی راستەقینە و بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز و فەزایەکی سیاسیی و ئابوورییەکی ئازاد و کۆمەڵگایەکی دادپەروەر یەکەمین هەنگاوی خۆی بهاوێژێت.



## دەسەڵاتی چاك، دەسەڵاتی خراپ•

ئەگەر پاشاکان بچنە گوندێکەوە گەندەڵکاریی تێدا دەکەن و خەڵکە بەڕێزو نەجیبەکەی رسواو زەلیل دەکەن و هەرواش دەکەن"

ئایەتی ٣٣ لە سورەتی مێروولە

"رەعییەت بە چاکەکاریی والی چاك دەبێت و بە گەندەڵکاریی والیش گەندەڵ دەبێت"

خەلیفە وەلیدی کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك

"ئەگەر دادپەروەریی نەبێت دەسەڵاتدارەکان چین جگە لە جەردەو باندە گەورەکانی تاڵان "

قەشە ئۆگستین

ناونیشانی ئەم وتارە، ناوی تابلۆیەکە کە لەلایەن نیگارکێشی ئیتالیی "ئامبرۆگیۆ لۆرێنزێتی "Ambrogio Lorenzetti یەوە لەنێوان سالانی ١٣٣٧ بۆ ١٣٣٩دا، لەسەر سێ دیواری شاری سێینا""Saina لە ئیتاڵیا کێشاویەتی. ئامانجی سەرەکیی ئەم تابلۆیە، پێشاندانی کاریگەریی مەزنی جۆری فەرمانڕەوایەتیی و ئاکاری فەرمانڕەواکانە لەسەر ژیانی خەڵك و رەوشی کۆمەڵگا. لە بەشێکی تابلۆکەدا، کە هێمایە بۆ دەسەڵاتێکی چاك، فەرمانڕەوایەکی شکۆمەند دەبینین کە بەرگێکی جوانی پۆشیوەو لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتووەو چەند کەسێکی بەدەورەوەیە، کە هێمان بۆ فەزیلەتە مەزنەکانی وەك دادپەروەریی، ژیریی، بوێریی، بەخشندەیی..هتد، کەمێك لەخوار ئەوانەوە، کۆمەڵە خەڵکێك وەستاون کە گوریسێکی درێژیان بەدەوردا هاتووە، کە بە مەچەکی فەرمانڕەواکەوە بەستراوە کە هێمایە بۆ

• ئەم وتارە لە ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١٢ لەسایتی کوردستانپۆست دا بڵاوکراوەتەوە.

هاوبەستەگیی و پەیوەندیی ئۆرگانیی نێوان دەسەڵاتدارو خەڵك، ئەو پەیوەندییەی کەلەم تابلۆیەدا بەئاشکرا کاریگەریی ئەرێیی بەسەر ژیانی خەڵکی شارو لادێ وە روونکراوەتەوە، بەوەی



پیشەگەرەکان خەریکی کاری رۆژانەی خۆیانن، ئەشرافەکانی شار بە گالیسکە قەشەنگەکانیانەوە لە هاتوچۆدان، بارزرگانان بازاڕیان گەرمەو بە مامەڵەوە سەرقاڵن، لاوان بەگوڕو تینێکی زۆرەوە خەریکی چالاکیی ژیانن، ژنانی لادێ رێکپۆشن و بەرازەوانەکان بەرازی خرپن دەنێرنە شار بۆ فرۆشتن، جووتیارانیش خەریکی دروێنەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیانن، ئەم بەشەی تابلۆکە بە فیگەرێکی باڵدارەوە هەڵواسراوە کە هێمایە بۆ فریشتەی دڵنیاییو ئاراامییو ئاسایشی راستیینە.

لە بەشەکەی دیکەی تابلۆکەدا کە هێمایە بۆ دەسەڵاتێکی خراپ، فەرمانڕەوایەکی بەدفەساڵی تۆقێنەر دەبینین، بە چەند کەسێك دەورەدراوە، کە هێمان بۆ پارەپەرستیی و لوتبەرزیی و دڵڕەقیی، لەم تابلۆیەدا شار لەژێر داگیرکاریی سەربازییدایەو دێهاتەکان وێران و بێبەرهەموو چۆڵ و خاپوورە، تۆقاندن و تیرۆر باڵی بەسەر سەرجەم



وڵاتدا کێشاوە. ئەم بەشەی تابلۆکە لەلایەن فیگەری ترسەوە هەڵگیراوە کە لەژێریدا نووسراوە:" لەبەرئەوەی هەرکەسەو بەدوای قازانجی خۆیەوەیەتی، لەم شارەدا دادپەروەریی کەوتۆتە بەر زۆرداریی بۆیە کەس بێترس لەژیانی خۆی بەم رێگایەدا تێناپەڕێت، لەبەرئەوەی لە دەرەوەو ناوەوەی دەروازەی شاردا تاڵانیی هەیە".

لەڕاستییدا باوترین پێناسە بۆ گەندەڵیی بریتیە لە " بەکارهێنانی دەسەڵاتی فەرمی و پۆستی حکومی بۆ قازانجی تایبەت و شەخسیی" هەربۆیە بەمەش دەتوانین بڵێن کە مێژووی گەندەڵیی بە مێژووی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسییەوە بەستراوە، بگرە هەندێك کەسی وەك "لۆرد ئەکتۆن" خودی دەسەڵاتی سیاسیی بە سەرچاوەو دایەنمۆی گەندەڵیی دەزانن کاتێك وتوویەتی " هەموو دەسەڵاتێك گەندەڵکارە، دەسەڵاتی رەهاش گەندەڵکارییەکی رەهایە". ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر راستە، چونکە رەوشتە نەرێییەکانی تاك وەك " دزیی، درۆزنیی، چروکیی، هەلپەرستیی، دووزمانیی..هتد هەمیشە وەك تایبەتمەندی تاك دەمێننەوەو ناچنە خانەی گەندەڵییەوە، جگەلەوەی کە جۆرەکانی گەندەڵیی، هەر لە گەندەڵی بچووکەوە کە خۆی لە وردە بەرتیل و بردنەوەی هەندێك کەلوپەلی فەرمانگە بۆ ماڵەوەو خۆدزینەوە لەکارو بەفیڕۆدانی کات و درەنگ چوونەسەرکار..هتد تا گەندەڵی مەزن کە دەکاتە ئاستی تاوانی سیستماتیکی نیشتیمانی وەك : دزینی بودجە، جامبازیی و دەڵاڵیی بۆ کۆمپانیا بیانییەکان و هەراجکردنی سامانی نیشتیمانیی، ئەنجامدانی تەزویرو ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا، پارەو پۆستبەخشینەوە بەخەڵکی ناشایستە لەسەر حسابی خزمایەتیی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، بازرگانییکردنی سیاسەتکارەکان و دەستبەسەرداگرتنی پرۆژە ئابوورییەکان و پشکدارییان لە پرۆژەکانی کەرتی تایبەت، رێگرتن لە دامەزراوەییکردنی راستیینەی دەزگاکان و چەسپاندنی عەدالەت لە دادگاکان و ئاراستەکردنی سیاسەت و کارگێڕیی و بەڕێوەبەرایەتیی بۆ قازانجی حیزبی و بنەماڵەیی و خێڵەکیی لەدەرەوەی قازانجی گەلو کۆمەڵگادا، واتە هەموو گەندەڵییە

سیاسیی و ئابووریی و دارایی و کارگێڕییەکان، لە خودی دەسەڵات و حکومەت و دەسەڵاتدارانەوە سەرچاوەدەگرن.

جەمالەدینی ئەفغانی رووی کردۆتە خەڵك و وتویەتی" فەرمانڕەواکانتان چۆن بن و چۆنتان بەرێوەبەرن، ئێوەش ئاوا دەردەچن". لەڕاستییدا گەندەڵیی لە بنەڕەتدا زادەی ستەمکاریی دەسەڵاتی سیاسیی و پووچەڵی مۆراڵیی سیمبوڵەکانێتی، ئەو سیستمە ستەمکارەی وەك عەبدولڕەحمان ئەلکەواکبی لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا " سروشتەکانی ستەمکاریی" دەڵێت کە دەردێکی گڵاوە، لە هەموو پەتایەك کوشندەترە، لە ئاگر ترسناکترە، لە لافاو وێرانکەرترە، عەقڵ پەك دەخات، هۆش و بیر تێکدەدات، بینایی لێڵدەکا، لاوان هێرۆ وێڵ دەکا، پیاو دەخەسێنێ، جەستە دەتەزێنێ، چاکان پەڕو باڵ دەکا، بەدکار کلاولار دەکا، پیت و فەڕ باردەکا، پیشەوەر بێکار دەکا، رەنگی رووخسار زەرد دەکا، دڵان چەشنی بەرد دەکا، هەموو شت دەشێوێنێ، دنیا تاریك دەنوێنێ، ورە دادەبەزێنێ، متمانە ناهێڵێ، خەڵك چەواشە دەکا، مرۆڤ سست دەکا، کۆمەڵگا پەست دەکا، درۆو دووڕوویی و فێڵو زەلیلیی برەو پێدەدا، راستگۆیی و پیاوەتیی لەنێودەبات، گەندەڵیی بەنێو هەر کوچەو کۆلان و ماڵێدا دەکا، لەپێشدا ماڵەکانی چینەکانی سەرەوەو دواتر چینەکانی خوارەوەش چاو لەوان دەکەن. نە نارەزایەتیی، نە رەخنەی جیددیی، نە ئاشکراکردنی راستییەکان، بەڵکو بێدەنگیی و داپۆشینی کەموکورتییەکان. ئەم جۆرە سیستمە سێبەری نەزان و ناپاکان و کوڕی رۆژو پاشەڵپیس و چەپڵەکێشانە، دوژمنی قەستەسەری زاناو خەڵکانی رێزدارو خاوەن ویژدانە. هەوڵدەدات خەڵك بە مۆراڵی خۆی پەروەردە بکات و وایان لێبکات پەی بە هۆکاری داماویی و نەهامەتیی خۆیان نەبەن، پیاهەڵدەرە ماستاوچییەکانیان بۆ داماڵینی بەرپرسیارێتیی لە ئەستۆی ستەمکارانی سیستمەکە کاردەکەن و ئۆباڵەکەی یان دەیخەنە ئەستۆی قەزاوقەدەر، یاخود دەیکەنە ملی رەشەخەڵکی هەژارو چەواشەکراوی قوڕبەسەر.بەڵام ئایا تاکەی ئەم کارەیان بەم شێوەیە بۆ دەچێتەسەر؟



بەهاو ئاکاری سەرکردەو فۆرمی دەسەڵاتەکان مۆرێکی بنچینەیی لە سیستمی بەهای کۆمەڵگا دەدەن. یەك لە پەندە ئینگلیزییەکان دەڵێت: "What Manchester say today, the rest of England says it tomorrow" واتە: ئەوەی ئەمڕۆ مانچستەر دەیڵێت، تەواوی ئینگلیز سبەینێ دەیڵێن. هەروەها کام لە ئێمە ئەو چیرۆکەمان لەبیر نییە کە سەبارەت بە پاشای فەرەنسا"لویسی چواردەیەم" وە دەگێڕێتەوە، کاتێك لویس لە شەوی ئاهەنگێکدا لە کۆشکەکەیەوە بەرەو لای میوانەکانی دەڕوات و بەهۆی بارینی بارانەوە دەرلنگی پانتۆڵەکەی هەڵدەکات، کە دەگاتە ئاهەنگەکە لەبیری دەچێت قەراغی پانتۆڵەکەی دابداتەوە، هەربۆیە بۆ سبەی شەو تەواوی ئاهەنگێڕان بە مۆدێلەکەی لویس پانتۆڵەکانیان کورت دەکەنەوەو لێرەوە مۆدێلی فەرەنسیی پانتۆڵ داکەوت کە تەنانەت دوای دوو سەدەش لەکاتی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن نازییەکانەوە، هێتلەر بەو هەموو زەبرو زەنگەوە نەیتوانی ئەو مۆدێلە بسڕێتەوە.

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە مێژوویەکی دێرینی لە سایەی دیسپۆتیزمی رۆژهەڵاتییدا بردۆتەسەر، ئەو سیستمەی کە تێیدا "خوداو سەرکردەو مەملەکەت"سێکوچکەی دەسەڵاتێکی رەهای ملهوڕی خۆبەپیرۆززانی توندوتیژو تۆقێنەری هێناوەتەبەر، ناکرێت رۆڵی سەرکردە هەروا بە ئاسانیی تەماشابکرێت، ناکرێت لە پرۆسەی مێژوویی ناکامی گەلان و کۆمەڵانی خەڵکدا مەزنترین ئۆباڵ نەخرێتە ئەستۆی فەرمانڕەواو دەسەڵاتداران، ئەوانەی گەر بەد بووبێتن ئەوا تەواوی کایەکانی کۆمەڵگایان بە بەدکاریی خۆیانەوە گیرۆدە کردووەو گەر چاك و دادپەروەریش بووبێتن، ئەوا سەردەمێکی زێڕیینیان بۆ خەڵکو کۆمەڵگاکەیان هێناوەتەدی.

بەڕاستیی مێژووی کۆن و نوێی ناوچەکە ئەم راستییە روونەی سەلماندووە، لە مێژووی ئیسلامییدا، کاتێك باس لە سەردەمی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی دەکرێت، کە والییەکی ستەمکارو تۆقێنەری ئەمەویی بوو لە عێراق، باس لەوە دەکرێت، کە رۆژانە خەڵکی

یەکتریان دەبینی پێش هەموو شت هەواڵی ئەوەیان لەیەکتر دەپرسیی کە دوێنێ کێ کوژراوە؟ کێ گیراوە؟ کێ هەڵواسراوەو کێ تێیهەڵدراوە؟!! هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك، چونکە خۆی خەلیفەیەك بوو حەزی بە بێستانداریی و باغو باغات دەکرد، لە سەردەمی ئەودا قسەی سەرزاری خەڵکی ئەوەبوو کە چ باغێکی نوێ بنیاتنراوە؟ چ کارێزێکی نوێ هەڵکەندراوە؟و کام داری نوێ چێندراوە. هەروەها لەسەردەمی سلێمانی برای، چونکە ناوبراو ئارەزوبازێکی عەجایب بوو، خەریکی بەزمی مەینۆشی و عاشقی کەنیزەکی باڵابەرزو گۆنائاڵ بوو، بازاڕی کەنیزەك لە سەراسەری جیهانی ئیسلامییدا گەرم ببوو، خەڵکەکەش سەرقاڵی عەیشونۆش و کەنیزەکبازیی بوون. ئەو دەورانە لەسەردەمی خەلیفەی دادپەروەرو خواناس عومەری کوری عەبدولعەزیزدا بەشێوەیەك وەرچەرخا کە دەتگوت ئەو خەڵکە هیچ کات ئەوانەی پێشوو نەبوون، چونکە لە هەرلا باس باسی لەبەرکردنی قورئان و بەرۆژووبوون و شەونوێژو عیبادەت بوو. لێرەشەوە تێدەگەین کە عەرەب بەخۆڕایی لەوبارەیەوە پەندی نەهۆنیوەتەوە کە دەڵێن" خەڵك لەسەر ئاینی پاشاکانێتی"یان "ماسی لە سەرێوە بۆگەن دەبێت " یان " گەر باوك لە ماڵ کەوتە تەپڵلێدان لۆمەی منداڵانی مەکە لە بادان ."

گەر تەماشای مێژووی ئێرانیش بکەین باشترین نموونە لەم رووە هەردوو سەردەمی نادرشای ئەفشار(١٧٣٦-١٧٤٧) و کەریم خانی زەندە(١٧٥٥٠-١٧٧٩). لەبەرئەوەی یەکەمیان دزێکی پەتیی و ناکەسبەچەیەکی خوێنرێژو پارەپەرست بوو، سەردەمەکەی تێکڕا شەڕو شۆڕو تاڵانیی و نائارامیی و برسێتیی و نەهامەتیی بوو، بەجۆرێك کۆمەڵانی خەڵك بە لێشاو ئێرانیان چۆڵدەکرد. کەچی پاش چەند ساڵێکی کەم و لەسایەی کەریم خاندا کە مرۆڤێکی خانەدان و دادپەروەرو چاوتێر بوو، ئێران بووە نموونەی ئارامیی و بوژانەوەو نەك خەڵکە راکردووەکەی پێشوو گەڕانەوە، بەڵکو بێگانەکانیش روویان لە ئێران دەکرد، کە هێندێك لەوانە ئەوروپیی بوون و لە



یاداشتەکانیاندا باسیان لە تایبەتمەندیی چاکەکاریی و دادپەروەریی ناوبراو کردووە.

سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردستانیش، مێژووی کۆنو نوێ دەیسەلمێنێت کە کەسایەتیی مرۆڤی کورد لەرووی پابەندی کۆمەڵایەتیی و ئاینییەوە خۆپارێزو دوور لە گەندەڵیی و داوەشینی مۆراڵیی بووە، تەنانەت کورد لەلای رۆژهەڵاتناسەکان بە گشتیی وەك کەسایەتییەکی دڵپاك، راستگۆ، ئەمەکدار، میواندۆست، دڵچاك، دەستپاك، غیرەتمەند، ئازادیخواو ژنپەروەر باسی لێوەکراوە. نەك هەر ئەوە بەڵکو سەرکردەکانیشی وەك خەڵکانێکی ئەرێنیی ناسێنراون. بۆ نموونە گەر ئاکاری سەرکردە کلاسیکییەکانی کورد لە نووسینی ئەو رۆژهەڵاتناسانەوە بخوێنینەوە باشتر ئەم راستییەمان لا دەچەسپێت. ویگرام کاتێك باس لە شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەکات بە کەسێکی بەڕێزو نەجیب و رەعییەتپەروەرو کەمخۆر، نەك دڵڕق و زۆرخۆر، ناوی دەبات. فرێزەرو دکتۆر روسو کاپتن لاین، چیرۆکی سەیرمان سەبارەت بە دادپەروەریی توندی میرەکۆرەی رەواندز بە پێی پێودانگی سەردەمەکەی خۆی بۆ دەگێڕنەوە.ئەو میرەی کە لێی دەگێڕنەوە گوایە لەبەر دزینی هەنارێك لە باخی کابرایەك پەنجەی براکەی خۆی قرتاندووە، یاخود لەبەر ئەوەی بازرگانێکی چاوبرسیی لادێییە هەژارەکانی رووتاندۆتەوەو لەکاتی کێشانی بەرهەمەکانیاندا پێی خۆی لەسەر کێشانەکە داناوەو دزیی لێکردوون، پێی ئەو بازرگانە دزەی قرتاندووە !!.

میستەر رایت، کە مسیۆنێرێکی ئەمەریکییەو لەگەڵ هاوڕێیەکی سەردانی جەزیرەی بۆتانی پایتەختی دەسەڵاتی میر بەدرخان بەگیان کردووە، سەبارەت بە دادپەروەرییو چاکەکاریی بەدرخان سەریان سوڕماوە، لەکاتێکدا کە لە تەواوی ناوچەکانی بندەستی خەلافەتی عوسمانییدا دزیی و بەرتیلخۆریی و گەندەڵیی باوبووە، لە راپۆرتەکەیاندا هاتووە:"تاوانبار لە سایەی ئەودا رزگاری نەدەبوو، بەرتیلخۆریی، خزمخزمێنە..هتد، کە یەکجار لەم وڵاتەدا بەربڵاون و دادپەروەرییان گەندەڵکردووەو کاری یاساییان شێواندووە، لێرە

نەزانراوە. بەیانییەکیان لەگەڵ میردا بووین، دزێکیان هێنایە بەردەمی، هەر ئەوەندەی بەڵگەی تاوانبارییی لەسەر ساغبووەوە، دەستبەجێ دەستی راستیان قرتاند ."

هەروەها کاتێك دکتۆر کوچران باس لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەکات دەڵێت:"شێخ سەرکردەیەکی دروستکارو دادوەرێکی دادپەروەرە، خۆی هەرگیز بەرتیل وەرناگرێت و لێناگەڕێت پیاوەکانیشی ئەو کارە بکەن، کوشتن سزای هەر کەسێکە ئەو یاسایە پێشێل بکات."هەروەها تەواوی سەرچاوە مێژووییەکان باس لە ژیانی فرە ساکارو رەوشتبەرزیی و بەسۆزیی و میللەتپەروەریی شێخ عوبەیدوڵڵا دەکەن.

لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا١ کە دووەمین ئەزموونی حوکمڕانییەتی گەلی کوردە لە مێژووی هاوچەرخدا، "ئاغای محەمەد زەکەوی" حسابدارو تحویلداری دارایی بۆکان لەبەر دزینی ٦٩ تمەن، بە تۆمەتی خیانەت و غەفڵەت لەلایەن سەرۆکی ئیدارەی دارایی کوردستانەوە لەسەرکار دەرکراو لە رۆژنامەی کوردستانیشدا ناوی بڵاوکرایەوەو ریسواکرا، لە رۆژنامەی کوردستانیشدا راگەیەندرابوو کە سزای وەرگرتنی بەرتیل لە تمەنێکەوە بەرەوسەر بریتیە لە دەساڵ زیندانی تا سزای کوشتن. ئەوەش چونکە قازیی محەمەد خۆی کەسێکی بەڕێزو چاوتێرو دەستپاك بوو، دەیگوت" دزی کردن لە پیسترین دەردی میلەتەو دەبێت لەو خووە پیسە خۆتان بپارێزن."هەربۆیە نەیدەتوانی چاو لە دزیی بپۆشێت، رەشەکوژیی لە نەیارانی دەسەڵاتەکەی بکات، پارەی توتنە فرۆشراوەکەی ئینحیسار رەوانەی بانکەکانی ئەوروپا بکات، نەك هەر ئەوە، قازیی بەشی هەرە زۆری سامانی بنەماڵەکەی لەپێناو حکومەتەکەو کارە خێرخوازیی و فەرهەنگییەکانی سەرفکردو دواتریش لەبەر خۆشەویستی نەتەوەکەی و لەترسی بەدناویی بەپیر سێدارەوە چووو گیانی هەزارەها کوردی رزگارکرد .

گومانی تێدا نییە کە بەڕێوەبردنی وڵات مەسەلەیەکە پێویستی بە هزری چاکترین عەقڵە مەزنەکان هەیە، پێویستی بە باشترین سیستم و



هاوچەرخترین دامەزراوەو گونجاوترین بنەمای فەلسەفیی و فیکریی کارگێڕیی و پەروەردەیی هەیە . چۆن دەتوانرێت کۆمەڵگایەك بەهێز بکرێت گەر شایستەسالاریی تێدا بەرقەرارنەبێت و ژیرترین و داناترین و چاکترین پیاوەکانی رێبەرایەتیی نەکەن؟ ئەمڕۆ سیاسەت زانستە، کارگێڕیی هونەرە، پەروەردە هزرە. میرزا مالکوم خان کە بەرابەری هزریی شۆڕشی دەستووریی ئێران لەقەڵەم دەدرێت سەدساڵ بەر لەئێستا کاتێك لە ترسی ستەمکاری شای گەندەڵی قاجار لەئێران هەڵاتبووە فەرەنسا، لە یەکێك لە کتێبەکانیدا بەناوی "رەفیق و وەزیر" رووی دەمی خۆی دەکاتە سەدری ئەعزەم و دەڵێت" ئاخر من لەتۆ دەپرسم بە چ ئیستیحقاقێك دەتەوێت کابینە بەڕێوەبەریت و وەزیری بکەیت؟ چ هونەرێکت هەیە کە ئەوانی دیکە نەیانبێت؟ کام پیشەسازییت داهێناوە؟ تاکو ئێستا نە رێکەوتننامەیەکت خوێندۆتەوە، نە نەخشەی جەنگێکت دارشتووە...هێشتا لەگەڵ منداڵە لادێییەکدا فەرقێکت نییە... لە تەواوی دەوڵەتاندا هیچ وەزیرێك نییە کە لە زانستی مەملەکەت و دەوڵەتسازییدا چەندین بەرگ کتێبی بەناوبانگی نەنووسیبێت...تۆش هەر ساتەناساتێك منەتی ئەوە بەسەر خەڵکی ئێراندا دەکەیت کە ئەگەر من نەبم ئێوەش نابن. ئاخر چیتان کردووە؟ چی ئەزانیت؟ چی ئەتوانیت؟ چ مافێکت هەیە کە پاشا تۆی کردۆتە خوداوەند بەسەر میلەتی ئێرانەوە؟ گریمان پاشا خوازیارە کارێکی وابکات ئەی تۆ بۆچی پەسەندی دەکەیت؟ گریمان خەڵکی دێن و سەری خۆیانت لەبەردەمدا نەوی دەکەن ئەی نابێت تۆ بەو کارە خەجاڵەت بیت؟".

شایەنی باسە، مێژووی گەندەڵی بەشێوە سیستیماتیك و مەزنەکەی لەباشووری کوردستاندا راستەوخۆ پاش راپەڕین و لەگەڵ دامەزراندنی سیستمی عەجاییبی فیفتی-فیفتیو بەتاڵانکردنی ئامێرو شۆفڵ و بەنداوی بێخمە و دابەشکردنی کوردستان و قودرەت و سەروەت لەنێوان هەردوو زلحیزبەکەدا دەستپێدەکات و بەقۆرخکاریی گۆمرگەکانی وەك ئیبراهیم خەلیل و پارەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك و داهاتی شارەکان و یارییکردن بە بازاڕی دۆلار

گوزەردەکات و تائێستاش بەهۆی دوو ئیدارەیی و ڕێکەوتننامەی ستراتیژییەوە بەجۆرێك کەڵەکە بووە کە گەیشتۆتە ئاستی بودجەخۆریی و قاچاخی نەوت و شرینی کۆمپانیا تاڵانکەرەکانی نەوتی کوردستان تاکو دەستبەسەرداگرتنی زەوی و موساتەحەو بازرگانیی بە دەرمان و خۆراکی بەسەرچووو کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان و کڕینی ویژدان لەڕێگەی پێدانی "بەرتیلی بێدەنگیی"بە کادران و بەخشینەوەی پۆستی سەربازیی بەسەر موراسیلە حەربییەکاندا ، ئاخر بۆ دەبێت لە چارەکی سەدەی نۆزدەیەمدا منداڵ بەدەستی پڕ زێڕەوە لە ڕەواندوز بسوڕێتەوە کەس نەوێرێت بچێت بەلایدا، لەکاتێکدا ئەمێستا لەشارەکانی کوردستاندا ڕۆژ نییە ڕووداوی دزیو فڕاندن و تەلبەندکردنی زەویی گشتیی و تاڵانکردنی دوکان و بردنی قاسەکان لە پەنجەرەی دوکانەکانەوە ڕوونەدات، بۆچی دەبێت ٦٦ ساڵ بەرلەئێستا سەرۆکێك نەك هەر لەسەر چەند تمەنێك کارمەندانی حکومەتەکەی سزابدات بەڵکو سەروماڵی لەپێناو نەتەوەکەیدا بەختدەکات و لەماوەی ساڵێکی حوکمڕانێتیی خۆیدا جوانترین نموونەی فەرمانڕەوایەتییەکی ئازادیخوازو دادپەروەر پێشانی دۆست و دوژمن بدات، کەچی ئەمێستا ڕۆژانە گوێمان لە دزین و دیارنەمانی ملیۆنەها دینار بێت و سەری زمان و بنی زمانی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان باسی گەندەڵیی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بێت لەلایەن دەسەڵاتە خۆماڵییەکەو خوێن و فرمێسکی چەندین ساڵەی ئەم میللەتە بۆ قازانجی شەخسیی و بنەماڵەیی چەند کەسێك ئیستیغلالو ئیستیسمار بکرێتو هەزارەها ڕاپۆرتی دزیی و گەندەڵکاریی مەزن لە ڕەفەکاندا تۆزیان لەسەر بنیشێت و گەندەڵکارن لەبری سزا بکرێنە وەزیرو پەروەردەکار، پێش ڕاپەڕین لەباشووری کوردستان شتێك نەبوو بەناوی لەشفرۆشیی و حەشیشەخۆریی و نەخۆشی ئایدزو خۆکوژیی..هتد، تێکڕای ئەو دیاردەو گرفتە وێرانکەرانە لەسایەی دوو حکومەتە "ساواکەدا" لەترۆقیدایە، لەچ مێژوویەکی خوێندنگاکانی کوردستاندا منداڵ بە دەمانچە خۆی و مامۆستاکەی خۆی کوشتووە؟! کێ قەتڵی عامی خێزانەکەی خۆی کردووە؟!زۆر دوور نییە دەسەڵاتدارانی ئێستای



کوردستان پێیانوابێت کەدەتوانن تەنیا بەسەر پردی گەندەڵییدا بەرەو سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیی تێپەڕن!! بەبڕوای ئێمە چونکە ئەمڕۆ کوردستان بۆتە لانەی فەسادو ئیفساد، دەتوانرێت نموونەی کاروانی بێفەڕی ئەزموونی کارگێڕیی و سیاسیی باشووری کوردستان لەسایەی سەرقافڵەیی ڕێبەرایەتییە "خۆنەویستە ماندونەناسەکەیدا"بکرێتە گونجاوترین سەمپڵ بۆ چەندین ماجستێرو دکتۆرای"گەندەڵیینامە."

## سەرکردە لەنێوان قارەمانی نەتەوەیی و خیانەتی نیشتیمانییدا..

ئاڵۆزیی پەرەسەندنی هاوکێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی گەیاندۆتە ئەو واقیعەی بۆ بردنەپێشەوەی ئەجێنداکانیان پەیوەندییان بە هێزە دەرەکییە هەرێمیی و جیهانییە کاریگەرەکانەوە هەبێ، لێرەشەوە ئەوانە تەنیا لەبەردەم یەك تاڵەمو لەنێوان نەتەوەپەروەریی و خیانەتکارییدا خۆیان بینیوەتەوە، چونکە هەرکات ئەو پەیوەندییە بەئامانج و قازانجی بردنە پێشەوەی بەرژەوەندی گشتیی بووبێ بەرەو دۆخی یەکەم و ئەگەر بۆ بەرژەوەندی و هەژمونی تایبەت و شەخسیی و تاقمخوازیی خۆی بێ بەرەو دۆخی دووەمی بردووە. هەربۆیە بابەتێکی هەرە ئاڵۆزو جێی مشتومڕی مێژوو، پێگەی ئەو سەرکردانەیە لەنێوان قارەمانێتیی و خیانەتدا! روونکردنەوەی ئەوەش ئەرکی هەرە قورسی مێژوونووسە کە دوای بڕیاردان و سەلماندنیشی نابێتە حەقیقەتی رەها و بڕواپێکراو لەلایەن هۆگرانی ئەو سەرکردەیە! بۆنموونە چ مێژوونوسێك دەتوانێت وا لەشاپەرستیك یان بەعسییەك یان نازییەك بکات بڕوا بەوە بێنن کە رەزاشا و سەدام و هێتلەر قارەمان نەبوون و بە ناوی نەتەوەو نیشتیمانپەروەرییەوە بۆ مانەوەو بەرژەوەندی خۆیان هەڵسوڕاون؟!!!

ئەوەش پێمان دەڵێت، بۆچی سەرکردە هاوشێوەکانی ئەوانە، باکیان بە حوکمی مێژوو نییە!! بەڵام سێ بنەما زۆر گرنگن بۆ جیاکردنەوەی خائینی نیشتیمانیی لەقارەمانی میللیی کە: دکتاتۆریی و گەندەڵیی و نادادپەروەریی یە! سەرکردە دکتاتورو گەندەڵ و خوێنڕێژە ستەمکارەکان هەرگیز نابنە قارەمان و دواجاریش نەتەوە تووشی تێکشکان و داڕزان و وڵات و نیشتیمان تووشی قەیران و داڕوخان دەکەن.



## غیابی ئەخلاقی مەدەنیی وەك سەرچاوەیەکی بێباکیی سەرکردایەتیی کورد لە باشووری کوردستان

کەرو گا خەرجی بارو جووتە ، هێستر ماڵی کاروانە
ئەمانە نابنە کوێخاو رەئیـــسو مــــیری دیـــــــــوانی
خالصی

ئاشکرایە کە ئەخلاق، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی بەدرێژایی مێژوو، بیری مرۆڤایەتیی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووەو ئەم راستییەش باشتر لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەم بابەتە بۆتە مەسەلەیەکی جەوهەریی‌و میحوەریی لە کایەی فەلسەفەداو هەر لە سەردەمی سوکراتی سەدەی پێنجەمی پێش زاین لە یۆنانی کۆنەوە، تاکو ئێستا لەلایەن فەیلەسوفان‌و بیرمەندانی کۆمەڵایەتییەوە، جێگەی مشتومڕێکی گەورەو بایەخێکی تایبەت بووە، بەچەشنێك بۆتە لقێکی سەربەخۆو بە دەیەها نامەو نووسراو کتێبی لەسەردەمە جۆراوجۆرەکاندا لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو زۆربەی ئاینەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی مەسەلەی ئەخلاقیان وەك بابەتێکی بنەڕەتیی‌و پایەیەکی سەرەکیی بیروبۆچوون‌و رەوشتی ئاینییان بینیوەو بەتوندیی جەختیان لەسەر کردۆتەوە. باشترین نموونە لەم رووەوە ئەو وتەیەی پێغەمبەری ئیسلامە کە دەڵێت:" من بۆ ئەوە نێردراوم تا بەها بەرزەکانی ئەخلاق تەواو بکەم".

لەڕاستیدا، ئەخلاق چ وەك تێکڕای ئەو پرنسیپ‌و بەها گشتییە پەسەندکراوە رۆژانەییانەی کۆمەڵگایەکی دیارییکراو کە تاك بەرەو ئەنجامدانی کاری دروست‌و چاکە هاندەدەن ( دادپەروەریی، ئازایەتیی، بوێریی، دڵاوایی، دڵپاکیی، دەستپاکیی، داوێنپاکیی، راستگۆیی، رێزداریی، لێبوردەیی، ئەمەکداریی، هاوکاریی..هتد)، چ وەك بوارێکی زانستیی سەربەخۆو کایەیەکی جێگەی مشتومڕی بیرمەندان، وەك هەر بوارێکی دیکەی ژیانی مرۆڤایەتیی لە

گەشەکردنو گۆڕانو پێشکەوتندا بووەو لكو چڵی جیاوازی لێبۆتەوەو بەپێی سەردەم و کۆمەڵگاو قوتابخانە فەلسەفییو فکرییەکان ڕێگەی پێشڤەچوونی تەی کردووە، ئەوەی خوێنەر دەتوانێت لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی زانستی ئەخلاق، زانیاریی ورد بەدەستبهێنێتو ئێمە لێرەدا ناخوازین و ناتوانین ئەو مێژووە بۆ خوێنەر بگێڕینەوە.

ئەوەی بەوردیی مەبەستی ئەم وتارەیە، هەروەك لە ناونیشانەکەیەوە دیارە، بریتییە راکێشانی سەرنجی گشتیی لەمەڕ گرنگیی ئەخلاقی مەدەنیو نەبوونی ئەو ئەخلاقە وەك سەرچاوەیەکی بێباکیی مێژوویی لەلای سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، ئەوەی یەك لە هەرە فاکتەرە سەرەکییەکانو ئیشکالییەتە مەزنەکانی ئەو هەموو نەهامەتییو قەیرانە سیاسییو کۆمەڵایەتییو فەرهەنگییە قوڵانەیە، کە کۆمەڵی کوردیی زیاتر لە نیو سەدەیە بەدەستییەوە گیرۆدە بووە. بابەتێکی بەم چەشنە کە دەبوو لەمێژەوە ببوایەتە گوفتمانێکی جیدییو مشومڕێکی زۆری لەبارەوە بکرایەو لە کایەی فەرهەنگییو سیاسیی کۆمەڵی کوردیدا کاریگەریی ئەرێنیی هەبووایە.ئەوەی تاکو ئێستا بەداخەوە کەمترین بایەخی پێنەدراوەو هێشتا خوێندەوارانی کورد رامانی قوڵیان لەبارەیەوە نەبووە. لەکاتێکدا لە ئەمەریکا، هەر لەساڵانی جەنگی سەربەخۆییەوە، مشتومڕێکی گەورە سەبارەت بە ئایندەی ئەمەریکای سەربەخۆو چییەتی حکومەتو کۆمەڵگای نوێ بەرێوەدەچوو کە تێیدا مەسەلەی ئەخلاق یان فەزیلەت چەمکێکی سەرەکیی ئەو مشتومڕەو رۆڵێکی سەنتەریی لە دامەزراندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەبوو، بەو رادەیەی کەلەلای ئەوان هەردوو چەمکی (کۆماریی)و(ئەخلاق) ببوونە دوو رووی دراوێك.

دیارە لەسەردەمی هاوچەرخ و کۆمەڵگا ئازادەکان کە خاوەنی سیستمی دیموکراتین ، ئەخلاق بەسەر دوو کایەی سەرەکییدا دابەش بووە، کایەی یەکەم بریتییە لە (فەزای تایبەت) کە زیاتر ئەخلاقی تاكو هەڵسوڕانە کەلتورییو بەها ئاینیەکانەو دەتوانین بە (ڕەوشت/moral) ناوی بەرین، ئەوەی کە لە گروپێکی کۆمەڵایەتیی و ئاینیی و



ڕەگەزییەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازیی هەیە، تەنانەت ئەگەر لە دەوڵەتێکیشدا بن. ئەوەکەی دووەم بریتییە لە ( فەزای گشتیی) کە تێیدا (چاکەی گشتیی/Common Good) دەکرێتە بناغەی ئەخلاقێکی گشتیی کە دەکرێت بە ئەخلاقی مەدەنی یان (ئاکاری مەدەنی) ناوی ببەین. بەم چەشنەش ڕەوشت وەك مەسەلەیەکی تایبەت بە تاكو ئاکاریش وەك هەڵسوڕانو پەیوەستی تاك بە کۆمەڵەوە یان بەگشتەوە، بەگوێرەی فەزاکانیان لەیەکتری جیادەبنەوە. ئەوەکەی دووەمیان کە ئەسڵی مەقسەدە واتە (ئاکاری مەدەنیی/civil ethic) ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە مەدەنییەتو هاوڵاتیبوونو فەزای گشتییەوەیەو تێکڕای ئەو بەهاو ئاکارانە دەگرێتەوە کە زادەی ویستو عەقڵێکی ئازادە لەپێناو چاکەی گشتییو پێکەوەژیانێکی دەستەجەمعییدا لە کۆمەڵگایەکی ئازادو دیموکراتییدا، ئەوەی کە تەنیا خۆی لە ئاکاری مەدەنیی ستونیی هاوڵاتیی لەبەرامبەر دەوڵەتو ئاسۆیی لەگەلأ تێکڕای هاوڵاتیانی دیکەدا دا نابینێتەوە کە بریتییە لە : ڕێزگرتن لە یاسا، نیشتیمانپەروەریی، قوربانیدان بە بەرژەوەندیی تایبەت لەپێناو بەرژەوەندیی گشتییدا، خەمخۆریی و هاودەردیی لەگەڵ هاونیشتمانان، پاراستنی مافو ئازادییە گشتییەکان، دڵسۆزیی بۆ ئەرکو ڕێزگرتن لە بەهاو دەزگا نیشتمانییەکان..هتد، بەڵکو ئاکاری سیستمو بژاردەی دەسەڵاتی سیاسیش بەشێوەیەك وێنا دەکات کە دەتوانین بڵێین، ئاکاری مەدەنیی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا ناتوانێت لەسەرجەم ئەو بەهاو پرنسیپە دیموکراتییو لیبرالییانە لەسەر بناغەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی دابڕێت کە پێشێلکردنی شەرمەزارییەکی گەورەیەو هەرگیز قابیلی قبوڵکردن نیە. هەر ئەمەشە کە ئاکاری سیاسەتکارێك لە سایەی دەسەڵاتێکی دیموکراتییدا دەنەخشێنێت.

بۆ زیاتر روونکردنەوە، پێویستە بڵێم، هەر سیاسەتکارو تاکێکی سەر بە بژاردەی سیاسیی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ، ئەوکاتە دەیسەلمێنێت کە هەڵگری بەها ئەخلاقییەکانە، کە ئاکاری مەدەنیی تێدا بەرجەستە بێت. بۆنموونە، ئەو سیاسەتکارە دەبێت: بەرژەوەندیی گشتیی لەپێش هەر شتێکی کەوە دابنێت، کار بۆ دابینکردنو پاراستنی تەواوی

ئازادییەکانی تاكو کۆمەڵگا بکات، کار بۆ هێنانەکایەو پاراستنی دەزگا مەدەنییەکانو کۆمەڵگای مەدنیی بکات، خۆی لە ئەرکو بەرپرسیارێتییەکانی نەدزێتەوە، دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی شەخسیی بەکارنەهێنێتو دووربێت لە خزمخزمێنەو پیاوپیاوێنەو قوژبنەکانی دەزگا ئەمنییو هەواڵگرییەکان بە کورو برازاکانی پڕنەکاتەوە، خیانەت لە نیشتمانەکەی نەکاتو لەگەڵ بێگانەدا دەست تێکەڵاو نەکات، دوور بێت لە ئەنجامدانی بێحورمەتیی وهەر توندوتیژییەك بەرامبەر بە هاوڵاتییان، کار بۆ سەروەریی یاساو یەکسانیی لەبەردەم یاسادا بکاتو خۆی لەسەروو یاساوە نەبێت، لە هەڵبژاردنەکاندا ساختەکاریی نەکاتو گەر خەڵکی دەنگیان پێنەدا بێ ئاژاوەنانەوە کورسیی دەسەڵات جێبهێڵێت، دزیی لە سامانی نیشتیمانیی نەکات و قۆرخکاریی بازاڕو دەزگا ئابوورییەکان نەکات، سنووری وڵات لە پێشێلکاریی دەرەکیی بپارێزێت، رێز لە بنەماکانی سیستمی دیموکراتیی بگرێت و خۆی لە رەگەزەکانی سیستمی ستەمکاریی وەك تۆقاندنو پیلانگێڕییو هەڕەشەو بێدەنگکردنی تاكو کۆمەڵگا بپارێزێت..هتد .

ئەگەر بمانەوێت سەبارەت بە چەمکی ئاکاری مەدەنیی لەلای دەستەبژێری سیاسییو دەسەڵاتدارانی کورد بدوێن، دەبێت پێشتر دان بەو راستییەدا بنێن، کە بابەتی ئەخلاق چ لەڕووی تیۆرییو چ لەڕووی پراکتیزەوە، جگە لە مەسەلەی رەوشت لەسەر بنەما ئاینییەکان کە لە وەعزی مزگەوتەکانەوە دراوە بە گوێی خەڵکدا، تا ئێستا کەمترین بایەخی پێنەدراوەو چ ئامادەییەکی ئەوتۆی لەنێو ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردییدا نەبووە، چ جای ئاکاری مەدەنیی کە راستەوخۆ پەیوەستە بە کۆمەڵگای مەدەنییو پێگەی هاوڵاتیبوونو دەسەڵاتو حکومەتی نیشتیمانیی هاوچەرخی دیموکراتییو گرێبەستی کۆمەڵایەتیی و فەزای گشتییەوە و چاکەی هەمووانەوە، نەبوونی ئەو بوارانەی بووەتەهۆی ئەوەی، کە کۆمەڵگای کوردییو دەستەبژێرە سیاسییەکەی لەنیو سەدەی رابردوودا لە دەرەوەی ئاکاری مەدەنییدا بەتەواویی دەست و پێ سپی بمێنێتەوە.



ئەو راستییەی کە کۆمەڵگای کوردیی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە کۆمەڵگایەکی نبمچە دەرەبەگیی کشتوکاڵیی خێڵەکیی دواکەوتوو بووەو لەپرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتیمانیشدا نەك هەر مایەپوچ بووە، بگرە بەسەر چەندین دەوڵەتی داگیرکەری خاوەن سیستمی دیکتاتۆریی سەرکوتکەردا دابەشکراوە کە ئینکاریان لە بوونی کوردو هەوڵی قڕکردنیان داوە، ئەوەش سەرجەم دەرفەتەکانی بەردەم هێنانەکایەی فەزایەکیان لەباربردووە کە خولقێنەری ئاکاری مەدەنین، جگەلەوەی مێژووی جوڵانەوەی چەکدارانەی کوردستان، مێژووی ململانێیەکی توندوتیژیی چەکدارانەی شاخەکیی نابەرامبەرە دژ بە داگیرکەران، وێڕای جەنگێکی نێوخۆیی وێرانکەر لەنێوان باڵە جیاوازەکانی جوڵانەوەکەدا کە نەك هەر خەونێکی پێشینەی منەوەرانی کوردی سەبارەت بە نیشیمانپەروەریی وەك رەگەزێکی ئاکاری مەدەنیی لەباربردووە، بەڵکو ئاکامە نەرێنییەکانی بەچەشنێکی ئەوتۆ رەنگیانداوەتەوە کە بنەما سەرەتاییەکانی رەوشتی تاکیشیان بنکۆڵ کردووەو بەوەش کۆمەڵگایان لە قەیرانێکی ئەخلاقیی گشتییدا خەساندووەو پێچەوانەی ئەو وەرچەرخانە ریشەییەی کە دەبووایە شۆڕش لە سەرجەم کایە سیاسییو فیکرییو ئابوورییو کۆمەڵایەتییو فەرهەنگییو ئەخلاقییەکانی بیکردایە، هاتە کایەوە. بۆ نموونە: قوربانییدان بە بەرژەوەندیی نەتەوەییو نبشتمانیی گشتیی لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەت، جاشایەتیی، خیانەت، دیلکوژیی، پەناکوژیی(تەنانەت لەسەرخوانی میوانیی)، بنەماڵەچێتیی، هەرێمگەرایی، دزییو شڕەخۆرییو گەندەڵیی، بێحورمەتییکردن بە ئینسانی کوردو کارکردن بۆ بێئیرادەکردن و کۆیلەکردنی، توڕدانی پەروەردەی نیشتیمانییو بێپرەنسیپی و باڵادەستی ئەخلاقی جەنگڵ و زەمینەخۆشکردن بۆ بەرهەمهێنانی ئینسانی گێل و بێ بەهاو چڵکاوخۆرو ئەڵقە لەگوێ کە رۆڵی مورتەزەق ببینێت. ئەوەش لەڕاستییدا سەرچاوەی تێکڕای نەهامەتییو کارەساتە گەورەو تاوانە مێژووییەکانی زیاتر لەنیو سەدەی جوڵانەوەی چەکدارانەی کوردستانن .

ئێمە لەم وتارەدا تەنیا سێ نموونە وەردەگرین و بۆئەوەش ناچارین ئاوڕێك لە بیرەوەرییە مێژووییەكان بدەینەوە تا راستیی نەبوونی ئاكاری مەدەنیی لەلای سەركردایەتیی كورد لە باشووری كوردستان بۆ خوێنەرانی ئازیز روونبكەینەوە.

یەكەم: سیاسەتكاری ناسراوی كوردی سوریا (عەبدولحەمید دەروێش) لە بیرەوەرییەكانیدا بەناوی (تیشكێك لەسەر جوڵانەوەی كوردیی لە سوریا)، باس لەوە دەكات كە لەكاتی ئاڵۆزبوونی ململانییەكانی نێوان مەلامستەفاو مەكتەبی سیاسی پارتیدا، لەگەڵ جگەرخوێنی شاعیری ناسراوی كورد، هاتوونەتە كوردستانی عێراقو سەردانی مەلامستەفایان كردووەو لەو كاتەشدا لەلایەن حكومەتی بەعسەوە هەوڵێك بۆ دانوساندنو وەڵامدانەوەی داواكارییەكانی كورد هەبووە، بەڵام مەلامستەفا ئامادەی دانوسان نەبووە. ناوبراو لەوبارەیەوە لە بیرەوەرییەكانیدا دەڵێت:" پرسیارم لێكرد سەبارەت بەوەی كە حكومەتی عێراق بەڕاستیی داوای ئەوەی لێكردوون لەسەر بنەمای پێدانی ئۆتۆنۆمی بە گەلی كورد، دانوسانیان لەگەڵدا بكات، باررزانی هیچ دوودڵیی لە وەڵامدانەوە پێشان نەداو وتی: ئەمە راستە بەڵام دانوساندنم لەگەڵ بەعسییەكاندا رەتكردۆتەوە..

لێرەدا، منیش رای خۆم دەربڕیو وتم: باشە باشتر نەبوو لەگەڵ حكومەتی عێراقدا بچنەسەر مێزی گفتوگۆ مادامەكی ئەوانە ئامادەن داواكارییە سەرەكییەكەی شۆڕشی كوردیی كە خودموختارییە، بێننەدی؟..

بارزانی بەهەڵچوونەوە وەڵامیداوەو وتی: تەنیا لەبەر یەك هۆ لەگەڵ بەعسییەكاندا دانوسان ناكەم ئەویش ئەوەیە ( هەتا جەلالو تاقمەكەی بكەمە جاش ). ئەو مەبەستی ئەوەبوو شەڕ هەڵدەگیرسێنێتەوەو جەلالو تاقمەكەشی شانشبەشانی حكومەت دەجەنگن( بەفیعلیش شەڕ لەنێوان شۆڕش و حكومەتی عێراقیی پاش چەند مانگێگ هەڵگیرسایەوە). ئالێرەدا منو جگەرخوێن لەم هەڵوێستە تۆڵەسێنانەی بارزانی زۆر داخو پەژارەمان خوارد، هەڵوێستێك كە تا ئەو ئاستەی ئەستەم بوو لێیتێبگەیت.."



بەڵێ، مەلامستەفا بارزانی (باوكی رۆحی نەتەوەیی كورد)و دامەزرێنەرو سەرۆكی پارتی "دیموكراتی كوردستان" وەك پارتییەكان ئاماژەی بۆ دەكەن، لەبەر رقێكی خۆی ئامادە بووە جوڵانەوە چەكدارییەكەی كورد بكات بە دوو لەتەوەو گفتوگۆ لەگەڵ حكومەتدا سەبارەت بە مافە نەتەوایەتییەكانی كورد رەتبكاتەوە تەنیا بۆئەوەی جەلالو تاقمەكەی بكات بە "جاش" ، بێئەوەی بیر لەو كارەساتە مەزنانە بكاتەوە كە دەشێت بەهۆی ئەو رقەوە بەسەر خودی جوڵانەوەكەو میللەتەكەماندا بێت، ئەوەی ئاسەوارێكی خەتەرناكی لەمێژووی سیاسییو كۆمەڵایەتیی كورددا جێهێشت و پێویست ناكات روونكردنەوەی لەبارەوە بدەین.

دووەم: محەمەدی حاجی مەحموود لە "رۆژژمێری پێشمەرگەیەك"دا باسی لە هەڵوێستی مەسعود بارزانی دەكات لە سەروبەندی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆی كوردستان لە ناوەڕاستی نەوەتەكانی سەدەی بیستەمدا، ئەو شەڕەی كە كاولكارییەكی مەزنی بۆ كوردستان هێناو دەرفەتی گەورەشی لەدەست گەلی كورددا بۆ ئەوەی پاش راپەڕینەكەی ساڵی ١٩٩١ برینەكانی پێشووی سارێژ بكاتو كۆمەڵگایەكی هاچەرخ بنیاتبنێت. ئەو دەڵێت: "هەر لە ١٢/١٨ وەزعەكە زۆر ئاڵۆز بوو من قسەم لەگەڵ كاك مەسعود كرد لەو رووەوە كاك مەسعود دەیوت ئەم جارە خۆم دەچمە شەڕەوە وە ووتی صدام حسێنو هەموو كەس قبوڵ دەكەم بەڵام جەلال قبوڵ ناكەم من زۆر قسەم لەگەڵدا كرد كە شەڕەكە گەورە دەبێتو لەدەست دەردەچێت ووتی كەرامەتی پارتی شكاوە لە كەلارو كفریو دەربەندیخان ئاڵای پارتیان داگرتووەو خستویانەتە ژێر پێوە، كورد چیە من سەركەوتنی كورد لە پارتیەوە دەبینم"

سێیەم: محەمەدی حاجی مەحموود ، هەروەها لە بیرەوەرییەكانیدا باس لە جەلال تاڵەبانی دەكات كە دوای خیانەتی ٣١ی ئاب و پەلاماری هێزەكانی پارتیو بەعس بۆ شاری هەولێر، لە هەولێر هەڵاتوونو لەو رەوشە ئاڵۆزەدا كە باشووری كوردستان و ئەزموونەكەی رووبەڕووی هەڵدێرێكی مەزن دەكردەوە چوونەتە لای

مام جەلال و دەڵێت:" پاشان ئێمە رۆیشتین بۆلای مام جەلال، لەرێگا وتیان ئێستا مام جەلال وەزعی چۆنە، کاك مولازم عومەر وتی قابلە مام جەلال خەفەت بخوات ئەوە چەند ساڵە ماڵی مەلا مستەفا هەر باسی (٦٦) و عێراق دەکەن ئێستا مام جەلال بە پارەش دەیکڕێ، شتی وای دەست نەدەکەوت کە ماڵی مەلامستەفاو دەبابە پێکەوە شانبەشانی یەك پەلاماری یەکێتی و پێشمەرگە و شاری هەولێر بدەن، هەروەها وتی ئێستا پێی خۆشە ئەوان لەو سەنگەرەدا بمێننەوە" .

خوێنەرانی بەڕێز، ئەمەیە گیانی خەمخۆرییو هاودەردیی نەتەوەیی و پێگەی راستەقینەی ئاکاری مەدەنی لای ناودارترین سەرکردەکانی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستانو هێشتا سەرچاوە مێژووییەکان هەزاران نموونەی تریان تێدایە، هەربۆیە لەمێژووی هاوچەرخی کورددا، هیچ شتێك لە خوێنی لاوانی کورد هەرزانتر نەبووەو لە بازاڕی بازرگانییکردنیش بە نەتەوەو نیشتمانەوە لەپێناو بەرژەوەندی شەخسیی و بنەماڵەییدا گەرمتر نەبووە.



## شۆڕش و دیکتاتۆریی•

کاتێك خوێنەری ئازیز چاوی بەم ناونیشانە دەکەوێت، رەنگە دەستبەجێ وای بۆبچێت کە مەبەستی بابەتەکە شۆڕشکردنە دژی دیکتاتۆریی، ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە هەمیشە بوونی دەسەڵاتێکی ستەمکار یاخود دیکتاتۆر هۆکارێکە بۆ شۆڕش، شۆڕشیش لەپێناوی ئازادییدا دەبێت، ئەوەی وایکردووە زۆر جار دەستەواژەکانی "شۆڕش و ئازادیی" یان "شۆڕش و دیموکراتی" بکرێنە سەرباسو کەمتر ناونیشانێکی وەك ئەوەی سەرەوەمان لەبەردەمدا قوتبێتەوە. بەڵام مەبەستی راستیینەی ئێمە لێرەدا، ئاخاوتنە سەبارەت بەو دیکتاتۆرییەی کە شۆڕش زەمینەی بۆ خۆشدەکات، پرسێکی وا کە لە بەشێکی مەزنی مێژووی شۆڕشو راپەڕینەکانی گەلانی جیهاندا راستییەکی چەسپاوە، باشترین نموونەش شۆڕشی فەرەنسایە (١٧٨٩)کە پاش ماوەیەکی کەم زەمینەیەك هاتەئارا، تێیدا دەسەڵاتەکان کەوتەدەست تاکڕەوێکی وەك رۆپسبێرو لەوێشەوە بۆ ناپلیۆنی دیکتاتۆر، هەروەها شۆڕشی رووسیی ١٩١٧، کە تێیدا دەسەڵات لە تاکڕەوێکی وەك لینینەوە کەوتە دەست دیکتاتۆرێکی وەك ستالین، ئەوەی وای لە ترۆتسکی کرد، پاشتر کتێبی (شۆڕشی غەدرلێکراو) بنووسێت. تەنانەت لەبەریتانیای لانکی میانەڕەویی و ئازادییخوازییدا، کاتێك شۆڕش لە ساڵی ١٦٤٠دا کرا، سیاسەتکارێکی وەك کراموڵ، بۆماوەیەك حوکمێکی دیکتاتۆریی بەڕێوەبرد. دیارە تاکو کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو رووخاندنی بلۆکی کۆمۆنیستی ،لە مێژووی شۆڕشەکاندا بەدەگمەن شۆڕشێك دەبینیتەوە (بۆ نموونە وەك لەشۆڕشی ئەمریکا لە ١٧٨٧دا روویدا)کە توانیبێتی لەقۆناغی راگواستنو دامەزراندنەوەی سیستمدا خەونەکانی جەماوەر سەبارەت بە ئازادییو وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی بێنێتەدیو روو لە ملهوڕییەکی نوێو سەپاندنەوەی دەسەڵاتێکی ستەمکاریی نوێو دیکتاتۆریی نەکات .

• ئەم وتارە لە ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢دا لەسایتی کوردستانپۆست بڵاوکراوەتەوە.

دیاره لەم رووەوە شۆڕشەکانی رۆژهەڵاتە کەنەفتەکەی لەمەڕ خۆشمان، نەك هەر حاڵی لەوانەی ئەوروپا باشتر نەبووە، بەڵکو ئەستەمە تا ئەم دواییەش لەمێژووەکەیدا نموونەیەك بدۆزیتەوە کە تێیدا شۆڕش نەبووبێتە پردێك بۆ گواستنەوە لە دەسەڵاتێکی ستەمکارەوە بۆ ستەمکارییەکی گورجترو تۆکمەترو خوێنڕێژتر، کە زۆر جار هەزاران بەرد بە پشتی ستەمکارییەکی پێش شۆڕشدا دەداتو وا لەخەڵکی دەکەن هەمان ئەو پەندە دووبارە بکاتەوە کە دەڵێت "هەزار رەحمەت لە بابی کفن دزی ئەوەڵی"!!. ئەگەر لەمبارەیەوە تەنیا چاوێك بەدەوری خوماندا لەمێژووی سەدەی بیستەمدا بگێڕین دەتوانین بڵێین : دیکتاتۆریی رەزاشا هەزار بەردی بەپشتی ستەمکاری ئەحمەدشای قاجار، و ئەتاتورك هەزار بەردی بە پشتی سوڵتان محەمەدی شەشەم، و عەبدولناسڕ پاش شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٢ی میسر هەزاربەردی بە ستەمکارییەکەی مەلیك فاروق، عەبدولکەریم قاسمو کودەتاچییەکانی دواتر پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، هەزار بەردیان بە پشتی مەلیك فەیسەڵی دووەمدا داوە، هەروەها قەزافیو سەدامو خومەینی..هتد بەهەمان شێوەو خراپتریش. هەر ئەمەشە وایکردووە چەمکی "شۆڕش"و "شۆڕشگێڕیی" وێڕای ئەوەی هەڵگری هێماگەلێکە بۆ ئازادییو نوێبونەوەو وەرچەرخانی ئەرێیی، کەچی نەك هەر لای کۆنسێڤاتیزمەکان، بەڵکو لای خەڵکانێکی لیبراڵ و میانەڕەویش مایەی نیگەرانییو سڵەمینەوەو تەنانەت بێزراوییش بێت .

لەڕاستییدا، هەوڵگەلێکی جیاواز سەبارەت بە خوێندنەوەو شیکردنەوەو لێکدانەوەو هەروەها تیۆریزەکردنی دیکتاتۆرییەکان لەگۆڕێدان، بەڵام کەمتر کۆڵینەوەیەك لەبەردەستە کە بەوردیی کاری لەسەر هۆکارەکانی شکستی وەرچەخانی دیموکراتیو زەمینەسازیی بۆ دەرکەوتنی دیکتاتۆرییەکانی پاش شۆڕشەکان کردبێت. رەنگە بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارێکی وا، کۆڵەر ناچاربێت پەنا بۆ چەندین تیۆرو بۆچوونی جیاواز لە بەشە جۆراوجۆرەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەرێتو دەرئەنجامی جۆراوجۆریان لێوە هەڵهێنجێت. دیارە لەپێناو خوێندنەوەی لایەنی دەروونییو کۆمەڵایەتییو فەرهەنگیی



شۆڕشگێڕانو رێبەرایەتیی شۆڕشەکانو ئەو هێزە سیاسییانەی تێکەڵ بە شۆڕشەکە دەبن، گەڕانەوە بۆ تیۆرە سایکۆلۆجی، سۆسیۆلۆجیی،سیاسییەکان پێویستییەکی بنەڕەتیی بێت. بۆنموونە، زانای دەروونناسیی "فرۆید" قۆناغی منداڵیی و مەسەلەی "حرمان/بێبەشیی"، دەکاتە بنەمای دەرکەوتنی دەسەڵاتداری دیکتاتۆرو خۆسەپێن، ئەوەی منداڵ کە لەسەرەتادا تامی ئازادیی و چێژگەراییەکی رەهادەکاتو پاشتر بەهۆی ئەو پابەندبوونە توندانەی دوای گەورەبوون بەسەریدا دەسەپێنرێت، وادەکات لە ململانێیەکی دەروونیی توندوتیژدا بژیو چاوەڕێی ئەوە بکات دەرفەتێکی دەستکەوێت تاکو چێژگەراییو ئازادییە رەهاکەی لەسەر حیسابی خەڵك بێنێتەوە کایە، هەروەها پزیشکی نەمساویی دەروونناس "ئەلفرێد ئادلەر" کە لە فرۆیدیزم لایداوە، پێیوایە کە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی کەسایەتیی دیکتاتۆرو ستەمکارە توندوتیژەکان، ئەو هەستە پڕئازارو بێبەشییو خۆبەکەمزانینەیە دەروونییەیە کە لەناخی دیکتاتۆردا هەر لە سەردەمی منداڵییەوە رەگیداکوتاوە، ژیان لەسایەی باوکێکی توندوتیژ، بێبەشیی لە یاریو خۆشییەکانی منداڵیی، ژیانی وشكو برینگی بیابان یاخود چیا سەختەکان، ئازارەکانی هەژارییو برسێتییو ئاوارەیی. دیارە ئادلەر لەمبارەیەوە تێپەڕاندووەو تەنانەت کەموکورتییەکانی رووخساریشی کردۆتە یەکێك لەو بێبەشییانەی ئازار لەناخدا پێکدەهێننو هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەیان لەحاڵەتی دەسەڵاتدارییدا وادەکات دەسەڵاتدار بەرەو دیکتاتۆریی پاڵبنێت، ئەو ئاماژە بۆ دیکتاتۆرەکانی وەك قەیسەرو ناپلیۆنو هێتلەرو ستالینو مۆسۆلینیو فرانکۆو..هتد دەکاتو دەڵێت ئەمانە هەموویان کورتەبنەبوونو ئەو کەماسییە جەستەییەش وایکردووە هەر لەمنداڵییەوە لەناخیاندا رۆحێکی شەڕەنگێزیی بخولقێت!!

هەر لەمبارەیەوە "د.کورش عرفانی" لە کتێبێکی زۆر نایابیدا بەناوی " روانشناسی اجتماعی استبدادزدگی/ دەروونناسیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ستەملێدراو"دا کە دوو ساڵ پێش ئێستا لە ئەمەریکا بڵاوبۆتەوە، بەوردیی باس لە کاریگەریی پەروەردەی سەقەتو

نادروست لە خولقاندنی زمینەی کۆمەڵگای ستەمکارو شکستی شۆڕشەکان دەکات. ئەو ئاماژە بەو راستییە دەدات کە شکستی "تربیت/پەروەردە" لە هێنانەئارای نەوەیەکدا کە ناخێکی بەهێزو هزرێکی مرۆڤدۆستانەو ئیرادەیەکی تۆکەمە کە توانای کۆنترۆڵکردن یان رامکردنی ئەرێیی غەریزە ئاژەڵییەکانی خۆیان هەبێت‌و لەپەیوەندیی نێوان خۆیان‌و ئەوی دیدا خۆ لەتوندیی‌و شکاندن‌و کینەتۆزیی‌و خۆخواردنەوە ببوێرن‌و لەروویەکی مرۆڤدۆستانەو شارستانییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، وایکردووە کەسایەتییەکان(بەشۆڕشگێڕەکانیشەوە) بەسەر سێ گروپدا دابەشبکرێن کە: دەسەڵاتخوازانی خۆسەپێن،و پیاهەڵدەرانی دووڕووی سەرلەقێن،و گۆشەگیرانی خۆچەپێنن. ئەوانەی کە بەگوێرەی بۆچوونی عرفانی هیچیان خاوەنی پەرەوەردیەکی سالم نین‌و بە کورتیی‌و بەکوردیی "بێتەربێتن". عرفانی لەمبارەیەوە نموونە بە "مەلا حەسەنی" (شۆڕشگێڕی) بەناوبانگیی شۆڕشی ئێرانی دێنێتەوە کە پاش شۆڕش لە شاری ورمێ نوێنەری ئیمام‌و هەمەکارە بوو، ناوبراو دەیوت: چۆن هەموو ماڵێك پێویستی بە ئاودەستخانەیە، کۆمەڵگاش ئاوا پێویستی بە ژنە !!!"

لەڕاستییدا، کۆڵینەوە لەپێکهاتەی دەروونیی‌و پەروەردەیی وکۆمەڵایەتیی‌و سیاسیی‌و ئایدیۆلۆجیی تاك‌و گشتی ئەو کۆمەڵگایانەی شۆڕشیان تێدا دەقەومێت فرە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە بابەتێکی بەم چەشنە، بەبڕوای ئێمە چەندە ژیانی خێڵایەتیی‌و مێنتەڵیتەی خێڵ لەو کۆمەڵگایانەدا پایەدارتربێت، چەندە نەخوێندەرواریی‌و لاوازیی فەرهەنگیی‌و خورافاتی ئاینیی لەو کۆمەڵگایانەدا ریشەداکوتاوتربێت، چەندە هەژاریی‌و کەمدەستیی بەربڵاوتر ولایەنی ئابووریی وێرانتربێت، چەندە مێژووی ژیانی ئەو گەلە لەسایەی ستەمکاریی پێش شۆڕش درێژخایەنتر بێت، چەندە شۆڕشەکە دژ بەو ستەمکارییە توندوتیژتر بێت، چەندە ماوەی ئەو توندوتیژییە زۆرخایەنتر بێت، چەندە دەسەڵاتە شۆڕش بەرووداکراوەکە نادامەزراوەتربێت، چەندە هێزە سیاسییەکانی نێو شۆڕش خاوەن ئایدیۆلۆجیی گشتگیرو



ئارمانگەراتربێت، چەندە ئەگەری کاری بەرەیی ئەو هێزانە لەکاتی شۆڕشدا لاوازتر بێت، چەندە سازانی ئەو هێزانە بۆ شێوە سیستمێکی ئازادییگەرا لەپاش شۆڕشدا دەستەپاچەتربێت، چەندە ململانێ شەخسییەکان لەنێو رێبەرانی شۆڕشدا دژوارتربێت، چەندە بێدیسپلینی هێزە شۆڕشگێڕەکان‌و پابەندنەبوونیان بە پاراستنی ئازادییەکان‌و بەها بەرزەکانی ژیان بەرچاوتربێت، چەندە دنیابینی رێبەرایەتیی شۆڕش داخراوتربێت، چەندە ئەو رێبەرایەتییە لەرووی زانیاریی‌و قاڵبوونی تیۆریی‌و ئەزموونداری‌و لێوەشاوەیی دەوڵەتسازییەوە بێبەهرەتربێت، چەندە چینی ناوەڕاست‌و دەستە مەدەنییە شارەکییەکان تێکشکاوتربێت، هێندەش ئەگەری هاتنەسەرکاری دیکتاتۆریی‌و ستەمکارییەکی نوێ لەپاش شۆڕشدا لەبارترو چاوەڕوانکراوتر دەبێت .

د. عەزمی بشارە لە کتێبی "سەبارەت بەشۆڕش‌و شایستەگیی بۆ شۆڕش"دا دەڵێت: " لەراستیدا، ئەگەر شۆڕش شۆڕشێکی گشتگیر بێت‌و پارتێك بە بەرنامەیەکی گشتگیرو تۆکمەوە رێبەرایەتیی بکات، ئەوا زۆرجار ستەمکارییەك دەگۆڕێت بە ستەمکارییەکی تر، بەقسەی کارل پۆپەر دیزاینێکی کۆمەڵایەتیی گشتیی هاوچەرخ لە بیروباوەڕەکانیەوە بەسەر زۆربەی بوارە ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و سیاسییەکانی کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت، فەزای گشتیی بە چەکی "هیمنویەو مؤوسسیة/هەژموونگەرایی‌و دامەزراوەیی" هاوچەرخ داگیر دەکات کە دووبارە ستەمکارییە کۆنەکە بە شێویەکی هاوچەرختر بەرهەمدێنێتەوە. گرفتی سەرەکیی لە خواستی پێشنیارکردنی کێشەو هەڵوێستە ئایدۆلۆجییەکانی ئەو پارتە سیاسیانەدایە کە هەست بە بەهێزیی خۆیان دەکەن بە ئامانجی یەکلاکردنەوەیان پێش ئەوەی لە پرەنسیپەکانی سیستەمی دیموکراسیدا بچەسپێنرێت. ئالێرەدا پارتە سیاسییە بێهێزەکان زارەترەك دەبن،و داوای گەرەنتیی دەکەن کە ئایدۆلۆجیای هیچ پارتێك نەگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆجیای فەرمیی دەوڵەت، واتە دامودەزگا دەوڵەتییەکان پەیوەست نەبن بە فیکرێکی دیاریکراوەوە، جا ئاینیی بێت یاخود چینایەتیی یان هەر شتێکی تر. لێرە هەست بە خەتەرناکیی دووبارە گەڕانەوەی فۆڕمێکی نوێی ستەمکاریی دەکرێت

که پارتگەلێکی سیاسیی رێبەرایەتیی دەکەن کە ئایدۆلۆجییەتیان دەخەنە سەرووی پرەنسیپەکانی گەمەی دیموکراسییەکەوە، و خۆیان دەخەنە بان دەوڵەتەوەو، شۆڕش بۆ خزمەت بەرژەوەندییە ئایدۆلۆجییەکانی وەبەردێنێت ".

هەربۆیە پاش ئەم کورتە سەرنجە، دەتوانین بڵێین کەتێکڕای شۆڕشو راپەڕینە جەماوەرییەکان ناتوانن بەئاسانی خاڵی کۆتایی بۆ ستەمکاریی دابنێنو ئازادییو مافەکانی مرۆڤو دادپەروەریی بێننەدیو دەزگاو دامەزراوەکان بۆ پاراستنی دابمەزرێنن، تێکڕایان ناتوانن وەرچەرخانی دیموکراتیی بێننەدیو لەکاتی گواستنەوە لە شۆڕشەوە بۆ دەوڵەتسازییو سیستمسازیی چەمکی "رزگارییو سەربەستیی" لەستەمکاریی بگۆڕن بۆ "ئازادیی" بەیاساییکراوو رێزلێگیراو پارێزراو کە رێگە بە گەڕانەوەی ستەمکارییو سەپاندنی دیکتاتۆریی بەناوی "شەرعییەتی شۆڕشگێڕانە"وە نەدات. هەموو ئەو شۆڕشو راپەڕینانەی لەلایەن رابەرو حیزبێکەوە یان سەرۆك و بنەماڵەیەکەوە دەدزرێنو بەناوی وشەی بریقەداری نیشتمانییو نەتەوەییەوە هەژموونی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێننو تائەوپەڕیی قۆرخکاریی دەسەڵاتو سامانی گشتیی دەکەنو لەباتی خەڵکسالاریی، خەڵکسوارییو لەجیاتی عەدالەتخانە، فەلاقەخانە،و لەبری بورۆکراسییەکی حکومیی هاوچەرخی تەکنۆکرات، بۆریکراسییەکی چەکدارو لەبری مافی مرۆڤو مەدەنییەت، مرۆڤداپاچینو بەربەرییەت بەرێوەدەبەن، ئەوانەی کە "خوازیاری کارت بڕوا هاورەنگی سەوزو زەرد بە" دەکەنە پرەنسیپو گچکە دیکتاتۆریی بە "نیوە دیموکراتی" بەخەڵك دەفرۆشنەوە، گەر بێتو زەمان دەرفەتیان بدات زوو یان درەنگ ستەمکاریی بەفۆرمێکی دیکەو ناشرینتر لەپێشوو دەکەنە دیاری بۆ کۆمەڵگاکەیان، چونکە لە کۆمەڵگایەکدا نەزانیی لە زانین،و خیانەت لە خەبات،و درۆ لەراستیی،و دەستپیسی لە دەستپاکیی،و مرۆڤکوژ لە مرۆڤدۆست شایستەتر بێت، ئەوا دیکتاتۆریی پاش "شۆڕش" بەخششێکی یەزدانییە، هەربۆیە شۆڕشگێڕانیش بەئەندازەی ستەمکارانی پێشوو مەترسییدارن .



## "بەرژەوەندیی باڵا" بۆتە پوچترین کاڵا

ماوەیەکە بایەخدارانی رەوشە سیاسییەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ناوچەکە زیاد لەپێویست چەمکێکیان بەرگوێ دەکەوێت، کە "بەرژەوەندیی باڵایە"، ئەو چەمکەی کە پێشترو بەردەوام لە بەهاری عەرەبیشیدا، لەلایەن میدیا دەمخۆرەکانی رژێمە بنەماڵەییە گەندەڵە خۆسەپێنە مرۆڤچەپێنەکانی تونسو میسرو لیبیاو هەروەها یەمەنو سوریاو ناوچەکەوە، بۆتە وێردی سەرزمانو ئێستاش ناوبەناو لە میدیای حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە چەندبارە دەکرێتەوەو جاروباریش ئاماژە بە چەمکی"ئەمنی قەومی"یشی لەپاڵدا دەکرێت. لێرەدا نامانەوێت هیچ قسەیەك لە چەمکی "ئەمنی قەومی" بکەینو ئەو بابەتە بۆ "تیۆرسینە بەڕێزەکانی ئەمنی قەومی"!! ئەو حیزبانە جێدەهێڵین، بەڵکو تەنیا سەرنجێك لەوبارەیەوە دەخەینەبەرچاو کە بەرژەوەندیی باڵا چییەو کێن ئەوانەی باسی لێوەدەکەنو مەبەستیان لەو هەڵایە چییە کە ناویانەتەوە؟

بەرژەوەندیی باڵا، بەواتای خێری گشتییو قازانجی تێکڕای کۆمەڵگا دێتو چەمکێکە لە ئەدەبیاتی فەلسەفەو ئاکاری سیاسییدا بەگوێرەی قوتابخانەو تێڕوانینە جیاوازەکان، مشتومڕی زۆری لەبارەوە کراوە. دیارە لە قۆناغی سەرەتاییو سروشتیی کۆمەڵگاکاندا کە دەوڵەتو دەزگاکانی لەگۆڕێدا نینو هەرکەس چەندی پێبکرێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی هەڵدەسوڕێت، ئەم چەمکە شوێنێکی لە واقیعدا نییە، لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگاکانو دروستبوونی دەوڵەتو پەیدابوونی فەزای گشتیی، هێدی هێدی ئەم چەمکە هاتۆتە کایەو شوێنی خۆی لە واقیعدا گرتووە، بەجۆرێك دەتوانین بڵێین کە لەکۆمەڵگا هاوچەرخەکانی دنیای دیموکراتیی ئەمڕۆماندا بۆتە بنەمای کارو هەڵسوڕانی تێکڕای دەزگاکانی دەوڵەتو فەلسەفەی سیاسیی دەسەڵاتدارێتی هاوچەرخ. ئەو چەمکەی کە پایەیەکی بنەڕەتی هزروانانی قۆناغی رۆشنگەرییو رۆحی دیموکراتیو لیبرالیزمی سیاسییینو بەچەشنێك لەگەڵ چەمکەکانی دیکەی وەك "گرێبەستی کۆمەڵایەتیی"و "ئاکاری

مەدەنی"و" دەوڵەتی ماف‌و خۆشگوزەرانی"دا تێکەڵ بەیەکبوون کە بۆتە هەوێنی ژیانی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی لە وڵاتە ئازادەکاندا.

شایەنی باسە، مشتومڕ سەبارەت بە بەرژەوەندی باڵاو خێری گشتیی، کە لە لای رۆژئاواییەکان دەسەڵاتێکی دیموکرات‌و کۆمەڵگایەکی ئازادو خاوەن ماف‌و دادپەروەری هێناوەتەئارا، لە رۆژهەڵات‌و لەسایەی رژێمە بنەماڵەییە دیکتاتۆرە خۆسەپێنەکاندا، تەنیا وەك ئامرازێك بۆ چەپاندن‌و گەوجاندنی خەڵکی ستەملێکراو و وەك پەردەیەك بۆ شاردنەوەی هەموو ناشرینییەکانی ئەو جۆرە دەسەڵاتانەو درێژەدان بە بەرژەوەندیی بنەماڵەیی‌و سەرکوتی سیاسیی‌و قۆرخکاریی ئابووریی‌و چەسپاندنی هەژموونی دەسەڵات بەردەوام چەندبارە دەکرێتەوە.

پێویستە بڵێم هەر سیاسەتکارو تاکێکی سەر بە بژاردەی دەسەڵاتداری سیاسیی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ، ئەوکاتە دەیسەلمێنێت کە بەرژەوەندیی گشتیی بەهەند وەردەگرێت، کاتێك بەرژەوەندیی گشتیی لەپێش هەر شتێکی دیکەوە دابنێت، کار بۆ دابینکردن‌و پاراستنی تەواوی ئازادییەکانی تاك‌و کۆمەڵگا بکات، کار بۆ هێنانەکایەو پاراستنی دەزگا مەدەنییەکان‌و کۆمەڵگای مەدەنیی بکات، خۆی لە ئەرك‌و بەرپرسیارێتییەکانی نەدزێتەوە، دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی شەخسیی بەکارنەهێنێت‌و دووربێت لە خزمخزمێنەو پیاوپیاوێنەو قوژبنەکانی دەزگا ئەمنیی‌و هەواڵگرییەکان بە کورو برازاکانی پڕنەکاتەوە، خیانەت لە نیشتمانەکەی نەکات‌و لەگەڵ بێگانەدا بۆبەرژەوەندیی خۆی دەست تێکەڵاو نەکات، دوور بێت لە ئەنجامدانی بێحورمەتیی وهەر توندوتیژییەك بەرامبەر بە هاوڵاتییان، کار بۆ سەروەریی یاساو یەکسانیی لەبەردەم یاسادا بکات‌و خۆی لەسەروو یاساوە نەبێت، لە هەڵبژاردنەکاندا ساختەکاریی نەکات‌و گەر خەڵکی دەنگیان پێنەدا بێ ئاژاوەنانەوە کورسیی دەسەڵات جێبهێڵێت، دزیی لە سامانی نیشتیمانیی نەکات و قۆرخکاریی بازاڕو دەزگا ئابوورییەکان نەکات، سنووری وڵات لە پێشێلکاریی دەرەکیی بپارێزێت، رێز لە بنەماکانی سیستمی دیموکراتیی بگرێت و خۆی لە رەگەزەکانی



سیستمی ستەمکاریی وەك تۆقاندن‌و پیلانگێڕیی‌و هەڕەشەو بێدەنگکردنی تاك‌و کۆمەڵگا بپارێزێت‌و لەمێژوو بێباك نەبێت .

ئەو راستییەی کە کۆمەڵگای کوردیی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە کۆمەڵگایەکی نیمچە دەرەبەگیی کشتوکاڵیی خێڵەکیی دواکەوتوو بووەو لەپرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتیمانیشدا نەك هەر مایەپوچ بووە، بگرە بەسەر چەندین دەوڵەتی داگیرکەری خاوەن سیستمی دیکتاتۆریی سەرکوتکەردا دابەشکراوە کە ئینکاریان لە بوونی کوردو هەوڵی قڕکردنیان داوە، ئەوەش سەرجەم دەرفەتەکانی بەردەم هێنانەکایەی فەزایەکیان لەباربردووە کە چەسپێنەری بەرژەوەندیی گشتیی بێت. جگەلەوەی مێژووی جوڵانەوەی چەکدارانەی کوردستان، مێژووی ململانێیەکی توندوتیژیی چەکدارانەی شاخەکیی نابەرامبەر بووە دژ بە داگیرکەران، وێڕای جەنگێکی نێوخۆیی وێرانکەر لەنێوان باڵە جیاوازەکانی جوڵانەوەکەدا کە نەك هەر خەونێکی پێشینەی منەوەرانی کوردی سەبارەت بە نیشیمانپەروەریی وەك رەگەزێکی ئاکاری مەدەنیی لەباربردووە، بەڵکو ئاکامە نەرێنییەکانی بەچەشنێکی ئەوتۆ رەنگیانداوەتەوە کە بنەما سەرەتاییەکانی رەوشتی تاکیشیان بنکۆڵ کردووەو بەوەش کۆمەڵگایان لە قەیرانێکی ئەخلاقیی گشتییدا خەساندووەو پێچەوانەی ئەو وەرچەرخانە ریشەییەی کە دەبووایە شۆڕش لە سەرجەم کایە سیاسیی‌و فیکریی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و فەرهەنگیی‌و ئەخلاقییەکانی بیکردایە، هاتە کایەوە. بۆ نموونە: قوربانییدان بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی‌و نبشتمانیی گشتیی لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەت، جاشایەتیی، خیانەت، دیلکوژیی، پەناکوژیی(تەنانەت لەسەرخوانی میوانییش)، بنەماڵەچێتیی، هەرێمگەرایی، دزیی‌و شڕەخۆریی‌و گەندەڵیی، بێحورمەتییکردن بە ئینسانی کوردو کارکردن بۆ بێئیرادەکردن و کۆیلەکردنی، توڕدانی پەروەردەی نیشتیمانیی دروست‌و بێپرەنسیپی و بەرەڵایی‌و باڵادەستی ئەخلاقی جەنگڵ و زەمینەخۆشکردن بۆ بەرهەمهێنانی ئینسانی ملکەچ‌و بێیەهاو چڵکاوخۆرو ئەڵقە لەگوێ‌و چەپڵەبازو هەلهەلەکێشی پیاهەڵدەر کە رۆڵی مورتەزیق ببینێت. ئەوەش لەڕاستییدا سەرچاوەی تێکڕای

نەهامەتییو کارەساتە گەورەو تاوانە مێژووییەکانی زیاتر لەنیو سەدەی مێژووی هاوچەرخی کوردستانە.

لەدوای راپەڕینە کورتوکوێرەکەی بەهاری ١٩٩١ کە لەهێنانەکایەی سیستمێکی دیموکراتیی نیشتیمانیی هاوچەرخی ئازادو یەکسانییخواو دادپەروەر شکستیخواردو لەئاکامی زاڵبوونی گیانی بەرژەوەندییپەرستی بنەماڵەییو ئاکاری حیزبیی ملیتانتیی نامەدەنیی، کە لەسەر داروپەردوی بەجێماوی بەعسو دوای خولێکی دیکەی جەنگێکی کوردکوژیی نێوخۆ، جووتکارگێڕییەکی نادیموکراتو ناشەفافو قۆرخکارو دەسەڵاتسەپێن لە باشووری کوردستاندا هاتە کایەوە کە سەرچاوەی تێکڕای ئەو قەیرانانەیە کە ئەمڕۆ بەرۆکی تێکڕای کایەکانی سیاسییو ئابوورییو کۆمەڵایەتییو ژیانیی کۆمەڵگای کوردیی لەم پارچەیەی کوردستاندا گرتۆتەوە. هەربۆیە ئەوانەی کە لەماوەی بیست ساڵی فەرمانڕەوایەتیی ئەم جووتگارگێڕیەدا هەموو بەرژەوەندییەکی گشتییان کردە قوربانی بەرژەوەندییە بنەماڵەییو شەخسییەکانیان، ئەوانەی بەعەقڵی شاخەوە لە شارەکانی کوردستاندا کەوتنەوە سەنگەر لەیەکگرتنو بەکوشتدانی خۆڕاییی رۆڵەکانی کورد لەپێناو پارەی گومرگەکان، ئەوانەی بناغەی گەندەڵکاریی کوردییان چەسپاندو کوردستانیان کردۆتە گورگستانو سامانی بنزەویو ئاسمانو رێسمانی ئەم وڵاتە حەپەلوش دەکەن، ئەوانەی پەرلەمانی کوردستانیان مرداركردۆتەوەو لە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆیان دایانبڕاندووە، ئەو دەزگایەی لەجیاتی ئەوەی ببێتە شانۆی پەلەمانتاری بوێرو گەلدۆستو خاوەن رۆڵ، کراوەتە کارگەی بەرهەمهێنانی فلاتپەرلەمانتارو پەرلەمانتارکۆنترۆڵ، چونکە لەوڵاتانی دیموکراتدا پارلەمان دەبێت زێدەتر بێت لە راوێژخانەو نەکرێت بە کاوێژخانە، ئەوانەی نەك هەر لەپێناو باڵادەستیی خۆیاندا دەستی سوپای تورکو ئەرتەشی ئێرانیان دەگرتو دەیانکردن بە خاکی باشووری کوردستاندا، بەڵکو مانگانەیان لە بێگانە وەردەگرت تاکو شەڕی خەباتگێڕانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بکەن، ئەوانەی لەچلەی گەرمای ئابی ١٩٩٦دا دەبابەو تۆپەکانی هێزی بەعسو حەرەس جمهورییان کرد بە پایتەختی کوردستاندا، ئەوانەی هۆکاری شێواندنو ژاراوییکردنی ژینگەی کوردستانن، خەڵکیان بەوە تاساندووە کە شاریان لەسەر حسابی لادێ هەڵئاوساندووە، بەجۆرێك کە توانای هەڵمژینی هەناسەیەکی پاك لە شارەکاندا نەماوە، ئەوانەی لاوانی کوردیان گەیاندۆتە قۆناغی بێئومێدییو لەهەموو شکۆیەکی نەتەوەییو مرۆییان دابڕیونو وایانلێکردوون بۆ رزگاربوون بیر لە خۆکوژیی بکەنەوە، ئەوانەی بەشە داگیرکراوەکەی باشووری کوردستانیان خستە بازاڕی قوماری دۆڕاوی سیاسیی خۆیانەوەو لەپاش نزیکەی دەیەیەك لە رووخاندنی رژێمی بەعس تەنیا بستێکیشیان نەگێڕاوەتەوە، ئەوانەی خاکی باشووری کوردستانیان کردۆتە مۆڵگەو بارەگاو ناوەندی هێزە سەربازییەکانی تورکو دەزگا سیخوڕییەکانی دەوڵەتانی بێگانەی داگیرکەری کوردستان، ئەوانەی رێگە خۆشکەرن بۆ وێرانکردنی ئابووریی وڵاتو دارمانی کەرتی کشتوکاڵییو بازاڕەکانیان کردۆتە مەیدانی ساغکردنەوەی پوچترین کاڵای تورکییو ئێرانییو تەراتێنی دەڵاڵەکانی بازرگانیی، ئەوانەی لەجیاتی دیموکراتی، مافیاکراتییو لەبری چاکسازیی، چەکسازیی بەڕێوەدەبەنو لەخەمی دروستکردنی فیدائی سەرۆکەکانن تاکو وەك کوژراوەکانی شەڕی ناوخۆ بەفەرمانی سەرۆك بۆ بەرژەوەندی سەرۆك بەکوشتبدرێن، ئەوانەی پێشمەرگەیان لە ئەرکە پیرۆزەکەی خۆی دارنی کە پێشگرتنە بە مەرگی هاوڵاتیانی بێدیفاعی کوردستانو خۆبەقوربانییکردنە لەپێناو بەهاکانی نیشتیمانو نەتەوەوکەرامەتی ئینسانو کردیاننە ئامرازی ستەمکاریی سەرکردە حیزبییەکانو بەڕۆژی نێوەڕۆو بە بەرچاوی هەموو دنیاوە بە چەکی قورس رەشەکوژییان لە خەڵکی مەدەنییولاوانی وەزاڵەهاتووی شارەکانی کوردستان پێئەنجامدان، ئەوانەی چیکڵدانەی کاری سیاسییان ئەوەندە تەسکەو هەر چەند مانگ جارێك بارەگای پارتە جڵەونەکراوەکانی کوردستان دەسوتێننو ئاگری تێبەردەدەن، بەوەش قەیران دەکەن بەسەر قەیرانداو ئایندەیەکی رەش بۆ خەڵكو خۆشیان دەهێنن، ئەوانەی کە وەك کەمەی گۆچان ئومیدێکی راستبوونەوەیان نەماوەو لەشکانی حەتمیی خۆیان پەشۆکاون ناتوانن هەرگیز بە ئاماژەدان بەو چەمکانەی کە خۆیان بەهایەکیان بۆ نەهێشتۆتەوە، رای گشتیی خەڵکی کوردستان چەواشە بکەن، چونکە ئەوانە پێش هەموو کەسو بۆخۆیان بەرژەوەندیی باڵایان کردۆتە رزیوترینو پوچترین کاڵا.

## وەهمی چاکسازیی و سازانی هێزەکان یان هەڵکشانی ئەگەری تەقینەوە توندەکان•

بەدوای هاتنەوەی تاڵەبانی سەرۆك کۆمارو سەردانی دەستە دەستەی سیاسەتکارانی عێراقیی بۆ شاری سلێمانی، جگەلەوەی باس لە کردنەوەی دەرگایەك بەرووی نزیکبوونەوەی لایەنە ناکۆکەکان و دەرفەتێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان گەرمە، قسەش لە گۆڕانی دارِشتنەوەی هاوکێشەی نێوان هێزە سیاسییە سەرەکییەکان دەکرێت، چ لەسەر ئاستی عێراق بەگشتی و چ لەسەر ئاستی کوردستانیش بەتایبەتی، ئەوەش لەڕاستییدا پرسێکی بێ بنەما نییەو پەرەسەندنی زنجیرەیەك لەرووداو هەڵوێستی رابردوو زەمینەیان بۆ پێشبینیکردنی ئەم جۆرە نزیکبوونەوەو گۆڕانانە رەخساندووە. بەڵام پرسیاری سەرەکیی لێرەدا ئەوەیە، کە تاچەند ئەم نزیکبوونەوەو گۆڕانی هاوکێشەکان ستراتیژیانە پەیوەندییان بە چاکسازیی و وەرچەرخانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی هەیەو سیستمی سیاسیی لەعێراق و کوردستاندا بەرەو جێگیریی و دامەزراوەیی دەبەن و چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت ژیانی هاوڵاتیان بەرەو چاکتر دەبەن؟!

من پێموایە کە کێشەی نێوان هێزە سیاسیی و مەزهەبیی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی عێراق هێندە قووڵن، نەك هەر ئەم جۆرە سەردان و کۆبوونەوانەو هەروەها دارِشتنەوەی کاتیی هاوکێشەکان ناتوانێت چارەسەری ریشەیی گونجاوی ئەو کێشانەی بکات، بەڵکو ئاکامێکی باشیشی بۆ دارِشتنەوەی سیستمێکی جێگیرو سەرکەوتوو لێ چاوەڕوان ناکرێت و بگرە هێندەی تر ئەگەری تەقینەوە توندەکان لەتێکڕای بەشەکانی وڵات بەکوردستانیشەوە لەهەڵکشاندا دەبێت.

لەڕاستییدا، نامەوێت بەدرێژیی ئاماژە بەتێکڕای ئەو هۆکارە بونیادیانە بدەم، کە وادەکات ئەگەری تەقینەوەی دۆخەکە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان (واتە بەشە عەرەبییەکەی عێراق) لەهەڵکشاندا

• ئەم وتارە لە ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١٢ لەسایتی کوردستانپۆست دا بڵاوکراوەتەوە.



بێت، بەتایبەتی خواریی و سەقەتیی مێژوویی بناغەی دەوڵەتی عێراق و ململانێی توندی نێوان هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو عێراقییەو گرێدانی توندی ئەو ململانێیەو کێشمەکێشی مەزهەبیەی عێراق بە هەڵتۆقینی زیاتری ململانێ و جەمسەرگیریی هاوکێشە سیاسیی و مەزهەبی نێوهەرێمیی و ئەو رووداوانەی ئێستا لەسوریا روودەدەن و پریشکو کاریگەری ئاکامەکانی لەرووداوەکانی نێوخۆی عێراق، کە هانی زیاتری شیعەکان دەدات کە گورجانەتر دەرفەتەکە بقۆزنەوەو سوربن لەسەر کارکردن بۆ قۆرخکاریی و بەدەستەوەگرتنی تەواوی جومگە سیاسیی و کارگێڕیی و ئابوورییەکان و بەدەستهێنانی باڵادەستیی لەعێراق و ناوچەکەدا، لەم رووەشەوە بێگومان ئێران هاوکارێکی ستراتیژیی و جێگەی متمانەیە بۆ ئەوان. لەلایەکی تریشەوە، سوننەکان بەدرێژایی ئەو ماوەیەی دوای روخاندنی سەدام سەلماندویانە کە توانایەکی مەزنی وێرانکاریی و بەرێوەبردنی کاری توندوتیژییان هەیەو تادێت کۆمەڵگەی سوننی زیاتر دەبێتە خانەخوێی گروپە تۆقێنەرەکانی وەك قاعیدەو پاشماوەکانی بەعس و کارە خۆکوژیی و تەقینەوەکانی ئەم چەند مانگەی پێشوو لەبەغداو ناوچە تێکەڵە عەرەبییەکان بەڵگەیەکی روونی ئەم راستییەن.

هەروەها سەبارەت بە ناوچە دابڕاوەکانیش، بۆ هەرکەسێك بەدواداچونێکی ساکاری سەبارەت بەو ناوچانە هەبێت لەو راستییە دەگات کە چۆن ئەو ناوچانە بوونەتە مینێکی کاتیی چێنراوو هێزە سیاسییو نەتەوەییەکانی چەندە لەنێو خۆیاندا ناکۆکن و بەردەوام چەقۆ لەیەکتری تیژ دەکەنەوەو زۆربەی جار ئەو ناوچانە بونەتە چەقی بەتاڵکردنەوەی توندوتیژیی و یەکلاکردنەوەی ململانێی هێزەکانی دەرەوەی ئەو ناوچانە. هەربۆیە لەماوەی ئەنجامدانی کارە توندوتیژییەکانی رابردوودا، ئەو ناوچانە، بەتایبەتی کەرکوك، نەك هەر بێبەش نەبووە بگرە پشکی شێریشی لەو توندوتیژییانە پێبڕاوە. گەڕانەوەی ئەو ناوچانەش لەڕێگەی مادەی ١٤٠وە بۆسەر هەرێمی کوردستان یان وەهمێکە لەسەری دەسەڵاتدارانی ئەو هەرێمە یاخود زیاتر بۆ ئیستیهلاکی محەلی باسی لێوەدەکرێت، وەهمێکی لەوە

گەورەتریش بریتیە لەوەی کوردان بتوانن لەبەغدا هاوبەشی پرۆسەی بڕیارسازیی بن، چونکە ئەوە نە لەرابردوودا بووەو نە لەئاییندەشدا دەبێت، چونکە عێراق دەوڵەتێکە بەو بونیادەوە هەرگیز نە دیموکراتی بووەو نە دیموکراتیش دەبێت، وەهمی هەرە گەورەش ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی بەغدا ئامادەن لەکاتی تواناییاندا بوونی هەرێمێك لەباشووری کوردستاندا قبووڵ بکەن، دیارە بەشێکی مەزنی ئۆباڵی گرژییەکانی ئەم دواییەی نێوان هەرێم و ناوەندیش لەئەستۆی دەسەڵاتدارانی بەغدادایە، ئەوەش راستییەکی نکۆڵیی لێنەکراوە، چونکە تاکو گۆڕانی ریشەیی و وەرچەرخانی گەورە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەبارەت بە دیموکراتی و کێشەی کەمینەکان بەگشتیی و سەبارەت بە کێشەی کورد بەتایبەت نەیەتەدی، هەر کاتێك بەغدا خۆی لەپێگەیەکی بەهێزدا ببینێتەوە، لەپەلاماردانی کوردستان دوودڵیی نانوێنێت. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، پێویست ناکات بەدرێژیی قسە لەسەر مێژووی ململانێی توندوتیژی ساڵانَی رابردوو، هەروەها شکستی هێزە سیاسییەکان لەدامەزراندنی حکومەتێکی نیشتیمانی دیموکراتی یەکگرتووی هاوچەرخو سازانی ئەو هێزانە لەدەوری بەرنامەیەکی گشتگیر لەپێناو بەرژەوەندی خەڵکو کۆمەڵگادا بکەین، لەغیابی سەرکردایەتییەکی سیاسیی بەرپرس و دڵسۆزدا، نە رێکەوتننامەی واشنتۆن و نە رێکەوتننامەی ستراتیژیی زەمینەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە راستیینەکان نەرەخساندو شێوازی کەڵەکەکردنی قەیرانەکان و سڕکردنی گرژییەکان گیرایەبەر، ئەوەش رێگربوو لە هاتنەکایەی حکومەتێك کەبتوانێت بەشێوەیەکی دامەزراوەیی کار بۆ بەڕێوەبەردنی کۆمەڵگاو چارەسەرکردنی کێشەکانی بکات و توانای چاکسازیی و نوێبوونەوەی لەخۆی و کۆمەڵگادا هەبێت.

حکومەتی هەرێم کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە لەسەر داروپەردوی بەجێماوی بەعس و لەلایەن هێزە حیزبیە چەکدارەکانی پارتی و یەکێتییەوە بەشێوەی فیفتی فیفتی قۆرخکرا، نەیتوانی ببێتە دەزگایەکی سەربەخۆ بەپیادەکردنی سەروەریی یاسا، بەڵکو کرایە



ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی خواست و بەرژەوەندیی ئابووریی و دەسەڵاتسەپێنی بازنە بەرتەسکەکەی هەردوو حیزب لەهەردوو زۆنە زەردکراو سەوزکراوەکەی هەرێمدا، ئەوەی بەتەواوی حکومەتی لەکاری حکومەتێتی خست و کردیە ئامرازی ئیدارەدانی گەندەڵکاریی کە لەنوکی هەرەمە حیزبییەکەوە دەستپێدەکات و بەرەو خوارەوە شۆڕبۆتەوە. هەربۆیە خەونی ئەنجامدانی چاکسازیی هەمەلایەنەو گۆڕانکاریی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە وەهمێك بووە لەتێنەگەیشتن لە بونیادی راستینەی خودی حکومەتەوە سەرچاوەی گرتووە. حیزبەکانیش کە بۆخۆیان خاوەن بونیادێکی قۆرخکاریی دواکەوتوون و بەدرێژایی مێژوو نەیانتوانیوە وەرچەرخان و پەرپێدانی دیموکراتی بەخۆیانەوە ببینن هەتا هاتووە زیاتر بازنەی بڕیارسازیی و بەرژەوەندییپارێزییەکانیان بەرتەسکبۆتەوەو ئێستا لەحیزبی جەماوەرییەوە بوونەتە کۆمپانیای شەخسیی و لەجیاتی بیروباوەڕ، تەنیا بەرژەوەندیی مادیی و پارە بە ئەندامەکانیانیەوە بەستوون. دیارە پارتی لەم نێوەدا توانیویەتی لەچەند ساڵی رابردوو بنکەی دەسەڵاتسەپێنی خۆی لەناوچەی زەردکراودا داکوتێت و لاوازیی یەکێتیشی قۆزتۆتەوە بۆئەوەی وای لێبکات دەست بەداوێنی پارتیەوە بگرێت و بیکاتە پردێك بە شەرعیەتدان بەو هەنگاوانەی کەلەپێناو سەپاندنی دەزگا حیزبییەکانی خۆی وەك ستاندەرێك بۆ حوکمڕانی تەواوی کوردستان گرتوێتیەبەر، لەم رووەشەوە ئەرێکردنی بەپەلەپروزێی دەستوورو دواتر یاسای قەدەغەکردنی خۆپیشاندان و هەروەها بەم دواییەش ئەنجومەنی ئاسایش، نموونەیەکی روونن، ئەو ئەنجومەنەی کە لەبنەڕەتدا غورفەی عەمەلیاتە بۆ داپڵۆسینی نەیارانی حیزبی و رووبەڕووبوونەوەی تەقینەوە لەناکاوەکان.

پاش شکستی ریفۆرمی حیزبی نێو یەکێتی و دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان و لەباوەشگرتنی نارەزایەتییەکان لەلایەن گۆڕانەوە وەك فشارێك بۆ گۆڕانکاریی، دەنگی نارەزایەتیی روونتر خۆی نواندو دیسانەوە پرسەکانی: بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی و گەندەڵکاریی، چاکسازیی هەمەلایەنە، کرانەوەی دیموکراتی، فراوانکردنی پانتایی

ئازادییەکان، چالاککردنەوەی پارلەمان، برەودان بە کۆمەڵگای مەدەنی، بڕینی دەستی حیزب لەحکومەت و بەدامەزراوەییکردنی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، سەربەخۆیی دادگاکان و سەروەریی یاسا..هتد، بەتوندی هاتنەوە بەرباس، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات و هاتنەسەرشەقامە مێژووییە ٦٢ ڕۆژییەکەی خەڵکە هۆشیارەکەی شاری سلێمانی بۆ چاکسازیی و دیموکراتی، کە سەرەتا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی پێدارو دواتر بەپەلامارو فشار ڕێگەی لێگیرا.

لەراستییدا، ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات و دواتر، کەڵەکەبوونی قەیرانەکان و ئەو دەلاقە مەزنەی نێوان خەڵك و بەرپرسانی ناشایستەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستانی دەرخست، کە لەماوەی بیست ساڵی حوکمڕانیی نادیموکرات و نادادپەروەیاندا هاتۆتەئارا، خوێنی لاوانی ١٧ی شوبات و شکستی حکومەت لەسزادانی بکوژان و پاراستنیان لەژێر باڵی بەرپرسە باڵاکان، ئەو دەلاقەیەی هێندەی تر مەزنترکردو متمانەی خەڵك بەدەسەڵات و سیمبولەکانی بەتەواویی نەما. گۆڕینی کابینەو ئەو بەڵێنە بێ وادانەشی پێشتر بۆ چاکسازیی درابوون نەك نەهاتنەدی و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لەچاککردنی ژیانی گشتیی و گێڕانەوەی متمانەی دۆڕاوی خەڵك بەدەسەڵات نەکردووە، خەڵکانێکی زۆر پێیانوایە نەك هەر کاری چاکسازیی و دیموکراتیزەبوون لەسایەی دەسەڵاتی سێکوچکەی باوکو کوڕو برازا، بەتەواویی لەکارترازا، بەڵکو تادێت بێئومێدی گشتی و ناشایستەیی دەسەڵاتدارانی ستەمکاریی ئەم هەرێمە زیاتر لەپێشوو بەرجەستەدەکات، ئەو بێئومێدییەی کە ڕەشبینییەکی قووڵی لەلای لاوان و توێژە زیندووەکانی کۆمەڵگا سەبارەت بە پەرەسەندنی هێواش دروستکردووە زێدەبوونی بەرچاوی تاوان و توندوتیژییە کۆمەمەڵایەتییەکانی وەك کوشتنی ژنان، خۆکوشتن، تۆڵەسەندنەوە، نەخۆشییە دەرونیە توندەکان، بڵاوبوونەوەی مەوادی هۆشبەر..هتد، بەروونی بەرجەستەی هەڵکشانی کێرڤی توندوتیژییەکان دەکەن و پێم



وایە لەئایندەدا بەشێوەی تەقینەوەی لەناکاوی بەکۆمەڵ بەرامبەر دەسەڵاتدارانی هەرێم دەردەکەوێت.

لەڕاستییدا، ئەوەی لەئەلفوبای سیاسەت بزانێ تێدەگات، کە مەسەلەکانی: دەرکەوتنی ناشایستەیی دەسەڵاتداران، فراوانبوونی دەلاقەی نێوان خەڵکو دەسەڵات و نەمانی متمانە بە حکومەت، قووڵبوونەوەی ڕەشبینی لاوان، زێدەبوونی توندوتیژییە کۆمەڵایەتییەکان، شکستی سازانی هێزە سیاسییەکان لەدەوری پلاتفۆرم و نەخشەرێگایەکی نیشتیمانی دەرچوون لە قەیرانەکان، تۆکمەبوونی قۆرخکاریی سیاسیی و ئابووریی، زێدەبوونی فشاری دەزگا ئەمنییەکان و هێرشکردنە سەرنەیاران، بە بنبەستگەشتنی چارەسەری ئاشتیانەی لەسەرخۆی ململانێی هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان، قووڵبوونەوەی نادادپەروەریی و ستەمی چینایەتیی ..هتد بەرەو چ ئاقارێك ملدەنێن کە لەهەلومەرجی باشووری کوردستاندا جگەلە تەقینەوەی لەناکاو چاوەڕوانی شتێکی دیکەی لێناکرێت، بەتایبەت لەشاری هەولێر، کە لەئاکامی پەنگخواردنەوەی نارەزایەتییەکان و زەبری هێزە ئەمنییەکان و بەهۆی هێندێك هۆکاری بابەتی دیکەشەوە لەپێشترە بۆ ئەم جۆرە تەقینەوانە. زۆر دەگونجێت دەسەڵاتدارانی هەولێر درکیان بەم راستییە کردبێت بۆیە لەکۆبونەوە حیزبییەکانیاندا باس لەخراپی پەیوەندییان بەهێزە سیاسییەکانەوە دەکەن و بەپەلەپروزێ خەریکی پشی پشیو خۆنزیکردنەوەن لە یەکگرتووی ئیسلامی و لەپارەی "بيت المال المسلمين" چەند ملیارێك قەرەبوی خوێنی بەناهەقڕژاوی ئەندامەکانیان و بارەگا سوتێنراوەکانیان کردنەوە!!. لەوانەیە لەبەرامبەر ئەو هێزانەشی نایەنە ژێربار سیاسەتی فشاری زیاتر بگیرێتەبەر، بەڵام ئەم ڕێبازە تاچەند تەمەنی قۆرخکاریی سیاسیی و ئابووریی درێژدەکاتەوەو تاچەندیش ڕێگردەبێت لەبەردەم تەقینەوەی لەناکاودا؟!، لەئایندەیەکی نزیکدا وەڵامەکەی دەبینین .

## وەهمی یەکڕیزیی نەتەوەیی •

ماوەیەکە هێندێك لەبەرپرسە حیزبییەکانی کوردستان و بەشێکی زۆر لە قەڵەمبەدەست و میدیاکانیان، کەوتوونەتە چەندبارەکردنەوەی بەردەوامی چەمکی "یەکڕیزی نەتەوەیی"و بەراست و چەپدا باس لە پێویستیی راوەستانی تێکڕای نەتەوەی کورد لەیەکڕیزدا دەکەن وەك ئەوەی یەکڕیزی نەتەوەیی سەرەی ریزی نانەوخانە یان وەستان لەپشت پەنجەرە ژەنگاوییەکانی دائیرەکانەوە بێت!! بێئەوەی هیچ ئاگایەکیان لە ساکارترین مانای ئەو چەمکە بێت و تاکە هەنگاوێکیان بۆ بەدیهێنانی هاویشتبێت.

ئاشکرایە کە سەرەتای جووڵانەوەی چەکدارانەی کورد وەك کاردانەوەیەك دژی ستەمی داگیرکەران بۆ زیاتر لەسەدەیەك لەمەوبەر دەگەڕێتەوەو کە هێشتا کۆمەڵگای کوردیی لەقۆناغی پێش مۆدێرنەو سەرمایەداریی بوو، هێزو وزەی بەرەنگارییشی لەنێو دواکەوتووترین خێڵە رەوەندو کۆچەرییە شوانکارەییەکانی کوردی وەك شکاك و جەلالی و هەمەوەندو پشدەرییەکان وەردەگرت .

پاشتریش کە رێکخراوە سیاسییەکانی کوردو رەگەزە مەدەنییەکان ئاڵای نەتەوایەتیی کوردیان گرتە دەست، نەیانتوانی تا کۆتایی سەدەی بیست و بەئێستاشەوە، سیاسەتی خێڵەگەرایی فەرامۆش بکەن. حیزب رۆڵی خێڵ و مەکتەب سیاسیەکانیش رۆڵی دیوەخان و سەرکردەکانیش رۆڵی ئاغایان بینی. شایەنی باسە ناتوانرێت پێش دروستبوونی پرۆسەی بەنەتەوەییبوون باس لەیەکڕیزی نەتەوەیی بکرێت، نەتەوەسازیش پرۆسەیەکە تەنیا خۆی لەدروستبوونی رێکخراوی سیاسیی و تەیارکردنی کۆمەڵانی خەڵك لەسایەی دروشمی قەبەدا نابینێتەوە، ئەوەندەی پشت بە ئاراستەکردنێکی سەرکەوتووانەی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و کارکردن بە میکانیزمێکی هاوچەرخ دەبەستێت بۆ هەڵکردنی باڵ و رەوتە جیاوازەکانی نێو

• ئەم وتارە لە ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٢لەسایتی کوردستانپۆست دا بڵاوکراوەتەوە



خودی جووڵانەوەکە، لەسایەی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەو هەڵسوڕانی سیاسیی لەچوارچێوەی سیستمێکی هاوچەرخی دامەزراوەیی دیموکراتی نیشتیمانییدا .

هەربۆیە زێدەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین، بەدرێژایی مێژووی کوردو جووڵانەوە بەرگرییخوازانەکەی، نە لەسەر ئاستی تەواوی کوردستان و نە لەسەر ئاستی بەشەکانی کوردستانیش یەکڕیزییەکی نەتەوەیی راستینەی پتەو نەبینراوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو لەئاکامی پەرتەوازەیی و دابەشبوونی قووڵی جیۆگرافیی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردیی و ناکۆکیی و دوژمنایەتیی شەخسیی و حیزبی لەنێو هێزە سیاسییەکانیدا لەجیاتی یەکڕیزیی نەتەوەیی هەمیشە دابڕانو چەند دەستەییو یەکتر سڕینەوە هەژمونی خۆی بەسەر جووڵانەوەکەدا سەپاندووەو زەقترین نموونەکانیشی دەستخستنە خوێنی کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و خولە زۆرو زەوەندەکانی شەڕی ناوخۆی حیزبەکان، نەك هەرئەوە بەڵکو کارگەیشتە پێشێلکردنی هەموو حەرامکراوەکانو بەزاندنی هەموو ستاندەرێکی تاوانو گرتنی دەستی بێگانەو هێنانی سوپای داگیرکەرانی بێگانە، بە ئەنفالکەرانی بەعسیشەوە لە ٣١ی ئابدا، بۆ نێو خاکی کوردستان، کە هێندێك لە پاشماوەی ئەو سوپایانە هێشتا "میوانی شکۆمەندی" نیشتیمانە رەنگینەکەمانن!!

بەهەر حاڵ، لە مێژووی جووڵانەوەی چەکدارانەی گەلی کورددا، چەند ساتێکی کەمی مێژوویی هەن کە جۆرە لێکئاڵانێکی سۆزەکیی رێژەیی نەتەوەیی دەبینرێت لەبەشێك یان لەنێوان چەند بەشێکی کوردستاندا، نموونەش بۆ ئەمە: گەڕانەوەی شێخ مەحموود لەهیندستانەوە بۆ سلێمانی ، هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی ، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمەهابادو بەشداریی کوردەکانی باشوور لەو کۆمارە، گەڕانەوەی مەلامستەفا لە شورەوییەوە بۆ کوردستان، بەشداریی کوردانی رۆژهەڵات لەسەرەتای جووڵانەوەکەی ئەیلولدا، راپەڕینی ساڵی ١٩٩١..هتد. هەر لێرەدا دەبێت ئاماژە بەو رەگەزە بنەڕەتییانە بدرێت کە زەمینەی هەڵگیرسان و بەردەوامیی جووڵانەوەی کوردیان رەخساندووە، گرنگترینیان :

- داگیرکردنی کوردستان و ستەم و زۆداری دەوڵەتە بێگانەکان کە کاردانەوەی دەخولقاندو خەڵکی ناچار دەکرد راپەڕێت و بەرەنگاربێتەوە، ئەوەی سەرگوزشتەی زۆری راپەڕینەکانی سەدەی نۆزدەو بیستە.

- بوونی نایەکسانیی و جیاوازییەکی گەورەی شێوەی ژیان لەنێوان کوردستان و ناوچە عەرەبییەکان لەعێراق، ئەوەی پێی دەوترێت (پەرەسەندنی ناهاوتا/uneven development ) {کاتێك لەساڵی ١٩٨٧دا خوێندکاری زانکۆ بووم لەبەغدا سەرنجی باڵەخانە بەئاسمانداچووەکان و پاسی دووقات و شانۆی گەورەو شەقامەپانەکانی بەغدام دەداو گڕمدەگرت و پێموابوو هەمووی بەپارەی کوردستان و نەوتی کەرکوك کراوەو لەگەڵ دواکەوتووی شارەکانی کوردستان بەراوردم دەکرد}.

- رۆڵی وڵاتانی هەرێمیی و ململانێیان بۆ بەکارهێنانی کارتی کوردیی (لەسەردەمی کۆمەڵەی خۆیبوون و کۆمەڵەی زردەشتەوە ئێران دەستی لەجووڵانەوەی کوردییدا هەیەو دواتریش لەجووڵانەوەی ئەیلول و هەروەها پاش جەنگی عێراق- ئێران، ساواك و ئیتلاعات و قەرارگاکانی رەمەزان و حەمزە سەرقاڵبوون پێمانەوە!، تورکەکانیش هەر لەسەرەتاوە لە جووڵانەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە دەستیانپێکردووەو لەدوای راپەڕینی ١٩٩١کیشەوە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، لەرێگەی بەکرێگیراوەکانیانەوە کارمان لەسەر دەکەن.

- نەبوونی دابەشبوونی چینایەتییەکی قووڵ لەنێو کۆمەڵگای سوننەتیی کوردیی و بوونی هاوبەستەگییەکی ساکاری خزمایەتیی و خێڵەکیی لەگوندەکان و ساکاریی شێوەی ژیان و نەبوونی جیاوازیی چینایەتیی بەرین لەشارەکان. هۆکارگەلێکی



بەوچەشنە کەوایکردبوو وێڕای هەموو ناکۆکیی و پەرتەوازەییەکان، جۆرێك لە سۆزو جۆشی نەتەوەیی لای تاك و کۆمەڵگە لەو ساتەوەختانەی ئاماژەمان پێدا هەستیان پێبکرێت.

هەربۆیە لێرەدا جێگەی خۆیەتی بپرسین، کە پاش راپەڕین و دامەزراندنی کارگێڕیی کوردیی لەباشووری کوردستان چی قەوما وا بەجارێك کێرڤی سۆزی نەتەوەیی بەتوندیی داکشاوە، بەچەشنێك ئەو هەموو دەهۆڵکوتانە بۆ یەکڕیزی نەتەوەیی بێهودە بێت و بەجۆرێك مایەی سەرسوڕمانی هێندێك لە سەرکردەکانیش ببێت؟

لەڕاستییدا، دوای راپەڕین و رزگاربوونی باشووری کوردستان و رۆیشتنی دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس، فاکتەری یەکەم لەنێودا نەماو کۆمەڵانی خەڵك لەجیاتی بەعس خۆیان لەبەردەم دەسەڵاتی پارتیو یەکێتیدا بینیەوە. لەدوای ٢٠٠٣شەوە کە رژێمی بەعس رووخاو سەدام لەسێدارەدراو لەرێگەی دەنگدان بەدەستووری عێراق کە پرۆسەی پارتی ویەکێتی بوو، ئیدی ئێستا سوپاس بۆ خوا هەموو کوردی باشوور بەویستی خۆی عێراقییەکی سەربەرزەو پاش ئەوەی سەرۆکی کۆمارو جێگری سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پارلەمان و پۆستە هەرە باڵاکان بەدەست کوردەوەیە، چی وای لێدەکات بڕوای بە عێراقی ئاشتیی و برایەتی کوردو عەرەب نەبێت و شوناسی عێراقییبوون شوێن بە شوناسی کوردبوون و کوردایەتیی لەق نەکات!!

هەروەها پێویستە بووترێت کە لەئاکامی لابردنی گەمارۆی ئابووریی و وەرگرتنی ١٧% بودجەوە لەپاش ٢٠٠٣ پەرەگرتنێکی ئابووریی ناهاوسەنگی خێرای بێبەرنامە لەکوردستاندا دەستیپێکردو بەهۆی وێرانکاری جەنگی عێراق و ئەمریکاو هەڵگیرساندنی شەڕی تائیفی لەعێراق، چیدی ناوچە عەرەبییەکان ئەو ناوچە گەشەسەندووە پێشکەوتووە نەبوون کە تاکی کورد لەکاتی بەراوردکردندا ئیرەییان پێبەرێت، بەڵکو جەنگی تایفی ئەو ناوچانەی کردە هەرێمێکی مەنکوب و مایەی بەزەیی. ئەوەش وایکرد فاکتەری دووەمیش فت بێت.

ئەگەر فاکتەری سێیەم بەدرێژایی مێژووی جووڵانەوەی چەکدارانەی کوردیی هۆکارێکی هاندەر بووبێت بۆ خۆڕاگریی و وزەی دابێت بە جووڵانەوەکە، ئەوە بەدڵنیاییەوە لەهەمانکاتدا گورزێکی کوشندەش بووە لە مەسەلەی یەکڕیزی و هاوبەستەگیی نەتەوەیی. نەهاوکارییەکانی ساواکی ئێران بۆ جووڵانەوەکەی ئەیلول، نە هاوکارییەکانی قەزافی و ئەسەدو کۆماری ئیسلامی و سوپای تورکیا بۆ هێزە سیاسییە کوردییەکان لەهەشتاکان و نەوەتەکاندا لەپێناو کوردو یەکڕیزیی نەتەوەییدا بووە، بەڵکو لەپێناو بەکارهێنانی ئەو هێزانەبووە وەك کارتێکی فشار دژی دوژمنە نێوخۆیی و هەرێمییەکانیان و هێندێك لەو هێزانەش تاڕادەی نۆکەرایەتیی بەدەم ئەو وڵات و لایەنە دەرەکییانەوە چوونو مێژووش دەیان نموونەی جۆراوجۆری تێدایە بۆ هەرکەس بیەوێت پەندی لێوەربگرێت.

سەبارەت بە فاکتەری چوارەم، دەتوانم بڵێم لەپاش راپەڕینی خەڵکی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ بەگشتی، و پاش کەوتنی رژێمی بەعس و هاتنی سوپای ئەمریکا بەتایبەتی، کۆمەڵگەی سونتەتیی کوردیی لەسایەی دەسەڵاتێکی ناشایستەی بێباکی حیزبە میلیشیاییە ناکۆکەکاندا رێگەی هەورازێکی سەخت و قۆناغێکی راگوزەری پڕ مەترسییداری گرتۆتەبەر، کە لەجیاتی هاوسۆزیی کۆمەڵایەتیی، رق و لەبری هاوبەستەگیی نەتەوەیی، چەند دەستەگیی زیاتری هێناوەتەئارا. شایەنی باسە، پرۆسەی نەتەوەسازیی و یەکڕیزی نەتەوەیی تەنیا بەرزگاربوونی خاکی نەتەوەیی ناگاتە دواقۆناغ، تەنانەت دامەزراندنی دەوڵەتیش زامنی ئەو یەکریزییە ناکات، هەروەك لەوڵاتانی وەك چیکسلۆڤاکیاو سودان و یەکێتی شورەوی پێشوو چەندین دەوڵەتی دیکە بینراوە. یەکڕیزی نەتەوەیی زادەی هێنانەئاراو گرتنەبەرو ئاراستەکردنی شێوەژیانێکی هاوسەنگی ئابووریی و کۆمەڵایەتییە لەکۆمەڵگایەکی هۆشیارو لەسایەی سەرکردایەتییەکی رۆشنبیری یەکگرتووی دڵسۆزو سیستمێکی سیاسیی هاوچەرخدا کە لەچوارچێوەی مافەکانی هاوڵاتی و بەرژەوەندیی نیشتیمانییدا هەڵسوڕێت. شایەنی باسە، دابەشبوونی قوڵی چینایەتیی و



نایەکسانییەکی مەزنی مادییو نادادپەروەریی کۆمەڵایەتیی کە سەرچاوەکەی لەگەندەڵکاری سیاسییەو کارگێڕیی و داراییەوە هەڵدەقوڵێت، مەزنترین لەمپەرو دوژمنی سەختی مەسەلەی یەکڕیزی نەتەوەییە، باشترین نموونە لەمێژوودا شکستی رابەرانی نەتەوەیی چین(سەن یات سن و چیان کای شیك) بوو لەهێنانەکایەی یەکڕیزی نەتەوەیی لەکۆمەڵگایەکی دابەشبووی چینایەتیی کشتوکاڵی لە چین(پێچەوانەکەشی شکستی کۆمەڵە بوو لە گوندو نێو کۆمەڵگەی لادێنشینی ناپەرەسەندووی کوردستانی هەشتاکاندا)، هەربۆیە ئەوە ماوسیتۆنگ بوو، لەرێگەی ئایدیۆلۆجییە رادیکاڵە چینایەتییەکەوە گوندنشینانی تەیارکردو رێکیخستن و بەرەو سەرکەوتن ئاراستەی کردن.

لەباشووری کوردستاندا، لە ماوەی ٢١ ساڵی پاش راپەڕین، هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی و فەرهەنگیی لەسایەی دەسەڵاتداریی حیزبە میلیشیاییەکان بە ئاقارێکی فرە مەترسیداردا گوزەری کردووە. سەرکردایەتیی ئەو حیزبانە پەرتەوازەیی کۆمەڵگەی کوردییان بۆ بەدیهێنانی دەسەڵات و بەرژەوەندی شەخسیی بۆ خۆیان قۆزتەوەو هێندەی دیکە هێزو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیان بەگژ یەکدا کرد، بەقۆرخکردنی سامان و داهاتی ئەم وڵاتەو بەخشینەوەی بەسەر دەستوپێوەندەکانیان و دەرپەڕاندنی ئەوانەی بەخزمەتکاریی و ملکەچیی رازیی نەبوون، هەزاران لاوانی وڵاتیان ناچارکرد سەری خۆی هەڵگرێتو رێگای هاتونەهات بگرێتەبەر، هەزارانیان لەشەڕی براکوژیدا رەوانەی مەرگ کردو جارێکی دیکە چین و توێژە دابەشبووەکانی شارو گوندەکانیان لەسەر بنەمای هاوکێشەیەکی هێزە سیاسییە پەرتەوازەکاندا دابەشکردەوە .

نادادپەروەریی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی لەسایەی دەسەڵاتە حیزبییەکاندا بەجۆرێکە چینی ناوەڕاست بەرەو داتەپێنێکی خێرا دەڕوات، کەمینەیەکی هەلپەرست و خودخوا سەریان لەبنمیچی ئاسمان توندکردووەو دەستیان بەسەر سامانی سەرزەوی و بن زەویدا

گرتووە. ئەوانەی لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بوونەتە یەك شەوەو دەرفەتی هەڵتۆقینیان بۆ رەخساوە لەمپەری راستیینەی بەردەم یەکڕیزی نەتەوەیین و ئەگەر بیانەوێت یەکڕیزییەك دروستکەن ئەوا تەنیا دەتوانن لە دەستەکانی وەك (پیاوەکانی رژێمی پێشووی بەعس، ئاودیوکەرانی کەمپاین و شۆفڵ و عەمودو محاویلە کارەباییەکان، قاچاخچییەکانی نەوت، بازرگانانی دەرمانی بەسەرچوو، ساغکەرەوانی خۆراکی ئێکسپایەر، دۆنمفرۆشە بێقەواڵەکان، تۆڕەکانی فڕاندن و هەڵکوتانە سەر رۆژنامەنووس و رۆشنبیرە ئازادیخوازەکان، سووتێنەرانی بارەگا حیزبییەکان، ژمارەیەکی باشیش لە پیرەمێردو پیرێژنە لەگوێی گادا نووستووەکان..هتد) کەژمارەیەکی کەم نین لەکۆمەڵگاداو بەرژەوەندی هاوبەشیش کۆیاندەکاتەوە، یەکڕیزییەکی پتەو پێکبهێنن .

دەشێت لەپرۆسەی جووڵانەوەی رزگارییخوازی گەلاندا سەرکردەگەلێك ببنە کارێزماو هۆکارێك بۆ هێنانەکایەی یەکڕیزی نەتەوەیی، بەڵام ئەوە ئاکاری ئەو سەرکردانەیە دوای رزگاریی کە رۆڵیان لەیەکڕیزی نەتەوەییدا دەنەخشێت و بەوەش دەبنە سیمبول، نموونەش وەك گاندی و ماندێلاو ماوسیتۆنگ..هتد، ئەوانەی کە بەداخەوە نموونەیان زۆر نین لەچاو ئەو سەرکردانەی کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکان بەپەیژەی شەرعیەتی شۆڕشگێڕانەدا هەڵئەزنێن و دەبنە دیکتاتۆرو لەرێگەی تۆقاندن و ئیرهابی دەوڵەت و لەسایەی حوکمی بنەماڵەیی و هەڵگرتنی دروشمی قەبەو هاشوهوشی میدیا بەردەستەکانیەوە، لەجیاتی یەکڕیزی نەتەوەیی، بێدەنگی نەتەوەیی دەسەپێنن .

راستییەکی زۆر گرنگ هەیە کە دەبێت لەم بارەیەوە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە لەبەرئەوەی هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان پەرەسەندنی جیاوازی ئابووریان تەیکردووە، هەربۆیە نەتەوایەتیی کوردیی بەگوێرەی هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان دیدو بڕوای جیاوازی گرتۆتەبەر. رادەی فراوانبوون و پەرەسەندنی کشتوکاڵ و پیشەسازیی، هەروەها پەیوەندییەکانی بازاڕ لەنێو کۆمەڵگەدا هانی



پەیوەندییگەلێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دەدات لەنێو کۆمەڵگەدا. شیکارییەکی رێکخراوەی سیاسییە کوردییەکان لەهەرێمە جیاوازەکاندا بەڵگەو نیشانەی ئەوەن کە چۆن ئابووریی و ئاکاری سیاسیی پێکەوە دوو رووی تەریب بەیەکن. هەربۆیە دەتوانین بڵێین تێڕوانینی هێزێکی سیاسیی بنەماڵەچیی کۆنسێرڤات کەپێی وایە نەتەوەی کورد تاکە چینێکەو هەرکات بیەوێت دەتوانێت لەپشتی حیزبی قائیدو سەرۆکی فەرماندەوە بەفیکەیەك ریزیان بکات، جیاوازە لەهێزێکی نەتەوەیی لیبراڵ رادیکاڵ یان هێزێکی سۆشیالیستی کە نەتەوایەتیی "چینی چەوساوە"ی بەبنەما گرتووەو پێی وایە چارەسەرکردنی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و هەڵگرتنی ستەمی نێوخۆو کۆتاییهێنان بەشێوازی فەرمانڕەوایەتیی کۆلۆنیالیزمی بنەماڵەیی و بیرۆسترۆیکای خێڵەکیی،هەروەها دابەشکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی خولقێنەری یەکڕیزی نەتەوەییە. هەربۆیە پێم وایە تا ئەو کاتەی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی بەقازانج و بەرژەوەندیی توێژێکی بەرتەسکدا ببرێت، تا ئەوکاتەی گەندەڵیی وەك گانگرین تەواوی بوارەکانی سیاسیی و ئابووریی و کارگێڕیی و فەرهەنگیی و جومگە سەرەکییەکانی ژیانی گرتبێتەوە ، تائەو کاتەی چاکسازییەکی ریشەیی بۆ هێنایەکایەی سیستمێکی دامەزراوەیی دیموکراتی راستینەی هاوچەرخ ئەنجام نەدرێت، تائەوکاتەی پەروەردەیەکی نیشتیمانی مرۆڤدۆستانە نەکرێتەبنەما، تائەوکاتەی دابەشبوونی چینایەتیی روو لە قووڵبوونەوە بێت و ستەمی کۆمەڵایەتیی پەرەبگرێت، تائەو کاتەی وەفاداریی بۆ نیشتیمان شوێنی وەفاداری بۆ شەخس و بنەماڵەو حیزب نەگرێتەوە، بەهاو ئاکاری نیشتیمانپەروەرییەکی مرۆڤدۆستانە لەنێو تاکو کۆمەڵگادا نەچەسپێنرێت، تائەو کاتەی پرنسیپی " هەرکەس بۆ خۆی راکێشێ چۆنی بۆ هات پیاکێشێ" باڵادەست بێت، یەکڕیزی نەتەوەیی لەباشووری کوردستان جگە لەوەهم و تراویلکە هیچ شتێکی دیکە نییە .

## ئینشیقاق

ئاشکرایە، کەرتبوون و جیابونەوەو دابڕانی حیزبیی، روویەکی ململانێی نیوخۆیی حیزبە سیاسییەکانەو ئاکامی ئەو درزو کەلێنانەیە کە ناکۆکیی و جیاوازییەکان لەنیوخۆدا دێننە ئاراو زۆرجار فاکتەری دەرەکییش دەیگەشێنێتەوەو بەرەو دابەشبوونی دەبات. گەلێك فاکتەر هەن بۆ کەرتوبوونی سیاسیی گرنگترینیان:

یەکەم: فاکتەری کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی
دووەم: شێوازی رێبەرایەتیی حیزبیی
سێیەم: بونیادی رێکخستن
چوارەم: لایەنی ئایدیۆلۆژیی و فیکریی
پێنجەم: دەسەڵاتخوازیی و رکابەریی شەخسیی
شەشەم: گۆڕانکاریە هەرێمییەکان و فاکتەری دەرەکیی.

دیارە وێڕای ئەوەی تەواوی کۆمەڵگا و ژیانی سیاسیی تیکڕای وڵاتان لە ناکۆکیی و ناتەبایی و دابڕان بەدەرنین و کەرتبوونی حیزبیی دیاردەیەکی گشتییە، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی حیزب تیایاندا بەشێوەی سروشتی دانەمەزراوەو گەشەینەکردووەو پەرتبوونی کۆمەڵایەتیی و خێڵەکیی و سونەتیی لەئارادایە، کێشەی گەورەیان لە پاراستنی یەکێتی حیزبی سیاسییدا هەیەو هەمیشە ناکۆکیی و نارەزایەتیی و پاشان تەکەتول و دواتر جیابوونەوەیان دیتەپێش و زۆربەی جاریش ئەم جیابوونەوەیە پێکدادان و توندوتیژیشی لیدەکەوێتەوە.
بەشەخسییکردنی دەسەڵاتی سیاسیی و دەرکەوتنی دەستەبژێری حیزبیی و ئۆلیگارکی، هۆکاریکی تری کەرتبوونە، بەتایبەت کە رابەری حیزب دەبێتە پەرستراوی حیزب و پیاوەکانی لەدەرەوەی لێپرسینەوەن و فەرمان و بڕیارەکانیان بێ گەڕانەوەیە بۆ ئەندامەکانی تر، ئەوەی رێگایەکی تەندروست بۆ ململانیی و جیاوازیی بیروڕاو کێشە حیزبییەکان و بڕیارسازیی نابینێتەوەو سەرئەنجام بە دابڕانی دەستەی نارازیی کۆتایی دێت، ئەوانەی پاش ئەوەی حیزبیکی نوێ دادەمەزرێنن، هەمان بەزمی پێشوویان لەگەڵ دووبارە دەکرێتەوە، چونکە هەمیشە دامەزرێنەر خۆی



بەخاوەنی حیزب دەزانێ و مۆدێلی رادەستکردنی حیزبیش بە وەلی عەهد دەخاتە بەرنامەوە.
لەڕاستییدا ، حیزبە ئایدیۆلۆژییەکان، بەتایبەتی کۆمۆنیستی و قەومیی و ئیسلامییەکان زیاتر شایەنی کەرتبوونن، ئەوانەی خۆیان بە خاوەنی فیکری رەتکەرەوەیی و راستی رەها دەزانن و خیلافەکانی دەق و فیکر تیکەڵ بە ململانی سیاسی و شەخسییەکانیان دەکەن.
دیارە هەندێ کەسایەتیش وەك مۆدێلێکی دوکانداریی حیزبیی، هەڵپەی حیزبسازیی و خۆنوینی دەکەن و حیزبایەتیی وەك لۆقنتەو کۆمپانیا بۆ دەستکەوتی مادیی دەبینن و دوای ئەوەی ژمارەیەك خەڵکی ساویلکەو بەرژەوەندیخواز بەدەوری خۆیان کۆدەکەنەوە، پۆست و پێگەی گەورە بەدەست دێنن و لەوانەیە بەناوی یەکگرتن یان یەکگرتنەوە پاروی چەوریان دەستکەوێ.
کەرتبونەکانی حیزبی کوردیی، بەزەقی لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە دەردەکەوێ، کە مەکتەبی سیاسیی بەپاساوی دکتاتۆربوونی بارزانی و ریزنەگرتنی لە پرنسیپی حیزبایەتیی و راوێژنەکردنی بەمەکتەبی سیاسیی و بڕیاری تاکڕەوانە لەساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ مستەفا بارزانی تێکیاندا، دیارە ئەم جابونەوەیە زادەی جیاوازیی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی و شەخسیی و بونیادی حیزبی و تەنانەت فاکتەری دەرەکییش بێکاریگەر نەبوو تیایدا، ئاکامەکەشی دابەشبوون و ناکۆکیی جوڵانەوەی چەکدارانەو سیاسیی بوو لەباشووری کوردستان و کاریگەریی نەرێی گەورەی هەبوو.
لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و پەیماننامەی جەزائر، رێبەرایەتیی سونەتی بارزانی و حیزبەکەی تێکشکاو ئەم تێکشکانەش پارچەی زۆری لێبۆوە، بە دەرکەوتنی بۆشاییە سیاسیی و سەربازییەکە چەندین کەسایەتی و هیزی دیکە دەرکەوتن کەپێشتر لەهەناوی پارتیدا بوون یان رکابەری بوون، وەك بزوتنەوەی سۆشیالیست و کۆمەڵە و پاشتر قیادە مۆقتە و پارتی گەل.
بالادەستی و هەژمونی چەپگەرایی لەباشور و برەودان بە بیری پارتی پێشڕەو سوربونی بنەماڵەی بارزانی بۆ گەڕانەوە سەر شانۆی سیاسیی و هەوڵی نەیارەکانی بۆ بەدەستەوەگرتنی رێبەرایەتیی دۆخێکی پڕ ناکۆکیی و ململانێی و دواتر جیابوونەوەو تەنانەت پێکدادانی چەکداریشی هێنایەئارا، بەتایبەت جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیست لەیەکێتی و راگەیاندنی

حیزبی سۆشیالیست و بوونی بە بە ئەندامێکی بەرەی جود کە تەقێنەرەوەی دۆخی باشوور بوو.

دیارە هەمیشە ناکۆکییە شەخسییەکان و گیانی دەسەڵاتخوازیی لەنێو حیزبی کوردییدا هۆکارێکی سەرەکیی جیابونەوەکان بوون کە دواتر بەرگی ئایدیۆلۆژیی بەربەریاندا کراوەو بێگانەش دەستی تێوەرداون ، وەك ناکۆکیی ئیبراهیم ئەحمەد و مەلامستەفا ، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، سامی عەبدولڕەحمان و ئیدریش بارزانی ، رەسول مامەند و مەحمود عوسمان، قادر عەزیزو سەید کاکە، نەوشیروان و سەرکردەکانی ئاڵای شۆڕش.هتد. کە بەشێکی ئەمانە جیاوازی مەزاجی سیاسیی و پێکەوە نەگونجانیان لەگەڵ یەك هەبووە.

نەبوونی دیموکراتی نێوخۆیی و بەنبەستگەیشتنی ناکۆکییەکان لەحیزبی کوردیدا زادەی شێوازی رێبەرایەتیی و ستراکتۆری لینینی حیزب بوون، ئەوەش هیچ چارەسەرێك و دەریچەیەکی بۆ هەناسەدانی ململانێکان نەهێشتۆتەوەو نەیتوانیوە باڵەکان بگەیەنێتە کاری پێکەوەیی و لەسایەی بەرنامەیەکی هاوبەشی نیشتیمانیدا کۆیانبکاتەوە.دەرەئەنجام بوونەتە هۆی پێکهەڵپرژان و جیابوونەوە، بەتایبەت ئەگەر زانیبێتیان هیزێکی دەرەکیی دەیانلاوێنێتەوە.

بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ لەکوردستان، پارتی دنەی جیابونەوەکانی دەرەوەی خۆی داوە، چ جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیست لە یەکێتی و چ ئاڵای شۆڕش، بێ پشتگیریی پارتی نەبووە ، جیابونەوەکانی نێو پارتی ، وەك پارتی گەلەکەی سامی و پارتە کارتۆنییەکەی عەلی سنجاری زۆر لەسەر دۆخی نێوخۆیی پارتی کاریگەرییان نەبووە، بەتایبەتی پارتی کە کلیلی پشتگیریی دەرەکیی بەدەستەوە بووەو گرەنتی مانەوەی کراوە، بە پێچەوانەوە جیابونەوەکانی یەکێتی زەبری گەورەیان لە یەکێتی و رێکخستن و هێزی چەکداری ئەو حیزبە داوەو شڵەژانیکی گەورەیان بۆ پێکهیناوە.



## هەکاری

یەك دوو ساڵ بەرلەئێستا، لەئاستێکی زۆر باڵای سیاسیی کوردستاندا، مەسەلەی پێویستیی چۆنێتیی نووسینەوەی مێژوو هێنرایە ئارا و رێحەزی نووسینەوەی مێژوو بە شێوە"چینییەکەی" بە مێژوونووسانی کورد پێشنیازکرابوو!! بەو پاساوەی گوایە سروشتی گەشەکردنی رەوشی سیاسیی و نەتەوەییەکەی هەردوولا هاوشێوەیە!! دیارە ئەم شێوازە نووسینەوەیەی پێشنیازکراوەی مێژوو کە لە زۆربەی وڵاتە دیکتاتۆریی و نادیموکراتەکان بەناوی "نووسینەوەی ئەرێیی مێژوو" لەئارادایە شێوازێکە لەبنەڕەتدا لەسایەی دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتێکی تۆتالیتارو لەفەزایەکی سانسۆرئامێزو نەبوونی ئازادییەکی راستیینەی سیاسیی و فیکرییدا بەرقەرارە، کە ئامانجی لەمێژوو دەرخستنی رووە راستیینەو زانستییەکەی نییە لەگێڕانەوەی رووداوەکانی رابردوو بەوشێوەیەی روویانداوە، ئەوەندەی بەرجەستەکردنی هێندێك رووی ئەرێیی هەڵبەستراو زەقکراوەی مێژووی رابردووە کە رۆحی خۆبەزلزانیی نەتەوەیی لای تاکەکانی کۆمەڵ بچەسپێنێتو لاپەڕەکانی رابردوو بەشێوەیەکی پاکیزە بێنێتەبەرچاو وەك ئەوەی رابەرو سەرکردە سیاسییەکانیان هەمیشە خەڵکانێکی بنیاتنەری دڵسۆزو ماندونەناسو بێگەردوخەوش بوون!! بۆنموونە لەکتێبی مێژوودا کە لەخوێندنگاکانی روسیا هەیە وا باس لە ستالین دەکرێت کە شکێنەری نازییەتو بنیاتنەرێکی مەزنی دەوڵەتی روسیایەو هیچ باسێك لە تاوانەکانی ناکرێت سەبارەت بە کوشتنی ٤٠ ملیۆن مرۆڤ لە کەمپەکانی بەزۆرکارکردن لە سیبریادا، هەروەها دکتاتۆرییو خوێنڕێژییو تەسفیەکردنی هاوەڵانی لە حیزبو گرێ دەرونییەکانی پشتگوێ خراوە!!

سەبارەت بە مەسەلەکانی دیکەش هەر بەوشێوەیەیە، هەروەها لەوڵاتانی دیکەش کە مێژووییەکی درێژی حوکمڕانییەتی تۆتالیتارییو دیکتاتۆرییو ئایدۆلۆژیی نەتەوەیی فاشیستانەیان هەبووە وەك چینو تورکیاو وڵاتانی عەرەبی، هەر هەمانشێوەیە. بەڵام پرسیاری

سەرەکیی لێرەدا ئەوەیە کە ئایا دەبێت مێژوو لەپێناو خزمەتی دەسەڵاتو ئایدیۆلۆژیاو پیاهەڵدانی سیاسەتکارو دەوڵەتسازەکاندا بنووسرێتەوە یان ئەرکی سەرەکی پێشاندانی واقعییانەی رووی راستیی رووداوەکانی رابردوو و لێکدانەوەیان بەشێوەیەکی زانستییو بابەتیی، دوور لەهەموو لایەنگیرییەکی سیاسییو ئایدۆلۆژییو حیزبییو نەتەوەییو مەزهەبیی؟

ئێمە لای خۆمانەوە هەوڵمانداوە ئەم دەقە بشکێنینو لەکاتی دانانی ناونیشان بۆ کۆڵینەوە مێژووییەکان وەك بەشێك لە ئەرکی سەرەکیی بابەتگەلێك بۆ کۆڵینەوە دیاریی بکەین کە مەرج نییە تەنیا روویەکی پرشنگدارو دەشێت روویەکی تەواو تاریك بەڵام فرە گرنگی مێژووی نەتەوەییمان بێت.

دووبەرەکیی نێوخۆو شەڕی براکوژیی بەشێکی هەرە گەورە لەمێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە باشووری کوردستان پێکدەهێنێت، بەشێوەیەك دەتوانرێت ئەم دیاردەیە بە خاڵێکی رەش و هەرەلاوازی ئەو جوڵانەوەیە لەقەڵەم بدرێتو بە لەمپەرێکی گەورەش لەبەردەم زووتر گەیشتنی گەلی کورد بە ئامانجە رەواکانی خۆی دابنرێت، هۆکاری ئەم دیاردەیە زۆرن، بەشێکیان بونیادینو بە خودی کەلتوری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی گەلی کوردەوە پەیوەستە، بەتایبەت: سروشتی کۆمەڵایەتیی پەرتەوازەی کۆمەڵی کورد، گیانی خێڵگەرایییو وابەستەیی شەخسییو تۆڵەکردنەوە، دواکەوتوویی فیکرییو لاوازیی هۆشیاریی سیاسییو نەتەوەییو ئیرادەی ئازاد، ململانێی شەخسییەکانو پاوانخوازیی، تاکڕەویی سەرکردایەتییو نەبوونی دیموکراتی حیزبیی، گیرخواردنی جوڵانەوە چەکدارییەکە لەنێو شاخو لادێیەکانو بەهێزیی گیانی جەنگاوەرییو یەکلاکردنەوەی کێشەکان لەسێرەی تفەنگەوە، بێدەربەستی لەپەروەردەکردنی دەرونییو هۆشیارکردنەوەو چاندنی گیانی ئازادیخوازییو نەتەوایەتیی شۆڕشگێرانەو گەلپەروەرییو مافەکانی مرۆڤ لەنێو هێزی پێشمەرگەدا، لاوازیی ژیانی مەدەنییو دیالۆکخوازیی..هتد، بەشەکەی تریش بەهۆی سیاسەتی هەرێمییو نێودەوڵەتییەوە بووە کە هەمیشە



هەوڵیانداوە جوڵانەوەکەو هێزە سیاسییەکانی کوردستان وەك کارتێکی فشار بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بەکاربهێنن‌و یارمەتی مادییو مەعنەویی هێندێك لە رێبەرانی کورد بکەن تاکو دژی هێندێکی دیکەیان سوودیان لێوەربگرن، هەربۆیە ئەگەر تەماشایەکی ساکاری مێژووی ئەو جوڵانەوەیە لە دەیەی شەستەکانو حەفتاو هەشتاو نەوەتەکانی سەدەی بیستەمدا بکەین، رۆڵی وڵاتانی وەك ئێرانو تورکیاو عێراقو هەروەها ولاتانی زلهێزمان لە ململانێو دووبەرەکییو خولە یەك لەدوا یەکەکانی شەڕی براکوژیی لەکوردستاندا بە روونی بۆ دەردەکەوێت، هەر لە شەڕی باڵەکانی جوڵانەوەکە لەشەستەکاندا (جەلالییو مەلایی لە ١٩٦٤-١٩٧٠) تا دەگاتە کۆمەڵکوژیی هەکاری لەساڵی ١٩٧٨دواتر ، شەڕەکانی سورکێو، پشتئاشانو رەزگەو ئاشقوڵکەو قەڕناقاو کونەکۆترو وەرتێ ، تاکو دەگاتە کارەساتی ٣١ ئابی ١٩٩٦و بەئاشکرا پەلگرتنی سوپاکانی ئێرانو تورکیاو بەعسی عێراق بۆ باشووری کوردستان لەناوەڕاستی نەوەتەکاندا.

"مێجەر سۆن" لە ساڵی ١٩١٨دا لە کاتی سەردانیدا بۆ باشووری کوردستان کەوتووە بەسەر رووداوێکدا کە لە راپۆرتەکەیدا سەبارەت بە هەرێمی سلێمانی باسی لێوە کردووە. سۆن لەو راپۆرتەدا باس لەوە دەکات کە ژمارەیەك جەنگاوەری کوردی بینیوە لە شەڕێکی خوێناویی گەڕاونەتەوەو تێیدا نزیکەی پەنجا پیاوێکیان لێ شەلو شکست بووەو بێئەوەی لەنێویاندا کەسێك هەبێت بزانێت ئەو پەلامارو شەڕو کوشتوبڕە لەسەر چی روویداوە!!کاتێك لەو بارەوە پرسیاری لێکردوون، وەڵامەکەیان تەنیا ئەوە بووە:"سەرۆك پێمانی گوت شەڕی پیاوەکانی حەمە بەگ بکەینو ئێمەش کردمان!!" لەراستییدا، ئەم شێوازە وابەستەییو دەمارگیرییەی لای ئەو چەکدارە خێڵەکییانەی مێجەر سۆن لەسەرەتای سەدەی بیستەم باسی لێوەکردووە، لەنێو حیزبو هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە دەیەی ٦٠و ٧٠و٨٠و ٩٠کانی ئەو سەدەیەدا تەواو وەك خۆی ماوەتەوە، ئەوەی زیانێکی مەزنی بە گەلی کوردو کێشە رەواکەی

گەیاندووەو زۆر بەخراپیش کاریگەری کردۆتە سەر گەشەکردنی گیانی نەتەوەیی‌و نیشتمانیی‌و تەواو سست‌و لاوازی کردووە . سەبارەت بەم دیاردە ترسناکەو رەوشە ئاڵۆزەکەی ٨٠کانی باشووری کوردستان، لە ژمارە ١٢ی گۆڤاری "ئاڵای سوری کوردایەتی" کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٤دا لەلایەن راگەیاندنی پارتی سۆشیالیستی کوردەوە(پاسۆك) لە لەشاخ بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە:" ساڵی پارمان بەڕێکرد، ساڵێك بوو بڕواو هەر نەیەتەوە، لە وڵاتی خواپێداودا ساڵی مافی مرۆڤ‌و ساڵی ئافرەت‌و ساڵی منداڵان‌و ساڵی بەرهەم‌و ساڵی کرێکاران‌و...هەیە، ساڵی پاری ئێمەش چ ناوێك هەڵناگرێ لەساڵی براکوژی‌و کوردکوژی بەولاوە!.دەبوایە بە پێی هەل‌ومەرجی رەخساوی شەڕی (عێراق‌و ئێران)، پارمان ساڵی برایەتی‌و یەکێتی‌و تەبایی‌و هاوکاری)بوایە، دەبوایە ساڵی (کوردستانی گەورە)و مافی (دیاریکردنی چارەنووس)و(قۆناغی نوێی پێشکەوتووی رزگاری خوازی کورد)بوایە...کەچی پێ بە پێ ی شەکەت بوون‌و کەنەفت بوونی داگیرکەرانی کوردستان‌و گەندەڵاو لەقبوونی رژێمە رەگەزپەرستەکەی(صەدام) ...شەڕی براکوژی‌و کوردکوژی‌و کلکایەتی ئەم سیاسەت‌و ئەو سیاسەتی داگیرکەر...تادەهات کڵپەی دەستاندو تەڕو وشکی پێکەوە دەسوتاند. یەك هێزو کۆڕو کۆمەڵی ئەم دیوو ئەودیو نەماوەتەوەلەو شەڕە گڵاوو نارەوایە خیانەتی یەوە نەگلای...ئەوەندەی بەدووی یەکدا رامان کردووەو بۆسەمان بۆ یەکدی ناوەتەوەو لە یەکتری چووینەتە سەنگەرەوەو تفەنگمان بە یەکەوە ناوە،یەك سەدی ئەوەمان بەرانبەر دوژمنە داگیرکەرەکە نەکردووە، ئەوەندەش لەبەردەم سوڵتانە رەگەزپەرستەکان چەمیوینەتەوە،سەد ئەوەندە سەرکەلمان لە یەکتر گرتووە!...جارانمان گۆیانی‌و جەزیری‌و موکریانی لەگەڵ "جاف" ێکدا لە گەرووی زاخۆو سەر ئەزمەڕو نزیك بۆریە نەوتەکانی کەرکوك لە سەنگەرێکدا خوێنیان تێکەڵاوی یەکتری دەبوو...پێشتریش بارزانی یەك‌و هەولێرییەك‌و سلێمانییەك‌و دیاربەکرییەك لەژێر فەرمانەدەی قازی محەمەدی نەمردا لە سەقزۆ



بانەو مەهاباددا خوێنی خۆیان دەکردە ئاودێری بەیداغە شەکاوەکەی مەهاباد..!

کەچی ساڵی پار ماڵ لە خانەخوێ حەرام بوو!!ئەم دیو ئەودیوی بە دوژمن دەزانی‌و لوولەی تفەنگەکەی دەکردە کوردو پاشی دەکردە دوژمن. قەرەداغ‌و شارباژێر پاوان کرابوو، باڵەکایەتیی‌و بادینان(الارض المحرمة!) بوو، شارەزوور دەشتی راوشکاری کورد بوو!...هەر پار ئەوەندەی ناوچەی رزگارکراومان سەندۆتەوەو ئەوەندەی یەکتریمان هەڵکەندووە، هەر ئەوەندە لەگەڵا یەکتری دابنیشتینایە، ئەوەندەمان بەرامبەر داگیرکەران بکردایە، ئێستا هێندەی (نەمساو لۆکسەمبۆرگ) ناوچەی رزگارکراومان دەبوو. ئەوەندەی بە زمانی بێگانە ماستاومان بۆ بێگانە کردووە،هەر ئەوەندە لەگەڵا یەکتریدا دابنیشتینایە(کوردستانی گەورە خەیاڵی شاعیرانە) نەدەبوو...ئێمە دەزانین تا تاپۆی (کوردایەتی!) لە باخەڵی پارەوپول ئاخنراوی مۆتەکە کلاسیکی‌و مێردەزمەکانی سەرکۆڵەی سنگی کورد دابێت،ئەمەش پینەکرێت لە لایەکی ترەوە هەر هەڵدەتەقێت... بۆیە روودەکەینە پێشمەرگە، چونکە بێ ئەوان ئەو بازرگانانە دەبێ دوکانەکانیان داخەن‌و سەری لوتی خۆیان رەشکەن...و دەیڵێین با ساڵی ئەمساڵ بکەینە ساڵی برایەتی‌و هاوکاری‌و تەبایی...با ساڵی نوێمان ساڵی کوردستانی گەورەو (ئازادی‌و یەکسانی)بێت...هەرهیچ نەبێت با ساڵی (یەکدی نەکوشتن)و(کورد نەکوشتن) بێت... پێشمەرگەی کوردستان!.. ئێمە ئەم سەرگوروشتەو راوەرێوی یە بۆ ئەوانە ناهێنینەوە کە لە سیاسەت‌و پەت پەتێن‌و بازرگانیدا چقەیان دەرداوە...ئەوان جگە لەو هەموو ساڵە تاقی کردنەوەیەی هەیانە مامۆستاو فێرگەی"مخابراتی نێودەوڵەتیش" دەرسی داداون...ئەوانە تازە وەك شێخی کەرەشین مەودای گەڕانەوەو بە خۆداچونەوەیان نەماوە...

بەڵام ئێوە چاوبەستان لێدەکرێت‌و بە هەڵەدا دەبرێن‌و ئێوەن دەکرێن بە ئامراز بۆ دەربازکردنی نیازە گڵاوەکانی ئەو سیاسی یە محترفە خۆفرۆشانە...بۆیە تۆیت دەتوانی ئەمساڵ بکەیتە (ساڵی کوردایەتی)و

(ساڵی کوردستانی گەورە)و ساڵی برایەتیو یەکێتیو هەڵمەت بردنە سەر دوژمنان.

ئەمە دەستوورەو پەندی تاقی کراوەی کوردەواریە..ئەگەر خۆمان هەبینو پشتو پەنامان خواو نەتەوەکەمان بێت وەکو ئەوە وایە شاباشی خۆمان بدەینو قنج هەڵپەڕین..خواش فەرمویەتی( ان الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بانفسهم").

دیارە کارەساتی شەڕەکانی نێوخۆو براکوژیی لەنێوجولانەوەی چەکداریی کوردستانو ئەو کاروئاکارە دزێوانەی لەوبوارەدا ئەنجامدەدران بەشێوەیەکی مەترسیدار لەخۆشەویستی ناوی"پێشمەرگە"ی کەمکردەوە، ئەو ناوەی کە دەبێت لەبنەڕەتدا بەرجەستەی کەسانێکی ئازادیخوازی خاوەن ئیرادەی ئازاد بکات کە خۆبەخشانە ئامادەی گیانبازیی بێت لە پێناو ئازادیی گەلو پاراستنی کەرامەتو شەرەفی میللەتەکەیو رزگارییو پاراستنی سەروەریی خاکی کوردستان، هەروەها لە سایەی دەسەڵاتێکی دیموکراتی نیشتمانیی یان رێکخراوێکی بە هەق دیموکراتیکو میللیو نیشتمانییدا بێت کە پاراستنی ئازادییو مافەکانی گەل خەتی سووری پێکبهێننو ئەسیری تاقمێکی ملهوڕ نەبێت کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیانو ئاغاکانی بیانیی هەر رۆژەی لەسەر پەتێك یاریان پێبکەنو بە داری گۆڵێکیاندا بدەنو ئاکامەکەشی بۆ پێشمەرگەو گەل بە کارەساتو ماڵوێرانی کۆتایی پێبێت .

سەبارەت بە کاریگەریی نەرێیی شەڕی براکوژییو دووبەرەکیی نێوخۆی ناوەڕاستی ١٩٨٠کان لەسەر سۆزی هاوڵاتیانی کورد بۆ هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، (ئەبوشوان) کە یەکێکە لە بەرپرسەکانی حشعو لە کتێبی" پشتئاشان لەنێوان ئازارو بێدەنگیدا" پاش ئەوەی لە پێشەکی کتێبەکەیدا باس لە سەرکردەو رابەری حیزبەکان دەکاتو دەڵێت دەیانەوێت ئەندامو لایەنگرانیان وەك رۆبۆتی بێگیان پیلانو فەرمانەکانیان جێ بەجێ بکەن. باس لە رووداوێك دەکات کە پاش شکستە گەورەکەیان لە پشتئاشانو پاشەکشەیان لە گوندی کۆیلە روویداوەو دەنووسێت:" کە گەیشتینە ناو ئاوایی



ئێواریەکی درەنگ بوو زۆر ساردیش بوو، ناوگوند هەمووی قوڕو چڵپاو بوو، ژنەکانیان لەسەربانەوە سەیریان دەکردین.پێشوازییەکی ئەوتۆیان لێ نەکردین، داوای حەوانەوەمان لێکردنو ئەگەر بتوانن خۆراکێکمان بدەنێو هەرچەندیش بێت هەر باشە، بەڵام زۆر بە ناشرینی وەڵامیان داینەوەو وتیان نە نانمان هەیە بتاندەینێو نە جێی حەوانەوەش، ئێوەی پێشمەرگە شەڕکەرنو هەر خەریکی یەکتری کوشتننو بۆ رزگاریی گەل چەکتان هەڵنەگرتووە، سوکایەتییەکی باشیان پێکردین!!"

ئاشکرایە لەنێو مێژووی دووبەرەکیی نێوخۆو شەڕەکانی براکوژیی نێوان هێزو رێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، رووداوی کۆمەڵکوژیی هەکاری شوێنێکی تایبەتو دیارییکراوی هەیە، کارەساتێکی نەتەوەیی مەزنە لەمێژووی جوڵانەوە نەتەوایەتیی کورددا کە تائێستا هیچ کۆڵینەوەیەکی وردی ئەکادیمییو لێکدانەوەیی لەبارەوە نەکراوە، لەورۆژە سەختانەی دەستپێکردنەوەی خەباتدا کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگە بە سەرکردەکانییەوەو ئاسەواری ئەو کۆمەڵکوژییە، رادەی ئەو کارەساتە پێشاندەدات، لەوەش زیاتر رەوانەکردنی ئەو هەموو پێشمەرگەیە بەرەو ناوچەیەکی سەختی پڕ چیای بەرزوو دۆڵی قووڵیی هەزاربەهەزار، بێ نانو بەرگو شارەزاییو بنکەی حەوانەوە لەو سەرەتای بەهارەدا بۆخۆی نەك هەر بێبەرنامەییو خەمسارییەکی قووڵو سەرلێشێواوی سەرکردایەتیی یەکێتی پێشان دەدا ، بەڵکو خۆکوژییەکی ئاشکرا بوو کە جگە لە ئەنجامدەرانی، ئەو سەرکردایەتییە لێی بەرپرسیارە. ئەو سەرکردایەتیەی وا بەرنامەی داڕشتبوو کە بەشێکی گەورە لە هێزەکانی خۆی دوای رێکەوتنی جەزائیرو بەبەرچاوی ساواکەوە بە ئۆتۆمبێل بە جادەی سەردەشت-پیرانشەهەر-شنۆدا بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی سوور رەوانەی سێسنوور بکات!.

لەڕاستییدا کۆمەڵکوژیی هەکاریی کارەساتێکی نەتەوەیی مەزنە لەمێژووی جوڵانەوە نەتەوایەتیی کورددا کە تائێستا هیچ کۆڵینەوەیەکی وردی ئەکادیمییو لێکدانەوەیی لەبارەوە نەکراوە، لەورۆژە سەختانەی

دەستپێکردنەوەی خەباتدا، کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگە، بە سەرکردەکانییەوە، هەروەها ئاسەواری ئەو کۆمەڵکوژییە، رادەی ئەو کارەساتە پێشاندەدات. لەوەش زیاتر، رەوانەکردنی ئەو هەموو پێشمەرگەیە بەرەو ناوچەیەکی سەختی پڕ چیای بەرزوو دۆڵی قووڵیی هەزاربەهەزار، بێ نانو بەرگو شارەزاییو بنکەی حەوانەوە، لەو سەرەتای بەهارەدا، بۆخۆی نەك هەر بێبەرنامەییو خەمسارییەکی قووڵیی سەرکردایەتیی یەکێتی پێشاندەدا ، جگە لە ئەنجامدەرانی کۆمەڵکوژییەکە، ئەو سەرکردایەتییەش لێی بەرپرسیارە. ئەوەی وا بەرنامەی داڕشتبوو کە بەشێکی گەورە لە هێزەکانی خۆی دوای رێکەوتنی جەزائیرو بەبەرچاوی ساواکەوە بە ئۆتۆمبێل بە جادەی سەردەشت-پیرانشەهەر-شنۆدا بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی سوور رەوانەی سێسنوور بکات!!.



## مەلای دەوڵەت و مەلای میللەت•

ئاشکرایە مەلایان و مامۆستایانی ئاینیی توێژێکی هەرە گرنگ و خاوەن پێگەی کۆمەڵگا سوننەتیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیی و کوردستان بەتایبەتیی پێکدەهێنن و لەسۆنگەی تێکەڵاوییان بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر شێوەی بیرکردنەوەو ئاکارو بەهای تاکەکان هەبووە، نەك هەر لەرووی رۆحیی و کۆمەڵایەتییەوە، بەڵکو لەرووی سیاسیی و هزریشەوە. هەروەها تاکو ئێستا لەسۆنگەی لاوازیی ستراکچەری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ و لاوازیی ئاستی ئەندێشەیی و هۆشیاریی لەرۆژهەڵات بەشێوەی رۆژئاوا جووڵانەوەو پەرەسەندنێکی سیکیولاریستی مەزن لەئارادا نەبووە تاکو بەتەواوەتیی بواری سیاسەت رادەستی سیاسەتکاری پرۆفیشناڵ بکات و لەسایەی فەلسەفەی هاوچەرخدا بچێتەپێش وئەم توێژە تەنیا لە بوارە رۆحانیی و کۆمەڵایەتییەکەیدا چالاکییەکانی خۆی ئەنجامبدات، هەربۆیە کاریگەری مەلایان و مامۆستایانی ئاینیی لەم ناوچەیە لەسەر خەڵك بەردەوامە ئەوەی پێویستە جێگەی بایەخ و کۆڵینەوەی جۆراوجۆر بێت، بەتایبەت لەم رەوشەی ئێستادا کە ناوچەکە رووی لەگۆڕانکارییەو ململانێیەکی توند لەنێوان هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکاندا هەیە.

بەداخەوە، زۆرجار وا دەرکەوتووە کە مەلایان و پیاوانی ئاینیی هێزێکی کۆنەپارێزیی خورافاتین و ئامرازی دەستی ستەمکاریی سیاسین و لەمپەری راستیینەی بەردەم گەشەکردنی کۆمەڵایەتین، ئەمەش لەلایەکەوە بەهۆی ئەو بۆچوونە ئایدۆلۆژییە توندڕەوانەوە بووە کە لەقۆناغێکی دیارییکراوی مێژووییدا رووی لەم ناوچەیە کردووە کە ئاینی بەسەرچاوەی دواکەوتوویی و ئەفیونی گەلان و ژەهر ناساندووە. لەلایەکی تریشەوە، بەوهۆیەوە بووە کە دەسەڵاتی

• ئەم وتارە لە ٦ی نۆزەمبەری ٢٠٠١٢ لەسایتی کوردستانپۆست دا بڵاوکراوەتەوە.

ستەمکاریی لەناوچەکە هەوڵیداوە پێگەی خۆی بەپاڵپشتیی تەرزە پیاوانێکی ئاینیی و بڵاوکردنەوەی جەبرگەرایی بەهێز بکات و لەرێگەی بەخشینەوەی موچەو بەراتەوە بەسەریاندا بەرگێکی ئاینیی و شەرعیی بەبەری ستەمکارییەکەیدا بکات، ئەو مەلایانەی دەگونجێت لەرووی زانستی ئاینیی و شەرعزانییەوە لێهاتوو بووبن، بەڵام لە بەر بەرژەوەندییخوازیی و دنیاپەرستیی و بەپاساوی رێگرتن لە ئاژاوەو پشێویی، بوونەتە هاوکاری ستەمکاریی و لەواقیعدا ئەرکی ئیستیحماریی و رامکردنی خەڵکیان کردۆتە ئامانج .

دیارە ئەمە تەنیا روویەکی مەسەلەکەیە، چونکە مێژووی دوو سەدەی رابردوو پێشانماندەدات، کە لەمیانەی ئەو گۆڕانکاریی و ململانێیانەی لەم ناوچەیە روویانداوە کەسانێکی مەزن لەنێو توێژی مەلایان و مامۆستایانی ئاینیی دەرکەوتوون، کە رۆڵی گەورەیان لە بەگژداچوونەوەی ستەمکاریی و گەندەڵکاریی و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتییدا بینیوەو بانگەشەیان بۆ زانستخوازیی و پەروەردەی هاوچەرخ و ئاوەزگەرایی و وەرگرتنی سیستمی سیاسیی هاوچەرخ لەسەر بنەمای دەستوورو قانون کردووەو لەپێناو عەدالەت و یەکسانیدا لەبەرەی میللەتدا تێکۆشاون. هەربۆیە ئێمە ئەو ناونیشانەی سەرەوەمان هەڵبژاردووە تاکو روونیبکەینەوە کە مێژووی ئەم ناوچەیە دەیسەلمێنێت کە ئاینداریی رێگرنییە لە بەردەم ئازادیخوازیی و نیشتیمانپەروەریی و عەدالەتخوازیی و پێشکەوتنخوازیی و بانگەشەکردن بۆ خەڵکسالاریی و قانونخوازیی و یەکسانیی و بەرژەوەندی گشتیی. بەڵکو مەسەلەکە تەنیا پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاریی تاکەکان و هەڵوێستوەرگرتن لەحاست رووداوەکان .

ئەوانەی دەیانەوێت لەم راستییە بگەن با سەرنجێك لەمێژووی نوێی ناوچەکە بدەنەوە بڕواننە و بەرهەم و نووسین و ئاکاری مەلا و مامۆستایانی ئاینیی وەك : موحەمەد عەبدە، شێخ محەمەد حوسێن ئەلنائینی ، جەمالودینی ئەفغانی، عەبدولڕەحمان ئەلکەواکبی، سەید حەسەنی تەقیزادە، شێخ عوبەیدوڵڵا نەهریی ، قازیی محەمەد ، شێخ عیزەدین حوسەینی و مەلا مەعشوق خەزنەوی..هتد.



بەراستیی، شێخ محەمەد حوسێن ئەلنائینی بەرجەستەی رووبەکی گەشی مێژووی پیاوانی ئاینی شیعە دەکات لەقۆناغی راگوزەری ئێرانی هاوچەرخدا، ئەم کەسایەتییە لەرێگەی نووسین و کتێبەکانییەوە بەتایبەتی کتیبی" تنبیە الامة و تنزیە الملة" بووە تریبیونێکی ئازادیخوازیی و هاوچەرخگەرایی و دژە ستەمکاریی لەئێران و کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر هزری شۆڕشی دەستووریی هەبوو.

ئەلنائینی، لەو کتیبەیدا بەتوندیی هێرشدەکاتە سەر نەزانیی و جەهالەتی موسوڵمانان و پێیوایە " نەزانیی ئومەت بە ئەرکەکانی دەسەڵات و مافە سیاسیی و مەدەنییەکانی، بنەماو ریشەی تێکڕای نەهامەتییەکانێتی، چونکە جەهالەتی میللەت رەگی داری ستەمکاریی قێزەون پێکدەهێنێت". هەروەها سەبارەت بەو مەلاو پیاوە ئاینییانەی دەبنە داردەستی ستەمکاریی، ئەلنائینی لەم کتێبەیدا هێرشێکی توند دەکاتە سەریان و بە "زانایانی خراپەکاریی" و"پایەی ستەمکاریی" ناویاندەبات، ئەوانەی نەزانیی خەڵك دەقۆزنەوە و بەناوی دینەوە پاساو بۆ ستەمکاریی دەهێننەوەو دەبنە شەریکێکی فیعلی هەموو ئەو دزیی و تاوان و پیاوکوژیی و خراپەکارییەی فەرمانڕەوا ملهوڕو تاغوتەکان ئەنجامیدەدەن، ئەوانەی بەو ئاکارەیان، لەجیاتی "خواپەرستیی"، "سوڵتان پەرستیی" برەوپێدەدەن و بانگەشە بۆ شیرك و بتپەرستیی دەکەن .

دیارە کتێبەکەی " تەبائیعول ئیستیبداد\ سروشتەکانی ستەمکاریی " ی کەواکیبیش نموونەیەکی بەرزی هزری ئاینیی دژە ستەمکاریی پێشکەوتووخوازە و بەداخەوە تاکو ئێستا نەکراوەتە کوردیی. کەواکیبی پێیوایە کە ستەمکاریی دەردێکی گڵاوە لە هەموو پەتایەك کوشندەترە، لە ئاگر ترسناکترە، لە لافاو وێرانکەرترە، عەقڵ پەك دەخات، هۆش و بیر تێکدەدات، بینایی لێڵ دەکا، لاوان هێڕو وێڵ دەکا، پیاو دەخەسێنێ، جەستە دەتەزێنێ، چاکان پەڕو باڵ دەکا، بەدکار کڵاولار دەکا، پیت و فەڕ باردەکا، پیشەوەر بێکار دەکا، رەنگی رووخسار زەرد دەکا، دڵان چەشنی بەرد دەکا، هەموو شت دەشێوێنێ، دنیا تاریك دەنوێنێ، ورە دادەبەزێنێ، متمانە ناهێڵێ، خەڵك چەواشە دەکا، مرۆڤ سست دەکا،

کۆمەڵگا پەست دەکا، درۆو دووڕووییو فێڵ و زەلیلیی برەو پێدەدا، راستگۆیی و پیاوەتیی لەنێودەبات، گەندەڵیی بەنێو هەر کوچەو کۆڵان و ماڵکێدا دەکا، لەپێشدا ماڵەکانی چینەکانی سەرەوەو دواتر چینەکانی خوارەوەش چاو لەوان دەکەن. نە نارەزایەتیی، نە رەخنەی جیدیی، نە ئاشکرا کردنی راستییەکان، بەڵکو بێدەنگیی و داپۆشینی کەموکورتییەکان. ئەم جۆرە سیستمە سێبەری نەزانو ناپاکان و کوڕی رۆژو پاشەڵپیس و چەپڵەکێشانە، دوژمنی قەستەسەری زاناو خەڵکانی رێزدارو خاوەن ویژدانە. هەوڵدەدات خەڵك بە مۆراڵی خۆی پەروەردە بکات و وایان لێبکات پەی بە هۆکاری داماویی و نەهامەتیی خۆیان نەبەن، پیاهەڵدەرە ماستاوچییەکانیان بۆ داماڵینی بەرپرسیارێتیی لە ئەستۆی ستەمکارانی سیستمەکە کاردەکەن و ئۆباڵەکەی یان دەیخەنە ئەستۆی قەزاوقەدەر، یاخود دەیکەنە ملی رەشەخەڵکی هەژارو چەواشەکراوی قوڕبەسەر ."

ئەمڕۆ ئێمە لەکوردستان بەقۆناغێکی ئاڵۆز و راگوزەرو هەستیاردا تێدەپەڕین، ئەرکی سەرشانی مەلاو پیاوە ئاینییە بەڕێزەکانە، کە بەراستیی "مەلای میللەت" بن، دژی ستەمکاریی و گەندەڵیی سیاسیی و کارگێڕیی و ئەخلاقیی بوەستنەوە و رێچکەی ئەو کەڵەپیاوانە بگرنەبەر کە سەدەیەك بەرلەئێستا داوای چاکسازیی و حوکمی قانون و خەڵکسالاریی و شایستەسالارییان دەکرد و دژی تەقدیسکردنی سەرکردەکان و چاوپۆشین لەدزینی سامانی نیشتیمانیی و حوکمی تێلاو مەنتیقی هێز بوون. پێویستە لەگەڵ ستەملێکراواندا دەنگ هەڵبڕن، زیاتر چاو وگوێی موسوڵمانان بەرووی راستییەکاندا بکەنەوەو دژی ئەو هەوڵانە بوەستنەوە کە لەپێناو رێگرتن لە ئازادییەکان دەدرێن، بانگەشە بۆ زانستخوازیی، ژینگەپارێزیی، هاوچەرخگەرایی و مرۆڤدۆستیی، عەدالەتخوازیی و یەکسانیخوازیی بکەن و فەرهەنگی ناتوندوتیژیی و پێکەوەژیان پەرەپێبدەن و نەبنە پردێك بۆئەوەی بەناوی پاراستنی تەقدیسکردنی ئاینیی بتپەرستییەکی نوێ بەسەر کۆمەڵگادا بەسەپێنرێت .



## دەسەڵاتە ئەژدەهاکییەکان لەنێوان بەهاری عەرەبییو نەورۆزی کوردییدا •

دەگێڕنەوە لەبەرەبەیانی مێژوودا پاشایەك هەبوو بەهۆی خواردنی گۆشتەوە توشی بیمارییەك بوو هیچ حەکیمێك نەیتوانی دەرمانی بکات، ئەهریمەن خۆی لێکردە پزیشكو تیماریکرد، پاشاکە داوای لێکرد چی دەوێت بۆی بکات، ئەویش لەوەڵامدا داوای ماچکردنی شانەکانی پاشای کردو بەهۆی ئەوەشەوە دوو ماری گەورە لەشانەکانی پاشا رووانو بیمارییەکی گەورەتر روویتێکرد، کە بریتیبوو لە نەحەوانەوەی ئەو مارانە، تەنیا پاش ئەوەی مۆخی لاوانێکیان دەکردن بە گەروودا، بەفەرمانی پاشا هەر رۆژەی مۆخی دوو لاویان بۆ مارەکان دەهێنا، ئەوانەی کە خواردنی مارەکانیان ئامادە دەکرد دووکەس بوون بەناوی (ئەرمائیلو گەرمائیل)، ئەمانە هەرجارەی لاوێکیان رزگاردەکردو دەیانناردە چیاو لەبری ئەو مۆخی مەڕێکیان تێکەڵا بەخواردنی مارەکان دەکرد. یەك لەو باوکانەی کە یازدە کوڕی کرابووە قوربانی مارەکان، کاوەی ئاسنگەر بوو کە لەکاتێکدا سەرەی دوا کوڕی هات، کورەی توڕەیی خرۆشاو بەروانکەی ئاسنگەرییەکەی کردە ئاڵای شۆڕشو خەڵکی وەزاڵەهاتووی دوای خۆی خستو هەڵیکوتایە سەر پاشای ستەمکارو رادەستی فەرەیدونی دادپەروەری کرد، فەریدونیش ئەو پاشایەی کۆتکردو تا دواساتی تەمەنی لەقەڵای دەماوەند زنجیری کرد. ئەو پاشا ستەمکارە ناوی زوحاك یان ئەژدەهاکە کە لای کورد سیمبولێکە بۆ ستەمکارییو رۆژی رزگاربوون لەو ستەمکارەش بە رۆژێکی نوێ یان نەورۆز دادەنرێت کە یەکەم رۆژی وەرزی بەهارە، سەدان ساڵە کورد لەو رۆژەدا ئاهەنگ دەگێڕێتو ئەو چیرۆکەشی کردۆتە هەوێنی جەژنەکەیو لەمێژووی هاوچەرخیشدا ئەو جەژنو یادە بەباشیی وەك وێستەگەیەکی ململانێی مێژوویی لەنێوان کوردو داگیرکەرانییدا تەوزیف کراوە.

• ئەم وتارە لەساڵی ٢٠٠٩ لە رۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە.

لێرەدا نامەوێت لەوە بدوێم کە تاچەند ئەم چیرۆکە ریشەیەکی واقیعی لەمێژوودا هەیە، یاخود تێکەڵکردنی نەورۆز بە ئەفسانەی ئەژدەهاكو کاوە چەند دروستە، یان کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەفسانەکە لەبنەڕەتدا سەر بە چ رەگەزوو تۆرەمەیەکن، بەڵکو پێمانباشە چەند هێمایەك لەو ئەفسانەیە هەڵهێنجین، سەرەتا خواردنی گۆشتە لەلایەن ئەژدەهاکەوە، لە کۆمەڵگایەکدا کە رووەکخۆر بوون، ئەوەی کە نەخۆشی خستووە، ئەوەش چێژو خولیای بەد لە هێنانەپێشەوەی حاڵەتێکی ناسروشتیی خراپ پێشاندەدات بەگوێرەی ئەو پرنسیپەی کە ئاکاری مرۆڤ بەرجەستەی خولیاکانی دەکات، جگەلەوەی کە مەسەلەی گۆشتخواردن هەر دەمێکە لای خۆراکناسانەوە تێبینی زۆری لەسەر بووەو ئاینەکانی وەك بودایی‌و هەندێك لەئاینەکانی ئاریایی(بۆنموونە مانیزم) وەك بەهێزکردنی لایەنە رۆحانیی‌و ئینسانییەکانی مرۆڤ‌و کەمکردنەوەی لایەنی شەڕەنگێزیی‌و خوێنڕێژیی، قەدەغەی ئاژەڵکوژیی‌و گۆشتخۆریی لە پێڕەوانی کردووە، چونکە پێیانوابووە کە گۆشتخۆریی لاسایکردنەوەی دڕندەکانەو مرۆڤ بۆئەوەی رێز لە مرۆڤبوونی خۆی بگرێت، نابێت ژیانی بوونەوەرانی دیکە لەناوبەرێت. گومانی تێدا نییە خۆپارێزیی لە ئاژەڵکوژیی‌و گۆشتخۆریی یەکێکە لەو خەڵستە سەرەکییانەی کەسایەتیی گاندییان پێکدەهێنا، ئەوەی رابەرایەتیی جوڵانەوەی ناتوندوتیژانەی رزگاریی هیندی کردو دواتریش ئەزموونی وەرچەخاننی دیموکراتی تێدا چەسپاند .

لەلایەکی دیکەوە، پەسەندکردنی چارەسەریی ئەهریمەنیی لەلایەن ئەژدەهاکەوە خۆتەسلیمکردنە بە ئاراستەکەری بەدو هەڵخەڵەتاندنی دەسەڵاتدارە بە سیمبوڵە شەڕخوازەکان، ئەوانەی سەرچاوەی گەندەڵیی‌و هەموو بڕیارە هەڵەو ئاکامە نالەبارەکانی فەرمانڕەوان‌و بە هەڵدێرێکیدا دەبەن کە جگە لە نەهامەتیی‌و قەیران هیچ چارەنووسێکی دیکەی نییە. دوو مارە ملئەستورەکەی سەر شانی ئەژدەهاکیش بریتین لە بژاردە قۆرخکارە گەندەڵکارە سەربازیی‌و سیاسییە ساماندارە تازەپیاکەوتووەکان، ئەوانەی قەت تێرنابن‌و هەمیشە فشار بۆ دەسەڵاتە



گەندەڵەکە دێنن لەپێناو مانەوەو قۆرخکاریی زیاتر، تاوانی زیاتر ئەنجامبدات، ئەو تاوانەی تاڕادەی کوشتنی ئیرادەو کەسایەتیی لاوان‌و بێمۆخکردنیان ئەڕواتو ئەو توێژە بایەخدارەی کۆمەڵگا دەکاتە ئامانج، لێرەشدا هێمای ململانێی نەوەکان‌و ترسی دەسەڵاتە نەخۆشە پیرەکە لەخولیای نوێ‌و دوژمنایەتیی بژاردە قۆرخکارەکە بۆ ئەو نەوەیە زۆر ئاشکرایە .

ئەرمائیل‌و کەرمائیل بەرجەستەی هەندێك لەو کەسایەتییە کەمانەی نێو دەسەڵاتە گەندەڵەکەن کە هێشتا بەتەواوەتیی ویژدان‌و مرۆڤایەتیی خۆیان لەدەستنەداوەو بەهەر هۆیەك بێت ناتوانن رووبەڕووی دەسەڵاتە ستەمکارەکەو بژاردە گەندەڵەکە بوەستن، بەڵکو بە پرنسیپی "زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە" هەڵدەسوڕێن. مەڕیش ئەو ئاژەڵە بەستەزمانەیە کە بە گەلە دەکرێتە قوربانی دەسەڵاتدارە نەخۆشە پیرەکەو لەپالاً رۆڵەکانی گەلدا خوێننیان دەڕژرێت، واتە تەماشاکردن‌و مامەڵەکردنی گەل وەك مێگەل لەلایەن دەسەڵاتی ستەمکارەوە. کاوەی ئاسنگەریش هێمای رابەری تورەیی ستەملێکراوانی هەژارە کە بۆ کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە ستەمکارە گەندەڵە قۆرخکارە هەوڵدەدات بە فشاری چەکوشەکەی‌و جووڵانەوەیەکی جەماوەریی ئەو بارە خوارە راستبکاتەوە. فەرەیدون هیمای دادپەروەرییە کە بە کۆتکردنی ئەژدەهاك (کە بەرجەستەی دەسەڵاتە ستەمکارە گەندەڵەکە دەکات) خاڵی کۆتایی بۆ ستەمکاریی دادەنێت‌و سەرەتایەکی نوێ بۆ سیستمێکی دادپەروەر دەستپێدەکات. شایەنی باسە، کۆتکردنی ستەمکاریی‌و دەسەڵاتی رەها لەمێژووی هاوچەرخدا لەرێگەی بزووتنەوەی دەستوورییەوە لە ئەوروپا دەستیپێکردو دواتریش ئەو تەوژمە رووی لە رۆژهەڵات کرد، ئەو جووڵانەوەیەی سەرچاوەو رەوایەتیی دەسەڵاتی لەئاسمانەوە هێنایە سەر زەوی و گەلی کردە تاکە سەرچاوەی دەسەڵات. جێگەی بایەخە وشەی "دەستوور" لەبنەڕەتدا وشەیەکی ئارییاییەو چۆتە نێو زمانی عەرەبییەوە.

لەڕاستییدا، مێژووی مرۆڤایەتیی‌و دەرکەوتنی دەوڵەت‌و ململانێی دەسەڵاتەکان ئەوەمان پێشاندەدات، کە دەسەڵاتەکان‌و دەسەڵاتداران

زیاتر ئەژدەهاکئاکار بوون تا فەرەیدوونڕەفتار، بەپێچەوانەی ئەو بیرمەندانەی پێیانوایە دەوڵەتو دەسەڵاتەکان هەمیشە لەبنەڕەتدا خێرن، دەوڵەتو ستەمکاریی دوو چەمکن زۆر بەدەگمەن لەیەکتری دووردەکەونەوەو هەمیشە ئاوێتەن، هەربۆیە بەخۆڕایی نەوتراوە" هەموو دەسەڵاتێك گەندەڵکارە، دەسەڵاتێکی رەهاش گەندەڵکارێکی رەهایە". لەبەرئەوە روونە کە دەرکەوتنی چەمكو خولیاکانی "ئازادیی"و "یەکسانیی"و "دادپەروەریی" لەمێژوودا دەرئەنجامی ئەو ستەمکاریی‌و نایەکسانیی‌و نادادپەروەرییەیە کە حکومەتو دەسەڵاتەکان سەپاندوویانە، ئەوەی وای لەمارکس کردووە کە دەوڵەت وەك دەزگایەکی سەرکوتکاری سەرەکیی بەدەست چینی باڵادەستی کۆمەڵگاوە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا بناسێنێت، هەروەها ئەنارشیستەکانیش تەواوی فۆرمەکانی دەوڵەت رەتبکەنەوە. لەدۆخی سروشتییدا مرۆڤ ئازادییەکی رەهای هەبووە، ئازادییەك دوور لە دڵنیایی، بەڵام حکومەت وەك پێویستییەك بۆ فەراهەمکردنی ئازادیی‌و دڵنیایی هاتۆتەکایەوە، وەك ئەسپینۆزا دەڵێت حکومەت لەبنەڕەتدا بۆ ئازادییەو بەپێچەوانەوە نەبوونی باشترە. بەسەرنجێکی مێژوویی بۆمان دەردەکەوێت کە کەمتر لەمێژوودا فەرمانڕەواگەلێك هەبوون کە لەسەر بنەمای "مافی پاشایەتی رەها" فەرمانڕەوایەتییان کردبێت توانیبێتیان بەشێوەیەکی رێژەییش ئازادیپارێزو یەکسانییخوازو دادپەروەر بن. تەواوی سیستمە جۆربەجۆرەکانی پێشوو: تیمۆکراتی، ئەریستۆکراتی، ئۆلیگارکی، هەروەها تیۆکراتی نەیانتوانیوە بەدیهێنەری ئەو چەمکانەی سەرەوە بن، تەنانەت سیستمە دیموکراتییەکەی ئەسیناش ئازادیی‌و دادپەروەریی‌و یەکسانیی بۆ کەمینەیەکی دیارییکراو لە هاوڵاتییانی شارەکە(ئەویش رەگەزی نێر) دابینکردبوو، نە ژن‌و نە کۆیلەکان کە هەزارەها بوون خاوەن ماف نەبوون‌و لە بێبەشییدا دەژیان. لەرۆژهەڵاتیش فەرمانڕەواکان بەشێوەیەك بوون خۆیان بە مرۆڤ نەدەزانی، بەڵکو وەك خواوەند خۆیان پێشاندەدا، کورتەسەرنجێکی مێژووی کۆنی ئێران‌و میسرو میسۆپۆتامیاو چین‌و هەروەها مێژووی خوێناویی سەدەکانی ناوەڕاستی رۆژهەڵاتی



ناوەڕاست، بەتایبەت پاش هاتنی رەگەزی تورکو مەغۆل‌و تەتەرەکان، راستیی ئەم قسەیەمان بۆ دەردەخات، بەشێوەیەك دیسپۆتی رۆژهەڵاتیی بە ستەمکارترین جۆری فەرمانڕەوایەتیی لەقەڵەم دەدرێت، ئەوەی تا هاتووە ئەزموونی ستەمکاریی زێدەتری چۆتەسەر. رەنگبێ ئەفسانەکەی ئەژدەهاك هێمایەکی ساکاری ئەو ستەمکارییە بێت. شایەنی باسە ئەگەر لەو مێژووەدا ئاماژەیەك بە بوونی نموونەی چەند فەرمانڕەوایەکی دەگمەنی وەك پێرکلیس، نەوشیروانی عادیل، هەردوو عومەرەکە( کوڕی خەتابو کوڕی عەبدولعەزیز)، کەریم خانی زەندو هەروەها گاندی، ماندێلاو قازیی محەمەد بکرێت، ئەوانە تەنیا ئەستێرەیەکی کشاوی ئەو مێژووەن.

دیارە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستیشدا، ئامرازو تەکنیکەکانی ستەمکاری دەوڵەتو کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا بەجۆرێك پێشکەوتووە وایکردووە سیستمە تۆتالیتارەکانی سەدەی بیستەم لوتکەی هەرەباڵای دەسەڵاتە ئەژدەهاکییەکان پێکبهێنن، کە ناشرینترین نموونەیان ئەزموونی دەسەڵاتە فاشیزمو کۆمۆنیستەکانە، لەلایەکی دیکەوە گەشەکردنی سیستمە لیبراڵ و سۆسیال دیموکراتەکان لە ئەمریکاو ئەوروپای رۆژئاواو باکووردا، دواتریش لە هەندێك ناوچەکانی دیکە، بە هەموو کەموکورتییەکانیشیانەوە، هەروەها تێکشکاندنی فاشیزم لە جەنگی دووەمی جیهانیی‌و دواتر هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت ساتەوەختی مێژوویین بۆ راچەنینی کاوەکان‌و دامەزراندنی سیستمە فەرەیدونییەکان. ئومێدی مرۆڤایەتیی بۆ کۆتاییهێنان بە ستەمکاریی لە قۆناغی هاوچەرخی مێژوودا بەخێرایی پشکتووە، شۆڕشە هاوچەرخەکانیش هەر بەو ناوەو لەوپێناوەدا روویداوە، هەرچەندە لە زۆر شوێن کاوە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ بوونەتە ئەژدەهاکەکانی ئەمڕۆ .

لەمێژووی هاوچەرخی کورددا، بەتایبەتی لەباشووری کوردستان، هەمیشە رژێمی بەعس‌و سەدامی دیکتاتۆر وەك ئەژدەهاك وێناکراوەو نەبوونی ئازادیی‌و یەکسانیی‌و دادپەروەرییان بە بوونی ئەو رژێمەوە بەستۆتەوە، هەروەها هێزە ناڕازییەکانی ئەو رژێمەش لە چیاکانی

کوردستان خۆیان وەك نەوەکانی کاوە پێشانداوە کە رابەری خەباتی جەماوەری بێزارو هەژاران دژ بەو ستەمکارییە دەکەن، لەپاش راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ەوە، دەزگاکانی ستەمکاریی بەعس لە باشووری کوردستان دەرپەڕێنرا، پاش ٢١ سالأ لە بوونی دەسەڵاتی خۆماڵیی، بەڵام ئایا ریشەی ستەمکاریی دەسەڵات لە کوردستان هەڵکەندرا، ئایا لەبری دەسەڵاتە ئەژدەهاکییە بیانیەکە سیستمێکی فەرەیدونیی بەرقەرارکرا کە پرنسیپەکانی دەسەڵاتێکی دیموکراتیی راستینەی خەڵکسالاری مەدەنییئاکاری شایستەسالاری دەستوورسەروەری یاساپەروەری ئازادییپارێزی تۆلێرانسئەنگێزی پەروەردەکاری داناڕەفتاری پێشکەوتووخوازی یەکسانییخوازی دادپەروەری نیشتیمانیی بچەسپێنێت کە رێز لە بەها مرۆڤایەتییەکان بگرێت، یان بەپێچەوانەوە، دەسەڵاتێکی مافیاکراتی نادیموکراتی خەڵکسواری ملیشیارەفتاری ناشایستەسالاری بێدەستووری لەیاسادووری ئازادییکوژی دەمارگیرئەنگێزی ناپەروەردەکاری هەرزەڕەفتاری پاشکەوتووخوازی نایەکسانییخوازی نادادپەروەری نانیشتیمانیی هاتۆتەئارا کە گەل وەك مێگەلو مرۆڤ بە مەڕ دەزانێتو وەك ئەژدەهاك خوێنی مەڕو مرۆڤ دەکاتە خۆراکی مارە چاوچنۆکەکانی. ئایا گەلی کوردو هێزە سیاسییەکانی لە ژەنگاوی دواکەوتوویدا خولدەخۆن تا دەدۆڕێن، یا ن توانای ئەوەیان هەیە پەی بە وانە مەزنەکانی نەورۆز (نوێبوونەوە، وەرچەرخان، داهێنان) بەرنو لەگەڵ گۆڕانکارییە مەزنەکانی ژیانی هاوچەرخدا بگۆڕێن...



## سەرنجێك سەبارەت بە دەرەبەگایەتیی سیاسیی لە باشووری کوردستان•

هەرگیز رۆژێك نەمدی ئەو مەزنە دەسەڵاتدارانەی کورد سەبارەت بەو دڵڕەقییەی دەرحەق بە رەعییەتەکەیانی دەکەن ، شەرم بیانگرێت ."
کلۆدیوس جێمس ریچ ١٨٣٦

راستییەکی بەڵگەنەویستە کە بێ سەرنجدان و شیکردنەوەی ستراکتۆر و پەیکەری کۆمەڵگاکان و تێگەیشتن لە شێوازی ژیان و پەرەسەندنی مێژووییان، ئەستەمە بتوانین ئەنجامگیریی ورد و دروست سەبارەت بە دیاردە سیاسیی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتییەکان بکەین و وێنایەکی راستیینە و واقیعیی ئەم کۆمەڵگایانە پێشانبدەین، دیارە کۆمەڵگای کوردییش وەك هەر کۆمەڵگایەکی دیکە لەم راستییە بەدەر نییەو بۆ تێگەیشتن لە هەر دیاردەکی نێو ئەم کۆمەڵگایە پێویستە ریشە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەی شیبکەینەوەو بۆچوونەکانی خۆمان لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە بنیادبنێین و ئەنجامگیریی لەبارەوە بکەین.

وەك زۆربەی مێژووناسان لەسەری کۆکن، مێژووی جووڵانەوەی بەرگریی چەکداریی لە کوردستان دژی دەسەڵاتە داگیرکارەکانی تورك و ئێرانیی لە قۆناغی نوێدا بۆ نزیکەی دوو سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەدروستیی لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەویش وەك کاردانەوەیەك دژی هەوڵە ناوەندگەراییەکان و ریفۆرمە کارگێڕییەکانی ئەستەمبوڵ و تاران بۆ سەندنەوەی جیاوکی میرایەتیی بەڕێوەبردنی خۆماڵیی کوردیی، کە ئەو کاتە خۆی لە میرنشینە دەرەبەگایەتییە پەرتەوازەکانی کوردستاندا دەبینیەوە،ئەو کاردانەوانەی کە نارێکخراوو ناهەماهەنگ و لکێدابڕاو هەندێکجار دژبەیەك بوون و لەرووی توانای مادیی و چەکداریی و سیاسییدا فرە لاواز بوون و جگە لە پاراستنی هەلومەرجی وەخت و جیاوك و قەوارەی میرنشینە دەرەبەگایەتییە پەرتەوازە میرایەتییەکانیان، خاوەن ئایدیاو رێکخستن و

• ئەم وتارە لە ١٣ی مایۆی ٢٠١٢ لە سایتی کوردستانپۆست دا بڵاوکراوەتەوە.

ئایندەبینییەکی نوێ نەبوون. بەوەش نەك هەر نەیانتوانی لەبەرامبەر پەلامارە سەربازییەکانی ئەستەمبوڵ و تاران بوەستن، بەڵکو یەك لەدوای یەك تێکشکێنران و میرنشینەکانیشیان رووخێنران. ئەوەی کە تورکان و ئێرانییەکان لەمێژووی خۆیاندا بە بەشێك لە سەرکەوتنی پرۆسەی مۆدرێنەی خۆیانی دەزانن.
شایەنی باسە، بە رووخانی میرنشینە دەرەبەگایەتییە کوردییەکان، نەك هەر دەرەبەگایەتیی وەك ژێرخانێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی ئەو میرنشینانە شوێنیان بۆ سیستمێکی نوێ جێنەهێشت و دەسەڵاتێکی سیاسیی مۆدێرن لە کوردستان دانەمەزرا، بەڵکو داگیرکارانی تورك و ئێرانیی، کوردستانیان خستە گێژاوی پشێوییەکی ئابووریی و فەوزایەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە و تاکە ئامانجیان سەپاندنی هەژموونی سەربازیی خۆیان و دادۆشینی ناوچەکە بوو لە رووی ئابوورییەوە، ئەوەی هێندەی تر هەلومەرجەکەی کوردستانی سەختکردو لەپرۆسەی گەشەکردن و پەرەسەندنی هاوچەرخی دابڕی.
نەك هەر ئەوە، بەڵکو لاوازیی و ناشایستەیی دەوڵەتە داگیرکارەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی هاتبووە ئارا، زەمینەی پەرتەوازەیی دەسەڵات و کارابوونی سەرخێڵەکانی کوردی هێنایەئارا کە ستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیی لە کوردستاندا توندترکرد، لەبەرامبەر ئەوەش، رەشوڕووتی ناخێڵەکیی بێ پشتوپەنای کورد، بۆ خۆپارێزیی و هێمنکردنەوەی لایەنی دەروونیی کە ئاکامێکی پشێوییە و ناجێگیرییەکەی قۆناغەکە بوو، خۆیان هاویشتە ژێربالی شێخەکان و لێرەوە دەتوانیین لە دەرکەوتن و برەوی تەریقەت و هەڵکشانی نفوزی شێخەکان لە کوردستاندا تێبگەین، ئەو شێخ و رێبەرە ئاینییانەی کە نەك هەر نەیانتوانی ئەڵتەرناتیڤێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ و پێشکەوتووتر(هەندێکی وەك هەقەکان لە سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا گەڕانەوە بۆ کۆمۆنی سەرەتایی!!) لەنێو لایەنگرو شوێنکەوتووەکانیاندا هانبدەن، بەڵکو پاش چەند نەوەیەکی کەم و لەپاڵ شێخایەتییەکانیاندا، بۆخۆیان بوونە مەزنە دەرەبەگ و خاوەن پیاوی چەکدارو لێرەشەوە تێکەڵەیەکی ئاڵۆزیی فۆرمی



دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییان هێنایە ئارا، کە دەسەڵاتە دنیاییە مادیی و سەربازییەکەیان بە پیرۆزیی شێخایەتییش سواغدا. لێرەوە کۆمەڵگای کوردیی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا :لە رووی ئابوورییەوە لەسایەی سیستمێکی دواکەوتووی دەرەبەگایەتیی و نیمچە دەرەبەگایەتیی شوانکارەیی-کشتوکاڵییدا، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لەسایەی ئاغایەتییە خێڵەکیی و شێخایەتییەکان و دیاردە وابەستەکانی وەك : تۆڵەسەندنەوە، دەمارگیریی خێڵەکیی، ژنومێردایەتیی ناوخۆیی، دیوەخانسالاریی، پاتریارکیی وکەلتووری وابەستەیی و نەبوونی تاکایەتیی،جیهانبینی تەسکو دامەزراو لەسەر بنەمای توندوتیژیی و خەرافات، شەڕەخۆریی ..هتد ، لەرووی سیاسییشەوە وەك کۆڵۆنییەکی دەسەڵاتە داگیرکارەکانی دواکەوتووەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی و ئێرانییدا ژیانێکی دۆزەخییانەی بەڕێدەکرد.
پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکرێت، کە ئاغایەتییە خێڵەکییە چەکدارەکانی کورد، تێڕوانێکی گشتگیریان سەبارەت بە کۆمەڵی کوردەواریی ئەودەمە نەبوو، هەمیشە لەسەر زەوی و ئاوو قۆرخکاریی لەوەڕگاکان لە شەڕو دوژمنایەتییدا بوون. ئەوانە لەبەرامبەر جووتیارە نیشتەنییەکانیشدا، ئاکارێکی فاشیزمانەی خێڵەکییانەیان دەگرتەبەرو بەردەوام تاڵانیان دەکردن و وەك کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن. لەراستییدا کۆمەڵگای خێڵە جەنگاوەرەکانی کوردستان زیاتر هاوشێوەی ئەو کۆمەڵە سەرەتاییانە بوو کە زاناو کۆمەڵناسی بەناوبانگی ئینگلیزیی (هربرت ئسپێنسەر) لە کتێبێکیدا بەناوی " ئیستاتیکای کۆمەڵایەتیی/ " Social Statics "باسی لێوەکردووە، ئەو ئاماژە بە "کۆمەڵگا جەنگاوەرییەکان" دەکات کە بە کۆمەڵگای سەرەتاییش ناویان دەبات، ئەو دەڵێت کە "خەڵکانی ئەم کۆمەڵگایە کورتەبنەو کەمتر زیرەك و هەروەها زووجۆش و هەڵچووترن لە خەڵکانی کۆمەڵگامانی ترو عەقڵیان منداڵانەیە، سەرۆکەکانیان جەنگاوەرن و بەهۆی چەك و بالۆرەی بنەماڵەیی و خێڵەکییەوە دەسەڵاتی خۆیان دەپارێزن، هەوڵدەدەن باوکو باپیرانیان تا ڕادەی پەرستن پیرۆز بکەن و ئەم رێبازە دەکەنە ئاینی

شوێنکەوتووەکانیان، لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کۆمەڵ لە پێناوی تاکدایەو ژن پلەیەکی نزمی هەیە، سەرکوت و کۆت و کۆیلەکردن لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا زۆرترە"

وەك ریچ دەڵێت :لەولاشەوە شێخەکان بەجۆرێکی دیکە ئاشەکەیان دەگێڕا، ئەوان نەك هەر بۆ پیرۆزکردنی خۆیان بنەچەکەیان دەگەڕاندنەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام، بەڵکو شوێنکەوتووەکانیان بەگیانێکی دەروێشانەو ملکەچیی و گوێڕایەڵییەکی کوێرانە رادەهێنا کە رێگەی لە هەموو بیرکردنەوەیەکی عەقڵانییانە دەگرت. یەك لە دەروێشەکانی شێخ سوڵتان حەسەن لەکاتی هاتنی (کلۆدیۆس جێمس ریچ) بۆ کوردستان چاوی بەناوبراو کەوتووەو سەبارەت بە شێخەکەی بەناوبراوی وتووە:" قوربان ، جەنابی سوڵتان بەهۆی موعجیزەوە هەموو شتێك دەزانێت ، ئەگەر بە زمانەکەی خۆشت قسەی لەگەڵدا بکەیت ، ئەو بێ ئەوەی ئەو زمانەش فێربووبێت ، لێت تێدەگات . ئەو بێ ئەوەی خوێندبێتی هەموو زانستێك دەزانێت ، تەنانەت دەزانێت چ شتێکیشت لە دڵدایە ، گەر نیازیشت هەبێت راوێژی پێ بکەیت ، ئەوا بێ ئەوەی وشەیەکیش لە دەمت دەرچووبێت ، وەڵامت دەداتەوە ، ئەو ئێستا دەزانێت ئێمە سەبارەت بەو دەدوێین ، هەروەها دەچێتە خەوی خەڵکیش ، تەنانەت بەرۆژیش لەبەر دەمیاندا ئامادە دەبێت ، جا لە هیند یاخود لە ئێران!!!"

لەراستییدا، کوردستان بەمجۆرە ستراکتۆرە کۆمەڵاتیی و فەرهەنگییەوە و لەسایەی رێبەرایەتیی ئاغاو شێخەکاندا کەوتە نێو گێژاوی یەکەمین جەنگی جیهانییەوەو ئاغاو شێخەکانی کورد بەوەڵامدانەوەی بانگەوازی جیهادی خەلیفەی عوسمانیی، شوێنکەوتەکانی خۆیان بۆ بەرەکانی جەنگ لە شوعەیبەو ئازەربایجان و قەفقاس هاژوو، پاشتریش دوای کەوتنی ئیمپراتۆرییەکە، بێئەوەی بتوانن ئەو بۆشاییە سیاسیی و سەربازییە پڕبکەنەوەو بناغەی سیستمێکی هاوچەرخی کوردستانی بێننەئارا، بەشێکیان بە ئومێدی هاوپیمانان و بەشەکەی تریشیان بوونە ئامرازی دەستی مستەفاکەمال ئەتاتورك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی تورکیی کە پایەداری خۆی لە



ئیتنۆسایدی کوردان و لەگۆڕنانی هەر خەونێکی ئایندەییاندا دەبینییەوە. لە ئێرانیش هەلومەرجەکە هەر وەك تورکیا کەوتەوەو هاوپەیمانانیش لە سیڤەر پاشگەزبوونەوەو لەهەموو لایەك قەڵاچۆی کوردان دەستپێکرد. دەسەڵاتی خۆماڵیی و چەکداریی دەرەبەگ و شێخەکان و هەروەها سنوورە دەرەبەگییەکان و ژیانی خێڵایەتیی کورد کەوتەبەر گورزی سیاسەتی ناوەندگەرایی و چەکداماڵین و راگواستن و بەزۆرنیشتەجێکردن، جگەلەوەی سیاسەتی نەتەوایەتیی تەنگەتیلە تورکیی و ئێرانیی کەوتە وێزەی زمان و کەلتووری ئیتنی کوردو هەوڵیدا لەناوی بەرێت. ئەوەی دواتر لەلایەن ئەو بژاردەیەی کۆمەڵگای کوردییەوە(واتە ئاغاکان و شێخەکان) قۆزرایەوە بۆئەوەی بەناوی قەومایەتیی و خەڵکی کوردەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییە چینایەتیی و کۆمەڵایەتییەکانیان بێنەمەیدان.

لەباشووری کوردستان، پاش ئەوەی ئینگلیزەکان هاتنە ناوچەکەو لەگەڵ تورکە نەتەوەییەکاندا کەوتنە ململانێ، لەسەرەتادا کەبەتەواویی سەبارەت بە فۆرمی ئایندەیی ناوچەکە ساغ نەببوونەوە، سیاسەتێکی وایان گرتەبەر کە ئەوناوچانەی دەسەڵاتیان بەسەریدا ناشکێت لەرێگەی سەرخێڵ و کەسایەتییە ناوچەییەکانەوە بەهاوکاریی ئەفسەرانی بەریتانیی بەڕێوەبەرن. بۆئەمەش شێخ مەحموود بەرزنجییان لەسلێمانی کردە حوکمدار. دواتر بەریتانیا لەسەرئەوە ساغبوونەوە، کە لە ناوچەکەدا دەوڵەتێکی ناوەندگەرای نوێ، لە سێ ویلایەتی کۆنی عوسمانی (موسڵ وبەغداو بەسرە) دابمەزرێنن، بەڵام شێخ مەحموود نەك هەر ئەو توانایەی نەبوو وەك کەمال ئەتاتورك پرۆژەی دەوڵەتێکی کوردستانیی نەتەوەیی سێکولار بەسەر ئینگلیزەکاندا بسەپێنێت، بەڵکو ئەو ئەزموونە کەمە فەرمانڕەوایەتییەی پێشانیشدا سەلماندنی بە قەولی خالصی شاعیر "سمێڵبابڕ، کفندز،کەلەخڕ، پەرچەم مەریوانی ئەمانە نابنە کوێخاو رەئیس و میری دیوانی". دیارە لێرەدا هیچ گومانێك لە دڵسۆزیی و قارەمانیی و کوردپەروەریی شێخ ناکرێت، بەڵام ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکەو ئاستی فەرهەنگیی کۆمەڵگا، جگە لە ئامرازە سونەتییەکان شتێکی وای

نەخستبووەبەردەست تاكو وەك ئەتاتورك دەوڵەتی مۆدێرنی پێ بنیادبنێیت. رەفیق حیلمی وەك شایەتحاڵێكی سەرەدەمەكەو جێبڕوای شێخ لەمبارەیەوە لەبەرگی یەكەمی یادداشتدا نووسیویەتی:" شێخ مەحمموود دوای ئەوەی بوو بە حوكمداری كوردستان كەوتە وەستاوێكی گرنگەوە، لەكاروباری حكومەتدا كەم تەجرووبەو لەمەیدانی سیاسەتدا بێكەس بوو،...چونكە رێوشوێنێك كە لە هەڵسوڕانی كاروباری عەشایەریدا لەسەری رۆیشتبوو، بۆ تەكبیرو رای ئیشی حكومەت بەكەڵك نەئەهات، ئەوانەی كە لە حوكمدا نزیك ئەبوونەوە لەم بابەتەبوون، دەستوپێوەندی نەفام، نەخوێندەوار، دەوروپشتی چاوبرسی و دووای تاڵانكەوتوو، نۆكەری خەنجەر لەپشت و عەشایەری تفەنگ لەشان...هەرچەندە لە بەغداو توركیاوە هەندێك لە زابتە كوردەكان هاتبوونەوە سلێمانی و لەو سەردەمەدا هەندێ خوێندەواری باش و نیشتمانپەرەوەر لەوێ بوون و دەیانویست تێبكۆشن و یارمەتی حوكمدار بدەن، بەڵام رێكەوتنی تاقمی دەوروپشتی حوكمدارو ئەمانەی تر نەئەگونجاو تاقمی یەكەم لەبەینی حوكمدارو تاقمی دووەمدا، لە خەنجەرو دەمانچە دیوارێكی دروستكردبوو".

شایەنی باسە، گەر بەوردیی چاوێك بەو راپۆرتانەدا بخشێنین كە مێجەر سۆن سەبارەت بە نۆرمی حوكمدارییەكەی شێخ مەحموود رەوانەی كاربەدەستانی بەریتانی كردوون ئەو راستییەمان بۆ رووندەبێتەوە. سۆن دەڵێت" بووژاندنەوەی سیستمی خێڵەكیی بزووتنەوەیەكی پێچەوانەو پاشگەزبوونەوەیە... هەر پیاوێك نازناوی هۆز یا خێڵی پێوەبێت خراوەتە ژێر ڕكێفی سەرەك خێڵێكەوە. بیرۆكەكەبوو كە باشووری كوردستان دابەش بكرێت بەسەر ناوچەكانی خێڵدا و بخرێتە ژێر ڕكێفی سەرۆك خێڵەكانەوە. پیاوانی دێهاتنشینی بێكەڵك و گەمژەیان دۆزیوەتەوە و بە سەرۆكی ئەو خێڵانەیان داناون كە دەمێكە پووكاونەتەوە و لەناوچوون. بە دەستەو تاقمی خانوونشینی ناوچە گەرمیانی لای كفرییان وتووە كە یەكگرنەوە و وەبیری خۆیانی بخەنەوە كە ڕۆژگارێك خەڵكی خێڵەكیی بوون و



سەرەك خێڵیان بۆ دۆزراوەتەوە. باج و خەراجی داهات دەبوو بە پێی خەملاندنی ئەم سەرەك خێڵە بدرێت. دەبوو ئەم سەرەك خێڵە كارگێڕیی یاسا بدات ، كە تەنیا دەبوو دانی بەوەدا بنایا كە شێخ مەحموود حكومداری "ستەمكاری چاككراو " ی كوردستانە ، لە بەرامبەر دا خەڵات و یارمەتیی وەربگرێت. ژیانی خۆش بۆ پیاوی عەشایەر بەڵام مردن و فەوتان بۆ بازرگانیی وشارستانییەت و ئارامیی... تاوانبارێكی خێڵەكیی خۆی فڕێبداتە بەر پێی سەرۆكەكەی، گوناهكارێكی گەورە كوڕنۆش بۆ شێخ مەحموود ببات دەبەخشرێ و تەنانەت بەر سۆز و خۆشەویستیش دەكەوێت. هەر جۆرە بەدكاریی و تاوانێك دەكرێ ببەخشرێت ئەگەر بەرزبكرێتەوە بۆ شێخ مەحموود كە دەستبەجێ كارەكە لەگەڵ ئەو بە ناو سەرۆك عەشیرەتەی گوناهكارەدا چارەسەر دەكات. خەڵكی وڵاتەكە بە جارێ نائومێدبوون، دەست و قاچیان دەبەسترێت و دەخرێنە بەر دەستی ئەو سەرەك خێڵانەی بوون بە خاوەن دەسەڵات بۆ ئەوەی ستەمیان لێبكەن و لە خوێندا بیانگەوزێنن... كاریگەریی ئەو لە بەرەڵایی و بێیاساییدایە ، خەڵكی دەرفەتی ئەوتۆیان نیە بۆ سەرفراز بوون و ڕزگاربوون لە ستەمكاری ئاست نزم و بە كورتی ئەم سیستەمە بوو بە چاودێر و باوكی خەڵكی خراپ و زیانبەخش و سەركوتكەری كەسانی دیموكرات".

هەرچەندە لەدوای ساڵانی دووەمین جەنگی جیهانیی و دامەزراندنی چەند رێكخراوێكی سیاسیی و پەیدابوونی ناوكی خوێندەوارانی كورد لەشارە كوردییەكاندا سەرەتای جووڵەیەك پەیدابوو كە خوێندەوارانی شارەكیی بەرەو گرتنەدەستی رێبەراتیەتی سیاسیی كوردیی هەنگاوبنێن، بەڵام ستراكتۆری خێڵەكیی و لاوازیی هۆشیاریی كۆمەڵگاو لاوازیی چینی بۆرجوای شارنشین و لاوازی توێژی ئەو خوێندەوارانە لە رووی چەندایەتیی و چۆنایەتییەوەو دەستڕانەگەیشتنیان بە گوندەكان، وایكرد بۆهەر جووڵانەوەیەكی سیاسیی نەك هەر دەست بەدامێنی سەرۆكە خێڵەكییەكانەوە بگرن، بەڵكو بەهانەسەبڕكێوە راكەن بەدوایاندا. باشترین نموونەش بۆ ئەمە هەڵگیرسانی جووڵانەوە چەكدارانەكەی ئەیلوولە، پارتی و

خوێنەوارەکانی مەکتەبی سیاسیی بەهەڵەداوان پاش وروژانی خێڵەکان لە یاسای ریفۆرمی زەوی و دواتر کۆبوونەویان دژی حکومەتی قاسم و هەروەها رووداوەکانی بادینان لەنێوان بارزانییەکان و سوپای عێراقییدا، بەناچاریی دوای مەلامستەفا کەوتن، هەرچەندە کەسانێکی وەك نوری ئەحمەدی تەها هەر لەسەرەتاوە لە کۆبوونەوەکەی عەوالاندا دژی ئەو بڕیارە وەستابوونەوە لەوبڕوایەوە کە " شۆڕش بە سەرکردایەتیی بارزانی هەرگیز سەرناکەوێت".

شایەنی باسە، جووڵانەوەی چەکداریی و سیاسییە کوردییەکە لەرووی ئاکارو بەڕێوەبەرایەتیی و سەرکردایەتییەوە نموونەیەکی جیاوازی لە شۆڕشەکانی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم پێشان نەدا، جووڵانەوەکە نەك هەر نەیتوانی پاش ١٤ ساڵ شەڕو خوێنڕشتن وەك بەشێك لەشۆڕشە سەرکەوتووەکانی دیکەی جیهانی سێیەم (جەزائیر، کوبا، ڤێتنام، ..هتد) سەرکەوتنی سەربازیی بەسەر دوژمندا بەدەستبێنێت و نۆرمێکی نوێی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بێنێتەئارا و رێبەرایەتییەکی ئەرێیی دەستەجەمعی پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات، بەڵکو لەئەنجامی پێداگریی توندی رێبەرایەتیی سونەتیی و باڵادەستیی موڵکدارو دەرەبەگەکان و بەرژەوەندییخوازیان وکاڵبوونەوەی رووی نەتەوەیی شۆڕشەکە، نەك هەر کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەدەوری شۆڕشەکەوە نەمان و راوەدونران، بەڵکو خودی ریزەکانی جووڵانەوەکەو جەماوەرەکەشی لەبەریەکترازاو خوێندەوارانی شارەکیی مەکتەب سیاسیی پارتی بەرەو هەمەدان راونران و پاش هاتنەوەشیان بواری ئەوەیان نەدرایە لە "کوردستانی ئازاد!" دابنشین و ناچارکران رووەو بەغدا گیانی خۆیان دەربازکەن. ئەوانەی هەروا ئامادەنەبوون بەئاسانی وازبێنن و وەك مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا بێدەنگبن، بەڵام بە پاڵپشتی رژێم ململانێیەکی خوێناوییان دەستپێکرد، ئەوانەی دواجار پاش ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ئاڵای سپییان بەشێوەیەکی کاتیی هەڵکرد.

پاش ئاشبەتاڵ، زەمینەی دەرکەوتنی پارت و هێزی سیاسیی و رێکخراوەیی نوێ سەریانهەڵداو چیدی جووڵانەوەی چەکداریی



کوردستان لەبندەستی تاقم و بنەماڵەیەکدا نەمایەوە، لەم بوارەشدا دەرکەوتنی کۆمەڵەی مارکسیی-لینینی بایەخی خۆی هەبوو، بەڵام ململانێیی ئایدیۆلۆجیی و شەخسیی و کاریگەریی ماویزم وەك دواکەوتووترین بیری شۆرشگێڕیی تۆتالیتار لەلایەك، هەروەها سروشتی ستراکتۆری ژینگەی سیاسیی و چەکداریی شۆڕش لە گوندە دواکەوتووەکان و دووریی لە شارە کوردییەکان و لاوازی خەباتی کرێکاریی لەگەڵ چەندین هۆی دیکە، وایانکرد ئەم رێکخراوە نەتوانێت نۆرمێکی نوێ بچەسپێنێت و هەنگاوی گەورەو یەکلاکەرەوە لەئاراستەکردنی دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا باوێژێت و لەم رووەشەوە ئاستەنگی مەزنی خرایەبەردەم. بەم چەشنە، جووڵانەوەی چەکدارانەی شاخەکان لەساڵانی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکاندا لەلایەك، هەروەها سیاسەتی داگیرکاریی سیستماتیك و لەمپەرئاسای داگیرکەرانی کوردستان لەبەردەم گەشەی سروشتی کۆمەڵگاو شارە کوردییەکانداو وێرانکردنی ژێرخانی ئابووریی دۆخێکی شڵەژاوو ناجێگیریی دواکەوتووی هێنایەئارا، دیاردەکانی وەك جەنگی ناوخۆ، دابەشکردنی نفوزی سیاسیی و چەکداریی، دابڕینی چین  و توێژەکانی کۆمەڵگاو دابەشکردنیان لەنێوان هێزە سیاسییەکان، دەمارگیریی حیزبیی، لاوازیی ژیانی رێکخراوەیی و ئازادیی رەخنەگرتن و لێپێچینەوەو سزادانی سەرپێچیی، برەوپێدانی چەندایەتیی، گوێنەدان بە جۆرایەتیی، بڵاوبوونەوەی دیاردەکانی شەڕەخۆریی و بێپرەنسیپی و خزمخزمێنە و مەحسوبییەت و مەنسوبییەت دیمەنێکی وا پێشاندەدات کە واقیعی کوردستان هەر ئەوەکەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمە و تەنیا ناوی خێڵەکان گۆڕاوە بەناوی حیزبەکان، بەجۆرێك حیزبە کوردییەکانیش هەر بەناوی سەرۆکەکانیانەوە دەناسرانەوە، ئەوەی هەیە سەرۆکحیزبەکان بەناوی شەرعییەتی شۆڕشگێڕیی و بەهۆی بنەماکانی وەك سەنترالیستی دیموکراتیی و پارتی پێشڕەو سەرکردەی تاقانەو تابوری پێنج و توندوتیژیی شۆڕشگێڕانەو ئەوجۆرە شتانەوە چالاکانەتر نەیارانی خۆیان دەگەوزان و بەپاساوی ئایدیۆلۆجییش کورەی جەنگی

کوردکوژییان گەرمتردەکرد. شایەنی باسە، ئەم هەلومەرجە بە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لەساڵی ١٩٨٧دا کۆتایی نەهات، چونکە بەرە قەوارەیەك بوو زادەی ملکەچیی نەك لەپێناوی ئازادییدا.
دەرەبەگایەتیی سیاسیی، بەراپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، ئەگەر جاران تەنیا ناوچە دووردەستە سنووریەکان ژینگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەم هێزە بوون، ئەمێستا دەسەڵاتیان نزیکەی لە نیوەی زیاتر باشووری کوردستاندا چەسپاند، ئەوانەی هەرزوو شەقێکیان لەبەرەی کوردستانی هەڵداو بە هەموو شێوازێك کەوتنە هەڵپە بۆ سەپاندن و قۆرخکردنی دەسەڵات و خاك و خەڵکی باشووری کوردستان، دوای داهێنانی سیستمی فیفتی- فیفتی و هەڵگیرساندنی خولێکی گەرموگوڕتری شەڕی ناوخۆ، ئەو بەشە خاکەی کوردستانی دابەشکراو،سەرلەنوێ دابەشکرایەوە، لەهەر بەشێکدا حیزبێك خاوەن حکومەت و خاك و خەڵك و گومرگ و لەشکر و ئیدارە و کۆمپانیاو میدیا و پەروەردەو..هتد، بەوەش ئومێدی خەڵکی کوردستان بە هێنانەکایەی حکومەتێکی یەکگرتووی هاوچەرخی مەدەنیی کاراو دیموکراتیی کە بتوانێت هەنگاوی جیدیی بۆ چارەسەری کێشە کەڵەکەبووە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا بنێت بووە سەرابێکی ڕەش .
دەرەبەگایەتیی سیاسیی ئەمڕۆیی لە باشووری کوردستان شکستی پێ سەرکەوتنە، لەتراژیدییەکانی گەل خەریکی بەهرەوە وەرگرتنە، دژ بە کۆدەنگیی نەتەوەییەو پەرتەوازخوازە، دژ بە شەفافیەت و بڕیارسازیی دەستەجەمییە و حەزی بە دیزەبەدەرخۆنەو شاردنەوەی رازە، دوورە لە مەدەنییەت و تفەنگبازە، دیموکراتیی بێناوەرۆك و دیکتاکراسیی پێ نیازە، بۆ قۆرخکردنی بازاڕو تەخشان و پەخشانی سامانی نەتەوەیی و کڕینی ویژدان و سەرکوتی ئازادیخوازن و فەلاقەکردنی رەخنەگران و پاساوکاریی هەمیشە ئامادەو سازە، رقی لە شۆڕشی ئازادیی گەلانە، نەیاری چاکسازییە، هێزێکی قەیرانسازەو لەهەلومەرجی وەخت رازییە، عاشقی زەویوزارەو هەمیشە سەرقاڵی موساتەحەو تەلبەندکردنی موڵکی گشتییە، بەرژەوەندی شەخسیی لەلا بنەمایەو



دوژمنی بەرژەوەندی گشتییە، ئەم دەرەبەگایەتییە قاچێکی لەنێو ئاغایەتیی و یەکێکی لەنێو شێخایەتیی و سێیەمی لەنێو قاچاخچێتیی و ئەوی دیکەشیان لەنێو گەمەی وڵاتە هەرێمییەکانە، حەزی بە وروژانی هەست و جۆش و خرۆشە، نەیاری ئاوەزو دانایی و هۆشە، خولیای گرتنەبەری رێگای چەوتە، شیرینییخۆرێکی عەجایب و شێتی دەستبەسەرداگرتنی بیرە نەوتە، بازرگانی بازاڕی رەش و هێنەری خۆراك و دەرمانی ئێکسپایەرە، هەمیشە پاداشتکەری گوێڕایەڵان وخەریکی شاباشی چەپڵەبازان و بەچکەشایەرە، سوڕو چەقەنەی پێ کەلتووری میللییە، دێگەڵەی پێ مەرزی بەینولمیللەلییە، بڕوای بە میرانگریی پۆست و پایەیە، شەوورۆژ سەرقاڵی حسابی قازانج و مایەیە، ماسیگرێکی لێهاتووی ئاوی لێڵە،دژبە سەروەریی یاساو هاوڵاتیبوون و رەواجدەری جیاوکی بنەماڵەیی و دیوەخانسالاریی و مێنتەڵیتەی خێڵە، نەیاری بەدامەزراوەییکردن و سیستمسازیی و بەدەوڵەتبوونە، هەر خەریکی کێشانەوەو پڕۆژەی دەوڵەمەندبوونە، بێمەیلە بە چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و دەستوورو قانونی ئەساسی، ئائەمەیە گەوهەری راستیینەی دەرەبەگایەتیی سیاسیی، . هەتا ئەو توێژەش سەدار و ئاراستەکەری چارەنووسی میللەت بێ، ئەبێ ئەم کوردە تاکو ماوە هەر مەحکومی زیللەت بێ .

## شۆڕش و دیکتاتۆریی

کاتێك خوێنەری ئازیز چاوی بەم ناونیشانە دەکەوێت، ڕەنگە دەستبەجێ وای بۆبچێت کە مەبەستی بابەتەکە شۆڕشکردنە دژی دیکتاتۆریی، ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە هەمیشە بوونی دەسەڵاتێکی ستەمکار یاخود دیکتاتۆر هۆکارێکە بۆ شۆڕش، شۆڕشیش لەپێناوی ئازادییدا دەبێت، ئەوەی وایکردووە زۆر جار دەستەواژەکانی "شۆڕش و ئازادیی" یان "شۆڕش و دیموکراتی" بکرێنەسەرباس و کەمتر ناونیشانێکی وەك ئەوەی سەرەوەمان لەبەردەمدا قوتبێتەوە. بەڵام مەبەستی ڕاستیینەی ئێمە لێرەدا، ئاخاوتنە سەبارەت بەو دیکتاتۆرییەی کە شۆڕش زەمینەی بۆ خۆشدەکات، پرسێکی وا کە لە بەشێکی مەزنی مێژووی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلانی جیهاندا ڕاستییەکی چەسپاوە، باشترین نموونەش شۆڕشی فەرەنسایە (١٧٨٩)کە پاش ماوەیەکی کەم زەمینەیەك هاتەئارا تێیدا دەسەڵاتەکان کەوتەدەست تاکڕەوێکی وەك ڕۆپسبێرو لەوێشەوە بۆ ناپلیۆنی دیکتاتۆر، هەروەها شۆڕشی رووسیی (١٩١٧) کە تێیدا دەسەڵات لە تاکڕەوێکی وەك لینینەوە کەوتە دەست دیکتاتۆرێکی وەك ستالین، ئەوەی وای لە ترۆتسکی کرد پاشتر کتێبی (شۆڕشی غەدرلێکراو) بنووسێت. تەنانەت لەبەریتانیای لانکی میانەڕەویی و ئازادییخوازییدا کاتێك شۆڕش لە ساڵی ١٦٤٠دا کرا، سیاسەتکارێکی وەك کراموڵ بۆماوەیەك حوکمێکی دیکتاتۆریی بەڕێوەبرد. دیارە تاکو کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو ڕووخانی بلۆکی کۆمۆنیستی ،لە مێژووی شۆڕشەکاندا بەدەگمەن شۆڕشێك دەبینیتەوە (بۆ نموونە وەك لەشۆڕشی ئەمریکا لە ١٧٨٧دا ڕوویدا)کە توانیبێتی لەقۆناغی ڕاگواستن و دامەزراندنەوەی سیستمدا، خەونەکانی جەماوەر سەبارەت بە ئازادیی و وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی بێنێتەدی و ڕوو لە ملهوڕییەکی نوێ و سەپاندنەوەی دەسەڵاتێکی ستەمکاریی نوێ و دیکتاتۆریی نەنێت .

دیارە لەم ڕووەوە شۆڕشەکانی ڕۆژهەڵاتە کەنەفتەکەی لەمەڕ خۆشمان نەك هەر حاڵی لەوانەی ئەوروپا باشتر نەبووە، بەڵکو



ئەستەمە تا ئەم دواییەش لەمێژووەکەیدا نموونەیەك بدۆزیتەوە کە تێیدا شۆڕش نەبووبێتە پردێك بۆ گواستنەوە لە دەسەڵاتێکی ستەمکارەوە بۆ ستەمکارییەکی گورجترو تۆکمەترو خوێنڕێژتر، کە زۆر جار هەزاران بەرد بە پشتی ستەمکارییەکی پێش شۆڕشدا دەدات و والەخەڵکی دەکەن هەمان ئەو پەندە دووبارە بکاتەوە کە دەڵێت "هەزار ڕەحمەت لە بابی کفن دزی ئەوەڵی"!! ئەگەر لەمبارەیەوە تەنیا چاوێك بەدەوری خوماندا لەمێژووی سەدەی بیستەمدا بگێڕین دەتوانین بڵێین : دیکتاتۆریی ڕەزاشا هەزار بەردی بەپشتی ستەمکاری ئەحمەدشای قاجار، و ئەتاتورك هەزار بەردی بە پشتی سوڵتان محەمەدی شەشەم، و عەبدولناسڕ پاش شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٢ی میسر هەزاربەردی بە ستەمکارییەکەی مەلیك فاروق، عەبدولکەریم قاسم و کودەتاچییەکانی دواتر پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ هەزار بەردیان بە پشتی مەلیك فەیسەڵی دووەمدا داوە، هەروەها قەزافی و سەدام وخومەینی..هتد بەهەمان شێوەو خراپتریش. هەر ئەمەشە وایکردووە چەمکی "شۆڕش"و "شۆڕشگێڕیی" وێڕای ئەوەی هەڵگری هێماگەلێکە بۆ ئازادیی و نوێبونەوەو وەرچەرخانی ئەرێیی، کەچی نەك هەر لای کۆنسێڤاتیزمەکان، بەڵکو لای خەڵکانێکی لیبرالأو میانەڕەویش مایەی نیگەرانییو سڵەمینەوەو تەنانەت بێزراوییش بێت . لەڕاستییدا، هەوڵگەلێکی جیاواز سەبارەت بە خوێندنەوەو شیکردنەوەو لێکدانەوەو هەروەها تیۆریزەکردنی دیکتاتۆرییەکان لەگۆڕێدان، بەڵام کەمتر کۆڵینەوەیەك لەبەردەستە کە بەوردیی کاری لەسەر هۆکارەکانی شکستی وەرچەخانی دیموکراتیو زەمینەسازیی بۆ دەرکەوتنی دیکتاتۆرییەکانی پاش شۆڕشەکان کردبێت. ڕەنگە بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارێکی وا کۆڵەر ناچاربێت پەنا بۆ چەندین تیۆرو بۆچوونی جیاواز لە بەشە جۆراوجۆرەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەرێتو دەرئەنجامی جۆراوجۆریان لێوەهەڵهێنجێت. دیارە لەپێناو خوێندنەوەی لایەنی دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی شۆڕشگێڕان و ڕێبەرایەتیی شۆڕشەکان و ئەو هێزە سیاسییانەی تێکەڵ بە شۆڕشەکە دەبن، گەڕانەوە بۆ تیۆرە سایکۆلۆجی،

سۆسیۆلۆجیی،سیاسییەکان پێویستییەکی سەرەکییە. بۆنموونە، زانای دەروونناسیی "فرۆید" قۆناغی منداڵیی و مەسەلەی "حرمان/بێبەشیی"دەکاتە بنەمای دەرکەوتنی دەسەڵاتداری دیکتاتۆرو خۆسەپێن، ئەوەی منداڵ کە لەسەرەتادا تامی ئازادیی و چێژگەراییەکی رەهادەکات و پاشتر بەهۆی ئەو پابەندبوونە توندانەی دوای گەورەبوون بەسەریدا دەسەپێنرێت، وادەکات لە ململانێیەکی دەروونیی توندوتیژدا بژی و چاوەڕێی ئەوە بکات دەرفەتێکی دەستکەوێت تاکو چێژگەرایی و ئازادییە رەهاکەی لەسەر حیسابی خەڵك بێنێتەوە کایە، هەروەها پزیشکی نەمساویی دەروونناس "ئەلفرێد ئادلەر" کە لە فرۆیدیزم لایداوە، پێیوایە کە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی کەسایەتیی دیکتاتۆرو ستەمکارە توندوتیژەکان ئەو هەستە پڕئازارو بێبەشیی و خۆبەکەمزانینەیە دەروونییەیە کە لەناخی دیکتاتۆردا هەر لە سەردەمی منداڵییەوە رەگی داکوتاوە، ژیان لەسایەی باوکێکی توندوتیژ، بێبەشیی لە یاری و خۆشییەکانی منداڵیی، ژیانی وشك و برینگی بیابان یاخود چیا سەختەکان، ئازارەکانی هەژاریی و برسێتیی و ئاوارەیی. دیارە ئادلەر لەمبارەیەوە تێپەڕاندووەو تەنانەت کەموکورتییەکانی رووخساریشی کردۆتە یەکێك لەو بێبەشییانەی ئازار لەناخدا پێکدەهێنن و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەیان لەحاڵەتی دەسەڵاتدارییدا وادەکات دەسەڵاتدار بەرەو دیکتاتۆریی پاڵبنێت، ئەو ئاماژە بۆ دیکتاتۆرەکانی وەك قەیسەرو ناپلیۆن و هێتلەرو ستالین و مۆسۆلینی و فرانکۆو..هتد دەکات و دەڵێت ئەمانە هەموویان کورتەبنەبوون و ئەو کەماسییە جەستەییەش وایکردووە هەر لەمنداڵییەوە لەناخیاندا رۆحێکی شەڕەنگێزیی بخولقێت!!

هەر لەمبارەیەوە "د.کورش عرفانی" لە کتێبێکی زۆر نایابیدا بەناوی " روانشناسی اجتماعی استبدادزدگی/ دەروونناسیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ستەملێدراو"دا کە دووس ساڵ پێش ئێستا لە ئەمەریکا بڵاوبۆتەوە، بەوردیی باس لە کاریگەریی پەروەردەی سەقەت و نادروست دەکات لە خولقاندنی زمینەی کۆمەڵگای ستەمکارو شکستی شۆڕشەکان دەکات. ئەو ئاماژە بەو راستییە دەدات کە شکستی



"تربیت/پەروەردە" لە هێنانەئارای نەوەیەکدا کە ناخێکی بەهێزو هزرێکی مرۆڤدۆستانەو ئیرادەیەکی تۆکەمە کە توانای کۆنترۆڵکردن یان رامکردنی ئەرێیی غەریزە ئاژەڵییەکانی خۆیان هەبێت و لەپەیوەندیی نێوان خۆیانو ئەوی دیدا خۆ لەتوندیی و شکاندن و کینەتۆزیی و خۆخواردنەوە ببوێرن و لەروویەکی مرۆڤدۆستانەو شارستانییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، وایکردووە کەسایەتییەکان(بەشۆڕشگێڕەکانیشەوە) بەسەر سێ گروپدا دابەشبکرێن کە: دەسەڵاتخوازانی خۆسەپێن،و پیاهەڵدەرانی دووڕووی سەرلەقێن،و گۆشەگیرانی خۆچەپێنن. ئەوانەی کە بەگوێرەی بۆچوونی عرفانی هیچیان خاوەنی پەروەردیەکی سالم نین و بە کورتیی و بەکوردیی "بێتەربێتن". عرفانی لەمبارەیەوە نموونە بە "مەلا حەسەنی" شۆڕشگێڕی بەناوبانگیی شۆڕشی ئێرانی دێنێتەوە کە پاش شۆڕش لە شاری ورمێ نوێنەری ئیمام و هەمەکارە بوو، ناوبراو دەیوت: چۆن هەموو ماڵێك پێویستی بە ئاودەستخانەیە، کۆمەڵگاش ئاوا پێویستی بە ژنە !!!"

لەڕاستییدا، کۆڵینەوە لەپێکهاتەی دەروونیی و پەروەردەیی وکۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئایدیۆلۆجیی تاکو گشتی ئەو کۆمەڵگایانەی شۆڕشیان تێدا دەقەومێت فرە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە بابەتێکی بەم چەشنە، بەبڕوای ئێمە چەندە ژیانی خێڵایەتیی و مێنتەڵینەی خێڵ لەو کۆمەڵگایانەدا پایەدارتربێت، چەندە نەخوێندەرواریی و لاوازی فەرهەنگیی و خورافاتی ئاینیی لەو کۆمەڵگایانەدا ریشەداکوتاوتربێت، چەندە هەژاریی و کەمدەستیی بەربڵاوتر ولایەنی ئابووریی وێرانتربێت، چەندە مێژووی ژیانی ئەو گەلە لەسایەی ستەمکاریی پێش شۆڕش درێژخایەنتر بێت، چەندە شۆڕشەکە دژ بەو ستەمکارییە توندوتیژتر بێت، چەندە ماوەی ئەو توندوتیژییە زۆرخایەنتر بێت، چەندە دەسەڵاتە شۆڕش بەرووداکراوەکە نادامەزراوەتربێت، چەندە هێزە سیاسییەکانی نێو شۆڕش خاوەن ئایدیۆلۆجیی گشتگیرو ئارمانگەراتربێت، چەندە ئەگەری کاری بەرەیی ئەو هێزانە لەکاتی شۆڕشدا لاوازتر بێت، چەندە سازانی ئەو هێزانە بۆ شێوە سیستمێکی

ئازادییگەرا لەپاش شۆڕشدا دەستەپاچەتربێت، چەندە ململانێ شەخسییەکان لەنێو ڕێبەرانی شۆڕشدا دژوارتربێت، چەندە بێدیسپلینی هێزە شۆڕشگێڕەکان و پابەندبوونیان بە پاراستنی ئازادییەکان و بەها بەرزەکانی ژیان بەرچاوتربێت، چەندە دنیابینی ڕێبەرایەتیی شۆڕش داخراوتربێت، چەندە ئەو ڕێبەرایەتییە لەڕووی زانیاریی و قاڵبوونی تیۆریی و ئەزموونداری و لێوەشاوەیی دەوڵەتسازییەوە بێبەهرەتربێت، چەندە چینی ناوەڕاست و دەستە مەدەنییە شارەکییەکان تێکشکاوتربێت، هێندەش ئەگەری هاتنەسەرکاری دیکتاتۆریی و ستەمکارییەکی نوێ لەپاش شۆڕشدا لەبارترو چاوەڕوانکراوتر دەبێت .

د. عەزمی بشارە لە کتێبی "سەبارەت بەشۆڕش و شایستەگیی بۆ شۆڕش"دا دەڵێت: " لەراستیدا، ئەگەر شۆڕش شۆڕشێکی گشتگیر بێت و پارتێك بە بەرنامەیەکی گشتگیرو تۆکمەوە ڕێبەرایەتیی بکات، ئەوا زۆرجار ستەمکارییەك دەگۆڕێت بە ستەمکارییەکی تر، بەقسەی کارل پۆپەر دیزاینێکی کۆمەڵایەتیی گشتیی هاوچەرخ لە بیروباوەڕەکانیەوە بەسەر زۆربەی بواره ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت، فەزای گشتیی بە چەکی "هیمنویەتو مؤوسسية/هەژموونگەرایی و دامەزراوەیی" هاوچەرخ داگیر دەکات کە دووبارە ستەمکارییە کۆنەکە بە شێویەکی هاوچەرختر بەرهەمدێنێتەوە. گرفتی سەرەکیی لە خواستی پێشنیارکردنی کێشەو هەڵوێستە ئایدۆلۆجییەکانی ئەو پارتە سیاسیانەدایە کە هەست بە بەهێزیی خۆیان دەکەن بە ئامانجی یەکلاکردنەوەیان پێش ئەوەی لە پرەنسیپەکانی سیستەمی دیموکراسیدا بچەسپێنرێت. ئالێرەدا پارتە سیاسییە بێهێزەکان زارەترەك دەبن،و داوای گەرەنتیی دەکەن کە ئایدۆلۆجیای هیچ پارتێك نەگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆجیای فەرمیی دەوڵەت، واتە دامودەزگا دەوڵەتییەکان پەیوەست نەبن بە فیکرێکی دیاریکراوەوە، جا ئاینیی بێت یاخود چینایەتیی یان هەر شتێکی تر. لێرە هەست بە خەتەرناکیی دووبارە گەڕانەوەی فۆڕمێکی نوێی ستەمکاریی دەکرێت کە پارتگەلێکی سیاسیی ڕێبەرایەتیی دەکەن کە ئایدۆلۆجییەتیان دەخەنە سەرووی پرەنسیپەکانی گەمەی دیموکراسییەکەوە، و خۆیان دەخەنە



بان دەوڵەتەوە، شۆڕش بۆ خزمەت بەرژەوەندییە ئایدۆلۆجییەکانی وەبەردێنێت".

هەربۆیە پاش ئەم کورتە سەرنجە، دەتوانین بڵێین کەتێکڕای شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان ناتوانن بەئاسانی خاڵی کۆتایی بۆ ستەمکاریی دابنێن و ئازادیی و مافەکانی مرۆڤو دادپەروەریی بێننەدی و دەزگاو دامەزراوەکان بۆ پاراستنی دابمەزرێنن، تێکڕایان ناتوانن وەرچەرخانی دیموکراتیی بێننەدی و لەکاتی گواستنەوە لە شۆڕشەوە بۆ دەوڵەتسازیی و سیستمسازیی چەمکی "ڕزگاریی و سەربەستیی" لەستەمکاریی بگۆڕنن بۆ "ئازادیی" بەیاساییکراوو ڕێزلێگیراو پارێزراو کە ڕێگە بە گەڕانەوەی ستەمکاریی و سەپاندنی دیکتاتۆریی بەناوی "شەرعییەتی شۆڕشگێڕانە"وە نەدات. هەموو ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی لەلایەن ڕابەرو حیزبێکەوە یان سەرۆك و بنەماڵەیەکەوە دەدزرێن و بەناوی وشەی بریقەداری نیشتمانیی و نەتەوەییەوە هەژموونی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنن و تائەوپەڕیی قۆرخکاریی دەسەڵاتو سامانی گشتیی دەکەن و لەباتی خەڵکسالاریی، خەڵکسواریی،و لەجیاتی عەدالەتخانە، فەلاقەخانە،و لەبری بورۆکراسییەکی حکومیی هاوچەرخی تەکنۆکرات، بۆریکراسییەکی چەکدارو لەبری مافی مرۆڤ و مەدەنییەت، مرۆڤداپاچین و بەربەرییەت بەڕێوەدەبەن، ئەوانەی کە "خوازیاری کارت بڕوا هاوڕەنگی سەوزو زەردبە" دەکەنە پرەنسیپ و گچکە دیکتاتۆریی بە "نیوە دیموکراتی" بەخەڵك دەفرۆشنەوە، گەر بێتو زەمان دەرفەتیان بدات زوو یان درەنگ ستەمکاریی بەفۆرمێکی دیکەو ناشرینتر لەپێشوو دەکەنە دیاری بۆ کۆمەڵگاکەیان، چونکە لە کۆمەڵگایەکدا نەزانیی لە زانین،و خیانەت لە خەبات،و درۆ لەراستیی،و دەستپیسی لە دەستپاکیی،و مرۆڤکوژ لە مرۆڤدۆست شایستەتر بێت، ئەوا دیکتاتۆریی پاش "شۆڕش" بەخششێکی یەزدانییە، هەربۆیە شۆڕشگێڕانیش بەئەندازەی ستەمکارانی پێشوو مەترسییدارن.

## بۆ پاشەوە وەرگەڕێ!!

بە کورتە سەرنجێکی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیکی، ئەو راستییەمان بۆ رووندەبێتەوە، کە سەرمایەداریی کوردیی، کە بۆخۆی لەهەناوی چینە سونەتییەکانی وابەستەی دەوڵەتانی داگیرکەری کۆنەپەرستیی ناوچەکەوە چەکەرەی کردووە، بەدەر لەشۆڕشێکی فەرهەنگیی سەریهەڵداوە کە تەسفیەی حیسابی ریشەیی لەگەڵ نەریت و هەژمونی سەرخان و کەلتوری ئاینیی رژێمە کۆنەکە بەرێتەپێش، ئەم چینە کۆمەڵایەتییە کەلەرووی چۆنایەتییەوە فشەڵ و لاواز و بێتوانا و ناشایستە بوو، نەیتوانی جەماوەری بێدەرەتان و لەزاڵەهاتوو و زەحمەتکێشی شارو لادێ، دژی پاشماوەی رزیوی کەلتوری دەرەبەگایەتیی و خێڵەکیی و نەریتی دواکەوتوی ئاینیی میللی و هەروەها فشارە ریشەکێشکەرەکانی دەولەتی فەرمانرەوا پێکەوە بوەستێتەوەو رێبەری بزاڤێکی پێشکەوتووخوازانەی نیشتیمانی بکات کە بیری زانستیی و مرۆڤایەتیی و ئاکاری سێکولارو هاوچەرخ لەکۆمەڵگادا بڵاو بکاتەوە.

زەقبونەوەی سەرمایەداریی کوردیی، بەپێچەوانەوەی سەرمایەداریی ئەورووپییەوە، هەڵتۆقین بوو نەك پشکوتن ، لەدەرەوە هات نەك لەناوەوە، لەسەرەوە سەپێنرا نەك لەخوارەوە گەشەی کردبێ، سەرماداریی کوردیی، سەرمایەدارییەکە، نە شۆڕشی پیشەسازیی و نە شۆڕشی فەرهەنگیی و نە شۆڕشی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی (بۆنموونە شۆڕشێکی وەك شۆڕشی فەرەنسیی) ئەزموون نەکردووە، بگرە بۆخۆی وەك میراتگریی کەلتورو نەریتی چینە سونەتییەکەی پێشوو، بۆ مانەوەو لەملاملانێی خۆیدا لەناوەوەو دەرەوە هەمیشەی دیلی ئاکارو ئەفکارو ئەتواری کۆن و تەنانەت دەستەو دامینی تەکێ و خانەقاو شێخەکانی ئیرشاد و واعیز و تەنانەت فاڵچییەکانیش بووە. هەربۆیە لەغیابی ئەو شۆڕشە فەرهەنگییە و دامان لەبازنەیەکی داخراوی نەریت و کەلتوری ئاینیی، ئەوە جگە لە کەڵەکەبونێکی مێژوویی داماویی و دواکەوتوویی و بێئومێدیی و بازرگانیی ئاینیی و



هەروەها ئەو شکستە مەزنەی دەوڵەتداریی هاوچەرخ و بەرەی هاوچەرخگەرا، خەڵکی رەشوڕووتی دڵشکاو و داخراو و تۆقی و لە فشارەکان و نیگەران لە ئایندە، لە نێوەندی ئەو هەموو قەیرانە هەمەلایەنە مادیی و مەعنەویی و رۆحیی و دەرونییەدا، وێڕای هاوردەکاریی بەردەوامی فیکرو ئاکاری دەمارگیری ئاینیی و رەوتە مرۆڤخەسینەکانی ئیسلامی سیاسیی سونیی-شیعی، جگە لە هەڵاتن بەرەو دواوە پەناگایەکی تری نەماوەو تێکڕا هاواریانە: بۆ پاشەوە وەرگەڕێ!!

## چەند بیرەوەرییەکی خۆشی وەستا رەئوف

وەستا رەئوفی خەیات، تیکۆشەرێکی دێرینی حیزبی دیموکرات بوو، چالاکێکی جوڵانەوەی جووتیاران بوو لە بۆکان و لەنیوەندی شەستەکانی سەدەی بیستەمیشدا، لەکۆنگرەی دووي حیزبی دیموکرات، ئەندامی سەرکردایەتیی حیزب بوو، پاشتر لەنێو شۆڕشی ئەیلولیشدا، زۆر لە مەلامستەفاوە نزیکبوو، بەجۆرێك جێگەی متمانەی بوو. پاش حەفتاکان گەڕابۆوە سلیمانی و بەکاری بەرگدورینەوە ژیانی دەگوزەران و دوکانەکەی لەقەیسەرییەکەی پشتی وەستا عارفی عەتاربوو. من جاروبار سەردانیم دەکرد و لەباسوخواسی ساڵانی شەستەکاندا زانیاریی و بیرەوەریی زۆری لابوون، جگە لەوە هەندێ سەرگوزەشتەی خۆشیشی لابوو، چەند لای دانیشتیتایە هەرگیز هەستت بە بێتاقەتی و بێزاریی نەدەکرد، لێرەدا چەند قسەیەکی ئەو رەوانشادە دەگێڕمەوە:

- وەستا وتی: دوای سەرکوتکردنی جوڵانەوەی جوتیاران لە بۆکان، قۆڵبەستکرام و رەوانەی مەهابادیان کردم، لەوێش فەرمانی زیندانیکردنم دراو بە کەلەپچەکراوی تەسلیمی ژاندارمێکی زلحۆلی تلیاکییان کردم بمبات بۆ زیندان، منیش کە دەست و مەچەکم زۆر باریکبوون دەمتوانی بەئاسانی لە کەلەپچەکەیان دەربێنم، جاروبار کە ئەو مەشغول دەبوو سیگارێکم دادەگیرساندو یەکێکیشم بەودەدا، ئەو دەیوت: من هەرچی زیندانییەکەم گواستۆتەوە هەرئەوان داوایان لەمن کردوە سیگاریان بۆ دەربێنم و دایگرسێنم ، من تیناگەم چۆن تۆ بۆخۆت و بۆ منیشی دەردێنی و داشیدەگرسێنی؟ !!!
- جارێکیان لاوێکی مەهابادی هاتبووە نێو شۆڕش لەعێراق و ماوەیەك لای ئێمە مایەوە، کوڕێکی ژیرو بەحەیاو دەستپاك، دواتر رۆیی و ماوەی ساڵێك نەمدیتەوە! ئەمجارە بەپێچەوانەوەی پێشوو تەواو بێحەیا و درۆزن و بەدرەفتارو هەرچی شتی قۆڕە لەنێو شۆڕشدا فێری ببوو..برا عەجایب ئەم شۆڕشە چەندە کاریگەرو چ قوتابخانەیەکی عەزیم بوو!!
- جاریکیان دەمەو سەرەتای بەهار، ئاغایەکی دەوروبەری بۆکان لەگەڵ ژنەکانی بەیادی جاران روویان لەو دەشتودەرە کردبوو،



ئاغا ژنە تازەکەشی بردبوو ویستبوی وەك ژوانی سەردەمی گەنجی بە گەمەو راونان و باوەشکردن تەزویەك بە لەشیدابێ و بکەویتە سەربار، هەر هێنابوی و بردبوی لەعەرزی دابوو و تێر گەوزابوو هیچی بەهیچ نەکردبوو! کاتی درەنگانی گەڕابوونەوە ئاغا بەگیانی قوڕاوی و بە هەرامەی ملشۆڕەو گەڕابۆەو وتی جیگایەکی گەرمم بۆ راخەن بەراستی ئەمڕۆ ماندوتان کردم!!
- جارێکیان لەگەرمەی شەڕو هەرای شۆڕش ، هەژاری شاعیر لە ئێزگە هاتبۆخوارو سەردانی کردم، منیش مقەستی خەیاتییەکەم لابوو شتم پی دەبڕی، وتی وەستا ئەوە دەمێکە سەرم نەتاشیوە بۆ بەو مقەستە بۆم کورت ناکەیتەوە؟ وتم : وەڵا کاك هەژار ئەمە مقەستی سەرتاشین نییەو من هیچیش لەسەرتاشین نازانم، وتی :کوڕە گوێی مەدەرێ هەر نەختی بۆم کورت کەرەوە وابزانە مەڕ دەبڕیتەوە! وەستا وتی: هەژارم لەبەردەمم داناو هەر ئەوەنە مقەستم بردە لای گوێیەوەو لەیەکەم چرکەیدا نەختێکم لە نەرمەی گوێی بڕی...هەژار زۆر خۆی تێکنەداو نەختیك سووتوی جگەرەکەی خستەسەر و وتی بەردەوام بە، هیندەم بەلاوە بەگران بوو هەتا سەریم تۆزێك کورت کردەوە لەشەرمەزاریدا خەریکبوو گیانم دەردەچوو!
- ئاغایەکی مەنگوڕ لەسەرسنور جاروبار رێگەی لەقاچاخچییەکان دەگرت و خەڵکی رووت دەکردنەوە، ئەحمەد تۆفیق بانگی کردو هەرەشەی لێکرد، وتی : جارێکی تر شتی وابکەی ئەوەی خراپە پێتی دەکەم. رۆژگار هات و رۆیی، مەلامستەفا ئەحمەدی دوورخستەوە بۆ سەر سنوری تورکیا، ئاغای مەنگوڕ دەستی بەراوڕووتی خۆی کردەوەو جاروبار دەیوت: دایەت دەگێم ئەحمەد تۆفیق!! هەتا ئەو لێرەبوو لێم ببووەوە ژاندارمی ئێران و نەیدەهێشت دوو پول پێکەوەنێین!!
- دەگێڕنەوە جاریکیان حەمەرەزاشا لەگەرمەی نارەزایەتییەکانی ئێراندا سەردانی گۆڕی ئیمام رەزای کردبوو لە مەشهەد و رووی کردبووە گۆڕەکەو وتبوی: ئەی ئیمام ، تۆ رەزا، باوکم رەزا، خۆم رەزا، کورە گەورەکەم رەزا، کورە بچوکەکەم رەزا، لەگۆڕی بابی سی ملیۆن ئێرانیی ناڕازیی!!

## دیدارێك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا و مەشرووتییەتی ئێرانیی

20ساڵ بەرلەئێستا، لەدانیشتنێکدا، من و نەوشیروان مستەفا کەوتینە گەنگەشە سەبارەت بە رووداوێکی گرنگی مێژووی ئێران، کە (جوڵانەوەی مەشرووتەخوازیی ) بوو، ئەو لەکاتی گفتوگۆکەیدا هەمیشە چەمکی شۆڕشی بەکاردێنا، لەو سۆنگەیەوە کە ئەم شۆڕشە ئێرانی لەقۆناغێکی سیاسیی و فەرهەنگییەوە بۆ قۆناغیکی تر گواستۆتەوەو رووداوێکی ئاسایی نەبووە، کاتێك پێموت: من وەك تۆ مەشرووتەخوازیی بەشۆڕش ناناسێنم چونکە گۆڕانی ریشەیی لەکۆمەڵگادا نەخولقاندووەو نەبۆتەهۆی ژێرەوژوورکردنی ژێرخان و سەرخانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لەو وڵاتەو بەرەو چەسپاندنی راستەرێی ئازادییخوازیی و دادپەروەریی و یەکسانیی، راینەپێچا! چونکە لەحەقیقەتدا هەنگاوێکی شکستخواردووبوو! نەوشیروان بەپێکەنین و سەرسورمانەوە وتی : چۆن شتی وا دەڵێی، ئەوە لێکدانەویەکی چینایەتیی و مارکسیستی رووتە بۆ شۆڕش و ئاسەوارەکانی ! منیش لەسەر بۆچوونەکەی خۆم پیم داگرت بەوەی راستە شۆڕشەکان زادەی کەڵەکەبوونی کەلێن و نارەزایەتییەکانن، بەڵام ئەگەر شۆڕش گۆڕانی ریشەیی و کتوپڕ و توندوتیژو گشتگیر بێت بۆ چەسپاندنی ئازادیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، ئەوە تەنیا ئاکامەکانن پێمان دەڵێن کە ململانیی و خەباتی کام لەبزوتنەوەکان بەدیهێنەری شۆڕشی راستەقینەبوون، چونکە شۆڕشە ناتەواو و دزراو شکستخواردووەکان بەتەواویی دژی ئامانجەکانی شۆڕشێکی راستەقینەن و تەنیا گۆڕانکاریی سیاسیی لە دەستەبژێری حوکمڕانی سیاسیی بێ هەڵتەکاندن و ژێرەوژوورکردنی پایەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی چینی ستەمکارو قۆرخکار، بێ گۆڕانی نەوعی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و فەرهەنگیی بەرەو مۆدێلێکی ئازادانەترو دادپەروەرانەتر، بەس نییە بۆ خولقاندنی گۆڕانی ریشەیی! ئێستاش تەواو لێم مەعلوم نییە بۆچونی کاممان لە راستییەوە نزیکتر بوو ، بەلام بێئەوەی هیچمان ئەوی ترمان قایل بکەین ماڵئاوایمان کردو یەکترمان بەجیهێشت بێئەوەی هەرگیز لەدانیشتنێکی تردا چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە!!



## شێخ رەزای تاڵەبانیی و رووداوێکی مێژوویی

ئەحواڵی ئیمپراتۆریی و دۆخی ولایەتی بەغدا، بەتایبەت لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم فرە ئاڵۆز بوو، لەساڵی ١٨٩٦دا، لەئەستەمبوڵەوە والییەکی پیریان ناردبوو کە سەری لەگوێی قەبر دەلەرزی و تەمەنی لەسەروو ١٠٠ساڵەوە بوو، ناوی (عەتاڵا پاشا) بوو، شێخ رەزاش لەدژی ئەو کارە قۆڕەی ئەستەمبوڵ بەتورکیی وتویەتی:

مري يوزدن متجاوز نه ايدر بروالي
اشته بوندن وز ولور مملكتك أحوالي
ملكك إصلاحنه برميتي ايلر مأمور
آفرين قوه دراكه (باب عالي)

واتە:

ئەم والییە پیرە تەمەنی تێپەڕی کردووە
دانانی دەبێتە زەرەری دۆخی ولایەت
ئیسلاحی وڵاتێ بە کەلاك چۆن ئەبێ تەحقیق
هەی (بابی عالی) ئافەرین بۆ درك و درایەت

## گروپگەلە وێناکراوەکان

ئەم کتێبە فرە بایەخدارەی ئەندەرسۆن، لەلایەن دەزگای "هینرخ بل" ئۆفیسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لەساڵی ٢٠٠٩ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبییو لە لوبنان لە ٢٦٩ لاپەڕەی قەبارە بچووکدا بڵاکراوەتەوە. شایەنی باسە، د.عەزمی بشارە کێبەکەی بەعەرەبیی پێشکەشکردووە. رێبازی نووسینی ئەم کتێبە کە بۆزیاتر ٣٠ زمانی جیهانیی وەرگێڕاوە، لەوە لیبراڵیترە کە مارکسیی بێتو لەوەش مارکسییترە کە لیبراڵی بێت. نێوەرۆکەکەی بۆشاییەکی گەورەی لە تیۆریزەکردنی نەتەوایەییدا پڕکردۆتەوە، نەتەوایەتیی لای ئەندەرسۆن نە ئیتنۆگەراییەکی نوێبووەوەیە وەك ئەنتۆنی سمس دەڵێت، نە ئایدیۆلۆجییەکی بۆرجوازییە وە مارکسییەکان دەڵێن، نە زادەی کۆمەڵگایەکی پیشەسازیشە وەك ئارنست گێلنەر دەڵێت، نە ئەو قەیدو بەندە ئاسنینەشی پێشمەرجە، کە ستالین بەسەر هەموو نەتەوایەتییەکاندا سەپاندوویەتیی، وەنە داهێنانێکی تێپەڕیشە وەك هۆبسباوم دەڵێت. بەڵکو گروپێکی سیاسیی وێناکراوی خاوەن سنوور(سیاسیی، جیۆگرافیی، زمانیی، کارگێڕیی)و ویستی سیاسییە، جگە لەوەی زادەی هەستو سۆزو خوشەویستیشە، بەشێوەیە زیاتر لە دیاردەکانی خێزانو ئاینەوە نزیکە وەك لەوەی ئایدۆلۆجییەکی سیاسیی یان چینایەتیی بێت. دەگونجێت مرۆڤ نەتوانێت موسوڵمانێکی کۆمۆنیست، یان کۆمۆنیستێکی لیبراڵ، یا لیبراڵێکی کۆمۆنیست بێت، بەڵام دەتوانێت: موسوڵمانێکی نەتەوەیی، کۆمۆنیستێکی نەتەوەیی، یان لیبراڵێکی نەتەوەیی بێت. ئەندەرسۆنیش وەك مارکس، جیاوازییەکی گەورە لەنێوان نەتەوایەتیی نەتەوەی سەردەستو نەتەوایەتیی ئیتنۆ بندەستەکان دادەنێت. ئەندەرسۆن لەهەوڵەکەیدا بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی پشکوتنی نەتەوایەتیی، گرنگییو بایەخێکی مەزن بۆ دەستپێکی "print capitalism/ چاپەمەنیی سەرمایەدارییانە" لە ئەوروپاو رۆڵی"bilingual intellectuals/ رووناکبیرانی جووتزمانزان" لە خولقاندنی هۆشی نەتەوەییدا دادەنێت. ئەو باس



لەوەدەکات کە چۆن هەندێك گروپ لە کۆمەڵانی خەڵك بەهۆی خوێندنەوەی هاوبەشەوە وابیر لەخۆیان دەکەنەوە کە کۆمەڵگەیەك بن، هەروەها چۆن رووناکبیرانی جووتزمانزان لایەنگیریی لە هەستی هاوبەشو هاوبەستەگیی لەنێو کۆمەڵگەکەدا دەکەن.هەروەها ئەو ئاماژە بە هەندێك پەرەسەندنی مێژوویی دیکە دەدات کە پێدەچێت بۆ شێوەکانی دیکەی هۆشی نەتەوەیی بگەڕێتەوە کە وەك دەردەکەوێت زادەی ئیمپراتۆرییەکان، بەناوەندییکردنو هەروەها ناناوەندییکردنەوە بێت.



## بێزاری شاعیر و شیعرێکی سیاسی

ئەمشەو بەرێکەوت دیوانی بێزاری شاعیرم (١٩٠٧-١٩٦٤) کەوتەبەردەست، کە وەختی خۆی برای بەڕێزم کاك مارف ناسراو وەك دیاری پێشکەشی کردبووم، بێزار ناوی سەید موحێدینی کوڕی سەید موحەمەدی کوڕی حاجی شێخ محێدینە، کە ئامۆزای شێخ رەزای دێلێژەیە. گۆڕستانی گردی شێخ محێدین لەسلێمانی بەناوی باپیرێوە ناونراوە، بۆخۆی و مامی و باپیری نزیك بەسەدەیەك وتاربێژی مزگەوتی گەورەی سلیمانی بوون. بێزار لەو شیعرەیدا کە دەورانی شۆڕشی ١٤ی تەموزو لەساڵی ١٩٦٠دا نووسیویەتی، جگەلەوەی بەتوندی پەلاماری ئیستیعماری ئینگلیزو ئەمریکاو نۆکەرانی لە ئاغاو دەرەبەگ دەدا، هوراش بۆ رێبازی ئیشتیراکی و ئاشتیی و ئازادیی دەکێشێ، لەوەش زیاتر ناوی (مەحمود سەواف) ی رابەری ئیخوانەکانی لە عێراق وەك نۆکەری ئینگلیز هێناوە. لەڕاستییدا دەقی شیعرەکەی لەو لایەنەوە سەرنجراکێشە کە شاعیر کەسایەتییەکی تەواو ئاینییە و لەبنەماڵەیەکی مەلازادەی کوردەو بۆخۆشی وتاربێژو خەتیبی مزگەوتی گەورە بووە! لێرەدا چەند دێرێکی ئەو شیعرە رادەگوێزین کە لە لاپەرە ١٧٠ی دیوانەکەی بە ناونیشانی (مام رێوی و گورگ) هاتووە، بێزار دەڵێت:

تەماشا دەکەی بەگ و ئاغا و میر
خوا چی لێکردن لە تۆڵەی فەقیر
ئینگلیز مام ریوی گورگ ئەمریکا
ئاخۆ ئیستیعمار لە ئێمە چی کا
بۆخۆی تێری خوارد لە ئێمە ئینگلیز
جا ئەمریکای هێنا وەك ئیبلیس
دۆلاری زۆری هەروەك گەڵای دار
بلاوکردەوە لە دێهات و شار



ئەمەندەی لك و بەچکە پەیدا کرد
بە جارێ دنیای سوك و ریسوا کرد
کۆنەپەرست و پیرو دەرەبەگ
کلك ئەلەقێنن بۆ دۆلار وەك سەگ
نۆکەری دۆلار ئەمەندە زۆرە
پاوەندو دۆلار هێند زۆرو بۆرە
مەلا لە مزگەوت ئەهێنێتەدەر
وەك مەحمود سەواف خالیسی نۆکەر
ئەڵێ دین نەما لەخاکی عێراق
کافرستانە دەخیل یا خەلاق...
دین و سیاسەت لە یەك زۆر دوورن
دەسا مامۆستا لێمان ببوورن
لەخەو هەستاوە سەراپا جیهان
دین تێکەڵ مەکەن ئیسلامتان فەوتان..
عالەمێ ئەچێ بۆ ئیشتیراکی
بۆ حوریەت و ئاشتی سەرپاکی
تازە ئیستیعمار باوی نەماوە
بێسودە ئیتر ئەم چاو و ڕاوە..

## ساتەوەختی کەوتنەخوارەوەی رووپۆشەکان

سەرەتای ساڵی ١٩٤١، رەزاشا بە بۆنەی لەدایکبوونی شازادەیەك لەوەلیعەهدو فەوزیە، خوانێکی گەورەی بۆ نوێنەرانی وڵاتانی خاریجە رازانەوە، وەك شایەکی میلیتاریست و فاشیستمەئاب، زۆر دڵی بەو نمایشانە خۆش بوو کە دیدەوانی خویندنگاکان لە بۆنەکاندا ئەنجامیان دەدا، ئەوانەی وەك لاوانی نازیی ئەڵمانی چالاکیی جۆراوجۆریان دەکردو بەجلی سەربازییەوە خۆیان نمایش دەکرد.
بەرێکەوت یەکێك لە چالاکییەکانی ئەو بۆنەیە کوژاندنەوەی ئاگری چادرگەیەك بوو، بەڵام بۆ ئابڕووچونی رەزاشا، لەپڕ بایەك هەڵکیردو ئاگری چادرەکە گواسترایەوە بۆ چادرگەی میوانە بیانییەکان ، دیدەوانەکان کە زیاتر هەر خەریکی نمایشکاریی بوون و بۆ رۆژی تەنگانە رانەهێنرابوون، سەریان لێشیواو نەیاندەزانی چیبکەن!! ئاگرەکە بە شێوەیەك تەنییەوە هەرچی میوانی بیانی هەبوو رایانکردو رەزاشا لەداخ و تورەییدا گڕ لەچاوی دەرئەپەڕی!! بەڵێ ئەو کاتەی هێزە ناوەرۆکبۆشەکان رووبەڕووی ساتەوەختی راستەقینە دەبنەوە ئەوکات رووپۆشەکانیان دەکەوێ و نیوەرۆکی واقیعییان بۆ هەموان ئاشکرا دەبێ!!



## پەندێکی مێژوویی

کاتێك پاش جەنگی نێوخۆی مەشرووتە لەئێران دۆخی ئابووری وڵات بەرەو هەڵدێر رۆیشت، گەنجینەی حکومەت بەتەواویی رووی لەبەتاڵیی کرد، حکومەت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکەکانی خۆی راپەڕێنێ و بەتەواویی ئیفلیج نەبێ، داوای لە شازادە عەبدولحسێن میرزا فەرمانفەرما کرد، کە پێشتر والی کرمان و بلوچستان بوو، نیوەی ئەو سامانەی لە دەورانی ولایەتەکەیدا لەو دوو ولایەتە دزیونی، بیخاتە گەنجینەی حکومەتەوەو نیوەکەی تر بۆخۆی و حکومەت چاوی لێ دەپۆشێ!!
خۆزگە لە کوردستانیش لەم دۆخە قەیراناوییە ئابورییە، حکومەتێکی تا ئەو رادەیە بوێر هەبووایە کە بەحیزبە کوردییەکان و بەپرسەکانیانی بواتایە: کاکە لەماوەی دزیی وشڕەخۆریی ٢٤ ساڵی دوای راپەڕیندا، نیوەی ئەو پارەو سامان و موڵکانەی هەتانە کە بە ملیارەها دۆلار مەزەندە دەکرێ، بیگێڕنەوە بۆ میلەت و گەنجینەی حکومەت و قەیدی ناکا نیوەکەی تری بۆ خۆتان!! دلنیام ئەم کارە بڕێکی لەو سەختی قەیرانە سووکدەکرد کە ئەمڕۆ بۆتە بارێکی گرانی شانی خەڵك و وڵات!



عەبدولحسێن میرزا فەرمانفرما



## دوو کێشەی سەرەکیی

لەنێو میللەت و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (بە ئێمەی کوردیشەوە)، دوو کێشەی سەرەکیی هەیە کە بۆتە هۆکاری بەتاڵکردنەوەی ماناکانی سیاسەت و یاسا، یەکەمیان گەشەنەکردنی سروشتیی چین و توێژە کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکانە، دووەمیشیان دەستێوەردانی دەرەکییە لەژیانی سیاسیی و ئاراستەکردنی قۆناغەکانی گەشەکردنێتی، ئەوەی کە سیستمی سیاسیی و یاسایی لەوڵاتانی ئەوروپا دامەزراوەو چەسپاوە ئەوەیە کە ئەوان زیاتر لەو دوو گرفتە سەرەکییە بێبەشبوون و لەکۆن و نویدا سیاسەت و یاسا لەسەر بنەمای چەسپاوی مافی چینە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فیوداڵ و بازرگان و سەرمایەدار و ..هتد بەڕێوە چووە، هەربۆیە لەژیانی سیاسییاندا روونییەك و پابەندبوونێك هەستی پێدەکرێ و خەبات لەپێناو گۆڕینی یاسا نەریتییەکان بووە بەیاسای مۆدێرن.

لای خۆمان کە بەهۆی سروشتی کۆمەڵگای دواکەوتووی کشتوکاڵیی - دیوەخانسالاریی، کردەی سیاسی و یاسایی لەئاکامی لاوازیی و بێمافیی چینی کۆمەڵایەتیی و دەستێوەردانە دەرەکییەکان لەماناکەی پوچەڵکراوەتەوەو دەسەڵات لەدەستی تاکە دەسەڵاتدارێکی رەها و بنەماڵەیەکی خۆسەپێندا چڕبۆتەوە، دەوڵەت ، یاسا ، سیاسەت ، بڕیارسازیی جەماوەریی، بەشداریی سیاسیی، ماف ، دادپەروەریی و بەها بنەرەتییەکانی حوکمڕانیی، جگە لە ناوێکی بێ ناوەرۆك هیچی دیکەی لەبارانەبووە، سازانی رووداوەکانیش زیاتر هۆکارە دەرەکییەکان هەڵسوڕێنەری بوون و لەولایەنەوە مێژوو لیستێکی گەورە لە رووداومان دەخاتە بەردەست کە فاکتەرو بەشداریی نێوخۆ بەئەندازەیەکی زۆر کەم تییدا ئاراستەکەر بووە، هەربۆیە قۆناغی راگوزەری ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە زۆر ئاڵۆزترو پرکێشەترە لەو کۆمەڵگایانەی کە ئاسۆی گەشەکردنی مێژووی سیاسیی و کۆمەڵایەتییان روونەو هەمیشە خوێنی ئیستیبدادی لە شادەماری حوکمڕانەکانیدا سوڕدەخوا و لەدەرفەت دەگەڕێ خۆی نوێبکاتەوە!

## خیانەتە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان چین؟!!

بەکورتیی دەتوانین خیانەتکردن لەنەتەوەو نیشتیمان لەماوەی رابردوو بەم شێوەیە کورتبکەینەوە:

- دزینی موڵك و ماڵی گشتیی
- بەهەدەردانی سامانی نەتەوەیی
- دەستێکەڵکردن لەگەڵ دوژمنانی کورد و داگیرکەران
- پەلێشکردنی سوپای بێگانە و پیلانگێڕیی دژی پارچەکانی دیکەی کوردستان
- دەستبەسەرداگرتنی ئابووری و بازاڕی کوردستان بۆ قازانجی شەخسی و بنەماڵەیی و کۆمپانیا حیزبییەکان
هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و بەکوشتدانی رۆڵەی کورد بۆ بەرژەوەندی تایبەت.
- دوولەتکردنی خاکی کوردستان.
- رێگرتن لە دامەزراندنی حکومەتیکی دامەزراوەیی و پرۆفیشناڵ
- بێباکیی بەرامبەر کۆچی لاوان بۆ دەرەوەو هەندەران و لەدەستچوونی وزەیەکی مرۆیی
- دەستخستنە نێو کاری دادگاکان و رێگریی لە چەسپاندنی دادپەروەریی
- کوشتنی لاوانی وڵات لەخۆپێشاندانەکان
-تیرۆرکردنی ناڕازییان و رەخنەگران و رۆژنامەنووسان
تەعریبکردنی شارەکانی کوردستان و پێدانی زەوی و موڵك بە عەرەب
- دژایەتیکردنی پشکوتنی دیموکراتی و چالاککردنی پارلەمان و خەباتی مەدەنی
- شێواندنی ئاشتی کۆمەڵایەتیی و تێکدانی هاوبەستەگیی کۆمەڵایەتیی
- تیکشکاندنی چینی ناوەڕاست
- برەودان بە نەریتی یاساشکێنیی و چەکبازیی
- ژاراوایکردنی هاوڵاتیان و ژینگەی وڵات لەڕیگەی هینانی خواردن



و دەرمانی بەسەرچوو و پیسکردنی ژینگە.
- بازرگانییکردن لەگەڵ دوژمنانی نەتەوەو داگیرکەران بۆقازانجی شەخسی
- رێگرتن لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی و خیزان و بڵاوبونەوەی دیاردەی قەیرەیی و سەختکردنی هاوسەرگیریی .
- برەودان بە ژنکوژیی و توندوتیژیی دژ بە ژنان.
- زەمینەخۆشکردن بۆ رەوتەکۆنەپەرستە مەزهەبییەکان و بلاوبونەوەی مەترسیداریان لە کۆمەڵگا.
- سوکایەتیی بە کەرامەتی هاوڵاتیان و بەئەنقەست قورسکردنی باری ژیانیان
- کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە زانستیی و مەعریفییەکان و کردنیان بە ئامرازیك بۆ بالادەستی و بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆجی و فەرهەنگی حیزبی.
- کردنەوەی دەیەها کەناڵی تەلەفیزیۆنی و رادیۆیی بۆ چەواشەکاریی و خەساندنی رای گشتی
- برسیکردنی خەڵك لەپێناوی بەدیهێنانی مەرامی شەخسی و حیزبیی.
- بڕینی موچە لەهاوڵاتیان و نەبوونی بەرنامە بۆ ژیانی خەڵك
- هەڵاواردنی سیاسیی و رەگەزیی
- تێکدانی زەوقی گشتی لەڕێگەی دەرکەوتنی بەردەوامی رووە بێزراوەکان و بڵاوکردنەوەی وتە سواوەکانیان
- سوککردنی ناوی حیزب و حکومەت و دیموکراتی و هەموو بەها نیشتیمانیی و ئاینییەکان لەبەرچاوی هاوڵاتیان
- بێبەهاکردنی بەها جوان و شایستەکانی کۆمەڵگا.
- بەهەدەردانی قوربانییەکانی چەندین ساڵەی میللەت و لەدەستدانی دەرفەتە مێژووییەکان
- بڕیاردان لە چارەنوسیی خەڵك و وڵات بەشێوەیەکی فەردیی و دوور لە هەر راپرسیی و دەزگا شەرعییەکانی خەڵکی کوردستان
-گلاندنی وڵات و میللەت لە ململانێ هەرێمیی و دەرەکییەکان.

# چاوپێکەوتنی رۆژنامەی "رۆژنامە" ١٧/جونی ٢٠١٠

**سازدانی:رۆژنامە**

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.یاسین سەردەشتی، بڕوای وایە زەحمەتە بارزانی بتوانێت ئەو مەهامە جێبەجێ بکات، کە پۆستی سەرۆکی هەرێم لە روی پراکتیکیو تیۆرییەوە لێی داوادەکات.د.یاسین سەردەشتی، کە پسپۆڕی بواری مێژوشە لە زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بەوەدەکات: لەدوای وەرچەرخانی مێژوی (٧/٢٥)وە هەست بە مەترسیی کەمکردنەوەی پانتایی ئازادیی سیاسی دەکرێت لە کوردستانو دەڵێت: گرنگترین کێشەی دەسەڵات ئەوەیە، پێیانوایە ئازادییەکانی گەل کاتێك دەستپێدەکەن کە ئازادیی رەهای دەسەڵات کۆتایی پێبێت."

**رۆژنامە: ئێوە وەك کەسێکی ئەکادیمیو مامۆستایەکی زانکۆ، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ دۆخی سیاسی ئێستای هەرێمی کوردستان هەیە؟**

د.یاسین سەردەشتی: بەبڕوای ئێمە دۆخی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستان، دۆخێکی زیاد لە رادە هەستیارە، دۆخێکە لە روی مێژوییەوە کە لە قۆناغێکی زۆر ناسکدایە، لە قۆناغێکی زۆر هەستیاریشدایە، بە حوکمی ئەوەی کە سەرەتای دەستپێکردنی یان سەرەتای پێگەیشتنی ئەو دەسەڵاتو ئیدارەیەی لە باشوری کوردستاندا لە قۆناغی دوای راپەڕین هاتەکایەوە، بە چەندین قۆناغی جیاوازدا رۆیشتوە، کە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی دەگونجێت بە یەکێك لە هەستیارترین قۆناغەکانی بێتە پێش چاو، چونکە لەدوای روخانی رژێمی عێراقەوە، دەسەڵاتێکی کارای، یان حکومەتێکی کارای یەکگرتو و ئەکتیڤ کە بتوانێت لەسەر بنەمای سەروەریی یاساو بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتریو بنەمای کارکردن لەسەر بەدیهێنانی بەرژەوەندییو خواستە بەرفراوانەکانی هاوڵاتیی کوردستان کاربکات، ئەویش دەبینین کاریگەریی زۆر گەورەی



لەبەردەمدا بوەو نەیتوانیوە لەو روەشەوە ئامانج یاخود بتوانێت بەشێوەیەکی رێکوپێكو باش بچێت بەڕێوەو ئامانجی باش بێنێتەدی، بەحوکمی ئەوەی کە ئێمە دەزانین لە کوردستاندا ریشەیەکی قوڵی دەسەڵاتی دووئیدارەیی هەبوە، نەبونی کارکردنێکی فیرەتیمی یاخود کارکردنێکی فیرقەیی هەبوە، کە نەتوانن هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەشێوەی تیمێك کاربکەن لە ناوخۆی کوردستاندا، بتوانن ترسیان لەیەکتری نەبێتو متمانەیان بە یەکتری هەبێت، لەگەڵ بونی ئیتیفاقی ستراتیژیشدا لەنێوان دو هێزە باڵادەستەکەی کوردستان، کە یەکێتیو پارتییە، هێشتا دەبینین لە دروستکردنی حکومەتێکی نیشتمانیی یان حکومەتێکی کوردستانیی کارا، وەکو وتمان کە سەروەریی یاسا بنەماکانی بێت، هاوڵاتیبونو مافەکانی هاوڵاتییو لەیەك جیاکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتەکانو پێگەیشتنی ئەو حکومەتە بنەماکەی بێت، دەبینین لەو روەشەوە دەتوانین بڵێین سەرکەوتن بەدەست نەهاتوە، کەموکورتی زۆر گەورەو کێشەی زۆر قوڵ لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستاندا هەیە.

**رۆژنامە: لە قۆناغی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا، مێژو چۆن خوێندنەوە بۆ وێستگەی (٧/٢٥) دەکات؟**

د.یاسین سەردەشتی: هەلومەرجی سیاسیی لە کوردستاندا، هەلومەرجێکی داخراوە، یاخود واقیعی سیاسیی لە کوردستاندا وەکو گۆمێکی وەستاوی لێهاتوەو پێویستە ئەو گۆمە وەستاوە بجوڵێنرێت، باسی ئەوەمان کردبوو کە چۆن پێویستە هەمو ئەو لایەنو هێزانەی کە نارازین لە هەلومەرجەکە دەیانەوێت خوێنێکی نوێ بە دەمارەکانی سیاسەتدا بکەن لە باشوری کوردستان، پێویستە پێکەوە کۆببنەوەو لە ململانێی بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستاندا لە دەرەوەی لیستی دەسەڵات بەشداریی بکەن بۆئەوەی بتوانن لە مێژوی سیاسیی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆنێکی کارا بێننە کار، کە سەرەتایەك بێت بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی سیاسیی دروست یان تەندروست لە

کوردستاندا، بەڕاستی لەو کاتەدا لەو چاوپێکەوتنەدا ئێمە باسی ئەوەمان کردبو کە کۆبونەوەی ئەم هێزانە لە بەرەیەکدا، دەبێتە هۆی دروستبونی ئومێدێك، باسی ئەوەمان کردبو کە هێشتا لەوکاتەدا گۆڕان ڕانەگەیەنرا بو وەکو لیستێکی سەربەخۆ بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، ئێمە داوای ئەوەمان کرد کە ئەو لیستە بەشێوەی جیاواز دروستبکرێتو بتوانێت دەنگی نارازییانی کۆمەڵگە بەلای خۆیدا رابکێشێتو بتوانێت بچێتە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە وەك ئۆپۆزسیۆن، بە بڕوای ئێمە (٧/٢٥) وەرچەرخانێکی مێژویی یاخود خاڵێکی وەرچەرخانی مێژویی نوێی فرە ئیجابییە لە ژیانی سیاسییو لە مێژوی ژیانی سیاسیی کوردستاندا، کە دەتوانین بە سەرەتایەکیش بۆ دروستبونی جۆرێك لە بزوتنەوەیەکی سیاسیی دیموکراتیك، یاخود هاتنەکایەی پێکهاتەیەکی دیموکراتیك لە حکومەتی کوردستاندا بێنینە کایەوە، کە مەسەلەی بونی دەسەڵاتێکی یان بونی پەرلەمانێکە کە بتوانێت دەنگی جیاواز بگرێتەخۆ، بتوانێت ئەم پەرلەمانە کۆمەڵێك کەسی تێدا بێت کە بتوانێت مەسەلەی کێشەکانی کۆمەڵو مەسەلەی ئەو ئەرکانەی لەسەریانە بەرامبەر بە کێشە گشتییەکان بخرێتە بەرچاو.

ڕۆژنامە: ئایا ئەو گۆڕانکاریو وەرچەرخانەی باستکرد، تاچەند هاتوەتەدیو سودی بۆ پرۆسەی سیاسیو بە دیموکراتیزەکردنی هەرێم هەبوە؟

د.یاسین سەردەشتی: ئێمە پێش (٧/٢٥) دەبینین کە مەسەلەی پەرلەمان ئەوەندەی کۆبونەوەی بەشێك لە کادیرە حیزبییە باڵادەستەکان بوە لەناو هۆڵێکداو شەرعییەتیان دەدا بە بڕیاری مەکتەب سیاسییەکان، نە گەنگەشەیەکی جدیی، نە بونی هەڵوێستێکی یەکلاییکەرەوەو هەڵوێستێکی فیعلیی سەبارەت بە کێشە گشتییەکانی کۆمەڵگە، زیاتر بەو هەوایە دەچنە پێش یاخود مۆری شەرعییەتیان بە بڕیارەکانی مەکتەب سیاسییەکان داوە، بەڵام لەدوای (٧/٢٥)ەوە مەسەلەکان بێگومان جیاوازە، ئەوەی کە لەدوای (٧/٢٥)ەوە لە پەرلەماندا دەیبینین، ئەوەیە کە پەرلەمان لانیکەم بونی ژمارەیەك لەو کورسیانەی



کە لیستی گۆڕان هەیەتی، هەروەها ئەو هێزە سیاسییانەی دیکەش کە لە دەسەڵاتدا بەشدارنینو پێشتر ئۆپۆزسیۆنێکی زۆر شەرمنو بێ کاریگەر بون، ئێستا ئەوانیش بونەتە ئۆپۆزسیۆنێکی بوێرو خەریکە کاریگەرییان دەبێت لەسەر هەندێك لە مەسەلەکان، بیروڕای جیاواز دەبینین، گەنگەشەی جدیی دەبینین، تەنانەت هەڵوێستی جوامێرانەش دەبینین، بەتایبەتی وەکو لەم دواییەدا بینیمان لە ڕەتکردنەوەی ئەو (٤) دەفتەر دۆلارەی کە دەدرێت بە پەرلەمانتاران، بۆ بێدەنگکردنیو چاوپۆشینی، یاخود دەتوانین بڵێین چاونوقاندنیو نەرمکردنی لە ئاست دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، بێگومان ئێمە بڕوامان وایە وێڕای هەمو ئەو هەوڵانەی کە دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستاندا داویەتی بۆ ئیفلیجکردنی چالاکبونی پەرلەمانو چالاکییەکانی ناو پەرلەمان، وێڕای هەمو ئەو تەحەیوزە ئاشکرایەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیگرێتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە قسەکردنی ئەندامانی پەرلەمانی ئۆپۆزسیۆن، نواندنی هەڵوێستی جدیی، دەبینین هێشتا ئەو پەرلەمانە یان ئەو پەرلەمانەی کە ئێستا هەیە بە بەراورد لەچاو خولەکانی پێشوی دیکەدا، زۆر زۆر جیاوازە.

ڕۆژنامە: چۆن دەڕواننە مەسەلەی ئازادیی سیاسیی لە کوردستان، کە هەندێك لە چاودێران مەترسیی کەمکردنەوەی پانتایی ئازادیی سیاسیو ئازادیی بە مانا گشتییەکەی دەکەن؟

د.یاسین سەردەشتی: گرنگترین کێشەی دەسەڵات، یان عەقڵییەتی سیاسیی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان ئەوەیە، پێیانوایە ئازادییەکانی گەل کاتێك دەستپێدەکەن کە ئازادیی ڕەهای دەسەڵات کۆتایی پێبێت، یان کە ئازادیی دەسەڵات کۆتایی پێبێت، ئازادیی دەسەڵات ئازادییەکی ڕەهایە، لەبەرئەوەی قەد کۆتایی پێنایەت، هەربۆیە ئەوان لە مەسەلەی ئازادییەکانی گەل دەسڵەمنەوە، یەعنی ئازادبونی گەل، پێیانوایە کە ئازادییەکان تەنیا ئەوەن کە تۆ بتوانیت بچیتە پارکێکەوە سەیرانێك بکەیت، یان بتوانین ئەگەر قسە لە هەندێك کەموکورتی جادەوبانو ڕێگا بکرێت لەناو ڕۆژنامەیەکدا، لەچەند گۆڤارێکی ئاساییدا باسی

هەندێك كەموكورتیی بنیادنان بكەیت لە كوردستاندا، بەڵام قسەكردن لەسەر كێشە قووڵەكانو جومگەكانی دەسەڵاتی سیاسیو بڕیاری سیاسییو خستنە ژێر پرسیاری كەسایەتیو دەسەڵاتدارانی پلە یەكی سیاسیی لە كوردستاندا، ژیانی سیاسییو كۆمەڵایەتییانو هەوڵدان بۆ پەنجە خستنەسەر رووە ناشیرینەكانی دیكەی ئەدائی سیاسیی لە كوردستاندا، ئەمانە ئەوان بە خەتەری زۆر گەورەی دادەنێن، ئەمانە ئەوە بە ئاژاوە دادەنێن، بە گێرەشێوێنی دادەنێن، هەندێكجار قسە لەوە دەكەن كە تەنانەت ئەمە ئامانجی، واتە بە تەخوینی دادەنێن بەوەی كە دەستی دەرەكیی لە دەستەو ئامانجەكانی هەڵوەشانەوەی حكومەتی كوردستانو روخاندنی حیزبە سیاسییەكانە، واتە ئەوان لەو چوارچێوەیەدا قسە لەسەر مەسەلەكان دەكەن، من پێموایە ئەو تێڕوانینە، تێڕوانینێكی زۆر كۆنەو لە عەقڵییەتێكی زۆر كۆنەوە هەڵقوڵاوە بۆ تێگەیشتن لە مەسەلەی ئازادیی.

رۆژنامە: یانی پێتوایە دەسەڵات لە فەلسەفەی سیاسی حوكمڕانیی نەگەیشتون، بۆیە ئەو تێڕوانینەیان هەیە بۆ لایەنە نەیارەكانیان؟

د.یاسین سەردەشتی: لەهەندێك لایەنەوە پێموایە ئەوان كاریان بە لێكدانەوەی مەسەلەی فەلسەفییەوە نییە بۆ مەسەلەی ئازادیی، ئەوان دەسەڵاتدارن، دەسەڵاتداریش یەكەم شت كە بیری لێدەكاتەوە هێزە، دوەم شتیش توانای مادییە بۆ ئیدامە پێدانی هێزەكەی خۆی، لەبەرئەوە ئەمجۆرە هێزانە هەتا بۆیان بكرێت، هەتا بێدەنگیی كۆمەڵگە دەرفەتیان پێبدات، هەتاكو ناهۆشیاریی سیاسیی تاكەكانی كۆمەڵگە كۆمەكیان بكات، ئەوان لەسەر هەمان بیرو بۆچونو لەسەر هەمان ئەدا بەڕێوەدەچن، زۆر شتێكی غەریب نییە یان شتێكی نامۆ نییە كاتێك كە تۆ دەبینیت دەسەڵاتدارێك لە كوردستاندا لە موناسەبەی جیاوازدا، لە میدیاكانی حیزبەكەیەوە هێرش بكاتە سەر دەنگی ئازادو هێرش بكاتە سەر رۆشنبیران، كە داوای ئازادیی بكەن، یان خەڵكانێك كە هەڵوێستێكی جیا لە بیرو بۆچونی ئەوانیان هەبێت، بە گێرەشێوێنو ئاژاوەگێڕو تێكدەرو خیانەتكار لە قەڵەم بدرێن، دیارە پرسیارەكە



ئەمەیە، ئەمە شتێكی راستە یاخود دەبێت بەوشێوەیە بێت؟ بەپێچەوانەوە ئەمە زۆر عەقڵیەتێكی كۆنو عەقڵیەتێكی دواكەوتوە، كە دەبوایە دەسەڵاتدارانی حكومەت لە باشوروی كوردستاندا وەكو نوێنەرێكی روتی حیزبەكەی خۆیان هەڵنەسوڕێن كە خاوەنی ئەوجۆرە عەقڵیەتەیە، بەتایبەتی ئەوانەی كە لەناو حكومەتدا هەڵدەسوڕێن یان پلەو پۆستی فەرمییان هەیە، واتە زۆر ئاساییە كە ئەندامێكی مەكتەبی سیاسیی حیزبێكی كلاسیكی كوردی كە ئەم حیزبە پەروەردەیەكی زۆری شاخی هەیەو قۆناغێكی دورودرێژی لە ململانێی توندوتیژیدا بردوەتەسەر، نەتوانێت ئیستیعابی مەسەلەكانی ئازادیی تاكو كۆمەڵگەو ئازادییە گشتییەكان بكات، بەڵام ئەوانەی كە دەبنە لێپرسراوی فەرمیی، ئەمانە پێویستە خەڵكانێك بن عەقڵیەتێكی فراوانتریان هەبێتو تێگەیشتنێكی جیاوازتریان هەبێت بۆ مەسەلەی ئازادییەكان.

رۆژنامە: لەسەر تەوەری ئازادیی سیاسی حەزدەكەم لەسەر وتارەكەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە هۆڵی پەرلەمان بۆچوونی ئێوە بزانم، كە هەندێك لە چاودێران وا لێكیاندایەوە كە وتەكانی سەرۆكی هەرێم هەڕەشەبو بۆ سەر ئازادیی سیاسییو ئازادیی رۆژنامەوانی؟

د.یاسین سەردەشتی: بەڕاستی پێش ئەوەی من وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، هیوایەكم هەبو، پێموابو كە خۆزگە سەرۆكی هەرێم دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆكی هەرێم، یەكسەر دەستی لە پۆستی سەرۆكایەتی حیزبەكەی خۆی بەردایەو ئەو ئەركەی پۆستی سەرۆكی هەرێم، كە پۆستێكی مەزنترو گەورەترە داوای ئەوەی لێدەكات بە عەقڵیەتێكی بەرفراوانترو گشتگیرتر لە سەرۆكی حیزبێك بڕوانێتە تێكڕای ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە كۆمەڵگەی كوردییەوە هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەم شتە وا نەبو، كە دەبینین زۆرجار یەكانگیرییەكی زۆر بەهێز هەیە لەنێوانیان، كە سەرۆكی هەرێم لەو حاڵەتانەدا یاخود لەو هەڵوێستانەدا دەیبینیت كە وەكو سەرۆكی حیزبەكەی هەڵوێست

دەردەبڕێت، ئێمە لێرەدا تێدەگەین کە مەسەلەی قسەکردن لە هێرشکردنە سەر ئازادیی‌و وەسفکردنی ئازادیی‌و یان وەسفکردنی دەربڕینی هەڵوێستی خەڵکێکی ئازاد لە بەرامبەر روداوێکی قێزەون وەك کوشتنی کەسێك‌و رفاندنی بە رۆژی روناك‌و کوشتنی بەوشێوە ناشیرینەی کە ویژدانی زۆربەی ئینسانەکانی هەژاند، بەوەی کە ئەمە فەوزا بێت، بۆ خۆی ئەمە زیاتر تەعبیرێکی حیزبییانەیەو عەقڵیەتی حیزبێکی دەسەڵاتدارە بۆ تەعبیرکردن لەو مەسەلەیە، کە تاکو کەسێك بێت کە وەکو سەرۆکی هەرێم پێی وابێت کە بەردی بناغەی هەر دەسەڵاتێکی سیاسیی سەرکەوتو لە ناوچەکەدا پێویستە لەسەر بناغەی ئازادیی بنیادبنرێت، هەر دەسەڵاتێك، هەر دەسەڵاتێکی سیاسیی هەرچییەك بێت، ئەگەر ئازادیت لـێ جیاکردەوە، نەك هیچ قیمەتێکی نابێت، بەڵکو دەبێتە ئامێرێك بۆ لەناوبردنی کۆمەڵگەو دروستبونی توندوتیژیی. واتە تێکڕای خەباتی جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە درێژایی مێژو لەپێناوی رزگاریی خاك‌و ئازادیی ئینسانەکاندا بوە، لەبەرئەوە تۆ کاتێك لەوە دەگەیەت کە دەسەڵاتێك لەسەر پارچەیەك لە خاکی کوردستاندا هەبێت، دەسەڵاتێکی کوردی بێت، بەڵام ئازادیی رەوا بە خەڵك نەبینێت، بەڕاستی ئەمە خەتەرێکی گەورەیە لەسەر سەرجەم ئەو خوێن‌و قوربانییانەی کە کۆمەڵانی خەڵك بە درێژایی مێژو لەپێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزەدا تێکۆشاون یاخود ئەو قوربانیانەی کە داویانە لەپێناوی ئەو ئامانجەدا، لەبەرئەوە منیش پێموایە کە دەبو بەجۆرێکی دیکە قسە لەو مەسەلانە بکرایە، نەدەبوایە سەرۆکی هەرێم بەوشێوەیە پێیوابێت کە هەر شتێك لە دەرەوەی بیروبۆچونی حیزبەکەی ئەو یان تەنانەت لە دەرەوەی بیروبۆچونی ئەویش، چونکە سەرۆکی هەرێم لەهەمو وڵاتێکدا کارمەندێکە وەکو هەر کارمەندێکی دیکە، لە روی ماف‌و لە روی هەر شتێکی دیکەوە یەکسانە لەگەڵ هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵگە، هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵگە دەتوانێت بیرو باوەڕی جیاوازی لە سەرۆکی هەرێم هەبێت، دەتوانێت هەڵوێستی جیاوازیشی لەو هەبێت، هیچ کاتێك هەڵوێستەکانی تاك، یان هەڵوێستی هەر تاقمو



گروپێك، نە بۆ سەرۆکی هەرێم، نە بۆ هیچ حیزبێکی سیاسیی نابێتە گێرەشێوێنیی‌و بەوشێوەیە هێرشی بکرێتەسەرو تەخوین بکرێت، بەڵکو کاتێك تۆ کۆمەڵگەیەکت دروستکرد کە یاسا سەروەر بو، ئەو یاسا سەروەرییە لە سەرەوە دەستیپێکرد هەتاکو خوارەوە، لەسەر بنەمای دادپەروەریی‌و یەکسانی بو، ئەوکاتە یاسای ئازادییەکان زۆر بە رێکوپێکی شوێنی خۆیان دەگرن، رۆژبەڕۆژ لە پێشکەوتندا دەبن، ئەگەر ئێمە ئازادیمان وەکو مەسەلەیەکی خەتەرناك، وەکو مەسەلەیەکی فەوزا پێناسە کرد، واتە کێشەکە لێرەدایە، تێگەیشتنی دەسەڵاتداری کوردستان بۆ ئازادیی، تێگەیشتنێکە بەستراوە بە بەرژەوەندیی رەهای حیزبە سیاسییەکەی خۆیەوەو دەستەو دائیرە سیاسییەکەی خۆیەوە

.

رۆژنامە: ئایا مەسعود بارزانیی سەرۆکی هەرێم، کە بەرزترین دەسەڵات‌و پایەی حوکمڕانیی‌و ئیداریی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، توانیویەتی مومارەسەی پۆستەکەی وەکو سەرۆکی هەرێم بکات؟.

د.یاسین سەردەشتی: بەبڕوای من تائێستا ئەو دەرفەتە یاخود ئەو زەمینەیە نەڕەخسێنراوە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کردارییی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەرك‌و فەرمانەکانی خۆی جێبەجێ بکات، نەتیجەی ئەوەش ئەوەیە کە وەکو وتمان بونی دوئیدارەیی یان واقیعی کوردستان بەشێوەی واقیعێکی دوئیدارەییە، لەبەرئەوە دەبینین سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەروەکو سەرۆکی پارتەکەی خۆی تەنیا لەو ناوچانەدا باڵادەستیی هەیە کە حیزبەکەی خۆی تێیدا باڵادەستە، کە مەبەستمان مەسەلەی دهۆك‌و هەولێرە، بەڵام لە ناوچەی سلێمانیدا دەبینی کە بە حوکمی ئەو دوئیدارەییە نە بەرنامەی گونجاو هەبوە کە سەرۆکی هەرێم بتوانێت ناوبەناو سەردانی ئەم ناوچەیە بکات‌و کێشە جیاوازەکانی بەسەربکاتەوە، بتوانێت جۆرێك لە شعورێك دروستببێت بۆ ئەوەی کە بە فیعلیی ئەم سەرۆکە، ئەم ناوچەیەش بەشی بەو سەرۆکەوە هەیەو ئەو سەرۆکە

دەتوانێت لەم ناوچەیەش لە کێشە بنەڕەتییەکانی ژیانی خەڵك بکۆڵێتەوەو ئینسیجام یان تەفاعولێك لەنێوان گەلو لەنێوان سەرۆکەکەیدا دروستببێت، بە راستی بەفیعلیی ئەو شتە نەبوە، چۆن بەهەمانشێوە سەرۆکی حکومەت کە سەر بە یەکێتییەو لە ناوچەی دەسەڵاتی سلێمانی ئیدارەکەی قەتیس ماوە، نەیتوانیوە نە لە هەولێرو نە لە دهۆکدا بەوشێوەیە مومارەسەی مەکانی خۆی بکات، کە پێویستە لە حکومەتێکی یەکگرتودا هەبێت.
سەرۆکێك بۆ ماوەیەکی دورودرێژ عەقڵو خاوەن بڕیاری حیزبێکی وەکو پارتی بێت، کاتێك بەبێ ئەوەی دەست لەلایەن سەرۆکایەتی حیزبەکەی بەربداو ببێتە سەرۆکی هەرێم، بەڕاستی زۆر زەحمەتە بتوانێت ئەو مەهامەی کە سەرۆکی هەرێم داوای لێدەکات بەو شێوەیەی کە پێویستە چ وەکو لە لایەنی تیۆرییەوە، چ لەلایەنی پراکتیکییەوە، بتوانێت جێبەجێی بکات، لەبەرئەوە دەبینین ئەم حاڵەتە من هەندێك جار بۆی دەچم سەرۆکی هەرێمی توشی هەندێك حاڵەت، واتە پەستانێکی دەرونیی لەسەر سەرۆکی هەرێم دروستکردوە لە هەندێك حاڵەتدا، لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکانی کە دەیکات، باس لەوە دەکات، کە من لە (٧٠%)ی دەنگی خەڵکی کوردستانم بەدەستهێناوەو خۆم بە سەرۆکی هەرێم دەزانم، خۆ دەبینین لە هەر حاڵەتێکدا کە شتێك دژی حیزبەکەی مومارەسە بکرێت، دەبینین بە هەڵچونێکی زیاد لە پێویستەوە لە میدیاکانی حیزبدا دەردەکەوێتو وەکو سەرۆکێکی حیزب هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت.



## گەلان خوازیارن سیستمیك ئاوا بکەن•

ئاشکرایە ئەمڕۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو هەمو ئەو وڵاتانەی دەیان ساڵە سیستمی ستەمکار و گەندەڵکارو دژ بە مافی مرۆڤی تێدا سەپێنراوە، وەك حەتمییەتی مێژویی دیموکراتیزەبون کەوتونەتە بەر باهۆزو شەپۆلێکی گۆڕانکاریی گەورە، گۆڕانکارییەك، داینەمۆکەی نەوەیەکی نوێیەو خولیای بنیاتنانی سیستمێکی هاوچەرخی هەیە کە پایەکانی ئازادیی، دادپەرەوەریی‌و مافی مرۆڤە، ئەو نەوەیەی کە لە ئاکامی جیهانگیریی‌و تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا چیدی وەك نەوەکانی پێشو ئەسیری کەلتورێکی ملکەچیی‌و جەبرییەتی دەستبەرداربونی مافە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی نییەو لەسۆنگەی بارگاویی بونی بە کەلتوریی جیهانی دیموکراسیی‌و ئازادەوە خرۆشاوەو کەوتۆتە خۆ لەپێناو وەرچەرخانو قەڵەمبازێکی مێژوییداو خوازیارە کۆتایی بە قۆناغێکی داڕزاو لە بونی تەرزە سیستمێکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی ستۆكو ئێکسپایەر بهێنێت کە بناغەکەی لەسەر زۆرداریی، جەردەسالاریی‌و چەواشەکاریی دامەزراوەو دەیەوێت سیتمێکی نوێو ئاوا بکاتو پەردە لەسەر قۆناغێکی مێژویی نوێ هەڵبداتەوە.
ئەوەی لەگوڕێدایە تەنیا راپەڕینێکی رەمەکیی‌و شۆڕشێکی خۆجێیی سونەتیی داخراو نییە، بەڵکو وەرچەرخانێکی جیهانیی هاوچەرخەو فاکتەرەکانی قوڵاییەکی مێژوییان هەیە. ئەوەی دەستپێکردنی وەك هەر روداوێکی تری مێژویی لەئاکامی هۆکارێکی راستەوخۆ هاتەکایەوە کە خۆسوتاندنی (محەمەد بوعزیزی) تونسیی بو وەك نارەزایەتییەك دژی ئەو شەقازلەیەی لەلایەن (پۆلیس) ێکەوە لێیدرا، ئەوەی جیهانێکی گڕتێبەردا، نەك هەربوە هۆی راپەڕاندنی نەوەی نوێو راونانی سەرۆکە دیکتاتۆرە پاوانخوازە ستەمکارەکەی تونس، بەڵکو بوە سەرەتای وەرچەرخانێکی مێژویی لە ناوچەکە بەتایبەتو لە جیهانیش

• ئەم وتارە لە ٢٤ی فێبرایەری ٢٠١١ لەسایتی سبەی بڵاوکراوەتەوە.

بەگشتیی. ئەو شەپۆلی وەرچەرخانەی بەخێرایی پەڕییەوە بۆ میسرو سەرۆکە سکرابە ملهوڕەکەی ئەویشی راماڵییو ئێستا روی لە لیبیاو یەمەنو ئێران‌و بەحرەین‌و ئەرمینیاو چین کردوەو هاکە لەو وڵاتانەش سیستمە ستەمکارو جەردەسالارەکانی لە ریشەوە گۆڕییو سیمبولەکانی خستنە زبڵدانی مێژوەوە.
روداوەکانی ئەم وەرچەرخانە مێژوییە، ئەو نیفاق‌و دوڕوییە مەزنەمان پێشاندەدات کە بناغەی ئەو سیستمە ستەمکارو جەردەسالارە دژبەمرۆڤانەیان لەسەر دامەزراوە، ئەوانەی تێکڕا سەرۆکەکانیان بەناوی جەنگاوەربون‌و منەتی شۆڕشگێربونیانەوەو هەروەها بەناوی زۆرینەبونیان‌و هەڵبژاردنە پڕساختەکارییە رواڵەتییەکانەوە، بۆ ماوەی چەندین ساڵ کورسی دەسەڵاتیان پاوانکردبوو بەگرتنەبەری هەمو جۆرە پیلان‌و ملهوڕییو لەڕێگەی بنەمای (تەرهیب‌و تەرغیب)وە بە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، هێزە ئەمنییو چەکدارەکان‌و سامان‌و دارایی وڵاتەوە ئیغتیسابی دەوڵەت‌و کۆمەڵگایان کردوە. کێ لە ئێمە تا سەرکەوتنی وەرچەرخانەکەی تونس دەیزانی کە خانمی یەکەمی ئەو وڵاتە بەو ناسکییو رێکپۆشییەوە چ دڕندەو مەزنە مافیایەکی بێویژدانە؟! کێ دەیزانی زەین ئەلعابدین کە ناوەکەی مانای (جوانیی) دەبەخشێت، هێندە ستەمکارو ناشرین‌و نائینسانە؟! کێ بەتەواویی ئەوەی لا حەقیقەت بو کە حوسنی موبارەك، ئەوەی ئیدعای چەقاندنی ئاڵای میسری لە سینا دەکرد لە شەڕی عەرەب- ئیسرائیلی ساڵی ١٩٦٧و دەیویست بەو ئیدعا پوچانە رێگە لە وەرچەرخانەکەی میسر بگرێت، مەزنە دزێکی ئەوەندە ناجسن‌و ناموبارەکەو ٧٠ ملیار دۆلاری لە پارەو قوتی دزاروی میسرییە هەژارەکان لە بانکەکانی سویسرا بۆخۆی مۆڵداوە؟! کێ ئەوەی چاوەڕواندەکرد،موعەمەر قەزافی کە خۆی بە شێخی شۆڕشگێڕان‌و دۆست‌و پاڵپشتی گەلانی چەوساوە دادەنا،کە دەشێت هەر لەبەر ئەوەش لە کوردستانی خۆمان باخێکیان بەناوەوە کردوە! ئەوەندە کورسیپەرست‌و خوێنڕێژو مرۆڤکوژبێت، بە ساروخ‌و فڕوکەوکۆپتەر بۆردومانی ناڕەزایەتییە مەدەنییەکان بکات، ئەو سەرۆکە شێتەی نەك هەر بۆ پاراستنی



کورسییەکەی ژێری کە ٤٢ ساڵە بەزۆرداریی قۆرخی کردوە، خێڵەکانی لیبیای بەرداوەتە گیانی یەکتر، بەڵکو بە دەستە ئەڵقەلەگوێ‌و باندە پیاوکوژە تەوروەشێنەکانی خۆی وازی نەهێناوەو چەندین دەستەی پیاوکوژی بەکرێگیراوی ئەفەریقایی هاوردەکردوە تاوەکو مانەوەی زیاتری لەسەر (کورسی شەرمەزاریی) مسۆگەر بکات.
ئەوەی جێگای تێڕامانە، ئەم سەرۆکە سکرابانە،چەندە ماوەی مانەوەیان لەسەر کورسییەکانیان‌و قۆرغکاریی دەسەڵات‌و تەمەنی گەندەڵکارییان درێژتر بێت، هێندە پوچەڵترو بۆگەنتر دەبن‌و وەحشییتر بەرخورد لەگەڵ داواکاریی بەحەقی گەلەکانیان دەکەن‌و بەگژیاندا دەچنەوە. هەمو ئەم سەرۆکانەی کە نە زانستی سیاسەت‌و نە هونەری کارگێڕیی دەفامن‌و نە رۆژێکیش بیریان لە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵانی خەڵك کردۆتەوە، بەڵکو جەنگاوەری کودەتاچییو تفەنگچیی ملهوڕی خۆلێسەرەوەن‌و ئیغتیسابی دەوڵەت‌و کۆمەڵگایان کردوەو بونەتە دڕندەیەکی خوێنڕێژ، چونکە خەتەرناکترین شت ئەوەیە کەسانێك بەسەر دەسەڵات‌و دەوڵەتدا کەوتبن‌و بواری سیاسەت‌و ئابوریی قۆرغبکەن کە نە لەڕوی زانستییو نە لەڕوی مۆراڵییو ئینسانییەوە پەروەردەنەکرابن.
سەبارەت بە کوردستانەکەی خۆمان، زۆر وترا کە لەسایەی (حیکمەتی) سەرۆکایەتیی و دەسەڵاتە (نیشتیمانییەکەی) دا، چاوەڕواندەکرێت زۆر دوربێت لەو باهۆزی گۆڕانکارییەی تێکڕای ناوچەکەی گرتۆتەوە. دورنیە ئەوانەی وایان دەوت بارودۆخی ئەڵمانییەکانی سویسرایان لە ساڵەکانی جەنگی دوەمی جیهانییدا نەکردبێتە بناغە، کە ئەوەندە لە سایەی نازونیعمەتی دیموکراتییو رێزگرتن‌و بەدیهاتنی مافەکانیاندا دەژیان، کە تێکڕای ئەو هەڵمەتە پاگندەییەی نازیسم لە وروژاندنیان دژی حکومەتی سویسرا بێهودەو بەهەدەرچو! بەڵێ کوردستان تونس‌و میسرو لیبیا نیە تا بوترێت (گەل داوای روخاندنی سیستم دەکات)، چونکە هەر لەبنەڕەتداو بەمانا دروستییەکەی لە کوردستاندا سیستم نییە! کوا لە کوردستاندا وەك ئەو وڵاتانە دەسەڵاتێکی ستەمکاریی ملهوڕ هەیە؟ کوا حوکمی بنەماڵەیی؟

کوا گەندەڵیی؟ کوا ناعەدالەتیی؟ کوا قۆرغکردنی هێزە چەکدارەکانو دەزگا ئەمنییەتییەکان؟ کوا بەهەدەردانی سامانی نیشتمانیی؟ کوا ئیرهابی سیاسییو یاسایی؟ کوا لەشکری مورتەزیق ؟..کوا؟.. کوا؟ ئەوە نیە سەرۆکی هەرێم داوای ئەوەدەکات گەندەڵیی پێشان بدەن تا چارەسەری بکات! ئەوەنیە لەماوەی ئەو بیست ساڵەی ئەزمونی کوردستاندا چەندین جار دەسەڵات دەستاودەستکراوە! ئەوەنیە سەرۆك بارەگایەکی مەزنی لەچەقی پایتەختدا ئاواکردوەو لەوێوە شەورۆژ بە کوچەو کۆڵانەکانی ئەم وڵاتەدا دەسوڕێتەوەو لە گرفتەکانیان دەکۆڵێتەوەو گوێبیستانە نارەزایەتییەکانی خەڵك چارەسەر دەکاتو هەرکەس بخوازێت بێ سێودو چاوی پێی دەکەوێت ! ئەوەنیە پارلەمانێکی ئەکتیڤ هەیە کە بۆتە دارێژەری یاسا هاوچەرخەکانو رەقیبێکی سەرسەختی کەموکورتیو بێدەربەستیی بەرپرسانی وڵات! ئەوەنیە دەسەڵات بە سنگێکی فراوانەوە ئۆپۆزسیۆنی سیاسییان قبوڵەو تەواوی یاسا بایەخدارەکانی تایبەت بە ژیانی هاوڵاتییان بە راوێژکاریی ئەوان ئەرێ دەکەنو مافەکانی (کەمینەی سیاسیی) بەتەواویی پارێزراوە!ئەوەنیە بەرپرسە حیزبییەکانو منداڵەکانیان هەر وەك خەڵکە ئاساییەکە ژیانیان دەگوزەرێننو کەس لە کەس زیاتر نییە! ئەوەنیە هێزە چەکدارەکان موڵکی نەتەوەنو قەڵای پارێزەری کەرامەتی خاکی کوردستانو ئینسانی کوردنو لە ترسی ئەوان بێگانە ناوێرێت پەنجە بۆ بستە خاکێکی کوردستانو منداڵێکی کورد درێژبکات! ئەوەنیە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد دوای روخاندنی بەعس ئازایانە شەڕیان بۆ گێڕانەوەی ناوچە تەعریبکراوەکان کردوەو کەرکوکی ئازیز گەڕاوەتەوە باوەشی کوردستان! ئەوەنیە سەروەریی یاساو سەربەخۆیی دادگاکان! ئەوەنیە چارەسەری برینی قوڵی ئەنفالەکان! ئەوەنیە سزاو موجازاتی ژنکوژان! ئەوەنیە دوافلسی بودجەی ئەم وڵاتە بۆ خۆشگوزەرانی رۆڵەکانی سەرف دەکرێت! ئەوەنیە بازاڕێکی هەرزانو ژینگەیەکی پاكو سیستمێکی پەروەردەیی تۆکمە! ئەوەنیە نەك هەر سۆرانو بادینان، بگرە بەشەکانی تێکڕای کوردستان لە برایەتییو دۆستایەتییەکی بێوێنەدا دەژینو ئاشتییەکی



ئەرێیی قوڵ لە کۆمەڵگای کوردییدا بەرقەرارە !.. ئەوە نیە !.. ئەوە نیە!.ئای برادەرینە چ خەمساردییەکی قوڵو چ بێباکییو شەرمەزارییەکی گەورەیە!!

بەرێزان، هاواری چەندین ساڵەی دڵسۆزانی ئەم نەتەوەو نیشتیمانە بۆ هێنانەکایەی سیستمێکی هاوچەرخی دیموکراتیی راستیینە لەلای دەسەڵاتدارانی کورد بێنرخ وەرگیراو بە چاولێکەری وڵاتانی دەوروبەر، بناغەیەکی خوارو فشەڵیان بۆ سەپاندنی تەرزە دەسەڵاتێکی بنەماڵەیی حیزبۆکراتی تاکڕەوی هەژمونگەرا داڕشت کە بۆتە سەرچاوەی ستەمکارییەکی بیدائیی ماسکدارو ناعەدالەتییەکی قووڵی سیاسییو ئابورییو کۆمەڵایەتیی، ئەوەی کۆمەڵگای کوردیی لە باشوری کوردستان روبەڕوی چەندین قەیرانو کێشەی قوڵ کردۆتەوەو دەسەڵاتداران بە راکردن لەو کێشانەو دانپێدانەنانو کارنەکردنی جدیی بۆ چارەسەرکردنیان لە رێگەی چاکسازییەکی ریشەییەوە وایاندەزانی هەروا دەتوانن درێژە بە بێدەنگهێشتنەوەی کۆمەڵگا بدەنو بە چەندین پاساوی وەك (ساوایی ئەزمونەکە)و (دەستی دەرەکیی)و (سەروەرییەکانی شاخ) بەرژەوەندیی تەسکی بژاردەیەکی بێباك درێژەپێبدەنو رێگریی لە گەشانەوەی پشکۆی نارەزایەتیی بگرنو باهۆزی گۆڕانگارییەکەی ئەم دواییە لەسەر کوردستان بێکاریگەر بکەن. بەڵام داخۆ پشکۆ بە کا دادەپۆشرێت!

کۆمەڵکوژییەکەی ١٧ی رەشی شوباتی بەردەمی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی کە دەیەها لاوانی کوژراو برینداری ئەو شارەی لێکەوتەوە، جگە لەوەی کارەساتێكو پەڵەیەکی رەشە لەمێژوی دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستاندا، تاوانێکە رۆحی شێخی بەردەقارەمانو پێشەوا قازیی محەمەدو سەرجەم شەهێدانی کوردستانی راچڵەکاندو بەداخێکی زۆرەوە تاوانەکانی پێشوی بەعسی لەم شارەدا وەبیرهێنایەوە، ئەو روداوەی هەروەها سەرەتایەکیشە بۆ دەستپێکردنی جوڵانەوەیەکی سەرشەقامیی بەرفراوان کە نەوەیەکی نوێ بەڕێوەی دەبەن، ئەو نەوەیەی خولیای سیاسییو کۆمەڵایەتیی رەسەنو تایبەتیان بە خۆیانو کۆمەڵگا هەیە، جگە لە داوای

هەنوکەییەکان، خوازیاری ئاواکردنی سیستمێکی هاوچەرخن کە بناغەکەی لەجیاتی ستەمکاریی بیدائییو گەندەڵکارییو چەواشەکاریی، بریتیبێت لە دیموکراتییو مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتیی. نەوەیەکە، دژی عەقڵیەتێکە کە شیوەن دەکات بۆ شکاندنی گوڵدانەکانو رەوایی دەدات بە کوشتنی ئینسانەکان. دژی عەقڵیەتێکە بارەگای حیزبیی وەك تەکیەو تاکی حیزبیش وەك دەروێش دەبینێت، دژ بە سەرۆکپەرستییو مافیای بنەماڵەییو دوژمن بە فاشیزمی حیزبیی، نەوەیەکە دەیەوێت پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلو جەنگاوەرانی ئازادیی بێت نەك پاسەوانی شوانی مێگەلو ئامرازی دەستی ستەمکاریی بێت، نەوەیەکە خوازیارە نارەزایەتییەکان گوێیان لێبگیرێتو وەلامی ئەرێییان بدرێتەوە نەك وەك باوە، رێژنەی گوللەیان روبەرو بکرێتەوە. نەوەیەکە دەیەوێت هاوڵاتیی کورد ئازاو ئازادبێت نەك کۆیلەو ترسنۆك، نەوەیەکە دەیەوێت کۆتایی بە ئیرتیزاقی سیاسیی و دورِوییو دارِزانی ئینسانییو بێکەرامەتیی و جەهالەتی موبەرمەجو بێئیرادەییو ملدان بە ویستی بژاردەیەکی خۆلێسەرەوەو ئیفسادی سیستماتیك بێنێت. نەوەیەکە دەیەوێت لە کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆو کۆمەڵگایەکی یەکساندا بژی نەك لە کوردستانێکی دابەش کە پێکبێت لەکوردستانێکی پرِنازونیعمەتی بەرپرسان لەبەرامبەر کوردستانێکی پرِ ئازارو برسێتی رەشو روتو هەژاران. نەوەیەکی ژیاندۆستی مەرگبەزێنە نەك ژیانکوژی مەرگهێنە، نەوەیەکی پاكو خاوەن ئاوات نەك پاشەڵپیسو خولقێنەری خەرابات. نەوەی ئینتەرنێتو فەیسبوكوتویتەرو روسورە نەك پەلکێشکەری لەشکری داگیکەرانو کۆڵوانەسورە.

ئێمە وەك مێژونوسێکی کوردو مامۆستایەکی زانکۆ کە بەر لە دو ساڵو لە وتارێکماندا لەژێر ناوی)با بەدەستی خۆمان دیکتاتۆر بۆ خۆمان دانەتاشین(وتومانە:" ئەو راستییە بزانن کەوا لە ئێران و تورکیا خەبات بۆ دیمۆکراتیزەکردنی راستەقینە...لە گەرمەیدایە و سەردەمی کارێزمای نەتەوەیی و سەرکردەی پیرۆزی ئایینیی بەسەرچوە... ئەمرِۆ پاش هەژدە ساڵ لە راپەرِینە سورەکەی ساڵی



١٩٩١ کە دەستی رژێمی بەعسی لە کوردستان قرتاند ، رابونێکی جەماوەریی دەستی پێکردوە و بەرە ئەوە هەنگاو دەنێت کە ببێتە (راپەرِینێکی سپیی) مەدەنیانە و شارستانییانە دژ بە گەندەڵیی و کەلتوری بەعسیانەی فەرمانرِەوایەتیی و لە پێناو هێنانەکایەی پەرلەمانێکی ئەکتیڤ و خاوەن ئیرادەی راستەقینە و بونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز و فەزایەکی سیاسیی و ئابورییەکی ئازاد و کۆمەڵگایەکی دادپەروەر یەکەمین هەنگاوی خۆی بهاوێژێت "

دیارە وا ئەمرِۆ لەپاش دو ساڵ ئەم وتەیەی ئێمە ئاشکراتر خۆی دەردەخاتو ئەگەر بەر لەدو ساڵ دەسەڵات خەمخۆرانە کاری بۆ چاکسازیی ریشەیی بکردایەو ئاورِی جدیی لە کێشە کەڵەکەبوەکانی چەندین ساڵەی کوردستان بدابایەوە، هەڵبەت نەدەگەیشتنە ئەم قەیرانە قوڵەی ئەمرِۆ وڵاتەکەمانی تێکەوتوە کە نەك هەر حیزبە دەسەڵاتدارەکان، بگرە ئەزمونە کوردییەکەش دەخاتە بەردەم ئەگەری مەترسییدارەوە. ئێستاش پێموایە بەتەواوەتیی هەمو دەرفەتەکان لەدەستنەچوەو پاراستنی ئەم ئەزمونە بە خۆگیڤکردنەوەو هەرِەشەو فیشەکنان بە لاوانی تورِەی سەر شەقامەکانەو دارکارییکردنیانو ئیرهابو تۆمەتو ناتۆرەبەخشینەوە نابێت، چونکە ئەمە تاوانو نابەرپرسیارێتییەکی مەزنو کاری دەسەڵاتە فاشیستەکانەو کاردانەوەیەکی خەتەرناکەو زەمینە بۆ تەقینەوەی گەورە دەخولقێنێت، بەڵکو بە گوێگرتنی جدییو کارکردنی بەپەلە بۆ چارەسەرکردنی نارِەزایەتییەکان و وازهێنان لە لوتبەرزییو پیلانبازییو سەردانەواندن بۆ خواستەکانی گەل دەبێت. ئەکتیڤکردنەوەی پارلەمانو داوای هاوکاریی لە ئۆپۆزسیۆن رەنگە ئەم دۆخە ئاڵۆزەی کوردستان بە ئاقارێکی مەعقولدا بەرێت.

ئێمە لەکاتێکدا هەمو توندوتیژییەك، لەهەر لایەکەوە بێت، بەتایبەت وەڵامدانەوەی نارِەزایەتییەکانی لاوانو خۆپێشاندانەکانی جەماوەر بەگوللەو هەڵکوتانە سەربارەگاکانو سوتاندنیانو پەلاماری میدیای ئازاد، ریسواو شەرمەزار دەکەین، پشتگیریی لە خواستی بەهەقی لاوانو تەواوی مافە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانی چینو توێژەکانی

دیکەی کۆمەڵگای کوردیی دەکەین‌و داوا لەحیزبە دەسەڵاتدارەکان‌و تێکڕای هێزە سیاسییە خاوەن نفوزەکانی باشوری کوردستان دەکەین دور لە بەرژەوەندییە تەسکەکانیان، لە حەقیقەتی ناڕەزایەتییەکانی شەقام تێبگەن‌و پەنا بۆ ژیریی‌و لۆژیك‌و دانایی سیاسیی بەرن‌و کار بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیی‌و ئاسانکردنی ئاواکردنی سیستمێکی هاوچەرخ بکەن‌و ئەو بارە خوارەی دەسەڵات‌و حکومەت لە کوردستاندا عاقڵانە راست بکەنەوە، ئەگەر نا ئەوە هەمو لایەك لە ئاکامی رەوتی روداوەکان بەرپرسیارن، لەسەروی هەموانەوە دەسەڵاتداران کە خاوەن بڕیاری یەکەمن لە وڵاتدا.

- بژی ئازادیی‌و بەرقەراربێت خواستە رەواکانی جەماوەری کوردستان.
- ریسوا بێت ئیرهاب‌و توندو تیژیی‌و رشتنی خوێنی ئینسانەکان.
- ئاوابێت سیستمێکی هاوچەرخی دیموکراتیی و دادپەروەرو ئاشتییخوازو مرۆڤدۆست لە سەراسەری کوردستان.



## ئاڵای کوردستان یان تێڵای کاربەدەستان

ساڵی ١٩٩٢، وەك خوێندکارانی پاسۆك کە ئاڵای کوردستانمان لەسەر باڵەخانەی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین هەڵدا، بەبڕیاری کاربەدەستانی کۆلێج، لایەنگری لایەنێکی سیاسیی شەیدای ئۆتۆنۆمی، کە داوای دیمۆکراتیان بۆ عێراق دەکرد، لابرا، ئێمەی شەیدایانی بیرو رێبازی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان ئاڵای کوردستانمان بە پیرۆزترین سیمبولی نەتەوەیی دەزانی کە دەستلێدانی و داگرتنی کفریکی موتڵەق بوو ، نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەو پەیکەرەی ئاڵای کوردستانیشیان لابرد، کە پاسۆك لە بەرامبەر مەلعەب دایناب‌وو. بەڵام بە تێپەڕینی کات لە کوردستان هەموو شتێك کەوتە نێو کڕین و فرۆش و مامەڵەی ململانێی سیاسی و لە و بازاڕە رەشەشدا هەموو سیمبولێکی نەتەوەیی لەماناکەی بەتاڵ کرایەوە، بەشێوەیەك ئاڵای کوردستانیش لەسایەی دەسەڵاتێکی گەندەڵکاریی ستەمکاریی دژە دیموکراتی و سەرکوتکەری دواکەوتووی مافیا رەفتار بۆتە تێڵایەك بۆ بێدەنگکردن و برسیکردنی کۆمەڵگا و لەسایەیدا سامانی نیشتیمانیی دەدزرێت و سوپای بێگانە پەلکێشدەکرێت و دانیشتوانەکەی برسی دەکرێت و چارەنووسی لاوانی رەش دەکرێت و نەوەی داهاتووی بێئومێد دەکرێت و هەموو بێحورمەتییەك بە کەرامەتی ئینسان دەکرێت و مافەکانی مرۆڤ پێشێلدەکرێت و پەروەردەی نەوەی داهاتوی دەشیوێنرێت و ئاشتی کۆمەڵایەتییەکەی تێکدەدرێت و پیلان دژی پارچەکانی تری کوردستان دەچنرێت و بازرگانی نەوت و چەك لەگەڵ داعش دەکرێت و خاکی باشووری کوردستان دوو لەتدەکرێت و بناغەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی حیزبیی دادەڕێژرێت، لەسەر حیسابی نەهامەتیی و مەینەتییەکانی خەڵك، چینێکی مشەخۆری خوێنمژ هەتا دێت سامانی زیاتر پێکەوە دەنێ و وا خەریکە بەرهەمی خەبات و خوێنی سەدەیەکی ئەم میلەتە رەشورووتە بە با دەدرێ !!
ئەوە تەنیا لەسایەی دەسەڵاتە دیموکراتەکاندایە کە رێزی یاسا و مافی مرۆڤیان لایە و دادپەروەریان چەسپاندووە خاك و ئاڵا و نیشتمان نرخی راستینەی خۆی هەیە! لەژێر چەتری دەسەڵاتیکی خۆسەپێنی قۆرخکاری خێڵەکیی نیشتمان و سامانەکەی پایماڵ دەکرێ ، میلەتەکەی رسوا دەکرێ، پارلەمانەکەی بێناوەرۆك و ئیفلیج دەکرێ، مێژووەکەی دەشێوێنرێ ، خەڵکەکەی دەگەوجێنرێ، چینی هۆشیارو تیگەیشتووی دەخەسێنرێ ،ستەم و چەوسانەوە دەسەپێنرێ و لە ئاڵاکەشی تەنیا تێڵاکەی دەمێنێتەوە بۆ بێدەنگکردن و چەوسانەوە و دیکتاتۆریی.

## کۆڕەو

کۆڕەو وەك نەهامەتییەکی نەتەوەیی و رووادوێکی دەستەجەمعی سۆزی رۆژئاوای راگەیاند بۆ چەسپاندنی ناوچەی ئارام و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، روخانی سەدام و وەرچەرخانی دیموکراسی لەعێراق دەرگای بەرووی کرانەوەو زێدەبونی داهات و پەرەپیدان و دەرکەوتنی خولیاو ئاواتی نوی لەکوردستاندا هینایەئارا، جەنگی نیوخۆو ئیدارەی شکستخواردووەو بنەماڵە تالانچییەکان و قۆرخکاری ستەمکارانە هەمیشە شێوینەری دۆخی وڵات و لەمپەری بەردەم پەرەسەندی سیاسیی و ئابوریی و پشتگیریی دۆستەکانی کورد بوون لەدەرەوە، هەربۆیە ئەوەی هەوینی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستانە قوربانییەکانی میلەت و خولیاکانی دامەزراوەیی و دیموکراسییخوازیی و پێشکەوتنە، ئەوەشی وەیشومەی دارِزینی نەتەوەیی و دواکەوتن و خۆفرۆشیی و هۆکاری ناتەبایی و لێکترازێنەری ئاشتی کۆمەڵایەتیی و پاشەکشەی دیموکراتی و پشتگیریی دۆستانی دەرەوەو سەرچاوەی تەواوی نەهامەتیی و داماوییەکانی خەڵکی کوردستان ئێوەی تالانچیی و قۆرخکارن ئەی دەسەڵاتفرێنەرانی وڵات.



## کوردو جوو

بەبەراوردکارییەکی کەمی نێوان کوردو جوو، جیاوازییەکی مەزنت لەئامانج و ئاکاری نەتەوەیی و سیاسییدا بۆ دەردەکەوێت. لەکاتیکدا جووەکانی رۆژئاوا چەندین رێکخراوی جیاوازیان وەك (خۆسەویستانی سەهیۆن) و (سۆزی گەڕانەوە بۆ زەوی بەڵێنپێدراو)..هتد لە ئەوروپا دامەزراندو سندۆقێکی نەتەوەییان بۆ پشتگیریی بەدیهێنانی خەونی دەوڵەت و نەتەوەسازیی و هاندانی مادیی و مەعنەویی و فیکریی کۆچکردن و گەڕانەوە جووەکانی دەرەوە بۆ فەلەستین و کڕینەوەی خانو و زەوی عەرەبەکان لەوی دامەزراندو هاوکاریی خێزانە هەژارەکانی جوو و پرۆژە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان دەکرد، کەچی کوردانی ئەوروپا، بەتایبەت ئەوانەی باشوور، (لەگەڵ رێزم بۆ خەڵکە باشەکانیان) بەشی زۆریان یان خزمانی بەرپرسە تالانچییەکانن کە خاوەن بەرژەوەندیی زۆرو زەبەنەن و ژیانێکی سوڵتانییانە لە ئەوروپا دەژین، یان خەڵکانێکی هەڵاتوون لە دۆزەخی کوردستان و لەوێ پاش گیرسانەوەو خۆگرتنەوە کەوتونەتەوە هەڵپە بۆ بەدیهێنان و کڕانەوەی دەستکەوتی حیزبی لێرەو لەێ لەڕێگەی بندیواریی و وەرگرتنی موچەو بەراتی حیزبیی کە قوتی خەڵکی بەئەنقەست برسییکراوی کوردستانە. ئەمانە نەخەمی گشتیی و نە باکیان بەو دۆخە شێواوەی وڵات و باری نالەباری کۆمەڵگا ستەملێدراو تێکشکاوەکەی کوردستانەو لەبری ئەوەی ببنە فشارو پاڵپشتی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئەزمونێکی شایستە بۆ خەڵکی باشووری کوردستان، خۆیان بونەتە بەڵایەکی گەورەو ئامرازی سەپاندنی ئاکاری ستەمکارانەی مافیاکانی هەرێم و وسڵخانەیەکی پۆخڵەواتی بەرپرسانی حیزبە تالانچییەکان.

## کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ

دەوڵەت وەك هەر چەمکێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی-ئابوریی مێژووی پەرەسەندن و گەشەکردنی خۆی هەیە، دەوڵەتە سوڵتانیی و بنەماڵەییە خێڵەکییەکان بۆ سەدەکانی ناوەراست دەگەرێنەوە، دەوڵەتی شاهەنشاهیی موتلەق بۆ سەدەی ١٧ و ١٨ و دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ سەدەی نۆزدە، لەرۆژهەڵات دەوڵەتی نوێ پرۆسەیەکی سەقەت و ناسروشتیی بوو، پاش رووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی، ئەو دەوڵەتانە بەگوێرەی سایکس- پیکۆ و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوپەیمانان دارێژران، نمونەی دەوڵەتی نوێ کە لەسەر بنەمای ناسیونالیستی لەناوچەکەی ئێمە هاتەکایەوە، ئێران و تورکیا بوو، لەئێران هەموو ئەو کۆلکە خوێندەوارانەی کوێرانە دوای ناسیونالیستی تەنگەتیلەی دێرینەگەرای پەهلەویی کەوتبوون و بوونە بەردی بناغەی دەوڵەتی ستەمکاریی و تاڵانچێتی، پاشتر خرانە ئەو زیندانانەی خۆیان هۆکاری دروستبونی بوون و لەوێ پاشەرۆی خۆیان دەرخوارد دەدان، نمونەکانی عەلی ئەکبەر داوەرو تەیمورتاش و حەسەن صەبا و عەلی دەشتی ئاشکران و هەرکەس دۆخی رۆشنبیران و ئازادبیرانی سەردەمی پەهلەوی بزانێت، لای ئاشکرایە کە ئەم توێژە تووشی چ مەرگەساتێ بوونەوە لەکاتێکدا خۆیان پاڵپشت و رەواجپێدەری ئەو ناسیونالیستە فاشیستمەئابەی پەهلەویی بوون و خەڵکیان بۆ فریودا دوای کەون! دەوڵەت لەبنەرەتدا ئامرازەو ئامانج نیە، سەردەمی هاوچەرخ شوێنی ترەدەوڵەتی زۆڵەکی خێڵەکیی ستەمکارو تاڵانچیی تیدا نابێتەوەو لەئەگەری تێپەرینی شتێکی واشدا، جگە لە نەهامەتییەکی قورسترو داماویی و زەلیلییەکی مەزنترو خاکەساریی، بەرهەمێکی شایستەو ئینساندۆستانەی نابێ کە میللەت لەسایەیدا بحەوێتەوە! مەترسیدارترین رووداوی مێژوو، بازدانی تاقمێك چەتەی هەرێمین بۆ دەوڵەتمەدارو دامەزراندنی سیستمێکی تاڵانکاریی و تاوانکارییە بەناوی نەتەوایەتییەوە!! لەوەش مەترسیدارتر، رەواجدانی سادەلەوحانە و دەهۆڵکوتینە بۆ فراوانکردنی مەودای دەسەڵاتدارێتیی تاقمێك کە ٢٧ساڵە جگە لە شکست و رسوایی و تاڵانچێتی و ئەخلاقکوژیی هیچ



بەهایەکی ئینسانیی و هاوچەرخیان بەرهەم نەهێناوە. لەکاتێکدا ئەم دەسەڵاتدارانەی لای خۆمان وەك نمونەی فەسادو ناشایستەیی و بێهونەریی لەهیچ کوێیەکی دنیا وێنەیان نیە.

سۆفیا ئێزابێلا وانچ لەساڵی ٢٠٠٢ دا واتە ١٥ ساڵ پێش ئێستا لەنامەی دکتۆراکەیدا سەبارەت بە شوناس و نەتەوایەتیی کوردیی، لەبارەی ئەگەرەکانی دژ بەدامەزراندنی سەربەخۆیی کوردستان دەڵێت:

"بۆ هەموو ئەو سیناریۆیانەی لەسەرەوە سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردان ئاماژەی بۆ کراوە رۆڵی جیۆپۆلیتیك دەبێت چەندە دیاربێت، کوردستان رووبەرووی لەمپەری زۆر ئاڵۆز سەبارەت بە بەدەوڵەتبوون دەبێتەوە: کۆمەڵە فاکتەرێکی ناوازەی نالەبار کە وا دەکات بیرۆکەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی تەنیا شتێکی ئەبستراکت بێت.

بەگوێرەی ریچارد فالك، وڵاتێکی بچووك تەنیا ئەو کاتە مانەوەی خۆی دەچەسپێنێت کە "ئاراستەکەی بەشێوەی درککردن بێت بە سوودمەندی هێزە جیۆپۆلیتیکە باڵادەستەکان". بۆ نموونە، وەك کەیسەکەی ئیسرائیلی غەیرە عەرەبی غیرە موسوڵمان. هەست بەوە دەکرێت کە تەنیا بەدارمانی سیستمی دەوڵەت لەهەرێمەکەدا پێدەچێت دەوڵەتی کوردیی بپشکوێت، هەروەك "کۆتایی جەنگەکان بۆنەگەلێکن بۆ دارشتنەوەی جیۆپۆلیتیکی". فالك دان بەوەدا دەنێت کە " دەرفەتگەلێکی بەرتەسك هەیە لە چوارچێوەی ئەو دۆخە جیۆپۆلیتیکەی هەرێمەکەدا".

بەڵام بەئاسانی تێبینی ناکرێن. جیۆپۆلیتیکی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەپاش جەنگی کوەیت دەرگای لەسەر دەرفەتەکان بۆ کوردانی عێراق کردەوە تاکو کۆمەڵگایەکی سیاسی ئۆتۆنۆم دامەزرێنن کە نە بەتەواوی لەئاستی دەوڵەتدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێکهاتەیەك بوو کە پێشتر وێنەی نەبوو.

تەنیا پشتگیریی‌و فشاری نێودەوڵەتی ناچارکەر لەوانەیە پاڵپشتی

دەوڵەتێکی نوێ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات، فشارێك کە بەهەموو ئەگەرەکانییەوە لەریشەی بەرژەوەندییە ئابووریو ستراتیژییەکانی سوپەرپاوەرە تەنیا باڵادەستەکەوە سەرچاوە بگرێت، ئەگەر دەوڵەتێکی کوردیی کیشوەری لەسایەی ئەم رەوشەدا بپشکوێت، ئەو کاتە تووشی ریسکی دانپێدانەنانی هاوسێکانو دابڕانی دیپلۆماسی لەئاستی هەرێمیدا دەبنەوە، ( دیسانەوە بەئاماژەدان بە ئیسرائیلی بێزراو)، لەگەڵ ئەوەش، واقیعە جیۆپۆلیتیکیەکان بەشێوەیەکن کە بۆچی دەبێت دەوڵەتانی هەرێمی دان بە کوردستانێکی عێراقی سەربەخۆدا بنێن: ئەو هاندەرو هەڕەشانە چین کە دەگونجێت بتوانرێت لەبەرامبەر ئەم دانپێدانەدا بدرێت.؟ ئەو کاتەش لێدانی مۆری پەسەندی لەلایەن هێزە هەرێمییە باڵادەستەکانەوە بەشێوەیەکی پێویست رەوشێکی لەبار بۆ دەوڵەتە نوێیەکە ناهێنێتەئارا. وێڕای ئەوەش، ئەزمونی کوردی سەبارەت بەخیانەتی جیۆپۆلیتیکی لەلایەن هێزە جیهانییەکانەوە بەچەشنێکە کە سەرکردایەتی کوردیی دوودڵە لەمتمانەکردن بە هەر هێزێکی دەرەکیی سەبارەت بە سەپاندنی چارەسەرێك بەسەر هاوسێ رەتکەرەوە بەرهەڵستکارەکانی. ئەگەر وەك مەسەلەیەکی زۆردارانە لەقەڵەم بدرێت، ئەوا نەزمەکە بەرهەڵستی دەکرێتو وەك هەنگاوێکی پوچو رەتکراوە رادەگەیەنرێت، هەرکاتێك یەکێك یان زیاتر لەو وڵاتە کاریگەرانە ئەوەندە هێزی تەواوی هەبێت کارێکی بەو چەشنە ئەنجامبدات.

لەوەش زیاتر، ئەگەر سەربەخۆیی، بەئازادیی رەها لە وابەستەیی ئابووریو سەربازیو سیاسی لەقەڵەمبدرێت، دەوڵەتێکی کوردیی زۆر بەگران بەهۆی واقیعی وابەستەییەوە دەتوانێت چالاكو بەردەوام بێت. بە پێدانی تەنیا سیفەتی سەربەخۆیی هەمیشەیی، پێدەچێت کوردستانێکی خاوەن سەروەریی خۆی لەپێگەیەکدا ببینێتەوە کە ناوێکی بێناوەرۆك بێت. بڕیارە سیاسییەکان لە واشینتگتۆن دی سی یەوە وەربگیرێن، سیاسەتی ئابووری لەلایەن بانگی جیهانیو (IMF) ەوە ئاراستە بکرێن، هەروەها کەلتووری کوردیش لەژێر کاریگەری بەهێزی بەغداو ئەنکەرەو تارانەوە پوچدەکرێنەوەو لاواز دەکرێن،



ئەوەی پەیوەندییەکی لاوازکەرانەی لێدەکەوێتەوە. لەنێو سیاسەتی هەرێمیدا، ئەزمونە کوردییەکەی عێراق پەیوەستە بە پرۆسەی دەوڵەتسازییەکەی فەلەستینییەکانیەوە، کە دامەزراندنی نوێنەرایەتییەکانی دەستیپێکرد. ئەو راستییە کە دەوڵەتە فەلەستینییە ساواکە لەنێو خاکی "دەوڵەتە گەورەکە"ی ئیسرائیلدا ماوەتەوە. پەرەسەندنەکانی فەلەستینی/ئیسرائیلی رەهەندێکی هەرێمی دەبەخشێتە رەوشە سیاسییەکە لەباکووری عێراق: بەتایبەتی، دۆخی هەرێمیی وابێتە ئارا کە دەوڵەتێکی فەلەستینی تێدا دابمەزرێت، ئەوکات هیوایەکیش بۆ دەوڵەتێکی کوردیی دەبێت. ئەگەر ئیسرائیل بەشێوەیەکی هەمیشەیی واز لەو خاکە بێنێت، ئایا ئێرانو عێراقو تورکیاش دەشێت هەمان شت ئەنجامبدەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تائاستێکی زۆر خۆی لە پەیوەندی هەریەك لەو دەوڵەتانەوە بە ئەمریکاوە دەبینێتەوە، بەڵام زۆر پێدەچێت تەنانەت فشاری زۆری نێودەوڵەتیش بتوانێت ئەم دەوڵەتانە ناچاربکات رێگە بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی بدەن. رەوشەکە هێشتا لەوەکەی فەلەستییەکان ئاڵۆزترە. جگەلەوەی کوردان کەمتر یەکگرتووترو رێکخراوترن، ئەوان دەبێت بۆ بەدەوڵەتبوون بەرخورد لەگەڵ چەندین وڵاتاندا بکەن. مافی بەدەوڵەتبوون خۆی لەخۆیدا بەتەنیا بەس نییە لە سەردەمو ناوچەیەکدا کە جیۆپۆلیتیك کاریگەری زۆری لەسەر بڕیاردان لەمەسەلەکان هەیە. دۆخی نیوخۆیی کورد ئەگەر لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژووی هاوچەرخدا جارێك لەباربووایە ئەوا دەرفەتی جۆراوجۆر بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەبوو، ئەوە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیی، ئەوە جەنگی کەنداو، ئەوە جەنگی روخاندنی سەدام و هتد،هەمیشە دەرفەتە دەرەکییەکان بێ بوونی ئامادەکارییە نیوخۆییەکان ناقۆزرێنەوە! فاشیلن ئەو سەرکردانەی ئەسیری بەرژەوەندییە تەسك و تویژەکییەکانی خۆیانن و نارەزایەتیی نێوخۆو ئاشتەوایی نەتەوەیی و باری نالەباری نیوخۆیی کۆمەڵگاکەیان نادیدە دەگرن و تەنیا ئومێدیکیان کۆیلە زنجیرکراوەکانی بەردەست و کۆنە دۆستانیکی دەرەکیی دۆلارپەرستە

## هەرێمی کوردستان و سەربەخۆیی

هەموو ئەو توێژەرە بیانییانەی سەبارەت بە ئەزمونی هەرێمی کوردستان نووسیویانە، جەختیان لەبایەخ و گرنگی پەرەسەندنی نێوخۆ وەك بەدیهێنەری دوائامانجی جوڵانەوەی نەتەوەیی و نیشتیمانیی کورد کردۆتەوە، کە سەربەخۆیی و دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییە، لەکاتێکدا ماوەی چەندین ساڵە و لەساتە زۆر هەستیارە وەرچەرخێنەرەکاندا، بەناو سەرکردایەتیی کورد هەڵگری وتارو ئاکارێکی دواکەوتوو و خەسێنەر و تیکێشاو بووە کە بۆ سەردەمی جەنگی ساردو ساڵانی حەفتاو هەشتاکان دەگەڕێتەوە، لەدوای ١٩٩١و دامەزراندنی پارلەمان و حکومەتەوە، ئەرکی ئەو بەناو سەرکردایەتییە دەبوو بۆ: بەدامەزراوەییکردن و لیبرالیزەکردن و ژێرخانیزەکردن و هیومانیزەکردن و سیڤڵیزەکردن و یەکخستن و هاوبەستگییبوون و پەرەسەندنی سیاسیی و ئابووری و ئاسایشی و کۆمەلایەتیی هەڵسوڕایە، کەچی بە شەڕی نێوخۆ و دابەشکردنی ئیدارەو حکومەت و میللەت و پەکخستنی پارلەمان هەر لایەوە کەوتنە: دابڕیزەو میلیتاریزەو تاڵانیزەو ئیرهابیزەو مۆنۆپۆلیزەو هینانەئارای حکومەت و دەسەڵاتێکی بنەماڵەیی ناچیزە، کە تائێستاشی لەگەڵدا بێ بەرەو خراپتر چووە ، ئەمەش ئینحرافێکی مەزن بوو لە ئامانج و هیوا، کە ئەوانەی تەنیا بەشێك بوون لەو رەوتە یان لەسایەیدا دەستکەوتی حەرامیان چنیوەتەوە چەپڵەیان بۆ کوتاوە، راستکردنەوەی ئەم دۆخە بە بوون و مانەوەی ئەم ئێلیتەی، کە سەرچاوەو هۆکارو ئامرازی ئەم ئینحیرافەو تاوانەکانین، هەرگیز نایەتە دی. سەرکردایەتییەکی تاڵانچیی ، حیزبگەلێکی داوەشاو، کۆمەڵگایەکی هەڵوەشێنراو، ئابورییەکی داڕزاو، حکومەتێکی بێمتمانەو حەیاتکاو، لەمپەرگەلی راستەقینەی بەردەم سەربەخۆیی کوردستانە.



## لەمپەرەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی دیفاکتۆیە کە خاوەن کیانێکی سیاسیی و جیۆگرافی ئۆتۆنۆمە و کاروباری نێوخۆیی خۆی بەڕێوەدەبا و زیاتر لەهەرێمێکی فیدرال لەعێراقدا بەکاروباری دەرەوەی خۆشی رادەگات و دانپێدانانی هەمووانی بەدەستهێناوە، پەرەسەندنی بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی دانپێدانراو کەوتۆەتە سەر پەرەسەندنی دۆخی نێوخۆ، بەهێزترین و تۆکمەترین پایەی سەرەکیی بەدەوڵەتبوون دەوڵەتسازییە، ئەویش بێ بەدامەزراوەییکردن و دیموکراتیزەبوون و جێگیریی ئابوری و کۆمەڵایەتیی، نە دێتە دی و نەدانپێدانانی نێودەوڵەتیش بەدەستدێنێ، خێزانی نێودەوڵەتی هەرگیز تامەزرۆی هاتنی ئەندامێکی نوێ ناکا کە هەر لەمنداڵدانی دایکیدا، گیرۆدەی دەیان دەردی کوشندەیە، بەدەوڵەتبوون لەدنیای هاوچەرخدا کاردانەوەیەکی هەڕەمەکی بی بەرنامەو خەونی سوڵتانێکی نەخۆش و تەنانەت تاقمێکی سەرکێش و خۆویست نیە، بەدیهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بۆ ئەزمونێکی لەڕێدەرچوو و لادەر، یان شکستخواردوو مەحاڵە، گەر تەنیا جەنگاوەری پاسپۆرتی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێ، دەبوایە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ٥٠٠٠ ساڵ بەردەوام بووایە، هەربۆیە ئەوانەی داوای بەدامەزراوەییکردن و ئیدارەیەکی شایستەو چەسپاندنی دیموکراسی و مەدەنییەت و ژیانێکی شیاو لەسایەی ئیدارەیەکی سەرکەوتوو و حکومەتیکی کاراو حکومرانێتییەکی لێهاتوو و دلسۆزو نیشتیمانی دەکەن، ئەوانە خەمخۆرو ئامرازو وزەی سەربەخۆیی نیشتیمانی و دەوڵەتی خاوەن سەروەریین، گەمژەو خائین و تاوانبار ئەوانەن لەپێناوی بەرژەوەندی حیزبیی و شەخسیی و بنەماڵەیی و وڵاتانی هەرێمی دامەزراوەکانیان پەك خستووە، ئابورییان لەق کردوە، سامانی وڵاتیان پایمال کردووە، لاوانیان بێئومید کردووە، هاوڵاتیانیان لەرێبازی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەهەری کردوە، دکتاتۆرییان کردۆتە بڕیارسازو بەڵاو مۆتەکەی رۆحی نەتەوەو لەڕیی زۆربلێیی و چەواشەکاریی و خیانەتکارییەوە، بۆمانەوەی ناشەرعی و قۆرخکارنە سمکۆڵان دەکەن.

## بازاڕگەرمیی چەمکی دەوڵەت

هەرچەندە دەوترێ کورد گەورەترین میللەتێکی بێ دەوڵەتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام هیچ کات چەمکی دەوڵەت لە لای کورد ناوازە نەبووە، هەر لەچاخی ناوەڕاستدا چەندین دەسەڵاتی کوردیی بەناوی دەوڵەتی مەروانی و شەدادیی و دۆستەکیی لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان هەبوون، بەڵام دەوڵەت وەك چەمکێکی باو و سەرەتایی لای خێڵە شوانکارەییەکان بەکاردەهات بۆ ئاماژەکردن بۆ مێگەل، ئەوەش لە تێروانێکی ئابووریی-کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی دەگرت چونکە بەدەسەڵاتترین خیل ئەوانەبوون کە مێگەل و ماڵاتێکی زۆرو دەستەی چەکداری ئازاو پاوانێکی فراوانیان هەبوو، بەوەش دەوڵەت واتای سامان و دەسەڵات و پاوان .ئێستا جارێکی دیکە چەمکی دەوڵەت بەگەرمیی هاتۆتەوەبەرباس، بەڵام لەدەرەوەی سەروەریی و یاسا و میللەت و خاکی نەتەوەیی و سەربەخۆیی تەواوی سیاسیی و ئابووری و هاوچەرخگەرایی، ئەوەی هەیە هەربەرجەستەی شوان و مێگەلەکەی پێشووە کە بۆ ئەمڕۆ دەبێتە سەغڵەت نەك دەوڵەت.



## حیزبی قائید

کاتێك دیکتاتۆرە رۆژئاواگەراکان لەدوای جەنگی دووهەمی جیهانییەوە بە پاڵپشتیی ئەمریکا لەوڵاتانی دواکەوتوو هاتەنەسەرکار، تێزەکانی (سامۆئێل هانتینگتۆن) یان قۆزتەوە سەبارەت بە گەشەکردن و پەرەپێدانی سیاسیی و ئابووریی، ئەوەی لەکتێبەکەیدا لەساڵی ١٩٦٨ بەناوی ( political order in changing societies (بڵاویکردبۆوە، کە پیی وابوو بۆ ئەو مەبەستە حیزبە تاقانە ئۆتۆریتەخوازو هەژمونگەراکان دەتوانن هاوسەنگیی و جێگیریی لەو وڵاتانەدا بێننەدی و رێگا لە رەگەزە ئاژاوەچییەکان بگرن و لەمپەرەکان لەسەرەڕێی تەیارکردنی جەماوەرو سیاسەتەکانی دەوڵەتدا هەڵگرن! ئەو دکتاتۆرانە هەر بەوەوە نەوەستان و دەوڵەت و حیزبیان کردە ئامرازیك بۆ فشارخستنە سەر خەڵك و ئازادییان سڕییەوەو فەسادێکی موتڵەقیان بە قازانجی شەخسی یەکەمی حوکمڕان و توێژی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران و پیاوەکانیان برەوپێدا! دواجار لەبری جێگیریی، سەنگەلابوون و لەبری هێمنیی، ئالۆزیی و لەجیاتی ئاسایش، کۆمەڵگا رووی لە تەقینەوە کرد.



سامۆئێل هانگتینتۆن



## ئیتیکی نابەپرسیارێتیی سیاسیی نیوسەدەی جوڵانەوەی کوردایەتیی لەباشووری کوردستان

پێشینان وتویانە: کورد بدوێنە شەرحی خۆی دەکا!! نێچیرەوان بارزانی لەدووەمین رۆژی دیداری مێری وتی: ئەو حالەتی خراپی دۆخی ئابوری و بێموچەیی و ئەو مەسەلەی پاشەکەوتەی دانراوە لەهەر شوێنیکی تر بووایە خراپ دەقەوما!! واتە ئەوەی هەیە بێدەنگی میلەت تارادەی فشاری راستیینە لەهەمبەر بەدکاری دەسەڵاتیکی ملهوڕی بێبەرنامە! دیارە لەبەرامبەر ئەم دۆخەش لەتەواوی جومگەو بەشە جیاوازەکانی ئەم دەسەلاتدارێتییە حزبیی و حکومییە بەرپرسێکی گەورە، نەخێر تەنانەت بچوکیش، نەبوو وەك هەستکردن بەبەرپسیارێتیی واز لەپۆستەکەی بێنی و دەست لەکاربکێشێتەوە و رایبگەیەنیت کە ئامادەنین بەشێك بن لەوتاوانکارییەی دەرحەق بە خەلك و میلەت دەکرێت!!

بێگومان لەدنیای هاوچەرخدا زۆر نمونەی زەق هەن کە ئیتیکی بەرپرسیارێتیی دەچەسپێنن و سیاسییەکان و بەرپرسانی باڵاو بچووکی دەوڵەت لەسەریان شان بخنە ژێر بەرپرسێاریتیی هەر کردەیەکی سیاسیی و ئیداریی و ئەنجامی کارەکانیان وەئەستۆ بگرن، هەر لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ زۆر بەرپرسی سیاسیی و سەربازیی و ئیداریی بەهۆی بەدئەنجامدانی ئەرکەکانیان دەستیان لەکار کێشاوەتەوە یان تەنانەت خۆیان کوشتووەو لەزۆر شوینیش وەك کوریا و یابان ئەوەی دواییان هەر کەلتوور بووە! لەئەوروپای هاوچەرخیش لەگەڵ گەشەکردنی هزرو فەلسەفەی سیاسیی، بیرمەندان قسەیان لەو بەرپرسیاریتییە کردووەو لەبارەیەوە وتارو کتێبی بەنرخیان نووسیوە بەشێوەیەك هەوڵی دامالینی هەموو جۆرە شکۆو پیرۆزییەکی دەسەلاتدارە ئۆتۆکرات و پاشایەتییە رەهاکانیانداو ئێتیکی بەرپرسیارێتی و دەسەلاتی گەل کرایە رۆحی سیستمی دیموکراتی دنیای هاوچەرخ..(شایەنی باسە پێشتر تەنانەت لە بریتانیای مەزنیشدا

ئەگەر پاشا مرۆڤیکی بکوشتایە لەسەرۆکوەزیرانیان دەپرسییەوە) !!! مێژووی ئیتیك و کەلتوری سیاسیی وئیداریی لە کۆمەڵی کوردەوارییدا هیندە هەژارو دەستوپێ سپییە جگە لەو کاریگەرییەی ئیتیك و کەلتوری دەوربەر کە زۆرجاریش بەسەریدا سەپێنراوە، بۆخۆی بەرهەمهێنەرو گەشەپیدەرو داهینەری ئیتیکی پێشکەوتوو بەخۆی نەبووە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو کەلتورە سەرەتاییەی کە خێڵە کۆچەرییەکان بۆهۆی هاوخوێنیی و هاوبەستەگیی خێڵایەتییەوە دەسەڵاتدار بە کۆمەلەوە دەبەستێتەوە، بەڵام لەگشتییدا مەسەلەکە کەلتوری زاڵی میلەت و نەتەوەکانی دەورەبەر کە کوردیشیان لەخۆیانەوە گلاندووەو لەزۆربەی کاتیشدا کوردیان کردۆتە سەری رمی لەشکرکێشی و پیلانە ئیمپرتۆرییەکانیان هەر لەدەورانی هاخامنشییەوە تا سەردەمی سەلاحەدین و شەرەفخانی بەدلیسی و سەردەمی میرنشیینەکان و بگرە هەتا سەردەمی نوێ و هەراکەی ئەیلول و مەلامستەفا و نەوەکانی و تەنانەت نەیارەکانیشیان، جگە لەهەندێ حاڵەتی ناوازە کە لەلای شێخ عوبەیدوڵلاو پێشەوا قازی محەمەد هەبوون کە تاڕادەیەك ئیتیکی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی تیکەڵ بە بەرپرسیاریتی سیاسیی و ئیداریی ببو،دەنا تەواوی کردە سیاسیی و دەرئەنجامی شکستی جوڵانەوەکان و تەنانەت تاوانەکانی کوشتن و فڕاندن و کۆمەڵکوژییەکانیش ، بەتایبەت دەوارنی رەشی براکوژی (١٩٦٤-١٩٩٨) بێ ئیتیکی بەرپرسیارێتیی بووە ، چ سیاسیی و چ تاوانکاریی (جنائی) و چ ئەخلاقیش، بەرادەیەك کەلەبری ئیتیکی بەرپرسیارێتیی،جۆرێك ئیتیك هاتۆتەبەرهەم کە دەتوانین ناوی (ئیتیکی بێعاریی یان شانازییکردن بەتاوان و شکستخوازیی) لێ بنێین !!!
ئەمەش هۆکارەکانی هەم مێژوویین و هەم ئەوڕۆیین، بەلام کرۆکی ئەم ئیتیکە بەرای ئێمە سێ شتن:
یەکەم : تەقدیسکردنی دەسەڵاتدار کە ئەویش بۆ پایەکانی کەلتوری دەسەڵاتدارێتی لە ( شاهەنشاهییەتی رەهاو ستەمکار ، کەلتوری ئاینی (واطیعوا الله ورسوله واولی الامر منکم) ، ئاغایەتیی و مسکێنی یان دەرەبەگ و رەنجبەر ، شێخایەتیی (شێخ و موریدی ملکەچ) ،



نەتەوەپەرستی درۆزنانەی تەنگەتیلەو ستالینگەرایی رێبەرایەتیی و شۆڕشگێڕیی پارتی پێشڕەو دەگەڕێتەوە.
دووەم: نەخوێندەواریی و نامەدەنیبوون و نەبوونی هۆشاریی سیاسیی هاوچەرخ و لاوازیی بنەماکانی ئازادیی و فیکری لیبراڵی سیاسیی و گەشەنەکردنی بازاڕو دواکەوتوویی ئابووریی و شکستی دیموکراتییخوازیی و بەدەزگاییبون.
سێیەم : دۆخی داگیرکاریی کوردستان و بوونی دەوڵەتانی ستەمکارو خاوەن سیستمی دواکەوتووی وەك نەتەوەیی قەومی تورك و قەومەچی عەرەبی و پانئێرانستی پەهلەویی و وا دەمارگیریی تائیفیی شیعەو سونەشی هاتۆتەسەر، ئەوانەی دەستیان بەباڵی ئەو تەرزە کەسایەتییانەوە بۆ سەرکردایەتی کورد هەبووە کە بەرامبەر خۆیان ملکەچ و بەرامبەر میلەت دڕو چاوسووربوون..
هەربۆیە راچڵەکین لەم کەلتورە بۆگەنە دواکەوتووەی بێگانەو خۆمان و گواستنەوە لە ئیتیکی بێعارییەوە بۆ ئیتیکی بەرپرسیارێتیی، پێویستی بە هەولو تیکۆشانێکی مەزنە.

## ئۆردۆغان و باخچەلی

رەنگە بۆ هەندێك جێگای پرسیار بێ، كە چۆنە دەوڵەت باخچەلی و پارتە رەگەزپەرستە توركچێكەی هێندە بەخێرایی بەدەم ئۆردۆغانەوە چوون لەمەسەلەی رەتكردنەوەی كودەتاكەو ئەرێكردنی بڕیاری راگەیاندنی باری نائاسایی لەتوركیا و چاوپۆشین لەبەرامبەر ئەو هەموو پەلامارو گرتن و دەركردنەی كە دەزگاكانی دادوەریی و زانكۆكان و فەرمانبەرانی حكومەتی گرتۆتەوە؟!! ئەوە جگە لە ئەتكردنی پایەیەكی بەهێزی سێكیولاریزمی توركیی كە سوپا و دەزگای سەربازیی دەوڵەتی توركیایە!! بەهەر حاڵ ئەوانەی بەوردیی ئاگاداری مەسەلەی پەرەگرتنی تەوژمی ئیسلامی سیاسیی توركیین، باش دەزانن كە یەكێك لە خەسڵەتە بنەڕەتییەكانی ئەو تەوژمە، بەتایبەت هەر لە حیزبی ئومەتی فەوزی چەقماقەوە تا پارتی سەلامەت و رەفاهەكەی نەجمەدین ئەربەكان و دواتریش پارتی دایكی نیشتیمانەكەی تورگوت ئوزال و هەتا عەدالەت و تەنمییەكەی ئۆردوغان، پایەندبوونە بە هێڵی نەتەوەیی و نیشتیمانیی واتە (توركچێتی و توركیا) ، لەو بوارەش زۆر جیاواز لە رەوتە ئیسلامییەكانی عەرەبیی و ئەفغانیی و ئەوانی تری جیهانی ئیسلامیی، كە بان نەتەوەیی و بان نیشتیمانین و لەگەڵ ناسیونالیستەكاندا دوژمنایەتیەكی قووڵ ولە سازاننەهاتوویان هەیە، هەربۆیە ناسیونالیستە فاشیستەكانی تورك ، نەك كەسێكی وەك ئۆردۆغان و پارتەكەی بە مەترسیی لەسەر خواست و ئامانجەكانیان نابینن، بەڵكو وەك بەدیهێنەری خەونی مەزنایەتیی تورك و هەستانەوەی توركیا لەمێژوودا سەیر دەكەن و ئامادەن لەو رووەشەوە هەموو ئاسانكارییەكی پێشكەش بكەن. ئاوڕدانەوەیەكی مێژوویی و پەیوەندی دۆستانە و هاوپەیمانیتی پارتی سەلامەی نەتەوەیی ئۆردۆغان و جوڵانەوەی نەتەوەیی ئەلب ئەرسەلان توركیش لە حەفتاكان و دواتر هاوپەیمانی حیزبی رەفا و تانسۆ چیلەر لە نەوەتەكان و ئێستاش كلكگرێدانی ئۆردۆغان و باخچەلیی هەمان رێبازەو هەمان نیاز.!



## بەدبونیادیی دەوڵەتی پەهلەویی و بێمافیی گەلانی نافارس

نامەوێ بچمە نێو وردەكاریی باسكردنی گرنگیی شۆرشی ئێران و كاریگەریی روخاندنی شاهەنشاهی پەهلەوی لەساڵی ١٩٧٩ زایینیی، وێڕای ئەوەشی ناخوازم بەقووڵیی لە هۆكارە سیاسیی و ئابوری و فەرهەنگیی و كۆمەڵایەتییەكان، خودیی و بابەتییەكان، نێوخۆیی و دەرەكییەكان، بدوێم كە زەمینەخۆشكەرو خولقێنەری ئەو رووداوە پڕبایەخە بوون. هەربۆیە هەوڵ دەدەم لەم كورتە نووسینەدا تەنیا سەرنج لەسەر مەسەلەیەكی بونیادیی، وەك هۆكارێكی شۆڕش و روخاندنی رژێمی پەهلەوی چڕبكەمە، كە بریتیە لە بەدبونیادیی دەوڵەت و بێمافیی گەلانی غەیرە فارس، لەدەورانی فەرمانڕەوایەتیی پەهلەوی لە ئێران، كوردیش بكەمە نمونەیەكی بەرجەستە.

ئاشكرایە كە دەوڵەتی هاوچەرخی ئێران زادەی ئەو گۆڕانكارییانەیە كە پاش شۆرشی مەشروتەخوازیی و یەكەمین جەنگی جیهانیی و كودەتای ٢١ی شوباتی ١٩٢١ بەرێبەریی رەزاخان لەئێران هاتەئارا، بە ئاوابوونی خۆری بنەماڵەی قاجارو چوونە سەرتەختی رەزاخان، یەكەمین هەنگاوی كرداریی بەرەو بونیادنانی شاهەنشاهیی پەهلەوی و دەوڵەتێكی نوێی ناوەندگەراو خاوەن دابودەزگای برۆكراتیك و فارسگەرا نرا، ئەو دەوڵەتەی كە بەرێبەری رەزاشا و هەنگاوە نوێیەكانی، لە بواری ئیداریی و سەربازیی و یاسایی و فەرهەنگییەوە و چەندین بواری ترەوە، كە بە رای زۆربەی مێژوونوسانی ئێرانیی بەسەرەتایەك دەژمێردرێ بەرەو بنیاتنانی دەوڵەتی میللی و هاوچەرخ لەئێران.

شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، كە زادەی كۆمەڵێك فاكتۆری هەمەچەشن و كارلێككردوی درێژخایەنی تایبەت و نێوخۆیی كۆمەڵگای ئێرانییە، هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانییەوە تاكو ئێستا بۆتە جێبایەخی چەندەها نووسەرو مێژوونووس و بەسەدەها بابەت و كتێب و سەرنجی جۆراوجۆری لەبارەوە نووسراوە. دەتوانم بڵێم كە تەنیا

یەکێکیش لەو نووسینانە ئاماژەیەکی راشکاو و راستەوخۆیان بە بەدبونیادیی دەوڵەتی میللی و بێمایفی گەلانی غەیرە فارس، وەك فاکتۆرێکی بونیادیی و بنەڕەتیی و گرنگ و کاریگەر لەرووخاندنی رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوی لە ئێراندا نەکردووە.

دەتوانم بڵێم فاکتۆری بەدبونیادیی دەوڵەتی میللیی لەئێران، کە لەقۆناغێکی فرە ئاڵۆزو پڕململانێدا بوو، هەر لەسەرەتاوە دۆخێکی وای هێنایەئارا، کە پرۆسەی سیاسیی و ئابووری لەو وڵاتەدا بە ئاراستەیەکی نالەبارو تولەڕێیەکی داخراودا بردو سەرجەم گۆڕانکاریی و هەوڵەکانی هاوچەرخگەرایی لەبنەڕەتەوە لەشارێگەی راستەقینەی خۆی لاداو لەبری دەوڵەتێکی میللیی هاوچەرخ، کە لەسەر بنەمای هاونیشتیمانییبوون و یاسابەروەریی و گەلسالاریی و حکومەتی میللیی و برایەتیی میللیی و ئیحاساتی میللیی و متمانەبوونی خەڵك بە دەسەڵات و پەیوەندییەکی تەندروستی نێوان گروپگەل و ئەقوامگەل و تیرەو تایفە و مەزهەب و ئاینە جیاوازەکانی نێو ئێران، زەمینەی خولقاندنی دەسەڵاتێکی ئیستیبدادیی، تۆتالیتاریی، تەنگەتیلەی، فارسگەرای، میلیتاریستی، قۆرخکاری، داخراوی، شەخسمیحوەری، توندوتیژو فاشیستمەئابی هێنایەئارا، کە وڵاتی لە دۆخێکی ئاڵۆزی ناجێگیرەوە گواستەوە بۆ دۆخێکی داخراوی ناجێگیرو سەرقەپاتکراو و سەرجەم کێشەو قەیرانەکانی نێوخۆی کۆمەڵگای بێ چارەسەر هەڵپەساردو کۆمەڵێك گرفت و قەیرانی قورسترو ئاڵۆزتریشی کردە سەربارو لەئاکامیشدا نەیتوانی تاسەر بەزەبری سەرکوت و تۆقاندن و هێز و مشتی ئاسنین رێگا شکست و دارمانی بگرێ!

گومانی تێدانییە، کەدەستەبژێری رۆشنبیرانی لیبراڵ و سێکولاری مەشروتەخواز، کە بیست ساڵ پێشتر، دژی ئیستبداد و دواکەوتوویی هاتبوونە مەیدان، داوای دەوڵەتێکی دیموکراتیك و یاسابەروەریان دەکرد، کە هەنگاوی گەورە بەرەو چاکسازیی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان بنێ. راستە ئەوان بە وردیی بیریان لە رێوشوێنی تایبەت بۆ پاراستنی ماف و شوناسی گەلانی غەیرەفارس نەکردبۆوەو پێیان



وابوو لەسایەی دەوڵەتی قانون و دیموکراتیك و چاکسازخوازەوە دەتوانرێ بێ کەوتنەوەی کێشەی قووڵ و گرفتی گەورە، دەوڵەتی میللی و هاوبەستەگی میللی بێتەئارا، بەڵام رەزاشا و ئەو دەستەبژێرەی دواتر پرۆسەی بونیادی دەوڵەتی نوێی پەهلەوییان ئاراستەکرد، نەك هەر لەبنەڕەتەوە بڕوایان بە دەوڵەتی دیموکراتیك و خەڵکسالاریی و مافی هاونیشتیمانیی نەبوو، بەڵکو لەبری ئەوەو بە کاریگەری نازییەت و هەڵهێنجان لەفاشیزم، بانگەشەیان بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی پەڕگری ناسیونالیستی فارسگەرای توندوتیژ دەکرد، کە شکۆی ئێرانی کۆن تەنیا بە مافی گەلی فارس لەناوەند بزانێ و کار بۆ تواندنەوەو سەرکوتکردنی گەلانی غەیرەفارس لە : کورد و تورك و لوڕو عەرەب و و بلوچ ئەرمەن ..هتد و بێمافکردن و هەڵاواردن و سڕینەوەی فەرهەنگیان بکات و لەسایەی دروشمی (خدا – شاهەنشا- وطن) و بە زەبری مشتی ئاسنین بۆ دەوڵەتێکی شاهەنشاهیی ئیستیبدادیی ئینحیساری فاشیستی مقەبایی (لەروخساردا بەهێزو لە گەوهەردا فشەڵ) لەتاران ملکەچیان بکات.

رەزاخان هەر پێش ئەوەی تاجی پاشایەتیی لەسەر بکات، بەیارمەتی ئینگلیزەکان، کودەتای سەربازیی کردو هێزێکی سەربازیی سەرکوتکاری بۆ پەلاماردانی هەرێمەکانی خۆراسان و گەیلان و ئازەربایجان و کوردستان و عەرەبستان پێکهیناو بەڵێنی پاراستنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی بە ئینگلیزدا. ئینگلیزەکانیش کە زۆر لە هاتنەسەرکاری بەلشەفیك لە روسیا دەترسان و پریشکی کۆمۆنیزم بەر ناوچەی گەیلانیش کەوتبوو، پێیان وابوو ئەگەر بەپەلە کارێك نەکەن، نەك هەر ئێران بەتەواویی هەڵدەوەشێتەوە، بەڵکو تەواوی بەرژەوەندییەکان لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین دەکەوێتە مەترسییەوە، هەر بۆیە لەکودەتاکەو لابردنی بنەماڵەی قاجارو دامەزراندنی دەوڵەتی پەهلەویدا لایەنگرێکی دڵسۆزی رەزاخان بوون. رەزاخان ئەم لایەنگرییەی قۆزتەوەو سەرەتا بە سینەزەنی، پشتگیریی پیاوانی رۆحانی شیعەی ناوەندیشی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، جگە لەوەی خۆی وەك نوێنەری راستیینەی بەرژەوەندیی بۆرجوا-ناسیونالیستی

فارسگەرا ناساند و رێگەی بۆ ئەو تاقمە ئیدیۆلۆجیستە ئێرانییە فارسە خۆشکرد، کە دواتر لە رێگەی گۆڤاری (کاوە) و (ایران باستان) ەوە بیری نازیزمیان بۆ ئێران گواستەوەو ئاریگەرایی و گێڕانەوەی شکۆی دەوڵەتەکەی کۆروشی هاخامەنشی و پەڕینەوە بۆ دەوڵەتێکی هاوچەرخی فارسیی رووت بەناوی ئێرانەوە، کە تێیدا گەلانی غەیرە فارس لەتەواوی فەرهەنگ و مافەکان و شوناسە قەومییەکانی خۆیان بسڕێنەوە. بەم شێوەیە، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێرانی هاوچەرخەوە، بەدبونیادی دەوڵەتی میللی زەمینەی ناهاوسەنگییەکی ئاشکراو جەنگێکی نێوخۆیی لەنێوان ناوەندو ئەترافەکانی وڵاتدا خولقاند و بەهۆی هەڵاواردنی قەومیی و ئابووریی و فەرهەنگیی و ئابورییەوە، ئێرانی تووشی قەیرانگەلێکی مەترسیدار و تاریکە رێیەکی داخراو کرد کە هۆکارێکی سەرەکیی بوو لەبەردەم هینانەکایەی سیستمێکی سیاسیی داخراو و ئابورییەکی شەکەت و بەهەدەردانێکی گەورەی توانای مرۆیی و کۆمەڵایەتی وڵات لەپرۆسەیەکی شکستخواردوودا.

رەزاشا بەزەبری ئاگرو ئاسن و لەو بڕوایەوە کە بەمشتی ئاسنین لەسەرەوە کۆمەڵگایەکی یەکپارچەو دەوڵەتێکی میللی و مۆدێرن و هاوبەستەگیی دەخولقێنێ، هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵکوژیی گەورەی لە گەلانی غەیرەفارس کرد بەتایبەت کورد، خێڵەکانی پەرتەوازە کردن و سەرکردەکانی وەك سمکۆ و جافەرسان و حەمەرەشیدخان و قەدەمخێر تارومارکردن و ئابوری گوندنیشنی و کۆچەریی تێکوپێکدا، شارەکانی پشتگوێخستن و لەو (ئیسلاحاتە) نیوە سەرمایەدارییەی رەزاشا لە رووی پیشەسازیی و رێگاوبانەوە کە لەناوەند کردی، شتێکی بایەخداری بەر ئەتراف و ناوچەکانی گەلانی غەیرەفارس نەکەوت. ئەمەش هەر لەسەرەتاوە گورزێکی گەورەی بە پرسی بونیادی دەوڵەتی میللی گەیاندو ناهاوسەنگیی خولقاند، بەوەی دەسەڵاتێکی ئیستیبدادیی قۆرخکاری ناوەندگەرای توندوتیژ کە لەرێگەی هێزی سەربازیی، نەك ئیدارەیەکی مەدەنیی ئاسایی، و بەهۆی ژێنراڵە دڕەکانی وەك حەسەن ئەرفەع و هۆشمەند ئەفشارو



جیهانبانی و هەمایونییەوە ئاسایشی ئەو ناوچانەی راگرتبوو، ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو کە ئەم گەلانە تێکڕا زیاتر لەنیوەی حەشیمەتی دانیشتووانی وڵاتیان پێکدەهێنا و پرۆسەی تواندنەوەیان لە بۆتەی ئێرانیبیبوونێکی دەستکردی تەنگەتیلەدا ناوەندی لە جەنگ و میلتاریستییەکی هەمیشەییدا راگرتبوو.

بەم شێوەیە دەورانی حوکمی رەزاشا بۆ گەلانی غەیرەفارس، نەك هەر وڵات نەبوو ، بەڵکو زیندانێك و شکەنجەخانەیەکی گەورە بوو، بۆیە ئەوەی رەزاشا لەماوەی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا بەناوی دەوڵەتی میللی و شکۆی شاهەنشاهیی و ئێرانچێتیی کردبووی و بۆ سەرخستنی لەئەڵمانیای هێتلەری و نازیستەکانیش نزیکببووەوە لە ماوەیەکی کورتدا بەهاتنە ناوەوەی سوپای هاوپەیمانەکان بۆ ناو ئێران، هەرەسی هێناو بێ ئەوەی ئەو هەموو عەزەمەت و ئیحساسات و شکۆی میللییەی رژێمی رەزاشاهیی دەهۆڵی بۆ لێدەدا زەمینەی جوڵانەوەیەکی بەرگرییخوازانە بخولقێنێت، نەك هەر ئەوە بگرە جەماوەرو زۆرینەی گەلانی ئێران (بەفارسەکانیشەوە) پێشِوازییان لە هاتنەناوەوەی سوپای داگیرکەرو رسوایی شاهەنشاو دوورخستنەوەی کرد، بەقەولی هەژار موکریانی: بەبڵاوبونەوەی دووپەڕ ئاگاهی... بەربڵاوبوو لەشکری شاهەنشاهی! و سەرتیپ و سەرهەنگەکانیش کە حاکمی موتڵەق و دڵڕەقی هەرێمەکان بوون بە وتنی: همی سر بە سر پشت بە دوشمن دهیم ...از آن بە کە خود بە کشتن دهیم !!

هەر بۆیە، شایەنی ئەوەیە بەوردیی لەم بەدبونیادییەی (دەوڵەتی مۆدێرنی) ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر تەواوی کێشە نێوخۆییەکانی مێژووی سەدساڵی ئێران بکۆڵرێتەوەو نمونەی شیاویش لەو رووە پێشکەش بکرێت. ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەین ئەو بەدبونیادییە ناهاوسەنگییەکی قووڵی لە پەیکەری سیستمی پەهلەویدا خولقاند کە بەشێکی گەورەی کێشەکانی دواتر کەوتنەوە زادەی ئەو بەدبونیادییە بوون کە ئیدامەی پێدراو پاش تەبعیدی رەزاشاو هاتنی محەمەدرەزا کە لەقاڵبدراوی باوکێکی دیکتاتۆری قۆرخکارو دۆڕاو

بوو، هەمان ڕێباز گیرایەبەرو شاهەنشای لاو خەونەکانی خۆی لەسەر بەدبونیادییەکەی باوکی هەڵچنیبوو.

شایەنی باسە، هەڵنەوەشاندنەوەی ئێران لەساڵانی دووەمین جەنگی جیهانیی تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێزە داگیرکەرەکانی ئێران لەسەر ئەو هەڵوەشانەوەیە ناکۆك بوون و بە بەرژەوەندی خۆیان نەدەزانی، ئەوەی کە روسیاو بریتانیاو ئەمریکا لە ریکەوتنی سیانیی لە تاران لە ١٩٤٢دا، جەختیان لە یەك پارچەیی خاکی ئێران کردەوە. هەرچەندە، دامەزراندنی حکومەتی ئازەربایجان و جەمهوریەتی کوردستان لە مەهاباد، زادەی ئەو ئازارو مەینەتییە بوو کە لەسایەی بەدبونیادی دەوڵەتی میللی پەهلەوییەوە تووشی گەلانی ئازەرو کورد هاتبوو، ئەوەش یەکەمین هەڕەشەو مەترسیی راستیینە بوو لەسەر مانەوەی دەسەڵاتی پەهلەویی و هەروەها هەنگاوێك بوو بەرەو هەڵوەشانەوەی ئێرانێکی بەدبناغە .

محەمەد رەزاشای پەهلەوی و زلهێزە پاڵپشتیکەرانی لە ئینگلیز و ئەمریکا، رێگەی راستکردنەوەی ئەو هەڵە بونیادییەیان بەست کە رەزاشا و نوخبەی فارسگەراکەی لەسەرەتادا کردبوویان، هەربۆیە نەیانتوانی ئەو کرانەوە رێژەییەش پەسەند بکەن کە حکومەتی جەبهەی میلی لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا هێنایەئارا، ئەوان لەوە دڵنیابوون کە رێگرتن لە هەڵوەشاندنەوەی ئێران لەسەردەمی جەنگی ساردا تەنیا بە بوونی رژێمێکی دیکتاتۆریی ناوەندگەرای توندوتیژی رۆژئاواگەرا دێتەدی، هەربۆیە لایەنگریی و پشتگیریان لە مانەوەی بنەماڵەی پەهلەوی و ئەو مۆدێرنیتە رواڵەتییە کرد کە لەژێر ناوی (شۆرشی سپی) یان (شۆڕشی شاو گەل) بەڕێوەچوو. گەیاندنی ئێران بە ئاستی وڵاتانی شارستانی مەزن و خولقاندنی چینێکی ناوەندی ئێرانی بەهێز و رژێمێکی ئابوری سەرمایەداریی، بە سیستمێکی بەدبونیادو قۆرخکارو ناوەندگەرای سەرکوتکەر بەڕێوە نەدەچوو، بگرە تەواوی خەونەکانی محەمەدرەزاش هەر وەك باوکی زڕ دەرچوون و بەئاراستەیەکی تەواو شێواو پێچەوانەدا کەوتەوەو کارەساتی گەورەی خولقاند.



لەئێرانی پەهلەوییدا، دەزگای سەرکوتکەری ساواك ببووە سیمبولی سەرکوت و تۆقاندن، فەسادی بنەماڵە حوکمڕان و دارودەستەو ئەندامانی بیرۆکراتی دەوڵەت و ئەرتەش وێنەیەکی هەرە ناشرینی رژێمە بوو، لەولاشەوە نەك تەواوی هەرێمەکان، بگرە ناوچە فارسنیشینەکانی ناوەندیش بوونە مەڵبەندی ملیۆنەها خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت، لەکاتێکدا سامانی نەوتی هەناردەکراوی نەوت بە ملیارەها بوو، پیِتر ناهاوسەنگییەکە زیاتر لەنێوان ناوەندو ئەترافدا بوو، بەڵام بە کۆچی ملیۆنەها جوتیارو زەحمەتکێشی لادێکان کە زۆربەیان هەژارو نەخوێندەوار بوون، ناوەندیش ناهاوسەنگییەکی توندی بەخۆوە بینی .

ئەوەش زەمینەی بۆ تەقینەوەی جوڵانەوە رادیکاڵەکان رەخساند کە دروشمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و روخاندنی رژێمی نادادپەروەرو بێگانەپەرست و گەندەڵی پەهلەوی بەرزکردەوە. لەکوردستان و بەتایبەت لە هەرێمی موکریان، جوڵانەوەیەکی چەکداریی بەرێبەری (سازمانی ئینقیلابی حزبی دیموکراتی کوردستان) لە ساڵی ١٩٦٧دا هەڵگیرسا، ئەم جوڵانەوەیە بووە هاندەرو هەوێنی جوڵانەوەی چەکداریی هێزە چەپەکانی ئێرانی لەناوچەکانی دیکە، بەتایبەت ئەوەی چریکە فیدارییەکان و هەروەها موجاهدینی خەلق پێی هەستان. وێڕای ئەوەی ئەم جوڵانەوانە سەرکوتکران بەڵام خرۆشانێکی گەورەیان لەنێو لاوانی ئێرانی بەرپاکردو خوێنێکی نوێی فەرهەنگی رووبەرووبونەوەو بەرەنگاریان کرد بە شادەماری جەستەی نارەزایەتیی دژ بەرژێمی پەهلەویی و پریشکێ بوون بۆ هەڵسانێکی بەرفراوان.

هەربۆیە، کاتێك لە کۆتایی دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، نارەزاییەکان لەگەندەڵیی و شکستیی پرۆسەی دەوڵەتداریی و حوکمڕانیی پەهلەوی گەیشتە لوتکە، تەقەینەوە گەورەکە روویدا، هەروەك چۆن لەساڵی ١٩٤١ رەزاشا نەیتوانی لەغیابی دەوڵەتێکی میللی راستیینەو تەنیا پشتبەستن بەسەرکوت و مشتی ئاسنیین و بوونی نوخبەیەکی ناوەندگەرای گەندەڵ و قۆرخکار، رووبەرووی هەڕەشە

سەختەکان ببێتەوەو بێ خۆڕاتەکان تەسلیم بە چارەنووسی رەشی خۆی بووەوە، بەهەمان شێوە، محەمەد رەزاش لەماوەی نزیك بە ساڵ و نیوێکدا، هەر کارێکی دەکرد هێندەی تر باری لارتر دەبوو، چونکە کێرڤی بەدبونیادی دەوڵەتی پەهلەوی رووی لە هەڵدێر بوو، ئەو کاتەی شاهەنشا بەهێلیکۆپتەر بەسەر ملیۆنەها خۆپیشاندەرانی نارازیی دەفڕی و گوێی لە سەدای وتنەوەی دروشمی ( مرگ بر شا) بوو، ئنجا لەخەوی بێخەبەریی راپەڕی بێ ئەوەی بتوانێ فریای هیچ بکەوێ! دەمێك بوو بەشێکی زۆری دانیشتووانی هەرێمەکان و لەپێشەوەیان کوردستان، دژی رژێمی شا ئیمتیحانی خۆیان دابوو، هەربۆیە چاوەڕێی ناوەند بوو، ناهاوسەنگییەکەی بگاتە دۆخی شڵەقان و ئەوساتەش کەوتنە پەلاماری پادگان و بنکە سەرکوتکەرەکانی رژێم و لەبێخەوە دەریانکێشا، ئەمەش دەمانگەیەنێتە دەرئەنجامێك کەوا، هەر رژێمێك بیەوێ ئایندەیەکی روناك و دەرفەتێکی بۆ گەشەکردنی هاوسەنگ هەبێت و بەرگرییەکی سروشتی دژی هەڵوەشان و لێکترازان هەبێ، پێویستە زۆر ژیرانە ئەم بەدبونیادییەی دەوڵەتی هاوچەرخی ئێران بە ناساندن و دانپێدانان بە شوناسی کەمینە و هەروەها گەلانی غەیرەفارس راستبکاتەوەو کار بۆ هێنانەدی دادپەروەرییەکی راستیینە لەنێوان ناوەند و هەرێمەکان بکات و هەلاواردنی قەومیی و مەحرومییەتی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی لەسەراسەری وڵاتدا لەبەین بەرێ و تۆلێرانس و کرانەوەیەکی سیاسیی و فیکریی و مەزهەبیی لە ئێراندا بگرێتەبەر، دەنا چارەنووسی ئەویش لە دەوڵەتی پەهلەوی باشتر نابێ.





## جیهانی رۆژهەڵاتیی

دوێنێ چوار شەممە ١١/٥/٢٠١٦ ئاراس فەتاح بابەتیکی بە ناونیشانی ئەخلاق و سیاسەت، چەند سەرنجێک لە ئەخلاقی بەرپرسیارێتی لە سیاسەتدا، لە هۆڵی (کۆماری کوردستان) ی سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلیمانی پێشکەش کرد، لەبابەتەکەیدا لەڕوویی تیۆرییەوە، باسی لە بەرپرسیارێتی سیاسیی لە روانگەی (ماکس قەیبەر)ە وەکرد. ئێمەش بە پێشکەشکردنی سەرنجێك لەسەر بابەتەکە بەشداریمان کرد، وێڕای دەستخۆشی و گرنگێکی بابەتیکی بەو چەشنە، کە پەیوەندی بە گەوهەری فەلسەفەی سیاسییەوە هەیە و وابەستەیە بە چەندین بابەت و چەمکی گرنگی دیکەی وەك : سیستمی بەها و ئەخلاقسازیی، عەقڵگەرایی سیاسیی ، ئازادیی ، شایستەسالاریی ، پلورالیزم ، ئایدیۆلۆجیا و چەندین بابەتی تر، ئاماژەمان بۆ ئەو راستییە کرد کە تیۆرە پێشکەوتووەکانی بواری زانستی جیهانی مۆدێرن زادەی کۆمەڵگا گەشەکردووەکان و رەنگدانەوەی دۆخ و گرفتەکانی تایبەت بەو کۆمەلگایانەن، دۆخی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان کە بەشێوەیەکی سروشتی مێژوویی گەشەیان نەکردووەو لەتایبەتمەندی خۆیان بەهرەمەندن کە پێویستیان بەخویندنەوەو لیکدانەوەی وردترە، بەتایبەت سەبارەت بە کێشانەی دیاردە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە بەپێودانگ و گەزوجاوی تیۆرە زانستییەکانی جیهانی مۆدێرن. هەروەها ئێمە ئاماژەمان بۆ ئەو تایبەتمەندییەی سیستمی بەهای کۆمەلگاکانی رۆژهەلاتی کرد کە زیاتر : خێڵ و شاهەنشاهییەتی رەهای پیرۆزکراو و ئاین تیکەڵەکەیان پێکهێناوە کە ئەویش رەنگدانەوەی دۆخە جیۆگرافیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەیەتی. پاشان ئاماژەمان بەو راستییەدا کە بەرپرسیاریتی سیاسیی و شانخستنە ژێرباری ئاکامی کردە سیاسییەکان، بابەتێکە لەکۆمەڵگایەکدا دەپشکوێت و دەچەسپێت کەهاوشێوەی کۆمەڵگا دیموکراسییە کراوە ئەوروپای رۆژئاوا شوێنی عەقڵانییەتی سیاسیی ، ئیرادەی ئازاد ،



سەروەریی گەل ، هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی ، کۆمەڵگای مەدەنیی ، رای گشتیی ، میدیای ئازاد و بەدەزگاییکردنی دەوڵەت ، مافی مرۆڤ..هتد تێدا چەسپابێ .
بەپێچەوانەوە، لەکۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا (کەمن جیهانی رۆژهەلاتیی) م بەکارهێنا، سیستمی بەهای سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لەسەر ملکەچی و جەبریەت و تەقدیسکردنی حاکم و زاڵبوون و باڵادەستی هێزو شمشێر و نەبوونی یەکسانیی و ئازادیی و هەژمونی گیانی جەنگاوەریی و قۆرخکاریی دامەزراوەو ستەمکاریی رۆژهەڵاتیی وایکردووە چەمکی بەرپرسیاریتی سیاسیی لەتیۆر و پراکتیکدا (تاك و تەرا نەبێ )بایەخ و شوینێکی لە فەرهەنگ و سیستمی بەها و ئاکاری ژیانی سیاسەتبازان و تەنانەت خەڵکیشدا نەبێ و سەرجەم قۆناغە مێژوویەکانی ئەم میللەتانە ، بەکوردیشەوە خاڵییە لە شانخستنە بەر ئاکامی کردە سیاسییەکان و ئەوەش هۆکارە کە چەندین سیاسەتبازیی کورد لەگەل هەموو تاوانەکان و بڕیارە هەڵە و نەشیاوەکانی پێشوو و ئەمڕۆیان هێشتا سادەترین بەرپرسیاریتی لەخۆیان نەگرن و تەنانەت هەوڵی خۆپیرۆزکردنیش بدەن..بۆیە قسەکردن لە بەرپرسیارێتی سیاسیی سەرکردەی کورد لەروانگەی ڤێبەرەوە وەك هەوڵدان بۆ رەتکردنی حوشترێك وایە بە کونی دەرزییەکدا !
دیارە هیگڵ بەجوانی ئاماژەی بە بێئازادیی و بێهۆشییەی تاکی رۆژهەڵاتیی و ساوایی خەڵك و تایبەتمەندی ئەخلاقی سیاسیی کردوەو لەوبارەیەوە خاوەن نەزەرێکی فەلسەفییە. هەربۆیە بەبۆچوونی ئیمە جگە لە خستنەبەرچاوی تیۆرە زانستییە هاچەرخەکان ، پێویستمان بە خویندنەوەی قووڵی سیستمی بەها و ئەخلاقی تایبەت بە کۆمەلگای کوردیی و شیکاریی ریشە و رەخنەکردنیتی تاکو لەبوون و نەبوونی ئەم چەمك و ئاکارانە لە کردەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی تێبگەین و پەنجە بخەینە سەر ئاکارە سواو و ناچاوچەرخەکانمان و ریشەیەکی فیکریی و زانستیی بەئاراستەیەکی پێشکەوتووانە بگرینە بەر، چونکە مێژووی دووسەد ساڵی رابردوو و گڵۆباڵیزەیشن نەیتوانیوە تەواوی

تایبەتمەندییە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵات بسڕێتەوەو ئەتەرناتیڤی شیاوی هاوچەرخ شوێنی بگرێتەوە، بگرە دەرکەوتن و دامەزراندنی دەوڵەتە خاوەن ئایدیۆلۆژیا نەتەوەیی و تائیفیی و مەزهەبییەکانی سەدەی بیستەم و قووڵنەبوونەوەی هیچ بەهایەکی لیبراڵیسم لەناوچەکە شایەنی مانەوەو ریشەی بەهێزی تایبەتمەندییەکانی رابردوون . دیارە کاك ئاراس وێڕای بەکارهێنانی بەردەوامی وتەی (دنیای ئێمە) لە کاتی وەڵامدانەوەی هیندێ لە کۆمێنت و پرسیارەکان، بە یەك چارەکە دێڕ وەڵامی ئێمەی دایەوەو وتی : شتێك نییە بەناوی جیهانی ڕۆژهەڵاتیی!!!!.





## دوو کێشەی سەرەکیی

لەنێو میللەت و وڵاتانی رۆژهەڵات ناوەڕاستییدا (بە ئێمەی کوردیشەوە) دوو کێشەی سەرەکیی هەیە کە بۆتە هۆکاری بەتالکردنەوەی ماناکانی سیاسەت و یاسا، یەکەمیان گەشەنەکردنی سروشتیی چین و توێژە کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکانە، دووەمیشیان دەستوەردانی دەرەکییە لەژیانی سیاسیی و ئاراستەکردنی قۆناغەکانی گەشەکردنێتی، ئەوەی کە سیستمی سیاسیی و یاسایی لەولاتانی ئەوروپا دامەزراوەو چەسپاوە ئەوەیە کە ئەوان زیاتر لەو دوو گرفتە سەرەکییە بێبەشبوون و لەکۆن و نویدا سیاسەت و یاسا لەسەر بنەمای چەسپاوی مافی چینە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فیوداڵ و بازرگان و سەرمایەدار و ..هتد بەڕێوە چووە، هەربۆیە لەژیانی سیاسییاندا روونییەك و پابەندبوونیك هەستی پێدەکرێ و خەبات لەپیناو گۆڕینی یاسا نەریتییەکان بووە بەیاسای مۆدێرن.لای خۆمان کە بەهۆی سروشتی کۆمەڵگای دواکەوتوی کشتوکاڵیی -دیوەخانسالاریی کردەی سیاسی و یاسایی لەئاکامی لاوازیی و بێمافیی چینی کۆمەڵایەتیی و دەستێوەردانە دەرەکییەکان لەماناکەی پوچەڵکراوەتەوەو دەسەڵات لەدەستی تاکە دەسەڵاتدارێکی رەها و بنەماڵەیەکی خۆسەپێندا چڕبۆتەوە، دەوڵەت ، یاسا ، سیاسەت ، بڕیارسازیی جەماوەریی، بەشداریی سیاسیی، ماف ، دادپەروەریی و بەها بنەرەتییەکانی حوکمڕانی جگە لە ناوێکی بێ ناوەڕۆك هیچی دیکەی لەبارانەبووە، سازانی رووداوەکانیش زیاتر هۆکارە دەرەکییەکان هەڵسوڕینەری بوون و لەولایەنەوە مێژوو لیستیکی گەورە لە رووداومان دەخاتە بەردەست کە فاکتەرو بەشداری نێوخۆ بەئەندازەیەکی زۆر کەم تییدا ئاراستەکەر بووە، هەربۆیە قۆناغی راگوزەری ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە زۆر ئاڵۆزتر پڕکێشەترە لەو کۆمەلگایانەی کە ئاسۆی گەشەکردنی مێژووی سیاسیی و کۆمەڵایەتییان روونەو هەمیشە خوێنی ئیستیبدادی لە شادەماری حوکمڕانەکانیدا سوڕدەخوا و لەدەرفەت دەگەڕێ خۆی نوێبکاتەوە!



## کەوتنی سەدام و (عێراقی نوێ)

دوای روخاندنی رژێمی بەعس و لەراستییدا هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراق، ئەمەریکا کەوتە بەربەرپرسیاری دەوڵەت-نەتەوەسازییەکی نوێ و بۆ ئەو مەبەستەش چەمکەکانی (عێراق نوێ) و (عێراقی هیواو ئاشتی) و (عێراقی هەمووان) یان خستەسەر زارو زمانان. لەو بوارەشدا پەیمانگای ئاشتیی ئەمریکیی کەوتبوونە ۆرکشۆپ ئەنجامدان تاکو بنەما نوێیەکانی ئەو عێراقە، بۆ بژاردەی وڵات شیبکەنەوەو هانیانبدەن بەرەو سەرکەوتنی دیموکراتی تەوافوقی. لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٤ ، عیماد حەرب رێکخەری ئەو پەیمانگایە، ۆرکشۆپیکی بۆ مامۆستایانی زانکۆکانی عێراق لەدوکان سازکرد، ئێمەش لەو ۆرکشۆپە بەشداربووین، لەیەکەم رۆژی کردنەوەی ۆرکشۆپەکە، من وەك مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی بەکوردی قسەم کرد، عەرەبەکان کەوتنە ملبادان و ناڕەزایەتیی، وتیان ئێمە زۆرینەمان عەرەبین و لەکوردیی ناگەین، ناکرێ بەکوردیی قسان بکەن!! عیماد حەرب و دوو کۆرگێڕی ئەمەرکییشی لێ بوون، وتیان بابە مادام وایە بەعەرەبیی قسە بکە، منیش بەگاڵتەوە وتم کاکە منیش عەرەبی نازانم ، بەڵام بەئینگلیزیی قسە دەکەم و ئەوانە ئەکادیمین و ناکرێ بڵێن : ئینگلیزییش نازانین!! وەلحاڵ بەئینگلیزی کەوتمە قسە..دواتر باسی ریشەی سەرچاوەکانی شکستی مێژوویی پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوەمان کرد لەعێراق و باسی ئەو گیانە عەرەبیزمە خۆبەزلزانە و تاوانە مێژووییەکانی رژێمەکانی عێراقمان دژی کورد خستە روو، دواجار روومکردە عیماد حەرب و بەعەرەبی پێم وت: كيف ينجح سلام يقوده حرب؟/ واتە ئەو ئاشتییە چۆن سەردەکەویت کە حەرب رابەرایەتیی بکات؟) من بەو وتەیە بێئومیدیی خۆمم لە پرۆژەی دەوڵەت- نەتەوەسازیی عیڕاق بەو عەقڵیەتەوەو بەرابەریی ئەمریکاییەکان خستە روو بەڵام ئەوان بەگاڵتە وەریانگرت و کردیان بەپیکەنین!!

پاش ماوەیەك دوای ئەوە کاك ئەمیری حەسەن پور سەردانی کوردستانی کردبوو و لەزانکۆی سلێمانی کۆڕیکی گرت، باسی عێراقی نوێ و مێژووی خەباتی کورد و عەرەب و نەختێکیش باسی رۆڵی یەکێتی و چەپەکان لەو خەباتەو ئنجا باسی کاژیك و پاسۆکەکانی کرد کە هەندێ دروشمی دژی عەرەبیان وتووەو خورمایان نەخواردوەو ئەو قسانە. پاشتر دەرگای گفتوگۆ کرایەوە یەکەم کەس من قسەم

کردو بەدڵی خۆم گاڵتەم بە چەمکی (عێراقی هیواو ئاشتی) کرد و وتم ئەو کەسانەی باسی دەوڵەتێکی هاوچەرخی دیموکراتی و فیدراڵیی چەسپاو بەهێز دەکەن لەعێراق یان مێژووی خوێناوی ململانێی قەومیی و مەزهەبیی و سیاسیی ئەم ناوچەیەیان نەخوێندۆتەوە، یان چاوی خۆیان لەراستییەکان دەنوقێنن، ئاخر چۆن دەکرێت لەسەر داروپەردوی وڵاتێکی وێران و قەرزار و شێواو لەسایەی هێزە عەمامە بەسەرە میلیشیایی و وردە بەعسییەکان و هێزی مەزهەبیی نامەدەنیی، پرۆژەی دیموکراتیزەبوون و مەدەنییەت بەرهەمێکی هەبێ؟!! دواتر هەندێك لەو هەڵانەی سەبارەت بە پاسۆك و خورما خواردن وتراوە راستمکردەوەو وتم وێرای ئەوەی من پاسۆکیش بووم، بەڵام کەم رۆژ هەیە خورمای تیدا نەخۆم و زۆریش حەزم لەخورماخۆرەیە..دیسانەوە پیکەنین... رۆژ هات و رۆژ رۆی..وتیان با چەند مامۆستایەك بچنە پارێزگا و لەوێ وەفدێك هاتوون لەبەغداوە باسی دەستوور دەکات و ئەمەریکییەکانیشیان لەگەڵە دەیانەوێت راو بیرورای ئێوەش بزانن..منیش لەگەڵ چەند برادەرێکی دیکە چووم بۆ پاریزگا، لەوێ چەند عەرەبێکی کەلەزل و چەند ئەفسەرێکی ئەمەریکی لەپەنا دانای ئەحمەد مەجید دانیشتبوون، دیسانەوە باسی عێراقی هیواو ئاشتی و رەشنوسی پرۆژەی دەستوورە پڕدەستکەوت و بایەخەکەیان دەکرد و کابرای عەرەب وتی: خۆتان باش ئەزانن تائێستا بەریتانیا دەستووری نییە، ئەوە ئێمە لەماوەیەکی کەمدا پرۆژەی دەستوورمان دانا!! منیش وەڵامم داوە سەرەتا مێژووی رەش و خوێناوی عێراقم خستە بەرچاو، دواتر باسی حەتمییەتی شکستی پرۆژەی (عێراقی نوێ)م بۆکردن و وتم بوونی دەستوور بەو هەموو کەموکورتییەی کە من وەك کوردێك دەیبینم، مانای بوونی دیموکراتی نییە و نەبوونیشی لەبەریتانیا مانای نەبوونی دیموکراتي نییە، ئەگەر وایە من پێشنیاز دەکەم با چەند سەرکردەیەکی عێراقی عەمامەبەسەر بنێرنە بریتانیا، تاکو ۆرکشۆپ بۆ بریتانییەکان بکەنو فێری دیموکراتیان بکەن!! دیسانەوە پێکەنین..هەربۆیە دانای ئەحمەد مەجید زوو تیگەیشت و چرپانی بەگوێی کابرا سەرزلەکەو وتیان سوپاس براینە ئێمە کاتمان نەماوە پیوێستە بڕۆین و هەستان رۆشتن!!

من تائێستا بۆم روون نییە کە ئەوەی ئەمریکییەکان لەعێراق کردیان بەهۆکاری نەزانیی بوو یان بەئەنقەست بووەو بەشێکە لەو فەوزا خەلاقەی باسیان دەکرد، بەڵام لێم روونە ئەوەی لەماوەی ئەم دەیەی دوای روخانی رژێمی بەعسدا قازانجی کردووە بژاردە بازرگانەکەی بازاڕی رەشی سیاسەت و وڵاتانی ئیقلیمیی و جیهانیی و دەستێوەردەری وەك ئێران و تورکیا و ئەمەریکاو ئیسرائیل و سعودیەو ئەوەش خوێنی لێ دەچۆڕێ و ماڵوێران دەبێ خەڵکە هەژارە بێ پەناو و ساحێبەکەی عێراق و ناوچەکەیە من شماله الی جنوبە، لەکوردستانەوە بۆ عەرەبستان.



## پێویستە دامەزراندنی هەرێمی کوردستان( ئێران) بەشێك بێت لەو دابەشکردنەی ئێران

ئێران لەسەردەمی شاعەباسی گەورەی سەفەوی دا لەوپەڕی شکۆو مەزنی خۆیدا بوو، نە دەوڵەتیش هێندە ناوەندگەرابوو ، نە شوناسی فارسگەرا بەو توندوتیژییە سەپێنرابوو، نە گەلانی ئێرانیش لەژێر چەوسانەوەی فەرهەنگیدا دەژیان، بگرە لەویلایاتەکان و هەرێمەکان حوکمی خۆجێ و خودموختاری بنەماڵەو فیدراسیۆنە خێڵەکییەکان بە کوردەکانیشەوە باڵادەستبوون. هەروەها لەدەستووری سەردەمی شاهەنشاهییدا، سێ ئەسڵ هەبوو بەژمارە ۹۱ و ۹۲ و ۹۳ کە دوای حکومەتی خۆجێی ئیالەتی و ویلاتی دەکرد، کە بەداخەوە بەهۆی سیاسەتی فارسگەرایی تەنگەتیلەو ناوەندگەرایی توندوتیژ پەهلەویی جێبەجێنەکراو ئەوەش گەورەترین لەمپەری لەبەردەم بەشداریی هەرێمەکان و نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێراندا کرد لە بڕیاردانی سیاسی و پشکداریی ئابووری وڵات و زەمینەی زوڵم و چەوسانەوەو تەبعیزی نەتەوەیی هێنایەگۆڕی کە چەندین جار یەکپارچەیی وڵاتی خستە مەترسییەوەو رۆڵیشی لە سەرتێداچوونی شاهەنشاهیی پەهلەوییشدا هەبوو. دەوڵەتی ویلایەتی فەقیە، لەدوای ئینقلاب و لەترسی لەدەستچوونی حاکمییەت و بۆ دەرپەراندنی نەیارانی، هەمان بنەمای پەهلەوییزمی، لەناوەندگەرایی و دژایەتییکردنی هەرێمەکان و چەسپاندنی سیاسەتی تەبعیض گرتە بەرو بژاردەی سیاسیی و ئابووری نەتەوە غەیرەفارسەکانی وڵاتی بەزۆرو پەلامار پەراوێزخست، ئەوەش ئەگەر بۆ چەند دەیەیەك پێش ئیستا چۆتە سەر، چیدی ناتوانێت لەسەردەمی گلۆبالیزەیشن و کاریگەریی لەسەر حاکمییەتی دەوڵەت -نەتەوە، بەهەمان ناوەندگەرایی و هەژمونگەرایی دەوڵەت بەردەوام بێت، هەربۆیە هەوڵی دابەشکردنی ئێران بۆ چەند یەکەیەکی نوێی ئیداریی پێویستە تەریب بێت، لەگەڵ بەشدارییپێکردنی بژاردەی نەتەوە غەیرەفارسەکان لەبەڕێوەبەردنی کاروباری سیاسیی

و كۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا..شایەنی باسە لەمێژە ناسیونالسیتە مەزهەبیی و نامەزهەبییەكانی ئێران، بیانوی دامەزراندنی دەسەڵاتە خۆجێیە خۆحوكمرانەكانی نەتەوە غەیرەفارسەكانیان بریتییە لەپاراستنی یەكپارچەیی ئێران ئاسایشی میللی و ترس لەدامەزراندنی كوردستانی بوزرگ!! لەكاتێكدا بەردەوامییدان بە سیاسەتی سەركوت و قۆرخكاریی و بێبەشكردنی بژاردەی نەتەوە غەیرەفارسەكان لە بڕیارو دەسەڵات، ئەگەری ناوەندگوریزی ئەو ناوەندانە زێدەتردەكات و لەكاتی هەر لەرزەیەكی ناوخۆیی یان بەهۆی فشارێكی دەرەكیی، ئەگەر لەبەریەكترازان و دواتر هەڵوەشانەوەی ئێران و چەندپارچەیی زێدەتر دەبیت. سەبارەت بەكوردستان، دامەزراندنی هەرێمێكی خودموختار لەقازانجی دەوڵەتی ئایندەیی ئێرانە، چونكە دەروازەیەك لەبەردەم گەشەكردنی كۆمەڵایەتیی ناوخۆی كۆمەڵگای كوردیی و پەیوەندیی لەگەڵ نەتەوەكانی دیكەی ئێران، بەتایبەت فارس لەناوەند دەكاتەوەو بواری پێكدادان و لێكترازانی ئایندەیی كەمتر دەكاتەوە، چونكە هێشتنەوەی كۆمەڵگای كوردیی لەرۆژهەڵات بەلاوازیی و زێدەبوونی نارەزایەتیی لەهەمبەر سەركوت و ناوەندگەرایی، لەبەرامبەر گەشەكردن و چەسپاندن و فراوانبوونی هەرێمە نیمچە سەربەخۆكەی كوردستانی عێراق و ئەگەری سەربەخۆبوونی لە چەندساڵی ئایندەدا، ئەگەری چاوبڕینە دەرەوەی كوردی رۆژهەڵات و پەیوەستبوون بەو هەرێمەی كوردستانی عێراق دەكاتە ئەولەوییەت و ئەوساش بەرپرسانی كۆماری ئیسلامی بەدەستی خۆیان كوردستانی بزرگ دەكەنە واقیع!!



## هەژمونی توركیا لە نەوەتەكاندا

توركیا زیاتر لەتێكڕای دەوڵەتە هەرێمییەكان لەدەیەی ١٩٩٠كاندا فشارو كاریگەریی سیاسەتی دەرەكی هەرێمی لەسەر باشووری كوردستان هەبوو، توركیا پێگەی ستراتیژیی خۆی سەبارەت بەحكومەتی هەرێمو بوونی لەبازنەی ناتۆو هاوپەیمانێتی ئەمریكا قۆزتەوە تاكو چەندە بۆی دەكرێت كار بۆ لەناوبردنی جووڵانەوەی كوردیی لەباكوورو رێكخراوی پەكەكە بكاتو رێگەی گەشەكردنی نێوخۆو بەنێودەوڵەتیبوونی كێشەی كورد لە باشووری كوردستان بگرێت. توركیا لەماوەی شەڕی نێوخۆدا بەئاشكرا بووە بەشێك لەململانێیەكەو لەدژی پەكەكەو هەروەها یەكێتی، بەتەواوی توانای سیاسیو سەربازییەوە پشتگیری پارتی كرد، رۆڵێكی گەورەیان لەشكستهێنانی رێكەوتنی پاریسدا هەبوو كە تەكانێكی گەورەی بەكێشەی كورد دەدا، ئەوان لەرێگەی دەستبەسەرداگرتنی رێگای بازرگانی، بێدەنگكردنی ئەمریكا سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنەكانیان لەباشووری كوردستان، بوونی توركمانەكان، ئامادەگی هەمیشەیی لەسەرجەم دانیشتنو دانوسانەكانی نێوان پارتیو یەكێتی، بوونی بنكەی ئەنجەرلیكو پارێزەرانی دابینكردنی حەوانەوە، خۆنزیككردنەوە لەعێراقو دابینكردنی رێگە بۆ رۆیشتنی نەوت ..هتد هەموو ئەمانە بەباشی باڵادەستی توركیایان لەناوچەكەدا هێنایەئاراو دەسترۆیشتنی توركی زۆر لەوەی ئێرانو سوریا زێدەتربووە.

محەمەدی حاجی مەحمود لەبەرگی چوارەمی "ڕۆژمێری پێشمەرگەیەگ ١٩٧٦-١٩٩٦، دا سەبارەت بە پەیوەندیو نزیكبوونەوەی توركیا لەحیزبە كوردییەكانی باشوور دەڵێت:" لە ٢/٢ سەردانی وەزارەتی دەرەوەمان كردو كۆبوونەوەمان لەگەڵ مدیری سیاسیو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوەزرارەتی دەرەوەی توركیا كردو چاومان بەدوكەسی كەكەوت...قسەمان لەسەر وەزعی كوردو توركیاو ناوچەكە كردو ئەوان هەر كێشەیان (PKK) بوو شەڕی دەكەن یان پەیوەندی دوو قۆڵیش هەمووی لەسەر لێدانی (PKK) وەستابوون...كابرای تورك...ووتی...ئێمە جلو پێڵاو و مەتارەو چەكو فیشەكو ئازووقەو بەتانیو هەمو شتێ (١٠) هەزار كەسمان تەسلیم بەپارتیو یەكێتی كردووەو مانگی (٣٠٠) هەزار دۆلاریش هەرلایەك (١٥٠) هەزاریان ئەدەینێ ووتی ئەوە چوار مانگە ڕێك دەیا دەینێ هەروەها ووتی هێزی پارتی بەقەناعەت شەڕ دەكات كاك مەسعود بەڵام هێزەكانیان شەڕكەرنین وە هێزی یەكێتی هێزەكانیان شەڕكەرن بەڵام بەقەناعەتەوە شەڕناكەن وە ووتی بارزانی داوای لێ كردووین كە ئەو پارەو بەشەی یەكێتیش بدەین بەوان واتە پارتی ئەتوانێ هەموو سنورەكان لەجیاتی یەكێتیش جێگاكان بپارێزێت." بڕوانە : سلێمانی ، ٢٠٠٩، ل ١٦٢-١٦٣.





سوپای توركیا، مێژوویەكی جیاوازی لەسوپای وڵاتانی دیكەی جیهانی سێیەم هەیە، ئەگەر كودەتاكانی سوپا لەوڵاتانی وەك عێراق و سوریا و میسر بووبێتە سەرەتای شۆرشێك بۆ گۆڕینی سیستم ، ئەوا سوپای توركیا هەمیشە خۆی بە پارێزەری سیستم و پارێزەری كۆمارو سێكیولاریزم زانیوەو دژی حیزبە شكستخواردووەكان هاتوونەتە مەیدان كە نەیانتوانیوە هاوسەنگی و ئاسایش و ئارامیی وڵات ڕاگرن، زۆربەی كودەتاكانی سوپای تورك كاتێك ڕوویانداوە كە حیزبە ڕاستڕەوە توندڕەوەكان لەسەر دەسەڵات بوون و وڵات غەرقی كێشەو ململانێی حیزبیی و ئیتنیی و ئابووریی بووەو حكومەت نەیتوانیوە كۆنترۆڵی دۆخەكە بكات، سوپاش دەرەفەتەكەی قۆزتۆتەوەو بەناوی گێڕانەوەی ئارامیی و پاراستنی سیستم هەڵیكوتاوەتە سەر دەسەڵات و كودەتای كردووە، بۆ نموونە كودەتای ساڵی ١٩٦٠ بەسەر حیزبی دیموكرات و ئەوەكەی ١٩٧١ بەسەر پارتی عەدالەت و ئەوەكەی ١٩٨٠ هەر پارتی عەدالەت دەسەڵاتداربوو، ئەوەكەی ١٩٩٧ بەسەر ئەربەكان و ئەوەی ٢٠٠٧ كە عەدالەو تەنمیە ڕیگای لێگرت، شایەنی باسە، كودەتاكان سیستمیان نەگۆڕیوەو دیكتاتۆریان لێ پەیدا نەبووە ، بەڵكو ئامانج ڕێگریی لەدۆخێكی توندو لابردنی دەسەڵاتێكی حیزبیی دەسەڵاتخوازو ڕاستڕەو بووەو پاش ماوەیەك لەتوركیا گەڕاونەتەوە بۆ كاری حیزبایەتی مەدەنیی و هەڵبژاردن و گۆڕانی دەستووریی بەدواهاتووە كە هەندێ جار بەرەو كرانەوەی زیاتر ڕۆیشتووە، وەك ساڵی ١٩٦٠ كە دەستوری نوی ڕێگای بە هەڵسوڕانی پارتی كریكاران دا، هەمیشە ململانێیی ڕاست و چەپ و توندوتیژیی گشتیی هۆكاریی زۆربەی كودەتاكان بوون و ئێستا پاش لاوازیی چەپ، هێزە ڕاستڕەوەكان كە زیاتر ئیسلامییەكانن، بەرابەرایەتی ئۆردۆغان، لەگەڵ سوپاو نفوزی ئەو دەستگایە لەململانێدان، هەر بۆیە ئەوەی پێی وایە بەسەر كەوتنی ئۆردۆغان و مانەوەی لەدەسەڵات ڕێگە لە دیكتاتۆری گیراوە، خوێندنەوەیەكی دروستی بۆ شەڕو ململانیی هێزە

سیاسییەکان و کودەتاکانی تورکیا نییە، چونکە خودی ئۆردوغان دیموکراتی تەنیا بۆ خۆسەپێنیی و دەسەڵاتخوازیی دەوێ و لە ئایندەش کاروکردەوەکانی باشتر ئەو راستییە دەسەلمێنن. کودەتای ئەمجارەی تورکیا هەم لەکاتێکی خراپ و هەم بەشێوەیەکی نارێکوپێك و هەم زادەی کاردانەوەیەکی کتوپڕی دەستەیەکی نێو سوپا بوو دژی دەسەڵاتخوازیی و سیاسەتە هەڵەکانی ئۆردۆغان و دۆخی ئاڵۆزی تورکیا، راستە ئەم کودەتایە نەیتوانی ئامانجەکەی بپێکێ بەڵام پایەی دەسەڵاتخوازیی ئۆردۆغانی لەرزاند، پێناچی لەماوەیەکی خێرا بتوانێ بەتەواویی خۆی رێکبخاتەوەو لەمپەرەکانی بەردەمی تێپەرێنێ. سەبارەت بە مەسەلەی کوردیش واباشتربوو دۆخی شەڕو ئاڵۆزیی نیوان کودەتاچییەکان و لایەنگرانی ئۆردۆغان درێژەی بکێشایەو زیاترین قوربانییان لەیەکتر بخستایە و کەلێنی نێوان هێزەکانی دژ بەکورد گەورەتر بووایە، جگەلەوەی گەورەترین هەڵەی ئۆردۆغان ئەوە دەبێ بەرەوە دەسەڵاتخوازیی زیاتر هەنگاو بنێ و بەتێڕوانێکی عەقڵانییانەو پراگماتییانە هەڵنەسوڕێت و بیەوێ سەرکەوتنەکەی بکاتە هەلێك بۆ لەناوبردنی پەکەکەو پاشەکشەی کێشەی کورد لەتورکیا.



## لەنێوان هەڵبژاردنەکەی ١٩٥٠ی تورکیا و هەڵبژاردنی ٢٠١٣ی کوردستان

لەنێوان هەڵبژاردنی پارلەمانی ١٤ی مایۆی ١٩٥٠ی تورکیا و هەڵبژاردنی ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٣ی کوردستان ئاشکرایە کە هەڵبژاردنی ١٤ی مایۆی ١٩٥٠ی تورکیا بەخاڵێکی وەرچەرخان لەمێژووی تورکیای هاوچەرخدا دادەنرێت کە تێیدا دەسەڵاتی تاکڕەوی ٢٧ ساڵەی پارتی کۆماری گەل کۆتایهات و بۆ یەکەمجار لەمێژووی تورکیا پارتێکی نوێ کە ٤ ساڵ پێشتر بەناوی پارتی دیموکرات دامەزرابوو پاش خولێکی چالاکی وەك ئۆپۆزسیۆنی پارلەمانیی، زۆرینەی کورسییەکانی بۆ خۆی بەدەستهێناو بەمەش دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی ئاشتییانەو لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بۆ یەکەمجار هاتەدی و سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی دیموکراتی لەتورکیا دەستپێکرد کە بەقازانجێکی زۆر بۆ ئەو وڵاتە کەوتەوەو سیستمێکی تاڕادەیەك چەسپاوی بۆ هێنا، هۆکاری ئەم وەرچەرخانە زۆرن، جگە لەو کەشە نێودەوڵەتییەی دوای شکستی فاشیزم و سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانی لەجەنگی دووەمی جیهانیدا هاتەئاراو تەکانێکی بە دیموکراتی بەخشی، بارودۆخی نێوخۆیی تورکیاش هاندەرێکی سەرەکیی بوو، بێزاری خەڵکی تورکیا لە دیکتاتۆرییو گەندەڵکاری پارتی کۆماری هاندەرێکی سەرەکی بوو بۆ دەرکەوتن و سەرکەوتنی پارتی دیموکرات، کە سەرکردەکانی بەشێك بوون لە ریفۆرمستەکانی پارتی کۆماری کە نەیانتوانی وا لەپارتەکە بکەن خۆی نوێ بکاتەوەو بەرنامەی ریفۆرم جێبەجێبکات، ئەوە راست بوو کە پارتی کۆماری زادەی جوڵانەوەی سەربەخۆیی تورکیاو خاوەن سەرکردە کارێزماکانی وەك کەمال ئەتاتورك و عیسمەت ئینۆنۆ بوو و دامەزرێنەری دەوڵەتی هاوچەرخی تورکیا بوو، بەڵام ئەو خۆسەپێنی و گەندەڵکاریی و نادادپەروەرییەی لەسایەی حوکمی ٢٧ساڵەی ئەو پارتەدا روویدا نارەزایەتییەکی زۆری لەنێو کۆمەڵانی

خەڵکدا هێنایە ئارا و تاڕادەیەکی زۆر زەمینەی بۆ شکستێکی مێژوویی بۆ پارتی کۆماری رەخساند بەشێوەیەك نە بالۆرەی جەنگی سەربەخۆیی و نە سێبەری سەرکردە کارێزماکانی فریای نەکەوتن و بەجۆرێك لوتی شکا تا ئێستاش خۆی نەگرتۆتەوە.

دیارە سبەینێش ٢١ی سێپتەمبەر لەکوردستان هەڵبژاردنێکی مێژوویی بەرێوەیەو ٤ ساڵ پێشتر بزووتنەوەی گۆڕان کە بەشێك لەسەرکردەکانی ریفۆرمیستەکانی ناوی یەکێتی نیشتیمانی بوون و لە ٢٥ی ژونیەی ٢٠٠٩دا بەدەنگی خەڵکی ناڕازیی و گۆڕانخواز ٢٥ کورسی پارلەمانی کوردستانی بەدەستهێنا، دوای چوار ساڵ ئۆپۆزسیۆن بوون لەگەڵا چەند هێزێکی بچووکی دیکەو هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و زیاتر دەرخستنی گەندەڵیی و تاوانە سیاسی و ئابوورییەکانی پارتی و یەکێتی، سبەینێ لەبەردەم دەرفەتێکی مێژووییدان، تۆبلێی بالۆرەو حیکایەتەکانی شاخ و شۆڕش چیدی دادی هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بدات و هەموو ئەو خراپەکارییانە بشارێتەوە کە دەسەڵات ٢٢ ساڵە لەکوردستان ئەنجامیدەدات، تۆبلێی ویژدانکڕین و چاوسورکردنەوەو هەوڵەکانی تەزویر رێگە لەوەبگرێت سبەینێ خەڵکی ناڕازیی و ئەوانەی بە دەنگە گۆڕاوەکان ناسراون زۆرینەی دەنگی خۆیان بەقازانجی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن نەخەنە نێو سندوقەکانی دەنگدان و هەمان ئەزموونی ساڵی ١٩٥٠ی تورکیا لە ٢٠١٣دا لەکوردستان دووبارە بکەنەوە؟ !!!



## "باڵیۆزخانەی تورکیا لەهەر شوێنێك هەبێ جاسوسخانەیە "

لەسەر ئەگەری دووبارە بوونەوەی مێژوو لە کوردستاندا و شەڕی نێوان کورد و کورد، ئامانجی تورکیا لە نزیکبونەوەی لە حوکمەتی هەرێم و هۆکاری نەگەیشتنی کورد بە ژیانێکی ئازاد و قەوارەکی سەربەخۆ، رێکەوتننامەی نێوان تورکیا و حوکمەتی هەرێم لە دژی گەریلاکانی پەکەکە و نەبوونی یەکێتییەکی نەتەوەیی لەنێوان هێزە کوردیەکاندا، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ (د.یاسین سەردەشتی) مێژوونوس و یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی سازداوە.

چاوپێکەوتنی/ کاروان ئیبراهیم

پرسیار/ بە بۆچوونی تۆ هۆکاری سەرەکی چییە کە کورد تا ئێستا نەگەیشتووە بە ژیانێکی ئاسودە و سەربەخۆ و کوردستانێکی ئازاد؟

د.یاسین سەردەشتی: بێگومان قسەکردن لە فاکتەرەکانی نەگەیشتنی کورد بە دەوڵەتێك یاخود چوارچێوەیەکی ئازادی سەربەخۆ کە تیایدا وەکو نەتەوەیەکی خاوەن ئیرادە بەمافەکانی خۆی بگات، هۆکارێکی زۆر هەن، یەك لەوانە هۆکاری جیۆپۆلەتیکایە (شوێن)، شوێنی کوردستان کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و خاکی کردستان بڕبڕەی پشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێك دێنێ، لە کۆنەوە ئەم شوێنە پردێکی بەستنەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوابووە، وە لەناوچەکەشدا شوێنی چەندەها هێرش و شەڕی داگیرکاری و سەربازی بووە، وە شوێنی چاوتێبڕینی دەوڵەتە زلهێزەکان بووە، لەسەدەکانی دوایشدا کەبیری نەتەوایەتی لە ئەوروپاوە هات بەرەو کوردستان، هەروەها لە ئەنجامی پرۆسەی داگیرکاری و شەڕو ململانێی درێژخایەنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی کە کوردستان وەکو ناوچەیەکی سنوری ببووە مەیدانی شەڕ لەو قۆناغەدا، زیانێکی زۆر گەورە لە ڕووی مادی و مرۆیەوە بە خەڵکی کوردستان کەوت، وە لە کوردستاندا بناغەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی پتەو نەبوو کە

بەشێوەیەکی خێرا بیری نەتەوایەتی لەناو خەڵکدا بڵاوبێتەوە، کۆمەڵگای کوردی لە ڕوی ئابوریەوە لاواز، وە لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە پێکهاتەی خێڵەکی و لە ڕوی ئایدۆلۆژیاوە ئایدۆلۆژیایەکی ئایینی کە ئیسلامی سونە بوو، ئەمانە بیری مرۆڤی کوردیان داگیرکردبوو، لەبەرئەوە لەڕووی ئابوری و فکری و ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەوە زەمینەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی نەبووە. ئەگەر تەماشا بکەین لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم کارکردن بۆ قەوارەیەکی کوردی لەباکوری کوردستان بوو، نوخبەی کوردی لەباکوری کوردستان لەو قۆناغەدا بوونە هۆکارێك بۆ مستەفا کەمال و هاوبیرەکانی کە توانیان لە دژی یۆنانیەکان و ئەرمەنیەکان و بەریتانیەکان لەو قۆناغەدا بیانکەنە سوتەمەنی و وە لەسەر کەللەسەری ئەو کەسانەی تێکەڵ بە جوڵانەوەی مستەفا کەمال بوون، دەبینین دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا دادەمەزرێ ئەو دەوڵەتەی بۆماوەی ٨٥ساڵە نکوڵی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکات و ئامادە نییە دان بە بوونی کورد وەك نەتەوەیەکدا بنێ، لەمەسەلەی دانەمەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا ئاستی لاواز و دواکەوتوویی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی و پەرتەوازەیی کۆمەڵگای کوردی و دابەشبوونی بەسەر چەندین خێڵ و هۆزی جیاجیاو ئەقڵیەتی هۆزایەتی، وە هەروەها تێنەگەیشتنی سەردارانی کورد و سەرکردەکانی کورد لە پێویستی دروستبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ کە تیایدا کورد وەکو نەتەوەیەك خاوەن ئیرادە بێ، وە هەڵخەڵەتاندن بە پڕوپاگەندەی ئایینی و دوژمنانی کورد، وە تەسلیم بوون بە ئیرادەی دوژمنانی کورد بە هۆی قازانجێکی کەمی تایبەتی کە ئەگەر لە ڕێگەی بەڵێنی درۆ یاخود بەرژەوەندی کاتی بێ کە لەوکاتەدا بەڵێنی پێدراوە، تەماشاکە ئەمڕۆ لەباکوری کوردستاندا لە دوای ٨٥ ساڵ لە نکوڵیکردن و پرۆسەی لەناوبردن و و جینۆساید، یەشتا بەشێکی گەورەت هەیە لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا کە ئەوەندەی ئامادەیە لە پێناو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیدا لەگەڵ پارتێکی وەکو پارتی دادو گەشپێدان و کەسێکی دیماگۆژیستی نەژادپەرستی قوماربازی وەکو ئەردۆغاندا کاربکات،



ئەوەندە ئامادە نییە وەکو تاکێکی کورد یاخود لەناو ڕێکخراوێکی کوردیدا تێکۆشان لەپێناو بەرژەوەندیەکانی نەتەوەکەیدا بکات.!

پرسیار/ بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنەی کە ئەم ماوانەی دوایی لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوکراوەتەوە تورکیا حوکمەتی هەرێم قەبوڵ دەکات، ئەم ڕێکەوتنە چەندێك لەبەرژەوەندی کوردایە؟ ئایا تورکیا چەندێك لە بەڵێنەکانیدا ڕاستگۆ دەبێ؟

د.یاسین سەردەشتی: کاتێك باس لەو ڕێکەوتنامە ئەمنیە دەکرێت کە پێکهێنراوە بۆ لەناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان وە لێدانی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەباکوری کوردستان، ئەمڕۆ ئێمە وەکو ڕاستیەك لە تورکیا دەبینین ڕۆژ بە ڕۆژ تاکی کورد زیاتر بە ئاگا دێتەوە و زیاتر هۆشیار دەبێتەوە سەبارەت بە چەوساندنەوە و ستەم و ئەوپرۆسە داگیرکاریە درێژخایەنەی کە نەژادپەرستان و فاشستانی تورك بەرامبەر بە نەتەوەکەی کردویانە وە هەروەها تا دێت ڕوخساری درۆزنانەی پارتی داد و گەشەپێدان دەردەکەوێت کە بەداخەوە بەشێکی کورد لەبێئاگایی خۆیەوە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بەو پارتەدا و پێیان وابوو بەڵێنەکانی دەباتەسەر. پێمان وایە ئەو بەشداریکردنەی نوێنەرانی باشوری کوردستان لەو ڕێکەوتننامەیەدا لەسەری ڕێکەوتوون، جارێ دەبێ بپرسین ئایا تورکیا ئامادەیە هاوکاری حوکمەتی هەرێمی کوردستان بکات لە گێڕانەوەی ئەو خاکە داگیرکراوەی کەچەند ساڵە داگیرکراوە، ئایا ئامادەیە هاوکاری کورد بکات بۆ گێڕانەوەی کەرکوك؟ یاخود دەڵێن ئامادەیە چاوی بەبەرپرسانی کورد بکەوێت، کاتێك کە بەرپرسانی کورد ئامادەبن بۆ لێدانی ڕێکخراوێکی کوردی و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خۆیان، بێگومان هەموو داگیرکەرێك ئامادەیە دەست بخاتە ناو دەستی کەسێك کە ئەو ئامادەییەی تیا بێ، خاڵێکی تری ئەو ڕێکەوتنە کردنەوەی باڵیۆزخانەی تورکیایە لە هەولێر، ڕاستیەك هەیە لەمێژوودا چەسپاوە باڵیۆزخانەی تورکی لەهەر کوێیەك بێ جاسوسخانەیە نەك

بالّیۆزخانە، هەروەها حوکمەتی هەرێم بەشێك نییە لە تورکیا تاوەکو تورکیا دانی پێدا بنێ، یاخود دانی پێدا نەنێ، حوکمەتی هەرێم بەشێکە لە ئێراق و لە دەستووردا دانی پێدا نراوە، ئەگەر هات و کورد لە ئێراقدا توانی ئەو پرۆسە سیاسیەی کە هەیە بە قازانجی دیموکراتی و فیدراڵی بباتە پێشەوە، بە فعلی حوکمەتی هەرێم توانی لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ وەکو هەرێمێکی فیدراڵی، ئەوسا تورکیا ناچارە ڕێز لە ئێراق و هەرێم بگرێت، لەبەرئەوە ئەگەر بێت و هەزاران جار تورکیا دان بە حوکمەتی باشووردا بنێ، بەڵام لە ئێراقدا پرۆسەی فیدراڵی و دیموکراتی شکست بخوات ئەوان ئەتوانن لەو ڕێگەیەوە گورزی گەورەی خۆیان لە حوکمەتی هەرێم بوەشێنن.

پرسیار/ بەگوێرەی لێدوانی چاودێران دروستکردنی ئەنجومەنەکانی ئیسناد دەستی وڵاتانی دراوسێشی تێدایە، پارتی و یەکێتیش دەڵێن ئەوانەی بەشداری لە ئیسناددا بکەن جاشن، لەولاشەوە خۆیان لەژێر ناوی حوکمەتی هەرێمدا ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا دەبەستن دژی بزوتنەوەیەکی پارچەیەکی تری کوردستان، تێڕوانینت بۆ ئەم هاوکێشەیە چییە؟

د.یاسین سەردەشتی: ئێمە با یەك ڕاستی لەبەرچاوبگرین ئەویش ئەوەیە کە ئاستی بە خۆداچوونەوە و پەندوەرگرتن لە مێژوو وە کارکردن بۆ دانانی بناغەیەکی دیموکراتی ڕاستەقینە، کە تیایدا پێکەوە ژیانێکی کرداری لەسەرانسەری ئێراق و ناوچەکە بێتە کایەوە زۆر لاوازە، لە ئێراقدا ئەو گۆڕانەی ئەمریکا بەناویەوە هاتە ناوچەکە بۆ دەستبەسەرداگرتنی نەوتی ناوچەکە بەناوی پەرەپێدانی دیموکراتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، دەتوانین بڵێین درۆیەکی گەورەیە، ئێمە دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین پارتی دادو گەشەپێدان پارتێکە بڕوای بە مافە بنەڕەتیەکانی نەتەوەی کورد لەتورکیا نییە، وە باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە گوتەکانی ئەم دواییەی ئەردۆغان بوو کە بڕوای بەیەك زمان و یەك ئاڵا و یەك نەتەوە هەیە، ئەگەرچی دادو گەشەپێدان بەرگێکی ئیسلامیانەی گرتۆتە بەر، بەڵام ئەوکارانەی ئەوان دەیکەن هەمووی



هەمان ڕێچکە و هەمان ڕێگایە کە نەژادپەرستان و فاشستەکانی تورك گرتویانەتە بەرو لەسەری ڕۆیشتون و وە ئەوان جگەلەوەی چەندین جار لەوەتەی لەسەر دەسەڵاتن بەختی خۆیان تاقیکردۆتەوە لە ئۆپەراسیۆن و پەلاماردانی سەربازی و بە بەردەوامی لەپەرلەماندا نەك لەناو تورکیا، بەڵکو لەدەرەوەی تورکیاش کاری بۆ بکەن، هەستەکەن کە پێویستیان بە کۆمەڵێك کاری تر هەیە بۆ لاوازکردنی پێگەی نەتەوایەتی کورد و شەپۆلی هەڵچوی نەتەوایەتی کورد و وە دوژمنی ڕاستەقینەی سەرسەختی خۆیان کە پارتی کرێکارانی کوردستانە لەتورکیا، هەربۆیە ئەوان جگە لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان هەوڵدەدەن لەڕێگای دۆست پەیداکردنن بێگومان ئێمە دەزانین ئەمریکا چ هاوکاریەکی ئەردۆغانی کردووە بۆ لێدانی پەکەکە و تەنانەت بەشێك لەو فرۆکانەی لەبنکەی ئەنجەرلیکەوە هەڵدەست و هێرش دەکەنە سەر قەندیل بەشێکی زۆریان ئەمریکین، ئەبێ ئێمە ئەو ڕاستیە بزانین یەشتا تورکیا پێی وایە پلانەکانی بۆ لێدانی پەکەکە سەرکەوتوو نابێ، هەتاکو لەناوخۆی کۆمەڵگای کوردیدا هێزێکی تر نەخاتە پاڵ خۆی بۆ لێدانی پەکەکە و لەو ڕووەشەوە جگە لە حوکمەتی هەرێم هێزێکی دیکەی دەست نەکەوتووە کە ئەوکارەی پێبکات، دیارە لەناوخۆی تورکیادا جەردەوان هەن، جاش و خۆفرۆشان هەن، دیارە بەتەنها ئەوەی بەس نییە دەیەوێ لەباشوری کوردستانیش بەتایبەتی کە بەشێکی قەندیل دەکەوێتە باشوری کوردستانەوە دەیەوێ شەرعیەتێکی وا بەدەست بێنێ کە دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان بکاتە هاوبەشی خۆی، بۆ لێدانی پەکەکە، وە ئێمە وتمان ئەو بەندانەی کەدانراون گوایە بە قازانجی حوکمەتی هەرێمە کۆمەڵێك قسەی پڕوپوچن، هیچ سودێك بە بەرژەوەندییەکانی کورد ناگەیەنن، لەبەرامبەردا لێدانی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد و لێدانی پەکەکە کە ئەمڕۆ ڕۆحی ئەو جوڵانەوەیەوە و ئاڕاستەکەریەتی قازانجێکی زۆر بۆ تورکیا دێنێتە دی، وە حوکمەتی هەرێمی کوردستانیش لەئەنجامی ئەو قەیرانە قوڵ و نەبوونی بیروباوەڕێکی نەتەوەیی، حوکمەتێکە خاوەنی دەستوری خۆی نییە، سنوری جوگرافی تا ئێستا دیاری نەکراوە، حوکمەتێکە سەروەری

پێشێل دەکرێ و هەر دەوڵەتێك هەڵدەستێ لە هەرێمدا ئۆپەراسیۆن دەکات، حوکمەتی هەرێم نەیتونیوە پێداویستیە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگە دابین بکات، نەیتوانیوە ئاشتی ناوخۆ لەکوردستاندا بچەسپێنێ، بەو پێیەی چەندین پارتی سیاسی هەیە حوکمەتی هەرێم لە ڕێگەی یاساوە ڕێگەی کارکردنی لێگرتووە، بۆ نمونە دەوترێ دەگونجێ حوکمەتی هەرێم دەورێکی ئاشتیانە ببینێ، لە نێوان تورکیا و پەکەکەدا، ئایا حوکمەتی هەرێمَ خاوەنی ئەو سەنگەیە کە ڕۆڵی ئاشتی ببینێ؟ ئایا حوکمەتی هەرێم بۆخۆی لەناوخۆیدا ئاشتی کردووە؟ بۆ نمونە پارتی چارەسەری یەکێکە لەو پارتانەی لەبەرئەوەی تەنها ئۆجەلان وەکو ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ قبوڵە، لەلایەن حوکمەتی هەرێمەوە ڕێگەی پێنادرێ کار بکات و هەندێجار ئەندامەکانیشی دەگیرێ، ئەو ڕێکەوتنامەیەی ئێستای تورکیا و هەرێم بۆ ئاشتی ڕاستەقینە کار ناکات، ڕێکەوتننامەیەکە سەتاسەت دژی بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردە بە گشتی و بە تایبەتی بۆ لەناوبردنی پەکەکە و سەرکوتکردنی شەپۆلی پەرەگرتووی کوردە لە باکوری کوردستان، بەداخەوە لەمێژوودا ئەم ڕێکەوتنامەیە کە ئێمە زاراوەی "ئەتیکسکۆ" واتە(ئەمریکا، ئێراق، تورکیا و لایەنی کوردی کە حوکمەتی هەرێمە) کە ئەتیکسکۆ لە مێژوودا بەدناوتر دەبێ لە پیمانی سەعدئاباد و پەیمانی بەغداد، چونکە ئەو پەیماننامانە لەنێوان کۆمەڵێك دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان و زلهێز بووە، بەڵام ئەم ڕێکەوتننامەیەی ئێستا لایەنێکی کوردی خۆی بەناوی کوردەوە چۆتە ناو کۆمسیۆنەکەوە و ئامانجەکەشی زۆر ئاشکرایە دژی بەرژەوەندیەکانی کوردە، وە لەمێژوودا ئەو ڕێکەوتنامانەی کە کراون لە قۆناغێکدا بوون کە جولانەوەی کوردی لەلاوازییدا بووە، وە شۆڕشێکی پەرەگرتوو نەبووە، بۆ نمونە ڕێکەوتننامەی سەعد ئاباد ساڵی ١٩٣٧ بوو کە لەوکاتەدا جولانەوەیەکی نە سیاسی نە چەکداری بەرفراوانی کورد نەبووە، وە ڕێکەوتنامەی سەنتۆ کە بە پەیمانی بەغدا دەناسرێ لە ساڵی ١٩٥٥ وە بەهەمان شێوەیە، ئەتیکسکۆ هاوپەیمانێتیەکی ئەو لایەنانەیە لە کاتێکدا کە جولانەوەی نەتەوی کورد سەری بەرز کردۆتەوە،



لەقۆناغێکی گەشەسەندودایە وە هەوڵی ئەم پەیمانە ڕێگرتنە لەو گەشەکردنەی جولانەوەیی نەتەوایەتی کوردن، وەلایەنی بەشداربووی حوکمەتی هەرێم ناتوانێ وەکو ئاشتیخواز ڕۆڵ ببینێ، بەڵکو خۆهەڵواسینە بە بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی دەوروبەر و ئەمریکا لە پێناوی پاراستنی کۆمەڵێ بەرژەوەندی تەسك کە ئەو بەرژەوەندیە تەسکانە بەڕاستی تاوەکو ئێستا ئێمە دەبینین لە دە ساڵی ڕابردودا پرۆسەی دڕیژخایەنی نەتەوەی بوونی نەبووە.

پرسیار/ ئایا تێکۆشانی گەریلا لەم ڕۆژگارەدا زیان بە بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی کورد دەگەیەنێ؟

د.یاسین سەردەشتی: خەباتی چەکداری بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەیەکی بەشخوراو شێوازێکی مێژوویە، لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە ئەم شێوازە لە زۆربەی وڵاتە داگیرکراوەکاندا پەیڕەو کراوە، بێگومان پەکەکە ئەمڕۆ دروست نەبووە هەتاکو هەڵگری ئەو جۆرە خەباتە بووبێ، بەڵکو پەکەکە لەناوەڕاستی هەشتاکاندا کە خەباتی چەکدارانەی کردۆتە تاکتیکێکی خۆی لە قۆناغێکدا بووە کە تێکڕای هێزە سیاسیەکانی ئەمڕۆ لە باشوری کوردستاندا حوکمەتداری دەکەن ئەوانیش شێوازی چەکداریان پەیڕەو کردووە. لەکاتێکدا لەباکوری کوردستان خاکی ئازادکراوت نییە، وازهێنان لە خەباتی چەکداری بەواتای ئاشبەتاڵ دێ، یاخود خۆبەدەستەوە دانە بێ بەرامبەر، لەکاتێکدا حوکمەتێکی دیموکرات لەتورکیا هەبێ مافی مرۆڤ پارێزراو بێ، کاری سیاسی ئازاد بێ بێگومان گەریلاش ئامادە نیە بەو سەرماو زەحمەتیە خۆیان لە ژیانێکی ناو کۆمەڵگا داببڕن و بچنە شاخەکان و بە برسێتی و زەحمەتی ژیان بەسەر بەرن، هەرچەندە پەکەکە تەنها خەباتی چەکداری نەگرتۆتە بەر، بەڵکو دەبینین بایخێکی زۆریشی بە خەباتی سیاسی و جەماوەری داوە، ڕیپێوانە بەردەوامەکانیان لە توکیا و ئەوروپا ئەوە دەردەخات. ئەو ڕاستیەش هەیە ئێستا کەم نەتەوە ماوە خەباتی چەکداری بکات،

بۆچی؟ چونکە بە ئازادی خۆیان گەیشتون، بەڵام تۆ چی دەڵێی کەسێکی وەکو ئەردۆغان لەسەدەی بیست و یەکدا خراپتر لە ئەقڵیەتی مستەفا کەمال بیر دەکاتەوە، چی دەڵێی لەتورکیایەکدا لەیادی نەورۆزدا پۆلیس و ئاسایشی تورکیا بە پۆستاڵ دەچنە سەرسەری ئافرەتی کورد، بێ ڕێزی بە مرۆڤی کورد بکەن؟ یاخود بەدەیان ژەندرمەی تورک سوار سەری منداڵێکی تازەپێگەیشتوو دەبن و لەبەرچاوی کامێراکان قۆڵی دەشکێنن، بەڕاستی لەهەر شوێنێك توندوتیژی و ستم و بێ دادی هەبوبێ، بێگومان بەرگریش دەبێ.
پێوستە پەکەکە تا دەتوانێ خۆی ئامادە بکات بۆ ئەو قۆناغەی بەرێوەیە، چونکە لەهەموو ئاستێکەوە دوژمنانی پەکەکە کار دەکەن بۆ لاوازکردنی ئەو ڕێکخراوە، پێویستە پەکەکە لەناوخۆی تورکیا زیاتر بچنە ناو ڕیزەکانی خەڵك و هەوڵبدەن برەو بە چالاکیەکانی ئیدی بەسە بدەن لە تورکیا و ئەوروپا، ڕاستییەکی تریش هەیە ئەگەر هاتوو پەکەکە قەندیل جێبهێڵێ هیچ مسۆگەریەك نییە بۆئەوەی کە نەبێتە وەزیرستانێکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەبێتە بنکە و بارەگای ئەو ڕێکخراوە ئیسلامیە توندڕەوانەی کە ئێستا لە ئێران بارەگاکانیان لەسەر سنورە و ئامادە دەکرێن کە ئاسایشی هەرێمی کوردستان تێك بدەن، بیرمان نەچی کە پەکەکە ئەزمونی وەکو زیلانی هەیە کە کچە کوردێکە و گەریلاش نییە، بەڵام خۆی لەناو سوپای تورکیا دەتەقێنێتەوە و زیاتر لە ٤٠ سەرباز دەکوژێ، پەکەکە ئەگەر لە شاخیش نەمێنێ دەتوانێ لەناو شارەکاندا ئەو چالاکیانە ئەنجام بدات.

پرسیار/ نەبوونی یەکێتییەکی نەتەوەیی لەنێوان هێزە کوردیەکاندا نیشانەی چییە؟ چۆن دەتوانرێ یەکێتییەکی نەتەوەیی دروست بکرێ؟

د.یاسین سەردەشتی: هێزە داگیرکەرەکان لە کۆنەوە بەرنامە ڕێژیان هەیە بۆ بەرگرتن لە جولانەوەی نەتەوایەتی کورد و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، بەهێزبوونی جولانەوەی کوردی بە گەورەترین زیان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەبینین، لەمێژووی



کورددا هەوڵمان هەیە بۆ هەماهەنگیکردن وتێگەیشتن لەو یەکبوونە نەتەوەییە، هەر لە ڕۆژگاری کۆمەڵەی ژێ کاف و پەیمانی سێ سنورەوە، هەتاکو هەوڵەکانی خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵای ئیسحاقی یان ئەحمەد تۆفیق سکرتێری پێشوی حزبی دیموکرات لە دروستکردنی بەرەیەکی نەتەوەیی سەرانسەری لە نێوان هێزە نەتەوەییە کوردیەکان لە پارچەکانی کوردستاندا، لەساڵی ١٩٦٠ دا بەڵام ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون، بەداخەوە گەورەترین ڕێگر لەبەردەم دروسبوونی یەکێتییەکی نەتەوەیی باوەڕنەبوونی سەرکردەکان جولانەوەی نەتەوەکانی کورد بووە بە هەماهەنگی نەتەوەیی، بەڵکو زۆربەیان لە ئەنجامی بیری ئێراقچێتی و ئێرانچێتی و تورکچێتی و قەبولکردنی ئەو سنورە دەستکردانەی لەسەر خاکی کوردستان کێشراون، ئێستاش لەناو ڕێکخراوەکاندا پەتایەکی زۆر گەورە هەیە بەتایبەتی لەناو ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستاندا، هەر جولانەوەیەك لەپارچەکانی تر دروست بوبێ و یستویانە لەژێر سایەی ئەماندا بێ و وابەستە بێ بەمانەوە، جێگای داخە هاوکاری دوژمنانی کورد بە بەرنامەتر و پتەتر بێ لە بوونی هەماهەنگیەکی کوردی، نەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی و بڕوانەبوون بە کاری نەتەوایەتی سەرتاسەری.
لەکۆتایدا ئومێدمان وایە ڕۆژبەڕۆژ تاکی کورد هۆشیارانە تر و ئاقڵانەتر لە ڕووی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی کورد و هۆشیارانەتر وئاقڵانەتر مامەڵە لەگەڵ َپێشکەتنە سیاسیەکاندا بکات، داوامان لەتاکی کوردە کە دوژمنی ڕاستەقینەی خۆیان باش بناسن، هەم دوژمنی ناوخۆ هەم دوژمنی دەرەوە، گەورەترین دوژنی مرۆڤی کورد لاوازی کەسایەتیەکەیەتی وە خۆشباوەڕی بەو بەڵێنە درۆ و پێکەنیناویانەی کە دوژمن بەرامبەری ئەنجامی دەدات..

## کۆماری کوردستان و ٢ی ڕێبەندان"، ڕەهەند و کاردانەوەکانی لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە وتوویژ لەگەلأ "د.یاسین سەردەشتی"دا

سازدانی/ ئەردەڵان فەرەجی

٦١ ساڵ لەمەوبەر یەکەمین کۆماری کوردی لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەمەد لە شاری مەهاباد دامەزرا. بێ گومان دروست بوون و دامەزراندنی ئەو کۆمارە کۆمەڵێك هۆکار و فاکتەر و بستێن و بەستەری هەبوو و کاریگەری زۆری لە سەر رەوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەموو کوردستان و کوردستانی رۆژهەلات بەتایبەتی هەبووە.

بۆ خوێندنەوەی بستێن و زەمینەکانی دامەزراندنی کۆمار، رۆڵی هێزی دەرەکی لە پاگرتنی، رۆڵی کەسایەتی قازی محەمەد و کاردانەوەی ئەم خاڵە لە مێژووی نەتەوەی کورد و دەسکەوتنەکان و خاڵە بەهێز و لاوازەکان و هۆکارەکانی شکست و کۆتایی هاتنی و ئەو دەرسانەی کە دەبێ و دەشێ گەلی کورد لێوەی فێر بێ لە گفتگۆیەکی چڕوتێروتەسەل لەگەلأ بەڕێز "دوکتۆر یاسین سەردەشتی" مێژوو ناس و مێژوو نووس و مامۆستای زانکۆی سلێمانی هێناومانەتە بەر باس و تاوتوێ کردن.

- بە بڕوای ئێوە بەستەر و بستێن و زەمینەکانی شکلگیری کۆماری مەهاباد چ بوون؟ چ لە رووی کلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵکی کوردستان و ناوچەکە و و رۆڵی هێزی دەرەکی و زلهێزەکانی جیهان لە ناوچەکە بۆ پاگرتنی کۆماری مەهاباد و فاکتەکانی دەخیل لەو رووداوە گرنگ و مێژووییەی گەلی کورد چ بوون؟



د.یاسین سەردەشتی: پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمتان دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە و سپاستان دەکەم. بەڕاستی کۆمەڵێك هۆکاری گرنگ لە پشت دامەزراندنی کۆماری دێمۆکراتی کوردستانە کە بە ڕای ئێمە ئەو کۆمارە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگە لە مێژووی سیاسی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست. بێشك چەند فاکتەری گرنگ لە پشت دامەزراندنی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەن کە یەکەمین دەسەڵاتی سیاسییە لە مێژووی رۆژهەلاتی کوردستان بەو شێوەیە کە ناوچەیەك یان یەك لە سەر سێی خاکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتێکی سیاسیدا، لە ژێر ئیدارە و بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردی خۆماڵیدا کۆ بکاتەوە، کە لە پێناو ئامانجەکانی نەتەوایەتی کورددا، لە پێناو ئامانجی ئازادی و دیموکراسیدا و بەرقەرار کردنی مافەکانی کۆمەڵگای کوردستان خەبات بکات. دیارە یەك لە گرنگترینی ئەو فاکتەرانەی کە هۆکاری دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوون مەسەلەی کێشەی نەتەوایەتییە لە ئێران. یان کێشەی نەتەوایەتی کورد و خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردە چەندین سالأ لە پێناو دەسەلاتی سیاسی بۆ رزگاری نەتەوایەتی. ئێمە بۆ خۆمان دەزانین کە مەسەلەی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد وەك هەموو گەلانی تری رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم ئیلیتی کوردیش واتە نوخبەی کوردیش فکری ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوایەتیشی لە لا دروست بووە و کاری بۆ کردووە و لە ڕووی سیاسی و لە ڕووی فەرهەنگییەوە هەوڵی بۆ داوە و هەر لە سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا جولانەوەیەکی گەورەی بەرپا کرد و دواتر هەولأ و تێکۆشانەکانی بنەماڵەکانی بەدرخان و دەرکردنی رۆژنامە و کاری فەرهەنگیان بۆ ئەو بوارە و پاشتر جولانەوەکانی سمایلخانی سمکۆ کە بە ناسیۆنالیزمی کورد دادەنرێ لە رۆژهەلاتی کوردستان ئەمە بۆ خۆی مێژوویەکە کە دەتوانین بە زەخیرەی مێژووی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی دابنێین. بە تایبەتی کە ئێمە دەبینین کە پاش گۆڕینی ئیمپراتۆری قاجاری بۆ دەوڵەتی ئێرانی نوێ لەلایەن رەزا خانەوە پاش کودتای شوباتی ٢١ ، کودتایە کە کرا بە پاڵپشتی

ئینگلیزەکان و دەستی ئێنگلیزەکان لە هەڵوەشانەوەی ئێران وای بە پێویستی زانی کەسایەتی رەزاخان و چەند کەسایەتییەکی وەك زیائەدین تەبابەبائی و ئەوانەی کە لایەنگری سیاسەتی بریتانیا بوون و نوێنەرایەتی نوخبەی ناسیۆنالیزمی بورژوازی فارسیان دەکرد ئەمانە تەبەنی بکەن و کودتا بکەن لە ئێران کە یەکێتی خاکی ئێران بپارێزن و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە ئێران پارێزراو بێت لە بەرامبەر هەڕەشەی بەلشەڤیزم و جوڵانەوەی سۆشیالیزم و رادیکال و جووڵانەوە نەتەوەییەکانی نەتەوەی غەیرە فارس لە ئێران. بێگومان ئێمە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە مەسەلەی هەوڵدانی رەزاخان کە شاهەنشایی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، هەوڵدانی ئەو بۆ گۆڕینی ئێرانی فرە نەتەوە بۆ ئێرانێکی یەك نەتەوە، یەك کلتور، یەك زمان و سەپاندنی کلتور و زمانی و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی فارسی سەر دەست بە سەر نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارسی ئێران و هەوڵی سڕینەوەی ژیان و کلتور و زمانی ئەو نەتەوانە کارێکی وای کرد کە لە ئێراندا مەسەلەی کێشەی نەتەوایەتی بخاتە قۆناغێکی زۆر ئاڵۆز و چارەسەر نەکراو و لە لای نوخبەی کوردی رەق و کینەیەکی قولأ لە بەرامبەر ئەو زۆرداری و ئەو ئەسمیلاسیۆن و سڕینەوەیە بەرپا بکات. هەر بۆیە کاتێك سیستمی دیکتاتۆری رەزا شا لە نەتیجەی پشتگیری کردنی لە نازییەت و فاشییەت لە جەنگی جەهانی دووهەمدا گەیشتە ئاستێك کە هاوپەیمانان پەلاماری ئێران بدەن، ئەو سیستەمە بڕوخێنن، جارێکی دیکە بزووتنەوە و جووڵانەوەی نەتەوە غەیرە فارسەکان بۆ سڕینەوەی ئەو ستەمە مێژووییە، تێکۆشانی خۆی دەست پێبکاتەوە و لە تەواوی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ورمێ لە بانە و لەناوچەکانی دیکە جووڵانەوەی چەکدارانەی خەڵکی کورد بۆ دژایەتی کردنی دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی رژیمی ئێرانی لەساڵەکانی جەنگی جەهانی دووەم بە درێژایی بەردەوام بوو و لەچەند شوێنێکی جیاواز لە هەورامان و مەریوان و ناوچانە سەرۆك عەشیرەکانی کورد و بەشێکی زۆر لەو کەسانەی لە سەر دژایەتی کردنی ئەسمیلاسیۆنی رەزاخان و سیاسەتی لێدانی بەردەوام ببوون، ئەوان جووڵانەوەی



خۆیان دەست پێکرد و داواکاری نەتەوایەتیش هەبوو کە بێگومان لەو قۆناغەدا زل هێزەکان ئامادە نەبوون بە هیچ شێوەیەك چاو بپۆشن لەو جووڵانەوانە و پێیان وابوو ئەو جووڵانەوانە دەبێتە هۆی تێکۆچوونی گەیاندنی پێویستییەکانی جەنگ لە لایەن هاوپەیمانانەوە بۆ جەبهەکانی رووسیا کە ئەو کات لە بەردەم هەڕەشەی فاشیزم دابوون. کەواتە عامیلی بوونی ستەمی نەتەوایەتی و مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کورد و هەوڵەکانی ئیلیتی کوردی بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو ستەمە مێژووییە کە بە سەر گەلەکەیان سەپێنراوە و بێبەشکردنیان لە مافە نەتەوەییەکانیان، لەمافی ئازادیخوازیان ئەمە یەکێکە لە فاکتە گرنگەکانی یان فاکتە هەرە سەرەکی و رەسەنەکانی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان. بەڵام بێ گومان جگە لەم فاکتەرە کۆمەڵێك فاکتەری دیکە هەبوون کە زەمینەیان بۆ رەخساندنی دروست بوونی ئەو ئەزموونە خۆش کرد، ئەویش ئەوەیە لە گەلأ رووخانی رژیمی دیکتاتۆری رەزاشا لەشکری شا هەڵوەشایەوە، چونکا هاوپەیمانان ئێرانیان داگیر کرد لە شەهریوەری ساڵی ١٣٢٠دا ئەم هەڵوەشانەوەی دیکتاتۆرییەتی رەزاشا و لەشکر شاهەنشا و لاواز بوونی کۆنترۆڵ کردنی ناوەند و دەزگا سەرکوتگەرەکانی بەسەر هەرێمەکان جارێکی دیکە ئەو هەستە نەتەوایەتییە و جووڵانەوەی گەلانی غەیرە فارسی بوژاندەوە بۆ بەدیهێنانی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانیان. هەروەها لە جەنگی جیهانی دووهەم دا مەسەلەی دژایەتی کردنی فاشیزم و لایەنی بڵاوکردنەوەی مەنشووری ئەتڵانتیك لەلایەن هاوپەیمانەکان کە ئەم جەنگە گەورەیە دژی فاشیزمە و هەوڵ دەدا کە گەلانی ستەم و کۆلۆنی کراو رزگار بکرێن و مافی ئازادی بۆ ئەو گەلانە بێتە دی، بۆ خۆی ئەمانە دەورێکی زۆر گرنیگان هەبوو لە بیری ئازادی خوازیش چ لە ئێراندا بە گشتیی و چ لە کوردستاندا بە تایبەتی سەر هەڵبدات. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە لە کۆتاییەکانی جەنگی جەهانی دووەم رووسیای بەلشەڤیك یا خود شوورەوی وەکوو زل هێزێك لە ناوچەکە دەرکەوتبوو و رووسەکانیش بیروباوەڕی دژایەتی کردنی ئیمپریالیزمی و هەروەها سەرکەوتنی خەباتی گەلانی

چەساوە بە دژی داگیرکاری یەکێك بوو لەو پڕوپاگەندە و لەو هەوڵە ئیعلامیانەی کە لە ساڵەکانی جەنگدا بە درێژایی جەنگ قسەی لێدەکرا.
هەروەها شکستی فاشیزم لەپاش جەنگی جەهانی دووهەم، بەدەست هێنانی سەربەخۆی بۆ هەندێك لەو گەلانە و چەسپاندنی رژیمی سۆشیالیستیی لە وڵاتانی ئۆرووپای شەرقی و هەروەها دەرکەوتنی هێزە چەپ و ئازادیخواز و رادیکاڵەکان لە ناوچەکە بە گشتی و لە ئێران بە تایبەتی کە ئەو کاتە حیزبی توودە لە ناوەند و بانگەشەی بۆ ئازادی و دژایەتی فاشیزم و پاشەکشەی نفووزی ئیمپریالیزم لە ئێران و هەروەها نفووزی موڵکدارە گەورەکان و دەربار و ئەو ئەفسەرە شاپەرەستانەی بە درێژای سیستەمی رەزا شا هەوڵیاندابوو کە کۆمەڵگا سەرکوت بکەن بۆ ناوەندێکی بەهێز و هەروەها لە دوای رووخانی رەزاشاش جارێکی دیکە دەیانهەویست بێنەوە سەر کار و هەمان سیستەم درێژە پێ بدەن لە ئێراندا کە بێگومان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و ئەو زلهێزانەی کە پشتگیریان دەکردن یا خود بەرژەوەندییەکانیان دەپاراستن لە ئێران و بە تایبەتی بەریتانییەکان. لێرە دەبینین فاکتەری نەتەوایەتی وەك فاکتەرێکی ڕەسەن، فاکتەری هەلومەرجەکە پاش جەنگی جیهانی دووهەم و هەروەها فاکتەری ئێرانی و دەرکەوتنی بیری ئازادیخوازی و لاوازی حکومەتی ناوەندی –چونکە ئێمە دەزانین کە حکومەتە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکان هێزی ناوەند و دەزگا سەرکوتگەرەکان فاکتەری گرنگ بۆ پاراستن و کۆنترۆلأ کردنی هەرێمەکان و چواردەور لە کاتێکدا کە ئەو هێزە لە ناوەندەوە تووشی لاوازی دەبێت بێگومان ئەمە دەرفەتێك دەبەخشێت بە هەرێمەکان تا بزووتنەوەکانی خۆیان دەست پێبکەن-.
بێگومان ئێمە دەبێ ئاگامان لەوە بێت کە دراوسێکانمان و بە تایبەتی ئازەریەکان سوودیان لە هەلومەرجی سیاسی جەنگی جیهانی دووهەم و کۆتایی هاتنی جەنگ وەرگرتبوو و بزووتنەوەی ئازادیخوازیان گەشابۆوە و حیزبی "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" پێك هاتبوو و حکومەتێکیان پێك هێنابوو کە داوای دیموکراسی سەرتاسەری بۆ ئێران و داوای بوونی دەسەڵاتێکی خودمختاری دەکرد لە ئازەربایجان و



داوای ئەوەشیان دەکرد کە ناوچە کوردییەکانی ئازەربایجان بەشێك بن لەو حکومەتە.
دیارە رێبەرایەتی کورد لە شاری مەهاباد و لە ناوچەی موکریان کە ئەو سەردەمە پێشوا قازی محەمەد وەك کوردێکی لێهاتوو و شارەزا و رۆشنفکر و مرۆڤێکی نەتەوەپەروەر و مرۆڤێکی پێشکەوتووخواز پێی وابوو کوردیش وەکوو ئازەر لەوان چەوساوەتەوە و مافی خۆیەتی دەسەڵاتێکی تایبەت بە خۆی حکومەتێکی تایبەت بە خۆی هەبێ. دیارە ئازەرەکان تا رادەیەکی زۆر بەسرابوونەوە یان لە ژێر تەئسیری سیاسەتی ئازەربایجانی سوفییەتی و جەعفەر باقرۆفەوە هەبوون کەئەوان پلانێکیان هەبوو کە گۆیا ئازەربایجانی ئێرانی لەگەلأ ئازەربایجانی شوورەوی واتە هەردوو ئازەربایجانەکەی باکوور و باشوور یەك بخەن و کوردیش پێی وابوو لە حاڵەتێکی وەهادا یان لە ڕووی ئیدارە و بەڕێوەبەرایەتییەوە کراوەتە بەشێك لە ئازەربایجانی رۆژئاوا و لەوەها حاڵەتێکدا دەبێ هەڵوێستێك وەربگرێ کە لە ئێران دانەبڕێ و بکەوێتە باوەشی دەسەڵاتێکی دیکەوە، دیارە پێشیان وابوو کە هەلومەرجەکە لەپاش جەنگ لەبارە بۆ ئەوەی کورد لە ساڵەکانی جەنگدا بە حوکمی داگیرکردنی ئێران و ناوچەی موکریان کەوتۆتە ژێر تەئسیری سۆڤییەت و سپای سوور لە ناوچەکانی باکوورەوە رێگەی کردووە و شاهەنشاهی بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە، سەرکردایەتی کورد پێیان وابوو کە دەرفەتێك هاتۆتە پێش و دەتوانن دەسەڵاتێکی خۆماڵی لەناوچەکەدا دامەزرێنن وەکوو کارتێکی فشار هەم نەکەونە ناوباوەشی دەوڵەتی ئازەربایجانەوە و هەم ببنە فشارێك لە سەر تاران و داوای ئەوەی لێبکەن لانی کەمی مافە نەتەوایەتییەکانیان لە ئێران بێتە دی کە لە بەرنامەکانی حیزبی دیموکراتدا بە مافی خودمختارییە بۆ کوردستان، دروست کردنی ئەنجوومەنێکی میللی زمانی کوردی، پەرەپێدانی ئابووری کوردستان، سەرف کردنی باج و دەرامەتی کوردستان بەشێکی بۆ قازانجی خەڵکی کورستان و هەروەها کردنەوەی قوتابخانە و بایەخدان بە تەندروستی و لایەنەکانی و خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی کوردستان کە لە ئەنجامی سیستەمێکی

ديكتاتۆری و فاشيزم له تاراندا بەداخەوە خەڵكی كوردستان له ژێر دەسەڵاتی پەهلەوی لەو مەسەلەیە مەحرووم بوون و هەروەها ئەوانەشی كە لە تاران بوون لە ماوەی ساڵەكانی جەنگی جەهانی دووهەمدا بە خودی دەربار و سەرۆكوەزیرەكانیشەوە كارێكی وایان نەنواندبوو كە دەسەڵات یان خود رێبەرایەتی كورد ئەو كاتە هۆمێدێكیان پێیان هەبێت. بۆیە لەبەرامبەر ئەواندا هەوڵیاندا وەكوو ئەمری واقع ئەزموونێك یان جمهووریيەتی دیموكراتیكی كوردستان رابگەیەنن و هەوڵی ئەوە بدەن ئەم شتە بكەنە واقعێك و هەوڵی ئەوە بدەن كە ئەو ستەمە مێژووییە لە كورد كراوە بسڕێتەوە و ئێرانیش لە ئێرانێكەوە كە لە سەر سیستەمی دیكتاتۆرییەت و میلیتاریستیەت و شۆڤینییەت بنیات نرابوو هەوڵ بدەن كە ئێران بەرەو دیموكراتیك و ئێرانێكی دەستووری و ئێرانێكی یاسا و ئێرانێكی پێشكەوتوو بەرن بەرێوە. لەبەر ئەوە تێكڕای ئەو فاكتەرانە ئێمە دەتوانین قسەیان لێبكەین وەك فاكتەری گرنگ لە دامەزراندنی كۆماری كوردستان بەبێ ئەوەی ئەوەمان لە بیر بچێ كە جووڵانەوەی نەتەوایەتی كوردەكانی رۆژهەڵات لە ژێر كاریگەری جووڵانەوەی نەتەوایەتی كوردەكانی باشووردا بووە و بوونی بارزانییەكان وەكوو هێزێكی شەڕكەر و جەنگاوەر لە كۆماری كوردستان ئومێدێكی بەخشیبوو كە ئەو كۆمارە بڕیاری خۆی بدا لە دامەزراندن لە بوونی هێزێك كە هاتوو ئەو كۆمارە تووشی فشارێكی ناوەند ببێت و ئەم كۆمارە بتوانێ بەرگری لە خۆی بكات و خۆی وەك ئەمری واقع بسەپێنێ بە سەر ناوەندا.

-دكتۆر یاسین ئێوە لە قسەكانتاندا بەردەوام وشەی "كۆماری كوردستان"تان بەكار دەبەن، یەكەم ئیستدلالتان بۆ بەكار هێنانی وشەی "كۆماری كوردستان" لە بەرامبەر ئەو خەڵكانەی ئەو كۆمارە بە "كۆماری مەهاباد" دەناسێنن چییە؟ هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە زۆرێك لە بەشەكانی كوردستان و بەتایبەتی جنووبی كوردستانی رۆژهەڵات لەو كۆمارەدا بەشدار نەبوون و ئەو كۆمارە لە موكریان تێنەپەڕی و لە هەمان كاتدا رۆڵی كەسایەتی "قازی محەمەد" لە دامەزراندنی كۆماری كوردستان كە هەڵبەت ئەویش بە



لەبەرچاوگرتنی مێژوو و رابردووی كۆمەڵەی ژیانەوە كورد (كۆمەڵەی ژ.ك) و پاشان گۆڕینی ناوەكەی بۆ "حیزبی دیموكرات" و هاتنی قازی بۆ سەركردایەتی ئەو حیزبە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

سەبارەت بە پرسیاری یەكەم ئێمە تا دەڵێن كۆماری دیموكراتی كوردستان ناوەكە و ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە لە رۆژنامە و نووسینەكان و مۆرەكان و هەموو شتەكانی كۆمار قەت بەوە نەهاتووە بڵێت "كۆماری مەهاباد". لەبەر ئەوەی رێبەرایەتی كورد لە رۆژهەڵاتی كوردستان دەسەڵاتەكەی خۆیان بۆ ئەوە دروست نەكرد كە تەنها شاری مەهاباد بەرێت بەڕێوە، بەڵكوو سەنتەری دەسەڵاتەكەیان شاری مەهاباد بوو و هەندێك جار كە دەوترێ كۆماری مەهاباد بۆ ئەوە دەوترێ كە سەنتەرەكە شاری مەهاباد بووە، ئەگینا چ ناوەكە لەو سەردەمەدا و چ ئامانج و بیروبڕوای سەركردەكەیان و بنیاتنەرانی كۆمار بۆ ئەوە بووە كە جەمهووریيەتێكی كوردستانی، دیموكراسی و نەتەوەیی بێت كە لە بەرنامەكانی حیزبی دیموكراتدا هاتووە كە هەموو هەرێمەكانی كوردستانی رۆژهەڵات بگرێتە خۆ و ئەم هەرێمانە دەسەڵاتێكی هەڵبژێردراوی خۆیان هەبێ و تەواوی مافە نەتەوایەتییەكانی خۆیان لە مافی زمان، كەلتووری، كۆمەڵایەتی، مافەكانی بایەخ پێدان بە بوارەكانی دیكەی ژیان بەهەرەمەندی تەواویان هەبێت و خودی ئەو دەسەڵاتە لە لایەن خودی كوردەوە بەڕێوە بڕوات لە سایەی ئێرانێكی دیموكرات كە ناوەندەكەی تاران بێت، دەنا ناوە راستەقینەكەی پێی دەوترێ "كۆماری دیموكراتی كوردستانی ئێران"ـە.

سەبارەت بە رۆڵی پێشەوا قازی محەمەد من پێم وایە جەنابی پێشەوا قازی محەمەد رۆڵێكی یەكجار گەورە و یەكجار موئەسیری لە بنیاتنانی كۆماری كوردستاندا دیاری كردووە. بەو دەلیلەی كە لەو سەردەمانەی كە رۆڵی سەركردە و رۆڵی رابەر رۆڵێكی بڕیاردەر و هەرە سەرەكی بوو لە بەرەوپێش بردنی رووداوەكان یان دیاری كردنی ئاراستەی رووداوەكە و تا ئێستەش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رۆڵی سەركردە رۆڵێكی دیار و گەورە لە بڕیارە سیاسییەكان و

بێگومان قازی محەمەد یەکێك بوو لە کەسایەتییانەی کە بە مانای وشە مرۆڤێکی نەتەوەپەروەر و پێشکەوتووخواز و دیموکرات بوو و زۆر بە جیددی تێدەکۆشا و کاری دەکرد لە پێناو ئەو ئازادییەی کە لە ساڵەکان جەنگی جیهانی دووهەم لە ناوچەی موکریان و شاری مەهاباد هاتۆتە دی هەوڵ بدرێ بکرێتە دی فاکتۆر و بکرێتە فاکتۆرێك و هەوڵ بدرێ لە رێگەی ئەوەوە ئازادی و بەرقەرار بوونی مافە نەتەوەییەکان بۆ بەشەکانی ناوەند و خواروو کوردستان بهێنرێتە بوون کە ناوچەکانی سنە و باشوور و کرماشان و باقی ناوچەکانی دیکەی، دیارە کەسایەتی قازی محەمەد کەسایەتیەکی زۆر گرنگەو بایەخدارەوعاملێکی کاریگەرەو وەك رێبەرێك کە کاتێك سەردانی تەبرێز دەکات لەگەڵ پیشەوەرییداو کاتێك سەردانی باکۆ دەکات لەگەڵ باقرۆفدا تووشی موناقشەو رووبەڕووبوونەوەی توند دەبن لە بەر ئەوەی کە ئەوان داوای ئەوە دەکەن کە مەهاباد وناوچەی موکریان ئەوکات ئازەربایجانی غەربی ناودبڕی لە بەڕێوەبەرایەتیەوە دەبێ بەشێك بێت لە حکوومەتەکەی ئازەربایجان، دەبینین ئەوە قازی محەمەدە ئیسرار دەکات کە ئەوان ئامادە نین سەردانەوێنن‌و بەشێك بن لەو حکوومەتەی ئازەربایجان‌و ئەوانیش وەکوو میلەتێکی غەیرە فارس‌و میللەتێکی خاوەن زمان‌و کولتوور و خاوەن هەموو رەگەزەکانی نەتەوایەتی ستەمیان لێکراوەو مافی ئەوەیان هەیە کە دەسەڵاتێك‌و ئیدارەیەکی ناوخۆو سەربەخۆیان هەبێت لە ئیدارەکەی ئازەربایجان‌و بڕیاری ئەوە بدەن کەخۆیان خاوەن ئیدارەو دەسەڵاتێکی تایبەت بەخۆیان بن، لەبەر ئەوە رۆڵی قازی محەمەد وەك کەسایەتییەکی کاریزمای نەتەوە پەروەری دیمۆکراتی پێشکەوتنخواز بە یەك لە هەرە فاکتەر گرنگەکان‌و بنیات نەرەکانی دامەزرانی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان دادەنرێت.

- دوکتۆر ئێوە وەك پسپۆرێك و مێژووناسێکی ئەکادیمی باستان لە دەسکەوتەکانی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان کرد لەوانە خوێندن بە زمانی کوردی و... بە پێی زانیارییەکانی من ئێوە هەر ئێستا بابەتێکتان لە سەر ماڵپەڕی "دیمانە" هەیە کە تێیدا رۆڵ و پێگەی نیهاد و دامەزراوە دیموکراتیکەکانتان تاوتوێ کردووە. ئێوە ئەگەر تیشکێك بخەنە سەر ئەو نیهاد و دامەزراوانە و لە هەمان کاتیشدا و بفەرموون کاریگەرییەکانی کۆماری کوردستان لەسەر بزووتنەوەی دیموکراتیك و رزگاریخوازانەی گەلی کورد بە گشتی و لە کوردستانی رۆژهەڵات بەتایبەتی بە ئێستاشەوە چۆن دەبینن؟

بێ گومان رێبەرانی یان خود دەسەڵاتدارانی ئێرانی‌و نوێنەرانی گەلی سەردەستی فارس بەداخەوە تاکوو ئێستا بە شێوەیەکی شۆڤێنیستیانە بیر دەکەنەوەو بەشێوەیەکی شۆڤێنیستیانە رەفتار دەکەن‌و بڕوایان بەمافی نەتەوە غەیرە فارسەکان نییەو دان بە مەسەلەی بوونی کێشەی نەتەوایەتی وەکوو یەکێك لە هەرە کێشەگرنگەکان‌و قەیرانە بەردەوامەکانی مێژووی ئێران دانانێن‌و هەوڵ دەدن واپیشان بدەن کە کۆماری کوردستان بریتی بووە لە مقاشێك یان بریتی بووە لە دەستە نێژێکی یەکێتی شورەوی لەناوچەکە وئامانجی ئەوە کە ئەو کۆمارە هەوڵدان بووە بۆ فشار خستنە سەر تاران‌و یاخود هەوڵدان بووە بۆ بەلشەفە کردنی ئێران، واتە بەکۆمۆنیست کردنی ئێران. لەکاتێکدا کە ئەو کەسەی مێژووی جمهوریەتی دیموکراتی کوردستان بەوردی بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە رێبەرایەتی کۆماری کوردستان رێبەرایەتیەکی نەتەوەپەروەر بوون واتە ناسیۆنالیزم بوون‌و کۆمۆنیست نەبوون، لیبرال بوون تۆتالیتێر نەبوون، ئازادیخواز بوون بانگەشەی دیکتاتۆریەتیان نەکردووە، و لەکۆماری کوردستانداپرۆلیتاریا نەبوو، و زۆربەی رێبەرەکانی کۆمار یان مۆڵکدار بوون یان کەسایەتی ئائینی بوون‌و هێزی کۆماری کوردستان عومەر خانی شکاك وحەمە رەشیدخانی بانەو مەلا مستەفا انە هەمووی زیاتر کەسایەتی خێڵەکیان پێوەدیار بوو تا کەسایەتیەك بن کە کۆمۆنیست بن‌و کار بۆ بەلشەفە کردنی کوردستان‌و ئێران بکەن. ئەم تەجروبەی جەمهورییەتی کوردستان ئەبێ جیاواز لە تەجروبەکەی یان خود لە پێکهاتەو ستراکچەری‌و وەرچەرخانی سیاسی‌و فیکری تەجروبەکەی ئازەربایەجان تەماشا بکرێ. بۆیە ئێمە دەبینین جەمهورییەتی کوردستان لەو قۆناغەدا زۆر کاری کردوون کە لە

مێژووی نەتەوایەتی کوردی ئێراندا کاری یەکەمین جار بوون لەرووی دروست کردنی ئیدارەیەکی کوردی، بەرەسمی کردنی زمانی کوردی، مەسەلەی هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوی بیری ئازادیخوازیودژە فاشیزم، و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی یاساو دژایەتی کردنی مەسەلەی مەوادی موخەدیرو دزیو بەرتیل خۆریو کەئەمانە بەشێکن لەکولتوری نەتەوەی سەردەست و دەیانهەوێ بەزۆر بیسەپێنن بە سەر نەتەوە غەیرە فارەسە ژێر دەستەکانی خۆیاندا

بەراستی لەو مەسەلانەدا نەماوە بەڵکوو ئەو تەجرەبەیە مۆرکێکی قووڵی نەتەوەیی لەمێژووی رۆژهەڵاتی کوردستانو خەڵکی کوردستانە لە ئێرانداوە و لە کاتی خۆشیدا گەورەترین و وروژێنەرو هاندەری بیری نەتەوایەتیوکاری نەتەوایەتی بووە چ لە بەشەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری کورستاندا نەبوون، یان ئازاد نەکرابوونو لە ژێر چنگی فارسیزمی ئێرانیو هەیمەنەی بریتانییەکانو ئەمریکییەکاندابوون، وچ لەپارچەکانی دیکەی کوردستان کە باشوری کوردستانو رۆژئاوای کوردستانە، بەراستی ئێمە کە تەماشا دەکەین لەم قۆناغەدا درووستبوونی یەکیەتی ئازادیخوازانی کورد لە تاران، دروستبوونی یەکیەتی دانشجویانی کوردی زانکۆی تاران، هەر وەها یەکیەتی جەوانانی گەروس کە ئەم رێکخراوە ئازادیخوازە دیموکراتانە لەژێر تەئسیری ئەزموونی جەمهورییەتی کوردستان بوو لە ساڵی ١٩٤٦ لەپارچەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان یان بەشە ئازاد نەکراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. و هەروەها ئەگەر تەماشای ئەزموونی جەمهورییەتی کوردستان بکەین راستە لە یەك لە سەر سێی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە، بەڵام تەماشای کەین ئەم ئەزموونە، ئەزموونێکە تایبەت نیە بە تەنیا کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بەڵکوو کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەشداریان تێداکردووە، بەئەزموونی خۆیان داناوەو مەهابادیان کردۆتە قیبلەگای بیری نەتەوایەتیوئازادیخوازی لەوقۆناغەدا، بەشداری بارزانییەکان بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانو



بەرگریکردنیان لەکۆمار لەو شەڕەانەی کە لە مامەشاو لەناوچەکانی دیکەی نزیك سەقز بوون ورێگریان هەتاکوو رۆژی کۆتایی هاتنی کۆمار کوردەکانی باشوری کوردستان و بارزانییەکان و ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی کورد کە دواتر پاش گەڕانەوەیان لە حوزەیرانی ٩٤٧ دا لە عیراق ئیعدام کران، ئەمانە تێکڕایان هێزی پارێزەری کۆمار بوون. و هەروەها حەمە رەشیخانی بانە کە خێڵی قادرخانزادەیە و لە ناوچەی پێنجوێن و باشووری کوردستان چوون بۆ ئەوێو چەندی دیکە لەو کەسایەتیانەی لەباشووری کوردستانەوە چوونەتە ناو کۆمار وەکوو پێشمەرگە بەشداریان کردووە لە پاراستنی ئەو ئەزموونە کە بۆماوەی نزیك ساڵێك تەمەنی کرد و چ لە بوارەکانی دیکەدا خزمەتیان کردووە، وەك مامۆستای زمانی کوردی کە ئێمە چەندین کەسایەتیمان هەیە کە ناومان بردوون وەکوو قانع و وەکوو کەریم زەند و وەکوو شێخ جەعفەر بەرزنجی و هەروەها محەمەد توفیق وردی و چەندین کەسایەتی دیکە کە لە خەستەخانە و یا خود نەخۆشخانەی مەهاباد کاریان دەکرد و چاککردنی ئەو بریندارانەی لە جەبهە بریندار دەبوون و یا خود ئەو بریندارانەی ڕوویان تێدەکردن، برینپێچ بوون یاخود شارەزا بوون لە باشووری کوردستانەوە چووبوونە ئەوێ و سەرکردەکانی دیکەی کورد قەدری پاشا و چەندانی دیکە، ئەمانە کۆماریان بە نموونەیەکی نەتەوایەتی دادەنا. چۆن ئەمڕۆ ئەزموونی باشووری کوردستان لە لایەن سەرجەم پارچەکانی دیکەی کوردستان وەکوو ئەزموونێکی کوردی تەماشا دەکرێ کە هەوڵ دەدا بەشێکی دیکەی کوردستان رزگار بکات و ببێتە بنەمان و پایگا و پەناگایەکی ئەو کوردانەی لە دەستی زۆرداری و لە دەستی فاشیزمی تورکی و فارسی هەڵدێن، ئەو ڕۆژەش بە هەمان شێوە چەندین کەس و بە سەدەها ئینسان کە لە ژێر فاشیزمی عەرەبی و تۆپ و تەیارەی دەوڵەتی بریتانیای پشتگیری سیستەمی هاشمی پاشایەتی عێراق ڕایان کرد، پەنایان بردبوو بۆ کۆماری کوردستان و لە دام و دەزگاکانی کۆماری کوردستان کاریان دەکرد. لەبەر ئەوە ئەزموونی جەمهوورییەتی کوردستان نەك تەنها جەمهوورییەتێك بوو بۆ

کوردستانی رۆژهەڵات، بەڵکوو پەناگای کوردە ئازادیخوازەکانی باشوور و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بوو و هەروەها ئۆمێدێکی گەورە بوون و ئەزموونێکی نەتەوایەتی بوونو سەرانسەری ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەرەکانی دیکە بە قیبلەگای خۆیان و بە ئەزموونێکی نەتەوایەتی کوردیان دەزانی.

- زۆر سپاس دوکتۆر گیان. ئێمە تاکوو ئێستا باسمان لە بستێن و زەمینەکانی پاگرتن و دامەزراندنی کۆماری کوردستان و کاریگەری و تەئسیرەکانی لە سەر بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات بە تایبەتی و کوردستانی بە گشتی کرد. بە بڕوای ئێوە هۆکارەکان و یان باشتر بڵێین سەرەکی ترین هۆکارەکانی شکستی هاتنی کۆماری کوردستان چی بوون کە نەیتوانیٚ لە ١١ مانگ زیاتر بخایەنێت و درێژە بە ژیانی خۆی بدات؟

- بە بڕوای من فاکتەر بۆ شکستی کۆماری مەهاباد تەنیایی و بیٚ پشتیوانی کۆمار بوولە بەرامبەر دوژمنهایەکی خاوەن توانایەکی بەهێز و دڕندە کە هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو کە ئەزموونی کۆمار پەرە نەستێنیٚ و قەتیس بمێنیٚ لە بەشێکی دیاری کراوی کوردستان و هەر لە سەرەتاوە گەمارۆیەکی سیاسی و گەمارۆیەکی ئابووری توند بە سەر کۆماردا بسەپێنن، چۆن منداڵێك تازە لە دایك دەبیٚ و لە لانك دایە و پێویستی بە خواردن و پێویستی هەوا و پێویستی بە کۆمەڵێك وەسائیل هەیە بۆ ژیان و تۆ بێی ئەو وەسائیلەی لیٚ قەتع بکەی لە لانکدا دەیکوژی، بە هەمان شێوەش ئەزموونی کۆماری کوردستان ئەزموونێك بوو بەداخەوە لە بەرژەوەندی هێزی کۆنەپەرستی و زلهێزەکانی ئەو سەردەمی جیهاندا نەبوو و ئەزموونێك بوو کە سەرەڕای گیان فیدایی و ماندوو نەناسی و خاوەن بڕوای سەرکردەکانی لە لانکدا خنکێندرا.

ئەوە راستە کە فاکتەری نێوخۆی کۆماری کوردستان لاوازی هەبوون بە حوکمی ئەوەی کە ژێرخانی کۆمەڵگای کوردستان لەو دەمی دا ژێرخانێك بوون لە ئەنجامی داگیرکاری مێژوویی و ئەو چەوسانەوە و سیستمی چەوسانەوەی نەتەوایەتی درێژخایەن لە زۆر



لایەنەوە تووشی لاوازی کردبوو، بەڵام ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین ناتوانین بڵێین کە جمهوورییەتی کوردستان -کاتێك باسی فاکتەری دروست بوونەکەیمان کرد وتمان فاکتەری جیهانی و ململانێی زل هێزەکان لە ناوچەکەدا و حاڵەتی داگیرکردنی ئێران و دواتر هەوڵدانی شوورەوی بۆ دژایەتی کردنی نەیارەکانی خۆی لە ئێراندا رێگەیدا جووڵانەوە رەسەنە نەتەوایەتییەکانی کورد و ئازەر شەقاوێك بەرەو پێش بەرن. بەڵام پاش ئەوەی شوورەوی نەیتوانی بە هێز و توانایەکی تەواو و باوەڕ بە خۆبوون و قودرەتێکەوە کارەکانی خۆی لە ئێراندا پێش بخات و لە بەرابەر زلهێزەکانی جیهاندا پاشەکشەی کرد بە تایبەتی بریتانیا و ئەمریکا و کە ئەو کات رووسیا لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووهەم رێبەری پاڵپشتی هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران بە دەربار و ئەفسەرە شاپەرستەکان و بەو هێزانەی کە بە دژی خواست و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد بوون ئەوانە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە ئێراندا. بێگومان تا ئێستا زۆر باسی کۆمار کراوە و هەوڵدراوە وا پیشان بدریٚ کە یەکێتی سوڤییەت دەوری یەکەمی هەیە لە رووخاندنی کۆمار و زیاتر ئەم مەسەلەیەش لە لایەن نووسەرە رۆژئاواییەکان و نووسەرە ئێرانییەکانەوە ورووژاوە و هاتۆتە بەر باس کردن بە دوو مەبەست: یەکەم ئەوەی وا پیشانی بدەن کە کۆماری کوردستان زادەی سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت و شوورەوییە و مەقاشی دەستی شوورەویی بووە، نەك هەڵقوڵاوی خواستێکی نەتەوایەتی کوردی رەسەن و تێکۆشان و ئومێدێکی نەتەوایەتی. دووهەم لە کاتی خۆیدا هەوڵدانێك بووە بۆ رەش و ناشیرین کردنی یەکێتی سۆڤییەت و پیشاندانی وەك درۆزنێکی هەڵخەڵەتێنەر کە هانی کوردی داوە و وای لێکردووە ئەزمونێکی پێدروست بکات و هەوڵبدا هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بەرێت و پشتی بەرداوە و لە مەیدانی رووبەڕوو بوونەوەدا بە جێی هێشتووە. دیارە هیچ کات ناتوانریٚ دەوری سیاسەتی دووفاقەی شوورەوی لە کۆماری کوردستاندا نکۆڵی لێبکریٚ، بەڵام ئەمە راستییەکی گرنگە ناشارێتەوە کە ئەمریکا و بریتانییەکان دەوری هەرە گەورە و گرنگیان بینیوە لە

پاش جەنگی جیهانی دووهەمدا کە هێزە کۆنەپەرستەکان و میلیتاریستە دیکتاتۆرەکان و شۆفینستەکان لە ئێراندا کۆنترۆڵی دەسەڵات بکەن و ئازەربایجان و کوردستان لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکەش بە شاهەنشاهی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی تازە لاو حەمە رەزا شا بکەن. دیارە هەر لە سەرەتاوە ئەمریکییەکان و بریتانییەکان هەوڵی ئەوەیان دا کە مەسەلەی کورد لە ئێران وا پیشان بدەن کە مەسەلەیەکی کۆمۆنیستییە و کورد هەوڵ دەدا تەجرووبەیەکی کۆمۆنیستی دابمەزرێنێ و هەوڵ دەدا سەرانسەری کوردستان لە ئەزموونێکی کۆمۆنیستی بگرێتە خۆ و ئەمەش بۆ ئەوان لە دەست چوونی سەرچاوەیەکی گەورەی وزە و بیرە نەوتییەکانی کەرکوك و بیرە نەوتییەکانی باشووری ئێران و گەورەترین هەڕەشە دەبێت بۆ رۆژئاوا و بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا لە ناوچەکە. یانی ئەوان پێیان وابوو ئەمریکاییەکان یان نوێنەرەکانیان وەکوو رۆسۆ کە جێگری کۆنسۆلی ئەمریکی بوو لە تەبرێز و هەروەها دۆهەر کە دواتر لە دوای رۆسۆ بوو بە جێگر لە راپۆرتەکانیاندا هەوڵی ئەوەیان داوە کە دەسەڵاتی سەرەوە وا ئاگادار بکەنەوە کە بە فیعلی ئازەربایجان پردێکە بۆ بەلشەڤەکردنی ئێران و کوردستانیش پردێکە بۆ بەلشەڤەکردنی ئێران و سەپاندنی نفووزی شوورەوی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەم شێوەیە ئەوان هەر لە سەرەتاوە لە خسووسیاتی جووڵانەوەی نەتەوایەتی و ئەزموونی کۆماری کوردستان تێنەگەیشتن یان ئەسڵەن نەیانویست تێبگەن وە پێیان وابوو هێنانە سەر کاری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر لە ئێران و باقی ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا ئەوان پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەوانن نەك پشتگیری کردنی لە جووڵانەوە ئازادیخوازانەکان و نەتەوە غەیرە فارسەکان و جووڵانەوەی چەپ و خەڵکی زەحمەتکێش. بە واتایەکی تر ستراتیژییەتی ئەمریکی و دیپلۆماسییەتی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پاشی جەنگی جیهانی دووهەم شێوازێك بوو کە پشتگیری لە سیستەمە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستەکان بکات نەك پشتگیری لە جووڵانەوە گەلی و نەتەوە کۆلۆنی کراوەکان و



ئازادیخواز و خەڵکە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان و بێگومان لەم ستراتیژییەدا خەبات و ئەزموونی جەمهوورییەتی کوردستان لە لایەن ئەمریکییەکان خرایە بەرەی چەپەوە و گەورەترین دژایەتی کرا و بێگومان محەمەد رەزا شا هیچ کات نەیشاردۆتەوە کە رۆڵ و نەخشی رۆژئاوا و ئەمریکاییەکان لە گێڕانەوەی ئازەربایجان بۆ سەر خاکی ئێران و تێکشکاندنی ئەزموونی کۆماری کوردستان بە چ شێوازێك بوو. لە پاش ئەوە ئەو دەورەی ئەمریکییەکان بینیان هاندەرێکی گەورە بوو، چونکا ئێران پاش جەنگی جیهانی دووهەم کە ئێرانێك بێت بکەوێتە ناو باوەشی رۆژئاواوە و ئەمریکا و ئێرانێك بێت کە لە پاشدا پێی بوترێ ژاندەرمی رۆژئاوا لە کەنداودا.

- دوکتۆر یاسین بە بڕوای ئێوە کام رەهەند و کام لایەن لە کۆماری کوردستان کەمتر گرنگی پێدراوە، خراوەتە پەراوێزەوە و یان تەنانەت بە لاڕێدا چووە و لە مێژوودا تۆمار کراوە کە دەبێ کورد لە ئێستادا راستی بکاتەوە یان ئەوەی پێی لە سەر دابگرێ؟

بە بڕوای من ئەو کەسانەی کە باسیان لە ئەزموونی جمهوورییەتی کوردستان کردووە زۆربەی زۆریان یا خود نوێنەر و جێبەجێ کەری سیاسەتی رۆژئاوا بوون لە ناوچەکە وەك ئیدڵتون وەکوو رۆزفێڵد ئەمانە هەموویان کارمەند و دەمڕاستی دەوڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا بوون لە ئێراندا و بێگومان ئەمانە جەمهوورییەتی کوردستان لە بیروبۆچوونی خۆیان و هەروەها لەو بارەیەوە قسەی لێدەکەن کە خزمەت بە بۆچوونە ڕەسمییەکانی ئەمریکا بکات لە ئێران. هەروەها نووسەرانی دەسەڵات، ئەوانەی لە سایەی دەسەڵاتی تۆتالیتاری ئێرانی هەوڵیانداوە لەو ئەزموونە قسە بکەن و ئەوانیش هەوڵیانداوە و بە شێوازی ناسیۆنالیستێکی تەنگە تیلە سەیری مەسەلەکەیان کردووە و هەوڵیانداوە وەك مەسەلەیەکی کۆمۆنیستی و یان بیخەنە خانەی هەوڵەکانی شوورەوی بۆ فراوانخوازی لە ئێران و جەمهوورییەتی کوردستان بە عامیلێکی شوورەوی و هەروەها جووڵانەوەکەیان بە مەسەلەی تەجزییە تەڵەبی لە قەڵەم بدەن. کاتێك کە ئێمە باس جەمهوورییەتی کوردستان دەکەین پێویستە ئەوەمان لە بیر نەچێ کە

مەسەلەی جەمهوورییەتی کوردستان و حکومەتی ئازەربایجان دانەبڕین لەو هەلومەرجە سیاسی و فکرییەی کە لە سەراسەری ئێران و سەراسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو قۆناغەدا چۆتە پێش. بەتایبەتی بیری ئازادیخوازی، بیری حکومەتێکی دیموکراتیك و بیری وەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی ڕەشوڕووت و زەحمەتکێش و هەوڵدان بۆ هێنانە سەرکاری ڕژیمێك کە بایەخ بە ژیانی کۆمەڵگا بدا و مافەکانی تاك لە کۆمەڵگادا بپارێزێ، بە پێچەوانەی ڕژیمە تۆتالیتێرەکان، ڕژیمە شوڤێنیستییەکان، ڕژیمە دیکتاتۆرەکان کە هەوڵ دەدەن بەرژەوەندی تەنها چینێکی دیاریکراو بپارێزن و سەرجەمی کۆمەڵگا و چین و توێژەکانی دیکە بخەنە ژێر فشار و لە نەهامەتی و لە برسێتی و نەداری و لەحاڵەتێکی خراپدا بیانهێڵنەوە.

بەڕاستی کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەی ئەزموونێکی نەتەوەییە ئەزموونێکی ئینسانییە، لەبەر ئەوەی نەتەوایەتی کورد جیاناکرێتەوە لە بیری ئازادیخوازی و بیری ئینسانی. هەروەکوو لێنین دەڵێت: "هەموو تێکۆشانی نەتەوایەتی گەلانی بندەست هەوڵێکە بۆ چەسپاندنی بیری ئازادیخوازی و بیری ئینسانی واتە خەباتی نەتەوایەتی گەلانی بندەست خەباتێك نین لە پێناو بندەست کردنی نەتەوەکانی دیکەدا بەڵکوو لە پێناوی ڕەتکردنەوەی ستەمی نەتەوەیی سەردەستن کە هەوڵ دەدات ئەم کۆمەڵگایە وەکوو کۆمەڵ بێبەشە لە مافەکانی خۆی" و هەروەکوو مارکسیش پێمان دەڵێت: "هیچ گەلێك ناتوانێت ئازاد بێت ئەگەر بێت و گەلێکی دیکە لە سایەی خۆیدا بە بندەستی بهێڵێتەوە".

- هەرچەند مەسەلەی کۆماری کوردستان دەکرێ زۆر لەوە تێر و تەسەل تر لە سەر ئەبعادی کاریگەر و ڕەهەندەکانی قسە بکرێ و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ، بەڵام وەك دوایین پرسیار دوکتۆر ئێوە وەك کەسایەتییەك کە خوێندنەوەیەکی زۆر ورد و چڕوپڕ و لە هەمان کاتدا زانستیانەتان بۆ مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەرووی هەموویانەوە بۆ کۆماری کوردستان کردووە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆر لە نازناوی "گاندی ڕۆژهەڵات"یان داوەتە "پێشەوا قازی" کە لە کاتی تەنگانەدا



خەڵکەکەی جێ نەهێشت و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو هەلومەرج و دۆخی ئەوسای کورد و کۆمار و ڕژیمی دیکتاتۆری حەمەڕەزا شا لەگەڵ مەهاباد دەرنەچوو و مێژووش شاهیدەکە وێڕای هاوڕێیانی لە چوارچرا لە مەهاباد بە پەتی سێدارە شەهید کرا، بەڵام ئێوە وەڵامتان بۆ ئەو ڕایەی کە پێی وایە " پێشەوا قازی محەمەد کەسایەتییەك بوو کە بە نیسبەت دەوڵەتی ئەو کاتی حەمەڕەزا شا ڕارا بووە یان تەوەهۆمی هەبووە  هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو کە مەهابادی جێ نەهێشت و وەڵامی ڕەدی بە بارزانییەکان داوە کە لەگەڵیان لە مەهاباد دەرباز نەبوو." چییە؟

بەڕاستی ئێمە وەکوو ئەکادیمییەك بە بێ ئەوەی بچینە ژێر مەسەلەی سۆزی نەتەوایەتی یان خۆشەویستی بۆ قازی کە کەسایەتییەکی یەکجار گەورە و پایەدارە لە مێژووی گەلی کوردی هاوچەرخ ئێمە کاتێك پێمان وایە کە کاتێك جەنابی پێشەوا بڕیاری دامەزراندنی کۆماری کوردستانی دا کە بڕیارێکی زۆر سەخت بوو تۆ لە واقعێکی بەو شێوەیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتێکی وێران و گەلێکی داگیرکراو کە خەڵك وشیاری نەتەوەیی ئەوندە فرە نییە و دۆستەکانی کوردیش زۆر نین و تەنانەت لە ناوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش زۆرێك لە سەرۆك خێڵەکان ئەمانە لە چوارچێوەی پشتگیر کردنی سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی ئامادە نەبوون دەسەڵاتی کۆماری قبوڵ بکەن، کاتێك کە قازی محەمەد بڕیاری دامەزراندنی کۆماری کوردستانی دا نە بیری لە پاراستنی گیانی خۆی و نەبیری لە پاراستنی بەرژەوەندی ماددی کردبۆوە. واتە لەو مەسەلەیە کە زیاتر ئامانج و بەدیهێنانی خواستی ئازادیخوازی و نەتەوەی پاڵنەری سەرەکی بوون و قازی محەمەد سوێندی خواردبوو کە لەو پێناوەدا (یانی لە سوێندی کۆماردا) کە لەو پێناوەدا هیچ پاشەکشەیەك نەکا و لەو پێناوەدا تا دوا تنۆکی خوێنی لە خەبات و تێکۆشاندایە.

من پێم وایە چۆن گەورەی مەسیح لە لەخاچ دانەکەیەتی گەورەیی پێشەوا قازیش لە لەسێدارە دانەکەیەتی. بێگومان حکومەتی ئێران بە لە سێدارەدانی قازی محەمەد قازی خۆی چەند گەورە بوو، ئەوندەی دی

قازی محەمەدی گەورە کرد. پێم وایە کاتێك قازی محەمەد سێ هەڵاوێردەی لە بەردەم دا دانرا کە یا وەکوو "پیشەوەری" رایان کردوو و پەنای بردە بەر شوورەوی و دەستیان لە تێکۆشان بەردا ئەویش خەڵکەکەی بەجێ بێڵێ و خەڵکەکەی بکاتە قوربانی و گیانی خۆی دەرباز بکات. یان ئەوەی دەست بدەنە چەك و لە شاخەوە شەڕی پارتیزانی بکەن بە دژی جەیشی ئێران و ئەو جەیشەی کە ئێمە دەزانین کە ئەمریکییەکان لە ساڵەکان جەنگدا لە لایەن جەنراڵ شوارسکۆفەوە باپیری ئەو شوارسکۆفەوە بوو کە عێراق لە کویت بۆ ئەمریکییەکان دەرکرد تەمرینیان پێ کردبوون، لە بەرامبەر ئەوان، لەبەرامبەر خێڵە دژ بە کۆمار و لایەنگری شا واتە سەرۆك خێڵە جاشەکانی کورد کە دەوری زۆر خراپیان بینی لە رووخاندنی کۆماردا بکەوێتە خەباتێك بێ هیچ پشت و پەنایەك بیدایەتە شاخ و دژایەتی دەسەڵات بکات و ناوچەکە تووشی شەڕ و وێرانکاری بکات یان ئەوەی کە تەواوی مەسەلە و رووداوەکان بخاتە سەر شانی خۆی و چاو لە گیانی خۆی بپۆشێ و خۆی بۆ خۆی بچێ بەرەوپیری لەشکری شاهەنشاهی و لە پێناو پاراستنی شار و ناوچەکە و خەڵکی ناوچەکە و تووش نەبوونیان بە کوشت و بڕ خۆی بە سپای ئێرانی تەسلیم بکا و بڕیاری بەرگری کردنی نەدات.

من پێم وایە قازی محەمەد زۆر لە ئێمە باشتر ئێرانییەکانی دەناسی و پێشووتر سەردانی تارانی کردوو، شای بینیبوو، ئەفسەرەکانی بینیبوو، لەگەڵ حەسەن ئەرفەع و چەندینی دیکەیاندا دانیشتنی هەبوو و ئەوانیش زۆر بە باشی قازی محەمەدیان دەناسی و قازیش زۆر بەباشی ئەوان و سیاسەتی ناجەوانمەردانە و سیاسەتی غەدر و دڕندەیی ئەفسەرانی ئێران و دەرباری ئێرانی زۆر باش دەناسی. پێم وانییە قازی محەمەد هەڵخەڵەتابێ بە خۆ تەسلیم کردنی. ئەگەر بەو شێوەیە بوایە نە لە کاتی مەحاسبە کردندا ئەوندە مەردانە وەڵامی دادگای دەدایەوە و نە لەکاتی لەسێدارەدان دا ئەوندە مەردانە پەتی سێدارەی لە مل دەکرد و بە چاوی کراوە لە دواساتەکانی ژیانی دا مەهاباد ببینێ بە بێ منەت دەچووە سەر پەتی سێدارە و لە پێناو ئازادی



میللەتەکەیدا پەتی سێدارەی لە مل دەکرد و ئەو قسەیەی دەکرد کە "ئەگەر ئەوڕکە ئێوە قازی محەمەدێك لە سێدارە دەدەن، سبەینێ هەر کوردێکی ئەم نیشتمانە دەبێتە قازی محەمەدێك" کە بە فیعلی راستە و سیاسەتی تۆقاندن و کوشتن و ئەسمیلاسیۆن و نەك نەیتوانیوە خەڵکی کوردستان ملکەچ و سەرشۆڕ بکات و لە ناوی بەرێ، بەڵکوو ئەمڕۆ لە زۆربەی کاتەکانی دیکە خەڵکی کوردستان وشیارترە، هەڵگری بیروباوەڕی ئازادیخوازترە و رێکخراو و حیزبی هەمە چەشنەی هەیە هەر هەموویان داوای مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و مافە ئازادیخوازانەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن بە شێوەی جیاواز جیاواز و حەتمییەتی مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ کە لەو شوێنەی کە قازی محەمەدی تیا لە سێدارە درا ئاڵای کوردستان بۆ جارێکی دیکە هەڵدەکرێ.

## پێشەوا...گەڕانەوەی ئەخلاق بۆ سیاسەت•

شەستوپێنج ساڵ بەر لە ئێستاو لەسەرەتای مانگی یەنایەری ١٩٤٦دا، رێبەرایەتیی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، خۆی بۆ راگەیاندنی بڕیارێکی مەزن ئامادە دەکرد، ئەویش بڕیاری دامەزراندنی کۆماری میللی دیموکراتی کوردستانە لە شاری مەهاباد، کە دووەمین ئەزموونی فەرمانڕەوایی میللی کوردە لە سەدەی بیستەمدا. ئەو کۆمارەی کە وەرچەرخانێکی جۆرایەتییە لە مێژووی هاوچەرخی کورد نەك تەنیا لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسییو کۆمەڵایەتییو فەرهەنگییو ئابووریی بۆ گەلی کورد لەسەر بەشێك لەخاکی خۆی گێڕایەوە، بەڵکو لەئاکامی ئەو وەرچەرخانە جۆرایەتییەی لە کایەی ئەنجامدانی کاری سیاسیی کوردستانو بگرە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هاتە کایەوە.

ئەوەی لەم وتارەدا خوازیارم ئیستیکی لەسەر بکەم، قسەکردن نییە لە زەمینەو هۆکارەکانی دامەزراندنی کۆمارو ریزبەندکردنی رووداوە مێژووییەکان لەمەڕ رۆڵی یەکێتی شورەوییو دواتر ململانێیەکانی رێبەرانی ئەو ئەزموونە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندییو پێکدادانە سەربازییەکانی بەرەی باشوورو تێڕوانینی زلهێزەکانو هێزە هەرێمییەکانو هەروەها ئەو دانوساندنانەی بۆ دیارکردنی چارەنووسی ئەو دەسەڵاتە کوردییە، هێندەی هێنانەکایەی گەنگەشەیەکە لەمەڕ سروشتی ئەخلاقیبوونی پێشەنگی ئەو رێبەرایەتییە سیاسییەو هەڵسوڕانی دەسەڵاتدارێتییەکەیە لەوماوە کەمەی ژیانییدا کە کەمتر لە ساڵێك بوو، ئەو دەسەڵاتدارێتییەی مۆرکێکی قووڵی لە ژیانو ئەخلاقی سیاسیی کوردستانو ناوچەکەدا، کە وێڕای هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ

---

• ئەم وتارە پێشتر لەیادی شەست و پینج ساڵەی دامەزراندنی کۆمار لە هۆڵی تەوار لەسلێمانی پێشکەشکراو دواتریش لە ٣٠ی مارتی ٢٠١٢دا لەسایتی کوردستانپۆست بڵاوکراوەتەوە.



سڕینەوەی دراوە، تادێت لایەنە رووناكو پرشنگدارەکانی روونتر دەردەکەوێت.

مەبەستی ئەم وتارە، قسەکردنە لە جۆری ئاکارو ئەخلاقی پێشەوای ئەم کۆمارە میللییەی کوردو بەشدارییەکی جیدییە لەو دیالیکتیکەی دەمێکە سەبارەت بە پەیوەندیی ئەخلاق بە سیاسەتەوە لەگۆڕێدایە، ئەو ئەخلاقەی، باوکانی فەلسەفەی سیاسیی لە یۆنانی کۆندا کردوویانەتە بنچینەی هەرە سەرەکییو پێویست لە رێبەرانی سیاسییداو پیادەکردنیشیان لە بواری دەسەڵاتو حوکمڕانێتییدا کردۆتە بابەتێکی تەواوکارییو بنەڕەتیی، جگە لەوەی کە خولیای هێندێك لەو فەیلەسوفانەو هەروەها بیرمەندانی سیاسییو کۆمەڵایەتیی لە قۆناغە مێژووییەکانی دواتردا گەیشتووەتە رادەی وێناکردنو نەخشاندنی یۆتۆپیا لەمەڕ کۆمارێك یان شارێك کە لەلایەن پێشەوایەکی داناو بەئەخلاقو بژاردەیەکی چاکەکارو رەوشتبەرزەوە، فەرمانڕەوایەتیی بکرێتو دەسەڵاتێکی نموونەیی بهێنرێتەکایەوە کە بەختەوەری بۆ دانیشتووانەکەی بێنێتەدی. لێرەوە یۆتۆپیای کۆمارەکەی ئەفلاتونو خولیاکانی کۆنفۆشیۆس لە چین، پێنج سەدە پێش زاین، هەروەها قەشە ئۆغستینو فارابی لە سەدەکانی ناوەڕاست،و تۆماس مۆر لە قۆناغی نوێدا بۆ هێنانەکایەی ئەو دەسەڵاتە نموونەنەییو(شارە چاکە)ی قسەیان لێوەکردووە، تێکڕایان بایەخێکی بنەڕەتییان بەو بابەتە داوە.

دیارە ئێمە لەم رووەوە ئاگامان لەو سەنتێزەشە کە لە درێژایی ئەم دیالێکتیکەدا هەوڵی جیاکردنەوەی بنەماکانی ئەخلاقی تاکی لە دەزگای دەوڵەت داوەو هەوڵیداوە لە بۆچوونێکی قازانجپەرستانەو هێزگەرایانەوە بڕوانێتە مەسەلەکەو بنەما ئەخلاقییە گشتییەکان نەکاتە مەرجو پێویستییەك بۆ دەسەڵاتدارو بەڕێوەبەرانی دەوڵەتو لەبنەڕەتەوە لەبەرچاویان نەگرێت، ئەوەی لە گوتاری سۆفستائییەکانو پاشتر میکاڤیلییو پراگماتیستە هاوچەرخەکاندا رەنگ دەدەنەوە. لێرەشدا ئەو پرسیارگەلە دێتە گۆڕێ، کە لەکاتێکدا مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی خاوەن ئەخلاق پێناسە دەکرێت، ئایا سەرۆك و رێبەرایەتییگەلێکی بێ ئەخلاق دەتوانن بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی

بەختەوەرو خۆشگوزەران ببنە پێشەنگ؟!! ئەو دەسەڵاتانەی لەدەست بژاردەیەکی بێ ئەخلاقدایە، کۆمەڵگا بەرەو کوێ دەهاژون؟!! بەهاو بنەماو نۆرمی دەسەڵاتەکانیان چۆن دەبن؟و دەزگاکانی سیاسییو کارگێڕیی و فەرهەنگییان چ جۆرە تاكو کۆمەڵگایەك بەرهەمدێنێت؟..بێگومان مێژووی ئەزموونە سیاسییەکان زۆر باش وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانەی داوەتەوەو لە دەورانی رابردوودا، کاریگەریی ناوەندیی پێشەوای بەئەخلاقو سەرۆکی بێ ئەخلاقی لەسەر ژیانی خەڵکی وێناکردووە.

شایەنی باسە، بەهاو ئاکاری سەرکردە مۆرێکی بنچینەیی لە سیستمی بەهای کۆمەڵگا دەدا. یەك لە پەندە ئینگلیزییەکان دەڵێت:" What Manchester say today, the rest of England says it tomorrow" واتە: ئەوەی ئەمڕۆ مانچستەر دەیڵێت، تەواوی ئینگلیز سبەینێ ئەوە دەڵێن. هەروەها کام لە ئێمە ئەو چیرۆکەمان لەبیر نیە کە سەبارەت بە پاشای فەرەنسا"لویسی چواردەیەم" وە دەگێڕرێتەوە، کاتێك لویس لە شەوی ئاهەنگێکدا لە کۆشکەکەیەوە بەرەو لای میوانەکانی دەڕواتو بەهۆی بارینی بارانەوە دەرلنگی پانتۆڵەکەی هەڵدەکات، کە دەگاتە ئاهەنگەکە لەبیری دەچێت قەراغی پانتۆڵەکەی دابداتەوە، هەربۆیە بۆ سبەی شەو تەواوی ئاهەنگێڕان بە مۆدێلەکەی لویس پانتۆڵەکانیان کورت دەکەنەوەو لێرەوە مۆدێلی فەرەنسیی پانتۆڵ داکەوت کە تەنانەت دوای دوو سەدەش لەکاتی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن نازییەکانەوە، هێتلەر بەو هەموو زەبرو زەنگەوە نەیتوانی ئەو مۆدێلە بسڕێتەوە.

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە مێژوویەکی دێرینی لە سایەی دیسپۆتیزمی رۆژهەڵاتییدا بردۆتەسەر، ئەو سیستمەی کە تێیدا "خوداو سەرۆكو نیشتمان"سێکوچکەی دەسەڵاتێکی رەهای ملهوڕی خۆبەپیرۆززانی توندوتیژو تۆقێنەری هێناوەتەبەر، ناکرێت رۆڵی سەرکردە هەروا بە ئاسانیی تەماشابکرێت، ناکرێت لە پرۆسەی مێژوویی ناکامی گەلانو کۆمەڵانی خەڵکدا مەزنترین ئۆباڵ نەخرێتە ئەستۆی سەرکردەو دەسەڵاتداران، ئەوانەی گەر بەد بووبێتن ئەوا



تەواوی کایەکانی کۆمەڵگایان بە بەدکاریی خۆیانەوە گیرۆدەکردووەو گەر دادپەروەریش بووبێتن ئەوا سەردەمێکی زێڕیینیان بۆ رەعییەتەکانیان هێناوەتەدی کە لەمێژووی ناوچەکەدا نموونەی زۆر نیە. هەربۆیە جێی سەرسوڕمان نیە کە پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) شانازیی بەوەوە کردووە کە "لەسەردەمی نەوشیروانی دادپەروەردا لە دایك بووە"!

لە قورئانی پیرۆزدا لە ئایەتی ٣٣ی سورەتی نەمل دا،ئاماژە بە ئاسەواری بەدکامیی سەردارو پاشاوسەرکردە پوچەڵ و ستەمکارەکان بەسەر کۆمەڵانی خەڵکەوە دراوە و دەفەرموێت" گەر پاشاکان بچنە گوندێکەوە گەندەڵکاریی تێدا دەکەنو خەڵکە بەڕێزو نەجیبەکەی ریسواو زەلیل دەکەنو هەرواش دەکەن" . پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێت:"دوو توێژی ئۆمەتەکەم چاك بن ئەوا هەموو چاك دەبن، بەدیش بن ئەوا هەموو بەد دەبن. وتیان کێن ئەو دوو توێژە؟ فەرمووی دەسەڵاتدارانو زانایان". عەلی کوڕی ئەبوتالیب لە نەهجولبەلاغەدا وەسێت بۆ حەسەنی کوڕی دەکاتو دەفەرموێت:" گەر سوڵتان گۆڕا دنیاکەش دەگۆڕێت". هەروەها وەلیدی کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك دەڵێت:" رەعییەت بە چاکەکاریی والی چاك دەبێتو بە گەندەڵکاریی والیش گەندەڵ دەبێت". جارێك سوفیانی سەوری دەچێتە لای خەلیفە ئەبوجەعفەری مەنسورو پێی دەڵێت:" من کەسێك دەناسم ئەگەر باش بێت ئەوا هەموو خەڵکی باش دەبنو خراپیش بێت ئەوا تێکڕایان خراپ دەبن، ئەبو جەعفەر وتی ئەو کەسە کێیە؟! وتی قوربان ئەو کەسە جەنابتی".ئیبن موقەفەعیش بڵاوبوونەوەی بێئەخلاقی لەناو کۆمەڵ و گەندەڵبوونی خەڵك راستەوخۆ بۆ بێئەخلاقی دەسەڵاتداران گەڕاندۆتەوەو لەوبارەیەشەوە چەندین جار ئەبوجەعفەری مەنسوری لەوبارەیەوە بەئاگاهێنایەوەهەتا بەهۆی درکاندنی ئەو راستییەوە سەری تێداچوو. وەك ئەفلاتون دەڵێت گومانی تێدانییە کە "بەڕێوەبردنی وڵات مەسەلەیەکە پێویستی بە هزری چاکترین عەقڵە مەزنەکان هەیە. چۆن دەتوانرێت کۆمەڵگایەك رزگاروبەهێز بکرێت گەر ژیرترینو داناترینو چاکترین پیاوەکانی

ڕێبەرایەتیی نەکەن؟" هەروەها کۆنفۆشیۆس دەڵێت "کاتێك فەرمانڕەوا چاکەکارو ڕەوشتبەرز بوو، لەپێشدا دڵی گەل بەلای خۆیدا رادەکێشێت ئنجا دەوڵەت دەگرێتە دەست" هەروەها وتویەتی" ئەگەر فەرمانڕەوا بتوانێت ویژدانزیندوو جێی متمانەبێت، لەکاردا دڵسۆزو ڕێزداربێت، ئەوا بێ بەربەست پێشکەوتنێکی سەرنجڕاکێش بەدەستدێنێت تەنانەت گەر لە خاکی بەربەرستانیشدا بێت." جەمالەدینی ئەفغانیش دەڵێت: "ئەوانەی فەرمانڕەواییتان دەکەن چۆنبن، ئێوەش هەروا دەبن".

بەڕاستیی مێژووی کۆنو نوێ ئەم وتەیەی ئیمامی عەلیو هیشامی کوڕی عەبدولمەلیكو جەمالەدینی ئەفغانی سەلماندووە.لە مێژووی ئیسلامییدا کاتێك باس لە سەردەمی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی دەکرێت کە والییەکی ستەمکارو تۆقێنەری ئەمەویی بوو لە عێراق، باس لەوە دەکرێت کە رۆژانە خەڵکی یەکتریان دەبینی پێش هەموو شت هەواڵی ئەوەیان لەیەکتر دەپرسیی کە دوێنێ کێ کوژراوە؟ کێ گیراوە؟ کێ هەڵواسراوەو کێ تێیهەڵدراوە؟. هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك چونکە خۆی خەلیفەیەك بوو حەزی بە بێستاندارییو باغو باغات دەکرد، لە سەردەمی ئەودا قسەی سەرزاری خەڵکی ئەوەبوو کە چ باغێکی نوێ بنیاتنراوە؟ چ کارێزێکی نوێ هەڵکەندراوە؟و کام داری نوێ چێندراوە. هەروەها لەسەردەمی سلێمانی برای چونکە ناوبراو ئارەزووبازێکی عەجایب بوو، خەریکی بەزمی مەینۆشیو عاشقی کەنیزەکی باڵابەرزو گۆنائاڵ بوو، بازاڕی کەنیزەك لە سەراسەری جیهانی ئیسلامییدا گەرم ببوو،خەڵکەکەش سەرقاڵی عەیشونۆشو کەنیزەکبازیی بوون. ئەو دەورانە لەسەردەمی خەلیفەی دادپەروەرو خواناس عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا بەشێوەیەك وەرچەرخا کە دەتگوت ئەو خەڵکە هیچ کات ئەوانەی پێشوو نەبوون، چونکە لە هەرلا باس باسی لەبەرکردنی قورئانو بەرۆژووبوونو شەونوێژو عیبادەت بوو.لێرەشەوە تێدەگەین کە عەرەب بەخۆڕایی لەوبارەیەوە پەندی نەهۆنیوەتەوە کە دەلێن" خەڵك لەسەر ئاینی پاشاکانێتی"یا " باوك لە ماڵا کەوتە تەپڵلێدان لۆمەی منداڵەکانی مەکە لە بادان". یان سەعدی شیرازی وتویەتی " گەر لە



باغی رەعییەت پادشا خواردی سێوێ هەتیوانی دەربار لە ریشەوە دارەکەی دەکێشێ . کوردیش دەڵێت: " ئاو لەسەرچاوەوە لێڵە"، " گەورە ئاو دەڕێژێتو بچووك پێی لێدەخات"، " بێفەڕ کاروانێك کەر سەرقافڵەی بێت".

گەر تەماشای مێژووی ئێرانیش بکەین کە لەدوای هاتنی شەپۆلی خێڵە تورکەکان لەسەدەی دەیەمی زایەنیو باڵادەستی کەلتووری خێڵەکایەتیی شمشێرو زۆرو ستەمو جەبرییەتو دەوارنشینی کە بۆ خەرمانی شارستانیی ئێرانی بوونە شێرەکولە ، باشترین نموونە لەم رووە هەردوو سەردەمی نادرشای ئەفشار(١٧٣٦-١٧٤٧)و کەریم خانی زەندە(١٧٥٥٠-١٧٧٩). لەبەرئەوەی یەکەمیان دزێکی پەتییو ناکەسبەچەیەکی خوێنرێژبوو، سەردەمەکەی تێکڕا شەڕو شۆڕو تاڵانییو نائارامییو برسێتییو نەهامەتیی بوو،بەجۆرێك کۆمەڵانی خەڵك بە لێشاو ئێرانیان چۆڵدەکرد، راستە نادر بۆ خۆی لەسەر تەختێکی ناوازەی زێڕین دانیشتبوو کە لە هیندستان بەتاڵانیی هێنابووی، بەڵام کۆمەڵگای لەوپەڕی بێئۆقرەییو دڵەڕاوکێدا راگرتبوو، دوای مردنیشی جگە لە ریسواییو بەدناویی، شتێکی بەهاداری لێ بەجێنەما. کەچی پاش چەند ساڵێکی کەم و لەسایەی کەریم خاندا، کە خانەدانێکی کوردی دادپەروەرو چاوتێر بوو، ئێران بووە نموونەی ئارامییو بوژانەوەو نەك خەڵکە راکردووەکەی پێشوو گەڕانەوە، بەڵکو بێگانەکانیش روویان لە ئێران دەکرد، کە هێندێك لەوانە ئەورووپیی بوونو لە یاداشتەکانیاندا باسیان لە تایبەتمەندیی چاکەکارییو دادپەروەریی ناوبراو کردووەو هەمیشە توێژەرانو بایەخدارانو تێکڕای خەڵکیش بە چاوێکی رێزە ئاماژە بۆ سەردەمەکەی دەکەن. بەداخەوە پاش مردنی کەریم خانی زەند، دیسانەوە دەسەڵاتی ئێران کەوتە دەست بنەماڵەیەکی تورکی خێڵی قاجار، کە شاکانی تاسەر ئێسقان نەخوێندەوارو زۆردارو گەندەڵکاربوونو شۆڕشی مەشرووتەخوازی لەسەرەتای ساڵی ١٩٠٥دا دژی ناعەدالەتییو گەندەڵکاریی حوکمی ئەم بنەماڵەیە قەوما، بێئەوەی بتوانێت گۆڕانێکی رادیکاڵ لەژیانی کۆمەڵگادا بێتە ئارا. دوای

کاولکارییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانییش، پاش ئەوەی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی مەترسیی هەڵوەشاندنەوەی ئێرانی هاتەبەرچاو، کەوتەکار بۆ هێنانەپێشەوەی ئەفسەرێکی ناوەجاغی نەخوێندەواری زبردەست و ئەنجامدانی کودەتایەك لە ساڵی ١٩٢١دا، ئەو کودەتایەی زەمینەی بۆ دامەزراندنی حوکمێکی دیکتاتۆریی ئەو ئەفسەرە نەخوێندەوارە بەناوی بنەماڵەی رەزا پەهلەویی خۆشکردو قۆناغێکی مەترسییدارتر بۆ گەلانی ئێران لەسایەی رژێمێکی ستەمکارو گەندەڵکار هاتە ئاراوە، بەتایبەتی بۆ گەلی کورد، کە نەك هەر کەوتە بن تێلدڕکی سیستەمێکی رەگەزپەرستی فارسگەرا کە لە تەواوی ناسنامە میللییو کەلتورییەکانی دایدەڕنی، بەڵکو ئەو سیستمە لە سۆنگەی ستەمکارو تۆتالیتێر بوونی، تادەهات بنەما ئینسانییو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاو تاکی کوردیشی ریشەکێش دەکرد. ئەوستەمکارییەی کە عەبدولڕەحمان ئەلکەواکبی دەڵێت: دەردێکی گڵاوە لە هەموو پەتایەك کوشندەترە، لە ئاگر ترسناکترە، لە لافاو وێرانکەرترە، عەقڵ پەك دەخات، هۆشو بیر تێکدەدات، بینایی لێڵ دەکا، لاوان هێڕو وێڵ دەکا، پیاو دەخەسێنێ، جەستە دەتەزێنێ، چاکان پەڕو باڵ دەکاً، بەدکار کڵاولار دەکا، پیتو فەڕ باردەکا، پیشەوەر بێکار دەکا، رەنگی رووخسار زەرد دەکا، دڵان چەشنی بەرد دەکا، هەموو شت دەشێوێنێ، دنیا تاریك دەنوێنێ، ورە دادەبەزێنێ، متمانە ناهێڵێ، خەڵك چەواشە دەکا، مرڕۆڤ سست دەکا، کۆمەڵگا پەست دەکا، درۆو دووڕووییو فێڵ و زەلیلیی برەو پێدەدا، راستگۆییو پیاوەتیی لەنێودەبات، گەندەڵیی بەنێو هەر کوچەو کۆڵانو ماڵکێدا دەکا، لەپێشدا ماڵەکانی چینەکانی سەرەوەو دواتر چینەکانی خوارەوەش چاو لەوان دەکەن. نە نارەزایەتیی، نە رەخنەی جیددیی، نە ئاشکرا کردنی راستییەکان، بەڵکو بێدەنگییو داپۆشینی کەموکورتییەکان. ئەم جۆرە سیستمە سێبەری نەزانو ناپاکانو کوڕی رۆژو پاشەڵپیسو چەپڵەکێشانە، دوژمنی قەستەسەری زاناو خەڵکانی رێزدارو خاوەن ویژدانە. هەوڵدەدات خەڵك بە مۆراڵی خۆی پەروەردە بکاتو وایان لێبکات پەی بە هۆکاری داماوییو نەهامەتیی خۆیان نەبەن، پیاهەڵدەرە ماستاوچییەکانیان بۆ داماڵینی بەرپرسیارێتیی لە



ئەستۆی ستەمکارانی سیستمەکە کاردەکەنو ئۆباڵەکەی یان دەیخەنە ئەستۆی قەزاوقەدەر، یاخود دەیکەنە ملی رەشەخەڵکی هەژارو چەواشەکراوی قوڕبەسەر.بەڵام ئایا تاکەی ئەم کارەیان بەم شێوەیە بۆ دەچێتەسەر؟

دیارە چارەنووسی رەزاشای ستەمکاریش لەو حەتمیەتە بەدەرنەبوو کە سەرئەنجامی تێکڕای ستەمکارە بەدئەخلاقەکانیتری مێژوو بووە، چونکە پاش هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانیو داگیرکردنی ئێران، ئەرتەشی شاهەنشاهی بێبەرگرییکردن خۆی بەدەستەوەداو سەربازخانەکان کەوتنەبەر پەلاماری خێڵەکانو لەشکری راوڕووتی خەڵکی برسییو هەلومەرجەکە لە گرێژنەدەرچوو. هەلومەرجێکی وا کە بۆشاییەکی سیاسیی پێکهێنا، ئەو بۆشاییەی کە لە شاری مەهابادی مەڵبەندی موکریانی کوردستانی رۆژهەڵات، زەمینەی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن کوردێکی داناو دادپەروەرو بوێرەوە رەخساند کە قازیی محەمەدە، ئەوەی بە سەرەتای وەرچەرخان بەرەو هاتنەدی پۆتۆپیایەکی میللیو ئینسانیی لە واقیعدا دادەنرێت کە لەدایکبوونی کۆمارەکەی کوردستانە. وەك بێکەسی شاعیر خەوی پێوەدەبینیو دەیوت" خوایە لۆسەرێك بنێری بۆ گەلی کوردی فەقیر  تاکو رزگاری بکات لەدەست بەگو شێخانو پیر"، ئەو کوردەی کە مەلامارف کۆکەیی لەبارەیەوە دەیوت:"کوردیش چ کورد، میللەتی خۆخۆرە پێکەوە  بۆگیانو ماڵی یەکتر سمکۆڵ دەکەن لە خۆڵ".

قازی محەمەد(١٩٠٠-١٩٤٧) کوڕی قازی عەلی کوڕی قازی ئەبوالقاسمە و لە بنەماڵەی ناوداری قازییەکانی مەهابادە،لەسەردەستی باوکی زانستە ئاینییەکانی خوێندووە،جگە لە زمانی کوردیی،فارسیی و تورکییوعەرەبییشی بە باشی زانییوە،دواتریش خۆی فێری زمانی روسیی و ئینگلیزیی کردووە، مرۆڤێکی ئەدەبدۆست ، میهرەبان، لەسەرخۆ بووە و لە ساڵی ١٩٢٦ەوە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی فێرکردن و پەروەردەی مهاباد بووە و خۆبەخشانە و بێ موچە ئەرکی خۆی راپەڕاندووە. قازی محەمەد دوای مردنی باوکی لە ساڵی

١٩٣١ەوە بۆتە قازی شەرعی مهاباد، پاشتر رەزاشا لە پۆستەکەی لایبرد. وەك لە ژمارە ٢٥ی رۆژنامەی کوردستاندا هاتووە، ئەم زاتە سیفاتی" وقار، راستی، فەزڵ، شەجاعەت، حەیا، زانست، حیلم ، تەوازوع، نیشتیمانپەرستی" تێدایە. وەك مەلامارف کۆکەیی وتویەتی: صلح خواهی بیا که (قاضی) ماست زهد حیدر و عدالت عمری ".

شایەنی باسە، وێرای ئەوەی پێشەوا قازیی محەمەد لەبنەماڵەی قازییەکان بووەو بۆخۆشی قازیی شەرعیی مەهاباد بوو، بەڵام ئەو بەمانا سوننەتییەکەی کەسێکی رۆحانیی ئایینیی نەبوو، ئەو بەرجەستەی کەسایەتییەکی خوێندەواری شارەکیی دەکردو دەستەی لاوانی خوێندەواری شارەکیی ئەو قۆناغە لەسەراسەری کوردستاندا بە سیمبولی خولیاو بەرجەستەکەری هیواکانیانو نوێنەری خۆیانیان دەزانی. ئەو نە وەك میرزادەکانی کورد خاوەنی رەعییەتو نەوەك شێخە کوردە سوننەتییەکان خاوەنی دەروێشی تەریقەتو نە وەك سەرەکخێڵەکانیش خاوەنی لەشکری خێڵەکیی تفەنگچیی دەست بە خەنجەر بوو. هەڵگرتنی ئالای نەتەوایەتیی لەلایەن قازیی وەرچەرخانێکی قوولّی لەو دابە کۆمەڵایەتییدا هێنایەئارا کە شارەکییەکان سەر بۆ خێڵەکییو شێخە پیرۆزە گوندنشینەکان دانەوێنو جوڵانەوەی کوردایەتیی لە دیوەخانی ئاغاواتو ژێر بەرماڵی شێخانی کورددا هێنایەدەر. ئەوەی بە گەروی ئەو دوو توێژەی کۆمەڵگای کوردەوارییدا نەدەچووە خوار، هەرئەمەشە وایکرد ناحەزییەکی توندیی بەرجستەکەرانی ئەو دوو توێژە، دژی پێشەوایەتیی قازیی محەمەد بێتە کایەوە، چونکە خانو ئاغاو شێخەکان زۆر خۆیان لەوە بەگەورەتر دەزانی مل بۆ خوێندەوارێکی شارەکیی خاوەن بروا کەچ بکەن. شایەنی باسە، وەدیع جوەیدە لە ل ٥٣٠ی نامەی دکتۆراکەیدا لەبارەی قازییەوە دەڵێت:" لەنێو ئەوانەی چاویان بە قازیی محەمەد کەوتووە ، هیچ کامیان وەك ئارچی رۆزفێلت جی.ئار وەسفێکی دۆستانەی ئەو پێشەوا کوردەیان نەکردووە . ئەو وێنەیەی قازیی کە لە نووسینەکەی رۆزفێلت دا دەردەکەوێت بریتییە لە نیشتمانپەروەرێکی رەسەن ، پیاوێکی رووناکبیر و هۆشمەند کە بەهرەیەکی فرە لە



لێبوردەیی و چاوپۆشیندا دەبینێتەوە . تەنانەت پاش ئەوەش گەیشتە دەسەڵات ، هیچی وای لێنەدیتراوە کە وەك دەمارگیرێکی زێدەڕۆ و ئارەزووباز ، یان کەسێکی خاوەن پایەی سەرەڕۆ و خۆبەزلزان ، یان کەسێکی توندوتیژ کە بەزۆر سواری ملی دەوروبەری بێت ، خۆی بنوێنێت . بە پێی رۆزفێلت " وەك پیاوێکی متمانەبەخۆ ، پشت ئەستور بە ئازایەتییەکی کەم وێنە و لەخۆبورد دەردەکەوت ، بەڵام بیرفراوان و لێبوردە و نەرمونیان".

هەموو ئەو بەڵگانەی سەبارەت بە کۆمارەکەی مەهابادو کەسایەتیی قازیی محەمەد لەبەردەستدان، تا دواپلە ئامادەیی تێکڕای رووە ئەرێییەکانی ئەخلاق لە پێشەوادا پێشاندەدەن، هەموو ئەوانەی لە دەورانی کۆماردا ژیاون، کاتێك بیرەوەرییەکانی خۆیان گێراوەتەوە، وێنەی پێشەوایەکیان پێشانداوە کە لەڕووی ئەخلاقەوەو لەسەر ئاستی ناوچەکەو بگرە مێژووی کوردیش هەرە ناوازەیەکی سەردەمەکەی بووە، بەڵکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەم ناوچەیەدا نموونەیەکی هاوشێوەی ئەو پێشەوایەی تێدا نابینیتەوە کە جگە لەوەی بۆخۆی کەسێکی رووناکبیرو ئازادیخوازو دادپەروەر بووەو لەبەرزترین ئەخلاق بەهرەمەند بووە، لەسەر بنەمای بەرزترین شێوازی ئەخلاقیش سیاسەتی کۆمارەکەی بەڕێوەبردووە، ئەوەی وادەکات کۆمارەکەی بە یۆتۆپیایەکی وەدیهاتوو بە خوێنەران بناسێنین. چونکە تێکڕای دەسەڵاتدارە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی پێشەوای تێدا ژیابوو، مۆدێلێکی تەواو لە نۆرمی پێشەوا جیاوازبوون، کە بەشێکیان لەڕێگەی کودەتاو ململانێی خوێناویی توندوتیژەوەو بەگرتنەبەری تاکتیکی پیلانگێڕییو دووڕوویيو چاڵهەڵکەندنو سەرنگونکردنی رکابەرە سیاسییەکانیان کورسی دەسەڵاتیان قۆرخکردبوو، وەك رەزاخانو ئەتاتورکو ستالین، یاخود لەرێگەی سەپاندنی دەوڵەتانی کۆلۆنیاڵی یان بەشێوەی میراتیی بنەماڵەیی، لەوانەش هاشمییەکانی عێراقو محەمەد رەزاشای ئێران، شایەنی باسە کە وەرگرتنی دەسەڵات بەمیرات دیاردەیەکە لەرووی تیۆرییەوە پێنج سەدە پێش زاین لەلایەن کۆنفۆشیۆسەوە رەتکراوەتەوە، چونکە زۆربەی جار سیفەتە

سەركردەیی‌و ئەخلاقییەكانی باوك بە میرات بۆ كوڕ ناگوێزرێتەوە. دیارە مۆدێلی وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن پێشەواكەی كۆماری كوردستانەوە تەواو جیاوازبوو.

سەبارەت بە كوردستانیش، ڕەنگە تا ئێستا هیچ بایەخدارێك وەك (مێجەر هەی) كە كارمەندێكی بەریتانییەكان بووە لە عێراق ، بە ئاشكرا و ڕەپوڕاست، سەرۆك و سەردارانی كوردی بەسەر دوو بەرەی ( ئاغای باش و ئاغای بەد ) دا دابەش نەكردبێت . ناوبراو كە سەدەیەك پێش ئێستا هاتۆتە كوردستان و دووساڵی تێیدا ماوەتەوە ، ئەو سەرنجەی لە بیرەوەرییەكانی خۆیدا تۆماركردووە كە بە ناونیشانی " دوو ساڵ لە كوردستاندا " وەك كتێبێك لە ساڵی ١٩٢١دا بڵاویكردۆتەوە . (هەی) باسی لەوە كردووە كە سەرۆكی باش بۆ خەڵكەكەی وەك باوكێكی دڵسۆزی ڕاستەقینە وایە و هەموو بەرژەوەندییەكانی ئەوانی لەبەر چاوە ، لەكاتێكدا ئەوەی دووەمیان واتە سەرۆكی بەد، كەسێكی دڵڕەقی خۆپەرستە و خەریكی ڕەپاندن و بێگارپێكردنی خەڵكەكەی بەردەستێتی و هەر ناڕەزایەتیی و ملنەدانێكیش بەخواستەكانی، بە دەستێكی ئاسنیین سەركوت دەكات و لە هیچ خراپەیەك سڵناكاتەوە .

شایەنی باسە ، (مێجەر هەی) ئەم دابەشكردنەی سەرۆكەكانی كوردی بەتەنیا لەسەر بنەمای ستراكچەری مۆراڵی وێنا نەكردووە ، بەڵكو هەوڵی ئەوەی داوە هۆكاری شوێن و پێكهاتەی كۆمەڵایەتیش لەو بوارەدا لەبەرچاوبگرێت . ئەو ئاماژە بەوە دەدات كە ئەو سەرۆكانەی لەناوچە چۆڵ و دووردەستە سنورییە چیاییەكاندان و پەیوەندیی خوێن بە دەستوپێوەندەكانیانەوە دەیانبەستێتەوە دەچنە قاڵبی سەرەۆكە باشەكانەوە و بەتەنگ خەڵكەكەی خۆیانەوە دێن و بۆیان باشن ، بەڵام ئەو سەرۆكانەی كەوتونەتە ناوچە دەشتەكییەكانەوە و پشتیان بە حكومەتەوەیە و فەرمانڕەوایی بەسەر چینی جووتكارە هەژارەكاندا دەكەن ، ئەوانە نموونەی سەرۆكێكی بەد و خراپن .

هەروەها بەر لە (هەی) بە نزیكەی سەد ساڵێك ، (كلۆدیۆس جێمس ریچ) كە بەڕێوەبەری كۆمپانیای هیندیی ڕۆژهەڵاتیی بووە لە بەغدا ،



سەردانی كوردستانی كردووە و دواتر لەساڵی ١٨٣٦دا بیرەوەریی گەشتەكەی خۆی وەك كتێب بەچاپ گەیاندووە و بڵاویكردۆتەوە . ناوبراو لەو بیرەوەرییانەیدا كۆمەڵی كوردیی بۆ دوو چین (خێڵەكیی) و (ناخێڵەكیی) دابەشكردووە . (ریچ) پێی وایە و لەوەش دڵنیایە كە لە كوردستاندا دەستەی یەكەم وەك پێكهاتەیەكی جەنگاوەر و تفەنگدار و خۆسەپێن و كەمینە ، جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و لنگیان بەسەر ملی زۆرینەی بەرهەمهێنەری بێدیفاعدا كە جوتكارە هەژارەكانن ، شۆڕكردۆتەوە و وەك كۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەكەن و لە هەموو مافێكی مرۆڤانەیان بێبەشكردوون ، بەوەش پەیوەندییەكی ستەمكارانە و نایەكسان لە نێوان ئەم دوو چینە لە كوردستاندا وەك ئاغا و ڕەعییەت ، شوان و مێگەل ، فەرماندار و خزمەتكار بەڕێوەچووە. (ریچ) سەبارەت بە نەبوونی هیچ بەرپرسیاریەتێكی ئەخلاقیی و ویژدانیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی كوردستانەوە لەهەمبەر ئەم جۆرە پەیوەندییە ستەمكارانەدا دەڵێت " هەرگیز ڕۆژێك نەمدی ئەو دەسەڵاتدارە مەزنانەی كورد سەبارەت بەو دڵڕەقییەی دەرحەق بە ڕەعییەتەكەیانی دەكەن ، شەرم بیانگرێت ."

هەروەها (ریچ) باس لەوە دەكات كە جارێكیان یەكێك لە كەسایەتییەكانی سەر بەدەستەی یەكەم، واتە تفەنگ لەشانی دەسەڵاتدار، چۆتەی لای و لای ئەو دانی بەوەداناوە كە ئەوان بڕوایان وا كە خوا چینی دووەمی تەنیا بۆ خزمەتكاریی ئەوان دروستكردووە و هیچی تر . ئەوەش مانای ئەوەیە كە مامەڵەی ئەم دەستەیەش لەهەمبەر خەڵكانی كوردی دەرەوەی خێڵەكانیان نائەخلاقییەو لەسەر بنەمای چەوساندنەوەو زاڵبوون‌و ملپێكەچكردنێكی زۆرەملێ‌و توندوتیژە.

سەبارەت بە جوڵانەوە سیاسیی‌و چەكدارییە كوردییەكانی پێش كۆمارەكەی كوردستان، لە سۆنگەی ئەوەوە كە لەلایەن ڕێبەرایەتییەكی ئاینیی یاخود خێڵەكیی-ئاینییەوە ڕێبەرایەتیی كراوە، ئەم جوڵانەوانە تووشی هەڵەی مەزن‌و لەمپەری بونیادی بەهێز بوونەتەوەو نەیگەیاندوونەتە ئاستی جوڵانەوەیەكی میللیی پێشكەوتووخواز. بۆ نموونە جوڵانەوەكەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهریی،

ململانێی خوێناوی نێوان دانیشتووانی شیعە مەزەبی دەشتی ورمێو سۆفییە سونەکانی شێخی لێکەوتەوە. جولانەوەکەی سمکۆش لە سۆنگەی باڵادەستیی گیانی خێڵایەتیی ئەو جولانەوەیە، نەك تاڵانکاریی گوندە عەجەمنشینەکان، بەڵکو شاری مەهابادیش کەوتە بەر تاڵانی هێزەکانی سمکۆو خەڵکانێکی شارەکەش کوژرانو تاڵانکران، ئەوەی کەلێنێکی گەورەی کردە گیانی هاوبەستەگیی خەڵکی کوردو تاڕادەیەك رووخساری جولانەوەکەی ناشرینکرد. خۆ حکومەتەکەی شێخ مەحموود، ئەویش تووشی پێکدادانو خوێنڕێژیی خێڵەکیی بۆتەوە، وێڕای ئەو هەموو جنێوو ناتۆرەو چیرۆکە توندانەی رۆژنامەکانی "ژیانەوە"و هەروەها شیعرە رەخنەییە توندەکانی حەمدیو خالصی. سەرباری ئەوەش، لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانییدا، هەر لە بەشی کوردستانی رۆژهەڵات، دوو راپەڕینی گەورە روویاندا، کە یەکێکیان لەناوچەی بانەو ئەو تریان لە ورمێ، ئەو دوو راپەڕینەی بەتوندیی لە ململانێی خێڵەکییو تاڵانکارییەوە گلانو کارەساتی سووتاندنی شاری بانەو تاڵانکاریی گوندنشینانی دەشتی ورمێی بەدواداهات. ئەوەی وای لە کۆمەڵەی ژ.ك کردووە کە لە بڵاوکراوەیەکیدا بڵێت:" عەشیرەتەکانمان کێ هەیە لەدەستیان وەرز نەبوبێ، باوەڕ بکەن کارەساتی وایان هێناوەتەدی، کەدونیای شارستانێتی لێیان بێزارە.. تەنیا ئەوانن بەرهەڵست بۆ پێشکەوتنی کورد". ئەو ژ.ك ی کە دواتر قازیی محەمەد بووە سەرۆکیو نەك هەر لە رووی هۆشی نەتەوەییەوە قەڵەمبازێکی گەورەی ئەنجامدا، بەڵکو لەرووی ئەخلاقیی کۆمەڵایەتییو ئینسانیشەوە گۆڕانێکی گەورەی کرد، وەك هێمن لە ل٢٠ی "تاریكو رون"ە کەیدا دەڵێت: ((زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە بڕوایان بەو سوێندە هەبوو کەخواردبوویانو دەستیان لەئاکاری دزێو هەڵگرتبوو، دزی، خراپە، نێوان ناخۆشی لەکزیدابووو دەتوانم بڵێم لەهیندێك جێگایان هەرنەما.)) یان هەژار موکریانی لە ل٧١ی "چێشتی مجێوردا ئەم راستییەی درکاندووە کەدەڵێت: ((.. خەڵکی لەسەرخەرمان نەدەنووستن کەدەیان زانی کەس دزیان لێ ناکا، کیژو



لاو چەند شەوان پێکەوە شەو بەکێو دەبوون، بۆ رێواس یا بۆ پرێش کەس دڵ پیسی لەکەس نەدەکرد.)).

سەبارەت بە پێشەوا، کە نووسەرانی بیانیی وەك ویلچیفسکی رووسو کەسانی وەك دۆهەری جێگری کۆنسوڵی ئەمەریکی لەتاران، بەهەرە پێشکەوتووترین مرۆڤی کوردو لێهاتووترین سەرکردەی جولانەوەی کوردیان ناساندووە، بە ئەزموون دەریخستووە کە مۆدێلێکی هەرە مەزنی سیاسەتکارێکی بەئەخلاقە. ناوبراو هەر لەو ماوەیەدا سێ جار خەڵکی شاری مەهابادی لە کوشتارو تاڵانی عەشیرەتەکان پاراستووە، جاری یەکەم لەکاتی داگیرکاریی ئێران، جاری دووەم کاتی هاتنی لەشکری حەمەرەشیدخان، جاری سێیەمیش لە دەمی رووخاندنی کۆمارو هاتنەوەی لەشکری شاهەنشاهیی. لەراستییدا، تەواوی ئەو ئاکارومەرجە ئەخلاقییانەی کۆنفۆشیۆس لە هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی دادپەروەردا قسەی لێوەکردوون لە کەسایەتییو رێبەرایەتییەکەی پێشەوا قازیی محەمەددا چەسپاوە، لەهەمووی گرنگتر، پێشەوا تەنیا مەسەلە ئەخلاقییەکانی وەك تایبەتمەندییەکی تاك نەدەدیت، بەڵکو ئەو وەك دیموکراتێکی بەهەق ئازادییخوازو دادپەروەر، ئەرکێکی ئەخلاقی مەزنی خستبووە ئەستۆی حکومەتەکەیو وەك گۆڕانخوازێکی ریفۆرمیست، ئازادییو بەرژەوەندییو بەختەوەریی تەواوی گەلی بە بنەما وەرگرتبوو، بەتایبەتی بایەخ بە پەروەردەو فێرکردنو پەرەپێدانی لایەنی فەرهەنگیی کە کۆنفۆشیۆس بە بناغەی ئەو دەسەڵاتەی دادەنێت. ئەوەی وایکرد کۆمارەکە لەوماوە کەمەی تەمەنیدا پەرجو بنوێنێت. شایەنی باسە، پێشەوا لە یەکەمین رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستاندا، دەرکەی خوێندنگایەکی بۆ کچان کردەوەو دواتر ژمارەی خوێندنگاکان تادەهات زێدە دەبوو، لەگەڵا ئەو بێدەرامەتییەی کۆماریشدا، موچەی مامۆستایان چەند قات بەرزکرایەوە. لەلایەکی ترەوە فەرمانی بەزۆر خوێندنی بۆ منداڵان دەرکرد. ئەو مندالانەی کە هەژارو بێنەوا بوونو لەسەر شەقامەکانی شار ئەسوورانەوە کۆکرانەوە، ئەمانە بەرۆژ لەمەکتەبی گەلاوێژ وانەیان پێ دەگوتنەوەو

بەشەویش بەسەر مالانی دەولەمەنددا دابەشکرانوشوێنو رێگای پێویستیان بۆ دیاریکرا. بۆخۆی هەولی دەدا باوکان بەوە رازیی بکات منداڵەکانیان بچنە تەبرێزو باکۆ بۆ خوێندن. ئەو دەوت:" دوژمنی ئێمە نە تورکە نە عەرەبە نە ئێران، بەڵکو بەهێزترین دوژمنمان نەزانیو نەخوێندەوارییە"(هاواری نیشتمان ، ٧ جۆزەردان ١٣٢٥).

لەسایەی ئەو کۆمارەو تێکۆشانی شەوورۆژی پێشەوادا، تەواوی دانیشتووان ئازادییە سیاسییەکانو کەرامەتو موڵکو ماڵیان پارێزرابوو، ئەوەی وایکردبوو نەك هەر ئاسورییو ئەرمەنییەکانیش کە لەناوچەکە کەمینەیان پێکدەهێنا هیوایەکی گەورەیان بەو دەسەلاتە یەکسانخوازو دادپەروەرە هەبێت، بەڵکو وەك لە بەڵگەنامەکاندا دەبینین، بازرگانە عەجەمەکانی ورمێو خەڵکی ناوچە جێناکۆکەکانیش لەهەولی ئەوەدابوون خۆیان بخەنە سەر دەسەلاتە کوردییەکەو خۆیان لە مەترسیی حکومەتە دڕە کۆمۆنیستەکەی پیشەوەری رزگاربکەن.

پێشەوا لەسۆنگەی گیانی مرۆڤدۆستییەکەیو کاری چەندین ساڵەی قەزاوەتی کە هەمیشە بۆ نەهێشتنی کێشەکانو کوژاندنەوەی ئاگری ململانێیەکان بە ئاشتییو دیالۆگ هەڵدەسوڕا،لە هونەری بەڕێوەبردنو چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ململانێکان وەستایەکی کارامە بوو، هەربۆیە کاتێك کۆمارەکەی دامەزراند سیاسەتی "زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە"و سەرکوتو خوێنڕشتنی نەگرتەبەر، لای لە پیلانگێڕانو پاشقولو دووڕوویيو ملهوڕیی نەکردەوەو لەو رووە نموونەیەکی بەرزی پێشانی ناوەوەو دەرەوەدا.

ئەحمەد عیلمی لە ژمارە ٥٤ی رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکرات لە ژونی ١٩٤٦دا دەڵێت:" بۆ پێشڕەفتو سەعادەتی جامیعە دووشت لازمە! هەوەڵیان ئەوەیە کار بە کاردارو پیاوی عاقڵ بسپێردرێ. بەو مەنزورە هەرکەس لیاقەتو ئیستیعدادی هەرکارێکی هەبێ ئەو کارەی بدەنێ...نوکتەی دووەم ئەوەیە رێگەی هاسان بۆئەوەی هەموو کەس بتوانێ دەردی دڵی بە پێشەوای خۆی بگەیەنێت،چییە؟ ئەولیای ئومووری دەولەتە! مەعلومە مەملەکەتێك تەنیا بە نەفەرێك ئیدارە ناکرێ، بەڵکو بۆ رێکوپێککردنی کاری



مەملەکەتو کردنەوەی کاری موشگیلاتی حەیاتی لازمە کە تەواوی ئەفرادی میللەت لە حقوقی ئازادی بەهرەمەند بێ لە ئاوی عەدالەت بخواتەوە. جا لەبەرئەوە کە ئەخلاقی ئەولیای دەولەت دە رووحی ئەفرادی میللەتدا تەئسیری زۆرە، ئەوانیش دوو وەزیفەیان هەیە: وەزیفەی ئەووەڵ ئەوەیە ئەوانەی رتقو فیتقی ئومووری مەملەکەتیان بەدەستە، دەبێ دایما ئاگایان لە حاڵی میللەت بێو هەمیشە موتەوەجیە بن کە کاری زۆر جوزئیش بە چاوێکی پڕ لە ئەهەمییەت تێبفکرن، تاکو لە ئەسەری بێموبالاتی را زولم ریشە دانەکوتێو حەقی خەڵك زایع نەبێ، چونکوو مەوزوعی زولم وەك هیچ شتێك نیە. وەزیفەی دووەم ئەوەیە کە میللەتی خۆیان لە نەزەری پێشەوای خۆیاندا بەجوانی جیلوە بدەنو خودا نەخواستە یەکێك کارێکی لێ واقیع بوو کە موخالیفی مەیلی ئەولیای دەولەت نەبوو، یا تەقازایەکی خیلافی قانوونی یەکێك جێبەجێ نەکرا، ئەوان سەرفەنەزەر لە وەزیفەی ویجدانی خۆیان نەکەنو تەرەفداری حەق بنو هیچ وەختێك رازی نەبن کە ئەغرازی شەخسی داخل بە رشتەی حەیاتی ئەفرادی میللەت بێ".

خەلیلی فەتاحی قازی لە ل ١٣٧ی بیرەوەرییەکانیدا باس لەوەدەکات کە پیشەوەری سەرۆکی حکومەتی ئازەربایجان لیستێك ناوی داوەتە پێشەواو داوای لێکردووە کە رووسەکان داوایانکردووە ئەوانە ئیعدام بکرێن. لە وەلامدا پێشەوا ئەو داوایەی رەتکردۆتەوەو وتویەتی :کوشتنی خۆمم پێ باشترە لە کوشتنی کەسانێك کە چ بەڵگەیەکی تاوانیان لەسەر ئیسپات نەبووبێت."

هەروەها کاتێك کوڕانی باپیرئاغای قارەمانیو ئاغایانی دیبوکری و عەلییارەکان لە پێشەوا راپەڕینو پردی میراوایان سووتاند، پێشەوا لەشکری نەکردە سەریان تا بە ماڵو منداڵەوە لەناویان بەرێت، بەڵکو مەسەلەکەی بە دانیشتنو بێدەنگیی چارەسەرکردو خوێن لە لووتی کەسێکیش نەهات.

محەمەدی شاپەسەندی کە ئەندامێکی ژ.کو دواتر لە کۆماردا کارمەندی چاپخانەی کوردستان بوو، لە ل٦٢-٦٣ی بیرەوەرییەکانیدا، لەوەلامی پرسیارێکدا سەبارەت بە کەسایەتیی پێشەواو سروشتی

دەسەڵاتەکەی دەڵێت:" ئینسانێکی زۆر ئارامو زۆر دیموکرات
بوو...خزمەتی زۆری بۆ خەڵك کرد...مەرد بوو سەری بۆ عەجەم
دانەنواندوە...ڕێبەرانی حکومەتی ئازەربایجان ئیستبدادی بوون، بەڵام
لای ئێمە دیموکراسی هەبوو، تۆ دەتوانیت شکایەت بکەی لە کامە
وەزیر کە دوات بوو بچیە لای قازیو لە مەحکەمە شکایەتی لێ
بکەی...پێشەوا...بۆ ڕێگای نێوشارو سەرکاری خۆی بە پێیان
دەهات...چون ئەو ئینسانێکی باش بوو،خەڵکەکە زۆری خۆشدەویست.
حاکمییەتی ئەو لەسەر دڵان بوو.دڵی ئینسانەکانی بۆخۆی کڕیبوو،
پیاوی وا نەبوو.!"پێشەوا دەیوت:" گەر ئەمن عەیبێکم بوو لە ئیدارەی
حکومەت، هەموو کەس حەقی هەیە کە ڕەخنەم لێبگرێو زۆر شادم
بەوە"( کوردستان، ١٣ جۆزەردان ١٣٢٠)

لەسایەی کۆمارەکەی کوردستانو فەرمانڕەوایەتییە تۆلێرانسەکەی
پێشەوادا دەستو تاقمە جیاوازەکانو چینو توێژەکانی کۆمەڵ لە
ئازادییەکانی دەربڕینو کۆڕو کۆبوونەوە بەهرەمەند بوونو هیچ
سانسۆرێك بۆسەر ئازادییەکان نەبوو.

د. عەبدوڵڵای ئەبریشەمی لەمبارەیەوە بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت:"
پاش دامەزراندنی کۆمەڵە(مەبەستی کۆمەڵەی ژیانی کوردستانە/ن)
زۆری نەخایاند کە ناکۆکی سەریهەڵدا.بەشێك لەبەرەی بەکاری کۆمەڵە
و لایەنگرانیان،بەبۆنەی نوێخوازی و چەمکی کۆمۆنیستی وێڕای
چەندکەسی دیکە دژ بە قازی محەمەد ،چەق وێستان . لەو نێوەدا قازی
محەممەد بە کردەوە ڕەوتێکی دیموکراتیکی لەبەرچاوگرت .ئەو لە
ئاست موخالیفان یە تابوشت (Tolerance) و بوردبار بوو...زۆر جار
ئەو جیابیر و موخالیفانە لە کۆمەڵێکی سی ،چل کەسیدا لە بەرامبەر
مەحکەمەی قازی کۆدەبوونەوە ،بە شوعاردان بەرەو چوارچرا
وەرێدەکەوتن .خەڵك دەیانگوت ئەوانە تودەیین...ڕۆژێك –ئێوارەیەکی
درەنگ – لایەنگرانی قازی محەممەد و موخالیفەکان لە حەوشەی
شارەداری ...کۆبوونەوە .قازی محەممەد لەگەڵ چەند کەس لە دەوری
مێزێك دانیشتبوو.جەماوەرێکی ٧٠-٨٠ کەسی لە حەوشەکەدا
بوون.چەند کەس لە موخالیفەکان ...زۆر توند و ناحەز دەدوان .یەکیان



بەرەو رووی قازی دەمانچەی بەدەستەوە بوو .خەڵکەکە و لایەنگرانی
قازی زۆر پەرۆشی ئەو بوون.بەڵام چاویان لە دەمی بڕیبوو.سەربەخۆ
کاریان نەدەکرد .قازی محەممەد لە پشت مێزەکە دەنگیشی بەرز
نەدەکردەوە ،بەڵکو زۆر بە هێمنی دەدوا...ئەگەر ئەو دەم قازی
محەممەد وا خۆراگر نەبووبا ،هەر ئەو شەوی دەیان کەس دەکوژران"

عرفان قانعی فرد لە ل١٩٠-١٩١ی ئەو کتێبەی بە فارسیی لەسەر
ژیانوبیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی نووسیویەتی، باس لەوە دەکات
کە تێکڕای ئەوانەی لەبارەی کۆمارەوە کۆڵینەوەیان کردووە،
کەوتوونەتە بن کاریگەریی کەسایەتیی پێشەوا قازیی محەمەد. ئەو
دەڵێت کە لەسایەی عەدالەتخوازیی پێشەوادا هەر جۆرە دروستکارییو
چاك هزرییەك دەرکەوتبوو، پێشەوا هێندە ڕەوشتبەرز بوو کە هەرگیز
بە خراپی لە دەسەڵاتو نفوزی خۆی قازانجی نەبرد. ئەو لەسەر
زمانی شایەتحاڵێکو چەند سەرچاوەیەکەوە نووسیویەتی:" لاوێك بووم
زۆربەی ڕۆژ قازیی محەمەدم دەبینی کە لە مەیدانی چوارچرا
عەسران لە ساختمانێکدا دادەنیشتو قسەی بۆ خەڵك دەکردو لە هەر
توێژێکەوە کەسانێك دەهاتنە کۆڕەکەیەوەو گوێیان لێدەگرت، قازیی
مرۆڤێکی ئارامو قسەخۆشو ڕێزداربوو، خەڵکی حەزیان لە قسەکانی
بوو، بەتەواوی خۆڕاگرییو ئارامییەوە وەڵامی قسەی خەڵکانی
دەدایەوە ...دڵفراوان بوو لە ماڵە خۆی باخچەیەکی هەبوو کە وێڕای
بوونی باخەوانیش، بۆخۆی ئاوی باغەکەی دەدا...بەیانیان بەپێ
دەچووە شوێنی کارەکەیو دوو نەفەری لەگەڵا دەبوو...خەڵکی مەهاباد
ئەخلاقو ئاکاری ئەویان هاوشێوەی فریشتە دەزانیو لەنێو خێڵەکانی
مەنگوڕو مامشو موکری...نەیاری زۆر بوو چونکە ئەو دەیوت
بەشێوازی سیستمی ئەرباب-رەعیەتی ستەمکاریی مەکەنو زەمان
زەمانی دیموکراسییەو ئێوەش دەبێت کاربکەن نەك خەریکی دادۆشین
بن...قازیی محەممەد بڕوای بە جەنگو کوشتوکوشتار نەبوو، قسە
لەڕووو حەقخوازبوو، حەقێك کە بەجەنگو خوێنڕشتن بەدیبهاتایە بە
حەقی نەدەزانی"

ئەوەی بەوردیی وتارو گفتوگۆو چاوپێکەوتنەکانی پێشەوا بخوێنێتەوە زۆر بە باشی گیانی ئازادیخوازییو پێشەکەوتووخوازیی، ئاشتییخوازیی، دژە گەندەڵیی، یەکسانخوازییو دادپەروەریی درك پێدەکات، ئەوەی تەنیا لە سنوری گوفتاردا نەوەستا، بەڵکو بۆ بواری کردار گواسترایەوە. پێشەوا هەر زوو گرنگی درکی بە بوونی دەسەڵاتێك کرد یاسا بکاتە بنەمای کاری دەزگاکانیو لە بەهاکانی دیوەخان بەدووربێت، لەسەر ئەو بنەمایەش کۆمارەکە گوژمەیەك یاسای دەرچواند کە ئاماجی گۆڕینی کۆمەڵگا بوو لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووو گەندەلأ کەلەسەر دابەکانی خێڵایەتیی بەڕێوەدەچوو بۆ کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووو یاساپەروەر کە ئازادییو کەرامەتی ئینسانی تێداپارێزراوبێت. لەو رووەوە بەگژداچوونەوەی گەندەڵییو دزییو بەرتیلخۆریی کەدیاردەی سەرەکییو ئاشکرای سەردەمی حوکمیو رەزاشاهیی بیرۆکراتییو ریشەیەکی مێژوویی قووڵی لەنێو کۆمەڵگادا داکوتا بوو، بەتوندیی لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە دژایەتیی کراو سزای سەخت بۆ کەمترین دزییو حاڵەتی بەریتلخواردن دەرچوو کە هەر لەبەخائین ناساندنی تاوانبار تا بەزندانییکردنو تیرەبارانکردن دەگەیشت. هەر لەبەرئەوەبوو کە "ئاغای محەمەد زەکەوی" حسابدارو تحویلداری دارایی بۆکان لەبەر دزینی تەنیا ٦٩ تمەن، بە تۆمەتی خیانەتو غەفڵەت لەلایەن سەرۆکی ئیدارەی دارایی کوردستانەوە لەسەرکار دەرکراو لە رۆژنامەی کوردستانیشدا ناوی بڵاوکرایەوەو ریسواکرا، لەو رۆژنامەیەدا راگەیەندرابوو کە سزای وەرگرتنی بەرتیل لە تمەنێکەوە بەرەوسەر بریتیە لە دەسالأ زیندانیی تا سزای کوشتن. پێشەوا دەیوت" دزی کردن لە پیسترین دەردی میلەتەو دەبێت لەو خووە پیسە خۆتان بپارێزن." (کوردستان/٢١ خەرمانان ١٣٢٥). شایەنی باسە، لە سەروبەندی داگیرکردنی ئێرانو خۆبەدەستەوەدانی ئەرتەشدا، سەربازخانەی مەهاباد بەپێچەوانەی تکاکاریی قازیی محەمەد، لەلایەن عەشیرەتە شڕەخۆرەکانەوە تاڵانو وێرانکرا. ئەوەی دوای چوار ساڵ قازیی بەڕووی ئەو سەرۆك خێڵانەی کوردیدا دایەوە کاتێك بە بۆنەی



سەردانێکی بۆ سەربازخانە پێی وتن:" ئێوە ئاغایانی عەشایر کە وێستا زۆریان لێرە حازرن ئەو رۆژانەی کە سێچوار ساڵ لەمەوبەر عەرزم دەکردن: ئاگاداری لەسەربازخانە بکەن، تێکی مەدەن، دەرکەو پەنجەرەی هەڵمەوەشێنن، ئەو تەنەکانە مەکەنە ئافتاوەو کەندوی نانی و تەشتی ئاو...رۆژێك دێ زۆرمان بەکاردێو بۆی پەشیمان دەبینەوە، ئەو دەمەش پەشیمانی فایدەیەکی نیە. ئەوڕۆ بەو رۆژە گەیشتین کە کە موحتاجی سەربازخانەین، بەڵام سەربازخانە وێرانکراوە. دەبا لەو سەربازخانەیە ...ئیستیفادەمان لێ بکردایەو خراپمان نەکردبایە کە ئەوڕۆ بۆی پەشیمان نەبوباینەوە" (کوردستان،١٧ خاکەلێوە ١٣٢٥).

گەورەترین تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی پێشەوا بریتیبوو لەوەی، کە چەندە لەبەرامبەر هەژارنی کوردو خەڵکی ئاسایی گەلەکەیدا میهرەبانو بەسۆز بوو، لەبەرامبەر شاو رێبەرانی نەیارانی کورددا قسەلەڕووو حەقبێژو بوێر بوو. تێکڕای دانیشتنو چاوپێکەوتنەکانی لەگەلأ محەمەدرەزا شاو باقرۆفو پیشەوەرییدا ئەو راستییە دەسەلمێنن. ئەو وەك رەخنەیەکی توندی لە عەقڵییەتی دەوڵەتی ئێرانو سیستمی شاهەنشاهیی راستەوراست بە شای ئێرانی وت: لەجیاتی توپو تانكو ئەرتەش ناردنە سەر میللەت، با فەرهەنگ لەنێو میللەتدا پەرەپێبدرێتو بایەخ بە تەندروستییان بدرێت."

لەسایەی سیاسەتی میللیو ئازادیخوازانەی پێشەوادا، کۆمارەکەی کوردستان بووە ئومێدێکی گەورەی کوردانو شاری مەهاباد بووە قیبلەگای سەرجەم ئازادیخوازانی کورد. کوردانی باشوور لە کۆمارەکەدا کرانە جێگری وەزیرو پەروەردکارو ژێنڕاڵ. لە پێنج ژێنڕاڵەکەی کۆمار، سیانیان کوردی باشووری کوردستان بوون کە: زێڕۆ بەگو حەمەڕەشیدخانو مەلامستەفا بوون. یەك لەو رووادوە سەرنجڕاکێشانەی لەو ماوەیەدا روویداوە، بریتیبوو لە گرتنی "محەمەد تۆفیق ووردی" کە مامۆستایەکی کۆمۆنیستی باشووری کوردستان بوو. ناوبراو لە ژمارە ٣ی بڵاوکراوەی "هاواری نیشتمان"دا کە ئۆرگانی سازمانی جەوانای دیموکراتی کوردستان بوو، وتارێکی زۆر توندی لەمەڕ کەموکوڕییەکانی پەروەردەو

خوێندنگاکانەوە نووسیبوو، زۆرینەی مامۆستاو بەڕێوەبەری خوێندنگاکانی بە نەزانو کۆنەپەرست نێوزەد کردبوو، ئەوەش حەمەحوسێن خانی سەیفی قازیی تەواو بێتاقەت کردبووو بەجۆرێك ووردی خرایە زیندانەوە، هەڵوێستی پێشەوا لەوبارەیەوە فرە ئەرێنی بوو، ئەو هەرچەندە لەگەڵ بۆچوونەکانو ئەو شێوازە رەخنە توندەو بۆچوونە پەڕگیرەکانی ووردیش دا نەبوو، بەڵام رووی دەمی خۆی کردبووە دژەکانی ووردی وتبوی: "قەڵەمتان هەیە، فکرو هۆشدارن، جوابی خەڵك بدەنەوە، دەلیل بهێنن ئەو شتانە دوورن لە حەقیقەتو ووردی درۆزنە"، ئەم قسەیەی پێشەوا کە ووردی کردوێتیە بنەمای ئەو گلەییەی بەرگریینامەیەی کە لە ژمارە ٥٣ی رۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بڵاویکردۆتەوە. بەشێوەیەك ئەم نووسەرە نەك هەر بەخێرایی ئازادبوو، بەڵکو لە زۆربەی ژمارەکانی تری ئەو رۆژنامەیەدا بەردەوام نووسینی بڵاوکراوەتەوەو مافی دەربڕینو نووسینی لێ زەوتنەکراوەو رێگەی لێ نەگیراوە.

شایەنی باسە، جگە لەتێکڕای ئەو تایبەتمەندییە ئەخلاقییو ئینسانییانەی لە پێشەوادابوون، سیفەتی پشتنەکردنە میللەتو مانەوە لەگەڵیدا لەکاتی میحنەتو هەروەها قوربانییدان بەگیان لەپێناوی پاراستنی گەلدا یەك لە مەزنترین تایبەتمەندیو ئاکاری ئەو کەسایەتییە کە بە بڕوای ئێمە پێشەوای کردۆتە مەسیحی جوڵانەوەی میللی کورد. احسانی، کە ئەفسەرێکی تودەیی بوو، لەدەمی گەڕانەوەی ئەرتەشدا لە کوردستان بوو، لە ل ١٨٦-١٨٧ی بیرەوەرییەکانیدا باس لەوە دەکات کەبەبیستنی ئەم هەواڵە بەپەلە خۆیانگەیاندۆتەوە مەهابادو سەردانی پێشەوایان کردووە تا بۆ بەرگرییکردنی لەشکر هانی بدەنو، نووسیویەتی:" کەقازیی محەمەدمان بینی زۆر ماتو کزو غەمبار هاتە پێش چاومان، لەکاتێکدا بەخێرهاتنێکی گەرمی کردینو لەساڵۆنەکە دانیشاندین پێی وتین: دۆستانی زۆر بەرێزم، پیشەوەری هەڵهاتووەو میلەتی بێ سەرپەرشت جێهێڵاوە، تەواوی رابەرانی فیرقە ئێستاکە چونەتە شورەویی، ئەمڕۆ یا سبەی سوپای ناوەندیی دێتە



مەهابادو ناوچەکە، مەعلوم نییە چ بەڵایەك بەسەری خەڵکی بێپەنا دێنن، من لەپاڵ میلەتی خۆمدا دەمێنمەوە تا لەکوشتوبڕی کوێرانە بیانپارێزم، براکەشم سەیفی قازیی وەزیری جەنگی کوردستان لەگەڵ مندا دەمێنێتەوە. ئێمە ئەوەمان پێ باشترە لەپاڵ میلەتی خۆماندا بمرین نەك بەتەنیاو بێ یارو یاوەر بەجێیان بهێڵین، من پیشەوەریو غولام یەحیا نیم، پیشەوەری داوای لێکردم لەوڵاتەکەم هەڵبێم، نەخێر مومکین نییە، مەردایەتییو غیرەتمان رێگای ئەوەمان لێدەگرێت میللتەمەمان بەرەڵاکەینو بۆ رزگارکردنی گیانی خۆمان هەڵبێین". باشترین بەڵگەش بۆ ئەوەی کە پێشەوا چارەنووسی خۆی لەبەرچاوبوو، ئەوەبوو کە هەم لە دادگا سەرپێییەکەی ئەرتەشدا نەترسو بوێرانە کەوتبووە سووکایەتیی بە رژێمە خوێنخۆرەکەی شای ئێرانو پیاوەکانیو هەم لەکاتی لە سێدارەدانیشیدا بەوپەڕی بڕواو متمانەبەخۆبوونەوەو بێ چاوبەستنەوە چووە سەر تەختی سێدارەکە تا "بۆدواجار دیمەنی مەهاباد ببینێت". سەروان کیومەرسساڵح کە ناوەرۆکی دادگاییکردنە سەربازییەکەی بۆ راگواستووین و خۆی شایەتحاڵێك بووە، دەڵێت:" من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانیو سەربازیو بەدەویدا وەك هەواڵنێر بەشداریم کردووە، ئوە کاتەی کە هەواڵنێری ماهنامەی ئەرتەش بووم ، بەڵام هەرگیز کەسێکم بەڕادەی قازی محەمەد بەجەرگو بوێر نەدیوە، هەرگیز لە کاتی دادگاییکردنیدا نەترسابووو زۆر بە بێباکی قسەی دەکردو وەڵامی پرسیارەکانی دەدانەوە وەك ئەوەی لەکۆڕ جەژنو داوەتێکدا دانیشتبێ وابوو."

ئەمێستا لەسەروبەندی یادی ٦٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆمارەکەی مەهاباددا، دیارترین مەسەلەی وەخت کە کەلەسەر ئاستی جیهان جێگەی قسەوباس بێت بریتییە لە "بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس"، ئەو بەڵگەنامانەی کە مەزنترین راستیی چەسپاو تێیدا پێشاندانی رووی راستەقینەی سەرکردەو سەرۆکە سیاسییەکانی جیهانی هاوچەرخە کە بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانە کۆمەڵێك دزو درۆزنو دووڕووو گەندەڵکارو سازشکارنو جگە لە سامانو دەسەڵات، بەها ئەخلاقییەکان لەلایان بایەخی توێکڵە پیازێکی نیە. چونکە تێکڕای ئەو سەرۆكو دەسەڵاتدارانەی لە رێگەی کودەتا سەربازییەکانەوە دێنەسەرکار، یان پیاوی بەڕێوەبەری دەزگاکانی پۆلیسی نهێنییو دەزگای هەولگرییەکانو بە پیلانگێڕان کورسی

دەسەڵات دەپچڕن، یان دوای شۆرشە خوێناوییەکان بێ ئەوەی چنگی خوێناوییان بشۆرنەوە یەکسەر بەسەر دەسەڵاتو سامانی بێشوماردا دەکەون یاخود بە میرات بە دابی خێڵایەتیی لە باوانیانە دەسەڵاتیان وەرگرتووەو لە شێوازێکی هاوچەرخی ژیانی سیاسیی دەسڵەمنەوە ناتوانن بێ زەبروزەنگو سەرکوتو چەواشەکاریی لەسەر کورسییەکانیان بمێننەوە. سەبارەت بە هەلومەجەکەی خۆشمان، ئەگەر ئەخلاقو ئاکاری شەخسییو سیاسیی پێشەوا بەبنەما وەربگیرایە، میللەتەکەمانو جوڵانەوە میللییەکەی لەمێژووی هاوچەرخیدا تووشی ئەو هەموو ئازارو مەینەتییە نەدەبووەوە کە بەسەری هاتووە، سەری هەزارەها رۆڵەی لەشەڕی کورد کوژییدا تێدا نەدەچوو، بە فیشەكو چەکی داگیرکەران شەڕی کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەدەکرا، سامانی نیشتیمانیی بەتاڵان نەدەبراو گەندەڵیی سیاسییو کارگێڕییو کۆمەڵایەتییو ئەخلاقیی کۆمەڵگاکەمانی لەگرێژنە دەرنەدەکرد، دیوەخانو خێڵگەرایی دواکەوتووانە نەدەبوژایەوە، رۆژنامەنووسان نەدەکوژرانو تەحقیرو بێ حورمەتییان پێ نەدەکرا، بەبەرنامە کار بۆ بێئیرادەکردنی تاکی کوردو دەمکوتکردنی ئازادیخوازانو بێدەنگکردنی گەل نەدەکرا، ئەوەی وادەکات کە هێشتا پێشەوا قازیی محەمەد بە بڕوای ئێمە گوڵێکی بۆنخۆشو مێرگێکی سەوزی بێهاوتای بیابانی مێژووی کایەی سیاسیی ناوچەکە بێت.